مجلـــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـــت

**گۆڤارێکی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزییە**
**دەستەیەك لە مامۆستایانی ئاینی دەری دەکات**


خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى


---


**ماڵپەری بەهەشت**

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾

(النساء:١)

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا . يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾.

(الأحزاب:٧١/٧٠)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

# سەروتار

# سیاسەت لە ئیسلامدا بریتی نی‌یە لە ململانێ کردن لەگەڵ کاربەدەستان لەسەر کورسی حوکم و دەسەڵات

**سەرنوسەر:** م/ عبداللطیف أحمد مصطفی
ئیمام وخە طیبی **مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

الحمد لله رب العالمین والصلاة والسلام علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه أجمعین .

**سیاسەت وشەیەکی عەرەبی‌یە، وەماناکەی بریتیە لە: بەڕێوەبردنی کاروبارو هەڵسان بە چاککردنی، واتە:** (تدبیر الأمور والقیام بإصلاحها).

**وە لای سیاسەت مەدارانی ئەمڕۆ سیاسەت بریتی‌یە لە: (بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت)**[1] .

**وە لە ڕوانگە ودیدی ئیسلامیشەوە بریتی‌یە لە:** (رعایة شئون الأُمّة في الداخل والخارج بما لا یخالف الشریعة الإسلامیة)[2] .

**واتە: چاودێری کردن و سەر پەرشتی کردن و بەڕێوەبردنی کاروباری گەل و وڵات لەناوەوەو دەرەوە، بەرێوەبردنێکی وەها کە پێچەوانەی شەریعەتی دانەری ئەرزو ئاسمان نەبێت.**

**وە مەرج نی‌یە هەموو ئەو یاسایانەی کە گەل و وڵاتی پێ بەڕێوە دەبرێ ئایەت وحەدیسیان لەسەر هاتبێ، بەڵکو دروستە بەگوێرەی پێداویستیەکانی سەردەم یاسای بەڕێوەبردن دابنرێت کە لە خزمەتی گەل و وڵاتدا بێت، بەڵام بەمەرجێك دژی یاساکانی خوا نەبن.**

**بۆ نمونە: زۆرێك لەیاساکانی هاتوچۆ وڕێگاوبان (مرور) و شارەوانی و ئاو وکارەباو ... هتد پێوستن بۆ بەرێوەچونی ژیان بە باشی، وەئەگەر ئەم یاسایانە پێشێل بکرێن ئەوە ئاژاوەو ئاشوب دەکەوێتە نێوان خەڵکی، وە ژیان تێك دەچێت لە چەند لایەکەوە.**

**وە هەرچەندە ئەم جۆرە یاسایانە لەسەردەمی پێغەمبەرﷺ نەبوون، بەڵام پێچەوانەش نین لەگەڵ سیاسەتەکەی پێغەمبەرﷺ، چونکە ئیسلام بۆ ئەوە**

---

(١) **بڕوانە:** (مبادیء علم السیاسیة ص١٥، وە: قاموس المصطلحات السیاسیة: ص ٢٦٧) .

(٢) **بڕوانە:** (السیاسة الشرعیة في إصلاح الراعي والرعیة) .

هاتووه كـه: (هـەر شـتێك سـود بـەخش و باش و پاك ودادپـەروەری بێت بـۆ خـەڵك دابنرێــت، وە هـــەر شـــتێكیش كـــەزیان بەخش و خراپ و پـیس و سـتەم بێت لـە خەڵك قەدەغە بكرێت)، وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ﴾ [النحل: ٩٠] .

واتـە: خـوای گـەورە فـەرمان دەكـات بەدادپەروەریـــەتی و چـــاكەكردن و بـــاش بوون، وە نەهی دەكات لـە بەدڕەوشـتی و خراپەو زوڵم و ستەم.

كەواتـە: هـەر یاسـایەكی بـەڕێوەبردن (القـــوانين الإداريـــة) كـە زوڵـم وسـتەم و خراپەو بەدڕەوشتی و زەرەر وزیـانی تێـدا نـــەبێت، ئـــەوە ئیـــسلام پێـــی رازیـــەو فەرمانی لەسـەریەتی بـادەقی قورئانیـشی لەسەر نەهاتبێت.

وە هـــەر كەســـێ وابزانێــت كەهـــەر یاسایەك لە قورئان و حەدیسدا نـەهاتبێت ئەوە بێ شەرعیە ئەوە ئەو كەسە خـۆی ناحـاڵی و تێنەگەیـشتووە لـە ئیـسلام و توندڕەوە، وە ابـن القـیم لـەم بارەیـەوە فەرمویـەتی: (ومن قال: لا سياسة إلا مـا نطق به الشرع فغلط)[٣].

بەڵام ئەگەر یاسا دانراوەكە تەشریعی بوو نەك ئیـداری، وە پێـچەوانەی شـەرعی خوا بوو، ئەوە ڕەت دەكرێتەوەو دروست نـیـەو زیـان بەخـشەو لـە بەرژەوەنـدی خەڵكیدا نیە، وە بێگومان شـەرعی خـوا لەبەرژەوەندی خەڵكدایە لە هەموو كات و شوێنێك، چونكە ئـەو خوایـەی كەمرۆڤ و هــەموو بوونــەوەری دروسـت كـردووە زۆر بەتەواوی و لـەباری وجوانی و وردەكـاری وە بـــێ ئـــەوەی عـــەیبێك هـــەبێت لـــە دروســتكردنی بوونــەوەردا، هــەر ئــەویش یاسـای ژیـان و بەڕێوەچـوونی بۆدانـاوە، چونكە هەموو كـات دروسـتكەری ئامێرێـك هەر خۆی كەتەلۆكی بۆدادەنێـت؛ چـونكە دروستكاری ئامێرەكە خۆی دەزانێت چـی دروست كردووەو چۆنیش بەڕێوەدەچێت، وەخــوای پــەروەردگاریش خــۆی دەزانــێ چـــی دروســـت كـــردووەو چ یاســـایەكیش دەشێت لەگەڵ ئـەم بوونـەوەرەی خۆیـدا.

وە مـەعقول نـیـە -بـۆ نمونـە- یابـان ئامێرێكمان بۆ دروست بكـات زۆر بـەوردی و ئەنـدازەیی، وە ئێمـەش بڵـێین خۆمـان كەتـــەلۆكی بـــۆ دادەنـــێین، چـــونكە زۆر وردەكاری هەیـە ئێمـە نـایزانین و هەسـتی پــێناكــەین جـا كــە ڕێنمـایی لــە دروست كارەكـــە وەرنـــەگرین ئامێرەكـــە تێـــك دەدەیـن، وەهــەروەها كۆمەڵـە نەخۆشـێك - كە دوای شیكردنەوەو پـشكنینێكی زۆر ورد پزیـشكەكە لێیــان حــاڵی دەبێــت و

---

(٣) بڕوانە: (الطرق الحكمية: ص٢١).

نەخۆشـــیەکـــەیان دەدۆزرێتـــەوەو چارەسـەری گونجاویشیان بۆدادەنێت — جا ئایا دەشێت نەخۆشـەکان بڵێن ئێمـە گـوێ نادەینـە دکتـۆرو خۆمـان لـەناو خۆماندا نەخۆشیەکانمان دیاری دەکەین و عیلاج بۆیـەکتری دادەنێین؟! بێگومـان ناگونجـێ، وەهـەر کـاتێکیش خـەڵکی وازبهێنن لە شەریعەتی خوا بۆ شـەریعەتی خۆیـان ئـەوە وەکـو نەخۆشـەکانیان لـێ دێـت، کەواتـە شـەریعەتەکەی خـوا پێویستەو گونجاوە بۆ هەموو ئەو کـەس و شـوێن و سـەردەمانەی کـە لـەناو چوارچێوەی زەوی و ئاسمانەکـەی خوای گـەورەدان، وە هـەر کەسـێك کـە بـێ پێویـست بـوو لـە خـۆر و مـانگ و زەوی وئاسمان و باران و ئەو هەوایـەی کـە خـوا داینـاوە، ئـەوا ئـەو کاتـە ئـەو کەسـە بێ پێویست دەبێت لـە شـەرعەکەی خـوایش، وە هەر کاتـێ کـە زەوی وئاسمـان و خـۆر کـۆن بـوون و نـەگونجاو بـوون لەگـەڵ سـەردەمی پێشکەوتن، ئـەوە ئـەو کاتـە بۆیان هەیە بڵێن ئیسلام کۆنە پەرستیەو بـۆ ئـەم سـەردەمە ناشـێت، ئـەوەی کـە تـۆیش و بوونەوەریشی دروسـت کـردووە بـەرێکی هـەر ئەویـشە شـەریعەتی بـۆ داناویت، جا کە لە خۆت ناڕازیت ئـەوا لـە شەریعەتیش ناڕازییە!!.

## تێبینیەکی گرنگ:

بـەڵام کاتێـك کـە دەڵـێین سیاسـەتی ئیـسلام تـەواوە بـۆ بـەڕێوەبردنی ژیـانی خەڵکی مەبەستمان ئەو سیاسەتەیە کە لە قورئـان وسـوننەتدا هـاتووە وە پێـشینە چاکەکان پـەیڕەویان کـردووە، نـەك ئـەو سیاسەتە بـەناو ئیسلامیـیەی کـە ئـەمڕۆ زۆرێك لـە گروپـە حیزبـیـەکان پـەیڕەوی دەکەن، کە لە ڕاستیدا سیاسەتی ئیسلام نیـیە بەڵکو سیاسـەتێکی تەسکی تونـدی حیزبـیـە، کـە مەبەسـتی گـەورە تیایـدا ململانـێ کردنـە لەگـەڵ دەسـەڵاتداران لەسەر کورسی حوکم و دەسـەڵات، وە بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چـەندەها شـێوازو هۆکـاری تونـدو ناشـەرعیان گرتۆتەبـەر، وەك زێدەڕەوی کردن لـە بـەکافر دانـان و حـەڵاڵ کردنـی خـوێنی خـەڵك و شـۆرش کـردن و تـیرۆرو تۆقانـدن و تەقاندنـەوەو وێرانکاری، وە بـەم کارانـەیان گـەورەترین خزمـەتیان بـە کـوفرو دوژمنـانی دیـن گەیاندووە نەك بـە ئیسلام و موسڵمانان، بەرهـەمی سیاسـەتەکەیان وێرانکـاری و کـاول کـاری و کوشـتارو خـوێن ڕێـژی و ناشـیرن کردنـی ئیـسلام و بـوار تەسـك کردنەوەیـە لەسـەر بانگـەوازی ئیـسلامی ڕاستەقینە.

وە خوای گەورە بـەکورتی و پـوختی لە دوو ئایەتـدا باسـی سیاسـەتی شـەرعی

بۆ بەڕێوەبردن و چاککردنی کاروباری کاربەدەستان و گەلەکانیانی کردووە:

ئایەتی یەکەم بۆ کاربەدەستان:

﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ [النساء: ٥٨].

واتە: ئەی کاربەدەستان خوای پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکات کە ئەو ئەمانەتەی پێتان سپێردراوە بیگەیەنن بە ئەهلی خۆی، وە کەسێك دابنێن بە وەزیرو یارمەتی دەرو لێپرسراو بەسەر خەڵکیەوە کە ئەهل وشیاو بێت بۆ ئەم ئەرکەو ئەمیندارو بە توانا بێت، وە بە دادپەروەریش حوکم بکەن لە نێوان خەڵکیدا و جیاوازی مەکەن لە نێوان هەژار و دەوڵەمەندو بێ دەسەڵات و دەسەڵاتدار و خزم و بێگانەدا، پێویستە ئێوەی کاربەدەستان بۆ هەموو گەلەکەتان وەك باوکێك وابن کە جیاوازی ناکات لە نێوان منداڵەکانیدا.

وە دوای ئەوە خوای پەروەردگار ئامۆژگاری خەڵکی ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستان دەکات و سیاسەتێکی شەرعیش بۆ ئەوان دادەنێت کە لە سەری بڕۆن بە گوێرەی ئەوە مامەڵە لەگەڵ کاربەدەستەکانیان بکەن، دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾ [النساء: ٥٩] .

واتە: ئەی ئیمانداران پێویستە لەسەر ئێوەیش گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ و کاربەدەستەکانتان بکەن لە هەموو فەرمانێکی چاکەدا ئەگەرچی لە قورئانیشدا نەهاتبێت، بەڵام بە مەرجێك دژ بە خواو پێغەمبەرﷺ نەبێت و لە بەرژەوەندی گەل و وڵاتدا بێت.

وە هاوکاریان لەگەڵدا بکەن لەهەموو کارێکی خزمەت گوزاریدا، وە ئەگەر کاربەدەستەکانیشتان خراپ بوون یان بەگوێرەی سیاسەتی شەرعی وڵاتیان بەڕێوە نەبرد، ئەوە بە خراپەکەیان ڕازی مەبن وئامۆژگاریان بکەن نەك شۆڕشیان دژ بکەن و فیتنەو ئاژاوەو خوێن ڕێژی بڵاو بکەنەوە، بۆ نمونە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی:

(يَكُونُ بَعْدِي أَئِمَّةٌ لَا يَهْتَدُونَ بِهُدَايَ وَلَا يَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِي وَسَيَقُومُ فِيهِمْ رِجَالٌ قُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الشَّيَاطِينِ فِي جُثْمَانِ إِنْسٍ، قَالَ: قُلْتُ كَيْفَ أَصْنَعُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ أَدْرَكْتُ ذَلِكَ قَالَ تَسْمَعُ وَتُطِيعُ لِلْأَمِيرِ وَإِنْ ضُرِبَ ظَهْرُكَ وَأُخِذَ مَالُكَ فَاسْمَعْ وَأَطِعْ)(٤) .

واتە: لە دواییدا کاربەدەستانێك دێن بەگوێرەی سیاسەتی شەرعی من بەڕێوە ناچن وشوێن سوننەتی من ناکەون، وە هی وەهایان تێدا دەبێت کە دڵەکانیان

(٤) (رواه مسلم عن حذيفة ﷺ، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٧٣٩).

وەك دڵی شەیتانەکانە، بەڵام تەنها بە لاشەو ڕواڵەت مرۆڤن، واتە دڕندەو ستەمکارو خیانەتکارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێڕایەڵی کاربەدەست بکەو دژایەتی مەکە، ئەگەرچی لێشت بدات و ماڵیشت بخوات. چونکە دژایەتی کردنیان و شۆرش کردن دژیان زیانی زیاترە لە قازانج.

وە هەروەها فەرمویەتی:

(مَنْ رأى منْ أَميرِه شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ عَلَيْه)[٥].

واتە: هەرکەسێ خراپە لە کاربەدەست ببینێت با سەبر بگرێت، نەك شۆرش بکا دژیان.

وە هەروەها فەرمویەتی:

(فَمَنْ كَرِهَ فَقَدْ بَرِئَ وَمَنْ أَنْكَرَ فَقَدْ سَلِمَ، وَلَكنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا نُقَاتِلُهُمْ؟ قَالَ: لا مَا صَلَّوْا)[٦].

واتە: ئەو کەسەی لە دڵدا خراپەی کاربەدەستی پێ ناخۆش بێت و ئینکاری لێبکات وڕازی نەبێت بە خراپەکانیان ئەوە ڕزگاری بووە لە گوناهو دوو ڕوویی، بەڵام تاوان لەسەر ئەو کەسەیە کە ڕازی بێت بە خراپەکانیان و شوێنیان بکەوێت.

وە خوای گەورە فەرمویەتی:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُودًا فَكَيْفَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَاءُوكَ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا إِحْسَانًا وَتَوْفِيقًا أُولَئِكَ الَّذِينَ يَعْلَمُ اللَّهُ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُلْ لَهُمْ فِي أَنْفُسِهِمْ قَوْلًا بَلِيغًا﴾ [النساء: ٦٠-٦٣].

واتە: ئەی محمدﷺ نابینیت ئەوانەی وا ئیددیعا دەکەن کە ئیماندارن بەڵام دەیانەوێت حوکم بە طاغوت[٧] بکەن نەك بە شەرع! کەوا پێویستە کافر بن بە طاغوت نەك حوکمی پێ بکەن ... وە کاتێك کە بانگیان بکەیت بۆ شەرعی خواو پێغەمبەرﷺ ئەوا دەبینیت مونافیقەکان دووردەکەونەوە لێت، ... ئەوانە خوای پەروەردگار دەزانێت چ نیفاق و بێ ئیمانی‌یەك لە دڵیاندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ وازیان لێ بهێنەو کێشەیان

---

(٥) (صحيح الجامع الصغير: ٦٢٤٩).

(٦) (رواه مسلم عن أم سلمة(رضي الله عنها)، وانظر: مشكاة المصابيح: ١٠٨٣).

(٧) (طاغوت لێرە بەمانای ئەو یاسا دانراوانە دێت کە پێچەوانەی شەریعەتن)!.

**لەگەڵ دروست مەکە[8] ، بەڵکو ئامۆژگاریان بکە بە نهێنی لە نێوان خۆت وخۆیاندا، نەك بە ئاشکرا لە کۆڕو کۆمەڵگاو سەر مینبەرەکان، وە بیانترسێنە بە سزای خوا ئەگەر تۆبە نەکەن لە حوکمی طاغوت[9] .**

**ئەمە سیاسەتی شەرعی‌یە لەگەڵ ئەو حاکمانەی کە نیفاق لەدڵیاندایەو حوکمیش بە طاغوت دەکەن ئەگەر مەبەستمان خوا بێت نەك کورسی، وە ئەگەر بە قورئان وسوننەت ئیش بکەین نەك بە سیاسەتی حیزبی و بڕیاری نەفسی.**

**وە هەر کەسێکیش لەم سیاسەتە شەرعی‌یە لابدات ئەوە زەرەر دەگەیەنێت بە خۆیشی و موسڵمانانیش، وە مێژووش شاهیدە لەسەر ئەم ڕاستی‌یە، بۆنموونە:**

**حەجاجی کوڕی یوسفی ثه قه في کە حاکمێکی خوێن ڕێژی فاسقی خراپ بوو لە عیراق، وە یەکێك لە کاربەدەستەکانی ژێر دەسەڵاتی حەجاج کە ناوی عبدالرحمن کوڕی ئەشعە ث بوو کە والی خوراسان بوو شۆڕشێکی پێك هێنا دژ بە حەجاج، وە زیاتر لە (٥٠٠) لە زانایان وپیاوچاکان کەوتنە شوێن کوڕی ئەشعەث، بەڵام زانا بەرزەکانی وەك ئیبن سیرین و مطرف بن عبدالله بن شخّیر وحەسەنی بەصری نارەزا بوون بەم شۆڕش و دەرچونە لەسەر حەجاج، وە حەسەنی بەصری دەیفەرموو: (حەجاج سزای خوایە، وە سزای خوا لاناچێت لەسەرتان بە دەست وبازوو و شەڕکردن، بەڵکو لەسەرتان پێویستە کە بگەڕێنەوە لای خواو تۆبە بکەن لە تاوانەکانتان کە بۆتە هۆی سزای خوا، وە خوای گەورە دەفەرموێت:**

﴿وَلَقَدْ أَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ فَمَا اسْتَكَانُوا لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ﴾ [المؤمنون: ٧٦] .

**واتە: سزامان بۆ ناردن بۆ ئەوەی کە بگەڕێنەوە لای خواو بێنەوە هۆش خۆیان بەڵام زەلیل نەبوون بۆ خواو لێی نەپاڕانەوە ! .**

**بەڵام شۆڕش گێڕان بەقسەو ئامۆژگاری زانا گەورەکانی وەك حەسەنی**

---

(٨) **بڕوانە تەفسیری:** (جامع البيان) للطبري ( ٨ / ٥١٥) **کە لە لێکدانەوەی ئایەتەکەدا فەرمویەتی:** (فدعهم فلا تعاقبهم في أبدانهم وأجسامهم، ولكن عِظهم بتخويفك إياهم بأسَ الله أن يحلّ بهم، وعقوبته أن تترل بدارهم، وحذِّرهم من مكروهِ ما هم عليه من الشك في أمر الله وأمر رسوله ).

(٩) **بڕوانە تەفسیری:** (تيسير الكريم الرحمن) لابن سعدي- (١ / ١٨٤) **کە لە لێکدانەوەی ئایەتەکەدا،**"وقل لهم في أنفسهم قولا بليغًا" **فەرمویەتی:** ((أي: انصحهم سِرّا بينك وبينهم، فإنه أنجح لحصول المقصود، وبالغ في زجرهم وقمعهم عمَّا كانوا عليه، وفي هذا دليل على أن مقترف المعاصي وإن أعرض عنه **فإنه ينصح سرًا**، ويبالغ في وعظه بما يظن حصول المقصود به).

بەصــریان نــەکرد، وە لــە ئەنجامیــشدا هیچیان بەهیچ نەکرد (فلا أقاموا دِينــاً ولا أبقوا دُنيا )، وە دۆڕان و تێشکان و زۆریـان کــوژران و زۆریــشیان بەنــد کــران و هەندێکیشیان ڕایان کرد، وە ڕوداوی تـری لـەم جۆرەش زۆر دووبـارە بونەتـەوە لـە مێـژودا، تـا سـەردەمی ئـەمڕۆمان کـە لـە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی ململانێ لەگـەڵ حکومــەت ڕویــداوە ئــەنجامیش خــوێن ڕژانێکی زۆری بێ سود، بەڵکو بوونە هۆی ناشیرین کردنی ئیسلام و نـامۆ کردنـی لـە نـاو خەڵکـداو قەدەغـە کرانـی بانگـەوازی ئیــسلام و دیــاردەی ئیــسلامی، بڕوانــە ئەفغانــستان بــەڵکو بڕوانــە کوردســتان چەندان ساڵ خوێن ڕێژی دوایش بوون بـە ئەنـدام لـەو پەرلـەمان وحکومەتـەی کـە پێشتر دانیشتن تیایدا بە کوفر دادەنرا! .

## ئایا ئیسلام دین ودەوڵەتە یان پەیوەندی بە دەوڵەتەوە نییەو تەنها پەیوەندی نێوان خواو بەندەکانیەتی؟!.

١- هەنـدێ کـەس پێیـان وایـە ئیـسلام پەیوەنـدی بـە دەوڵەتـەوە نـیـەو تـەنها پەیوەنــدی بــە بــەرماڵ و مزگەوتــەوە هەیە! .

٢- وە هەندێ کەسـی تـر لایـان وایـە کـە ئیــسلام دەوڵەتــەو ئەگــەر دەوڵــەت بەتەواوی بەگوێرەی ئیسلام نـەبوو ئـەوە ئیسلامەتی نییە، جا لەبـەر ئـەوە هـەوڵی گــەورەیان دامەزرانــدنی حکومــەتێکی ئیسلامییە، وە لەم پێناوەدا کەوتوونەتـە ململانێیەکی توند لەگـەڵ کاربەدەسـتان و هەوڵی لادانیـان دەدەن، وە زۆربـەی ئـەم وەسیلانە دەگرنە بەر کە کاربەدەستەکان گرتویانەتە بـەر بۆ حـوکمڕانی ئەگەرچـی بـێ شـەرعیش بێـت! وە بـێ ئاگـان لـە بانگەوازی کردنـی خـەڵکی بـۆ تـەنها خـوا پەرسـتی و شـوێن کـەوتنی سـوننەت، وە وەك پێویست گرنگی نادەن بـە بەهەشـت و جەهەنــەمی خــەڵك، بــەڵکو کێــشەی گەورەیان کاربەدەستانە.

وە بــە گــوێرەی تــەرازوی عــەقڵ و شەرعیش هەردوو بۆچونەکەی پێشوو لـە میـانڕەوی و ڕاستـەڕێ لایـان داوە بـەرەو لاڕێیی کورت ڕەوی و زێدە ڕەوی، چونکە ئیـسلام هــەموو بوارەکـانی ژیـان -وەك کۆمەڵایــەتی و ئــابوری و ڕامیــاری و بەڕێوەبردن- ڕێك دەخـات، ، وە ئیـسلام تەنها بریتی نییە لە:

١- پەیوەنــدی نێــوان خــواو بەنــدە، بەڵکو:

٢- پەیوەندی مرۆڤ بـە تـاك و کۆمـەڵیش ڕێك دەخـات، وە ئـەو پەیوەندیـەش پێـك هـاتووە لەسـەر بناغـەی ڕاسـت گـۆیی و دەست پـاکی وئەمینـداری و دادپـەروەری وچاکەکاری وخێرخـوازی ولێ بـووردەیی و نەرم و نیانی وڕەوشتی جوان و بێ فێڵی.

٣- وە پەیوەنــدی نێــوان مرۆڤــەکان و کاربەدەســتانیش ڕێــك دەخــات بــەو

شێوەیەی کە بەرژەوەندی هەموو لایەکی تێدایە، دوور لە فیتنەو ئاشوب و ئاژاوە لەسەر بناغەی هاوکاری لەسەر چاکە.

٤- وە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وگیانلەبەرانی ترو بوونەوەریشی بەگشتی تێدایە.

وە لەوەش زیاتر پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَمَا من دَآبَّة في الأَرْض وَلاَ طَائر يَطيرُ بجَنَاحَيْه إلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا في الكتَاب من شَيْءٍ ثُمَّ إلَى رَبِّهمْ يُحْشَرُونَ﴾ [الأنعام: ٣٨] .

واتە: هیچ گیانلەبەرێك نییە کە بەسەر زەویدا دەڕوات و هیچ باڵندەیەکیش نییە کە دەفڕێت بە باڵەکانی لە ئاسمان ئیللا گەلانێکن وەکو ئێوە لەسەر یاسای خوا دەڕۆن ، وە خوای گەورە لە کتێبەکەیدا هیچ لایەن و بوارێکی ژیانی ئیهمال نەکردووە، وە لەپاش مردنیش هەموو مرۆڤەکانیش وگیان لەبەرانیش کۆ دەکرێنەوە لای خوا بۆ دادگای دادپەروەری.

وە نمونەی زۆرمان هەیە کە تیایدا دەردەکەوێت شەریعەتەکەی خواو سیاسەتی ئیسلام گونجاوە بۆ هەموو کات و شوێنێك، وە هۆی ڕاست بەڕێوەچونی ژیانی خەڵکیەو لە بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵدایە، نەك یاسا دانراوە دژ بەیەکەکانی مرۆڤە دروست کراوەکان.

وە دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە پرسیارێك دێتە پێش، کە ئەمەیە:

وەچەند نمونەیەك لەسەر ئەمە:

نمونەی یەکەم: (القصاص) واتە: سزادانی تاوانبار بە وێنەی تاوانەکی خۆی، بەمەرجێك تاوانێکی بەدڕەوشتی نەبێت، بۆ نمونە کەکەسێکی بێتاوان بکوژێت بە ناحەق بە ئیختیاری خۆی، ئەوە لە شەریعەتی ئیسلامدا پێویستە بکوژرێتەوە، وە ئەم تۆڵە سەندنەوەیە بەرژەوەندی زۆری تێدایەو هۆی بەردەوام بوونی ژیانی خەڵکە لەچەند ڕووانگەیەکەوە: بۆ نمونە ئەگەر پیاوکوژ بزانێ دەکوژرێتەوەو تەنها بەبەندکردن ڕزگاری نابێت ئەوە وازدەهێنێت لە کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکان لەترسی کوشتنەوەی خۆی. کەواتە: دوو کەس ژیانیان دەست دەکەوێت بەهۆی یاسای تۆڵە سەندنەوەوە (شريعة القصاص) یەکەمیان: ئەو کەسەی کە خەریك بوو بکوژرێت ، وە دوومیان ئەو کەسەی کەخەریك بوو بکوژێت.

وە زۆر جار دەبیستین لەبری کەسێك چەندان کەسی بێتاوان لە کەس وکاری بکوژ (قاتل) دەکوژرێن، وەئەوانیش جارێکی تر تۆڵە دەکەنەوە بۆ کوژراوە بێتاوانەکانیان وە بەمە فیتنەو کوشتارێکی زۆر پەیدا دەبێت بەهۆی پاپەند نەبون بە شەریعەتی تۆڵەی

عادلانەی بێکەم و زیاد (القصاص)، وە ئەگەر لە شەریعەتی خوا لامان نەدابا بۆ یاسای مرۆڤ لەم بارەیەوە، وە تۆڵەی عادلانەی لێکرابایەوە نەك بە (بەند کردن) وازی لێ هێندرابا ئەوە تەنها تاوان بار تۆڵەی لێ دەکرایەوەو ئەم هەموو کوشتارو فیتنەو ئاژاوەیەش دروست نەدەبوو . وە هەروەها لەبیریشمان نەچێت کە بەند کردنی پیاو کوژان گەورەترین زیانە لە کۆمەڵگا" چونکە بەندینخانە بۆتە قوتابخانەیەك بۆ فێربوونی جۆرەها شێوازی کوشتن کە پیاو کوژەکان بۆ یەکتری باس دەکەن و لەیەکتری فێری دەبن! کەواتە دەرکەوت کە تۆڵە (القصاص) کوشتن ناهێڵێت، وە ژیانی خەڵك لە تۆڵە (القصاص) دایە، وەك پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ﴾ [البقرة: ١٧٩].

نمونەی دووم: (بڕینی دەستی دز) لە شەریعەتی خوادا پێویستە دز دەستی ببڕدرێت لەسەر دزینی شتێك کە نرخەکەی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دیناری طبع بێت، بەڵام یاسای داندراوی مرۆڤ دەڵێت: چۆن دەبێت دەستێك ببڕدرێت کەخوێنەکەی لە ئیسلامدا (٥٠٠) مسقاڵ زێڕە، واتە کەسێك بە ناحەق دەستی کەسێك ببڕێت دەبێت خوێنی بدات کە بریتییە لە (٥٠٠) مسقاڵ زێڕ، جا دەڵێن دەستێك کە ئاوا بە نرخ بێت لە ئیسلامدا چۆن دەبێ ببڕدرێت لە بری دزینی سی هەزار دینار؟!. وە لەم بارەیەوە شاعیرێکی نەفام وتویەتی:

يَــدٌ بِخَمسِ مِـئِيــنَ عَسجَــدٍ وُدِيَــتْ
مَــا بَالُــهـَــا قُــطِعَــتْ فِي رُبعِ دِينَارِ؟!

واتە: چۆن دەستێك خوێنەکەی (٥٠٠) مسقاڵ زێڕ بێت، دەبڕدرێت لە سەر دزینی روبعە دینارێکی زێر کە سی هەزار دیناری ئەمڕۆ دەکات؟!. لە وەڵامدا شاعیرێك فەرمویەتی:

صِــيانَةُ العُــضْوِ أغلاهَــا، وأرخَــصَها
حِــمايَةُ المــالِ فافْــهَمْ حِكــمَةَ البَــارِي

واتە: پارێزگاری کردن لە دەستەکە نرخەکەی گران کردووە، واتە بۆ ئەوەی کەس نەوێرێت دەست درێژی بکات بۆ بڕینی دەستی کەس، خوێنی دەست بڕینی بە ناحەق گران کراوە .

بەڵام هۆی بێ نرخی دەستی دز ئەوەیە کە ماڵی خەڵکی بپارێزرێت، واتە: مرۆڤی دز دەزانێت کە ئەگەر سی هەزار بدزێت کە چەند کەمە ئەوە دەستی دەبڕن، ئەو کاتە ناوێرێ کەمترین ماڵی خەڵك بدزێ .

بەڵام ئەگەر پێچەوانە کرابایەوە، واتە: تاوەکو ماڵێکی زۆری نەدزیبا دەستی نەبڕابا، بۆ نمونە تاوەکو (٥٠٠) مسقاڵ نەدزێت دەستی نەبڕێ ئەوە ماڵی خەڵك نەدەپارێزرا، وە دزی زۆر دەبوو، چونکە دزەکان –بۆنمونە– (٤٩٩) مسقاڵ

دەدزن وە دەستیشیان نابڕدرێت .
کەواتە: ماڵی خەڵك دەدزرێت ودزی زۆردەبێت، کەواتە: بۆئەوەی دزی نەمێنێت وکەس کەمترین ماڵی کەس نەدزێت ئەوە لەسەر (٣٠,٠٠٠) دەست دەبڕدرێت، وە بۆ ئەوەی دەستی پاك و ئەمینیش بپارێزرێت وەکەس دەست درێژی نەکاتە سەر، ئەوە خوێنەکەی گران کراوە .

وەهەروەها وەڵامێکی تری شاعیرە نەفامەکەش دراوەتەوە بەم دێرە شعرە:

عـزُّ الأمانـة أغلاهـا، وأرخصها
ذُلُّ الخيـانـة، فافهـم حكمة الباري

واتە: عیززەتی دەست پاکی و ئەمینی، نرخی خوێنی ئەو دەستەی گران کردووە، وە خیانەت و ناپاکی دەستەکەش بێ نرخی کردووە .

بەڵام ئەمرۆ چونکە شەرعی خوا بەتەواوی حوکمی پێ ناکرێ دەبینین دزی زۆر بووە، وە قوتابخانەی دزیش کە بەندیخانەکانن بەردەوام دزی مۆدێرن و شارەزا بەهەموو شێوازەکانی دزی تەخەرروج پێ دەکات، وە ئەگەر دزێك بێدەسەڵات بێت یان لێپرسراوێك دەستی ببڕێت لە پێش چاوی خەڵکی، ئەوە دەبێتە عیبرەت و پەند بۆ هەموو ئەوانەی کە نیەتی دزییان هەیەو لێپرسراوێتی بەکاردەهێنن بۆ دزینی ماڵی گەل وميللەت! .

وە ئەگەر هەموو ئەو پیاو کوژە خوێن ڕێژانەش بکوژنەوە کە بەناحەق خوێنی خەڵکی دەڕێژن، ئەوە کوشتن و ئاژاوە کەم دەبێتەوە.

بەڵام بەداخەوە وازهێنراوە لە شەرعی خوا، وە قانونی دژ بە شەرعی خوا نەیتوانی چارەسەری تەواو دابین بکات، وەبەرهەمەکەشی ئەوەیە کە سەدان ڕێگرو چەتەو پیاو کوژ دەگیرێن و دوای ماوەیەك بەردەدرێن، بارودۆخی عێراق بەتایبەت باشورو ناوەڕاستی عێراق باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستیيەن .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

===============

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

# تەفسیری سورەتی (العصر) و پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لێی

وەرگێڕانی/م.عبدالغفور عبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، وبعد:

سەرەتا: بەڕاستی خوای پەروەردگار قورئانی دابەزاندووە بۆ سود و پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لێی، وەك دەفەرموێت:

﴿ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ ﴾[الحشر: ٢].

واتە: پەندو ئامۆژگاری وەربگرن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان، وە فەرمانی کردوە بەلێ وردبونەوەو بیرکردنەوە لەماناو واتاکانی، وەك دەفەرموێت:

﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾[محمد: ٢٤].

واتە: ئەوە بۆچی لەقورئان ورد نابنەوە؟ یان دڵەکان قوفڵیان لێ دراوە؟!.

وە هەر کاتێك قورئان بەلێوردبونەوەو بیرلێکرنەوەوە خوێندرا، کاریگەری و شوێنەوارێکی گەورەی دەبێت لەسەر دەرون و هەڵس وکەوت و ڕەوشتی ئادەمیزاد، وە کاتێك پرسیار لە عائیشە کرا (خوای لێ ڕازای بێت) دەربارەی ڕەوشتی پێغەمبەرﷺ، فەرموی:

(کان خُلُقُهُ القرآن)[1] .

واتە: ڕەوشتی بریتی بوو لەقورئان، ئەمەش لەبەر ئەوەی قورئانی کردبوو بەمەنهەج و ڕێبازی ژیانی لەخوێندنەوەو بیرلێکرنەوەو جێ بەجێ کردنیدا .

بۆیە هەر لەبەر گرنگی ئەم بابەتە، ئەم گۆشەیەمان تەرخان کرد بۆتەفسیری سورەتی (العصر) بەم ناونیشانە:

(سورەتی العصر و پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لێی)، وەهۆکاری هەڵبژاردنی ئەم سورەتەش ئەوەیە کە: ڕێبازێکی تەواوی ژیانی موسڵمانانە بەتاك و کۆمەڵگاوە، وەهەر کەسێ لەم سورەتە وورد بێتەوە، ئەوا پێك هێنەرە بەرزو نمونەییەکانی کۆمەڵگای کامڵ و سەرکەوتوی تێدا دەدۆزێتەوە .

خوای گەورە سەرەتای سورەتەکە بە ﴿وَالْعَصْرِ﴾ دەست پێدەکات، کەئەویش هەموو ڕۆژگار دەگرێتەوە کەخوای گەورە سوێندی پێ خواردووە، وەلێرەوە گرنگی کاتمان بۆدەردەکەوێت، چونکە خوای پاك و بێ هاوتا گەورەیەو سوێند ناخوات تەنها بەشتی گەورە نەبێت .

---

(١) ( صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٤٨١١).

وە وتـــراوە: خـــوای گـــەورە ســـوێندی بەنوێـــژی عەصـــر خـــواردووە لەبـــەر گـــەورەیی‌یەکـــەی، وەك لەفـــەرمودەی پێغەمبەردا هاتووە ﷺ کەفەرمویەتی: ( من فاتته فكأنما وُتِرَ أهله وماله)[٢] .

واتە: هەر کەسێ نوێژی عەصر لەدەست بدات، وەك ئەوە وایە کە ماڵ و سامانی لەدەست دابێت، وەتایبەت کراوە بەو گەورەیی‌یە لەبەر ئەوەی ئەنجام دانی ئەم عیبادەتە (نوێژی عەصر) گرانترە، لەبەر سەرگەرمی خەڵکی بەبازرگانی وکاسبی کردنیان لەکۆتایی‌یەکانی ئەو ڕۆژەداو خـــەریك بـــوون بەدەستخـــستنی بژێوی‌یانەوە)[٣] .

ابن الجرير الطبري دەفەرموێ: پێکان (صواب) ئەوەیە کەبوترێت: ( پەروەردگارمان سوێندی بە (العصر) خواردووە، وە (عصر)یش ناوی ڕۆژگارە، کەشەوو ڕۆژو کاتەکانی تر دەگرێتەوە، واتە: هەر شتێك ئەو ناوە بیگرێتەوە، دەچێتە ناو ئەوەی کەخوای گەورە سوێندی پێ خواردووە)[٤] .

﴿إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ﴾[العصر: ٢].

واتە: بەڕاستی مرۆڤ لەخەسارەت مەندی دایە، ووشەی (انسان) ئەگەرچی تاکە (مفرد)ە بەڵام ئەو (ال)ە کردوویەتی بە (جنس)، وە (انسان) کەوتۆتە ناو خەسارەت و زیانەوەو لەهەموو لایەکەوە چوار دەوری داوە .

وە (الخسر و الخسران) واتە: (کەم بوون و نەمانی سەرمایە)، شیخ (عبدالرحمن بن ناصر السعدی) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (خەسارەت مەندبوون چەند بەشێکی هەیە: جاری واهەیە خەسارەت مەندبوونێکی تەواوەتی‌یە، وەك ئەو کەسەی کە خەسارەت مەندی دونیاو دوارۆژە، کە نیعمەتی بەهەشت لەدەست دەداو شایانی دۆزەخە، وە زۆر جار لەچەند ڕوویەکەوە خەسارەت مەند بووە؛ بۆیە خەسارەت مەندبوون گشتی‌یە بۆ هەموو مرۆڤێك تەنها ئەوانە نەبن کە خاوەنی چوار سیفاتن) کەدواتر باسیان دەکەین .

﴿ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ﴾

واتە: تەنها ئەوانە نەبن کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، ئەوانەی کە لەبازرگانی‌یەکی بەنرخ دان، کە دونیای کەم وبێ نرخیان فرۆشتوەو بەهەشتی نەبڕاوەو بێ کۆتایی‌یان کڕیوە.

وە لەو ئایەتە پیرۆزەدا چەند هۆکارو سیفەتێك هاتوون بۆ ڕزگاربوون لە خەسارەت مەندبوون، لەوانە:

١- بڕوا بوون بەو شتانەی کەخوای گەورە فەرمانی پێ کردوون، وە ئیمان وباوەڕیش تەواو نابێت بەبێ عیلم و زانیاری بوون .

---

(٢) (البخاري: ٥٥٢).

(٣) (روح المعاني: ٢٢٧/٣-٢٢٨) .

(٤) (جامع البيان: ٢٨٩/١٥-٢٩٠) .

٢- کـــردەوەی چـــاك: ئەمـــەش هـــەموو کردەوەیـــەکی چـــاك دەگرێتـــەوە، جـــا پەیوەنـــدی بەحـــەقی پـــەروەردگارەوە هەبێت یان بەندەکانی خوای پەروەردگار، واجب بن یان سوننەت .

٣- ئامۆژگاری یەکتری کردن لەسەرحەق و ڕاسـتی، کەئـەوەش ئیمـان وکـردەوەی چـاکە؛ یـــان هەنـــدێکیان ئامۆژگـــاری هەندێکیان بکەن بەوانە .

٤- ئامۆژگـــاری یـــەکتری کـــردن بـــەئارام گـرتن لەسـەر گـوێ ڕایـەڵی کردنـی خـوای پەروەردگارو دوورکەوتنەوە لەسەر پێچی کردن و لادان لەسنورەکانی .

بـەدوو خـاڵی یەکـەم و دووەم (عبـد) خۆی دامەزراو دەکات، وە بەخاڵی سێیەم و چـوارەم کۆمـەڵگا دامـەزراو و تـەواو دەکـات، وەبەتـەواو کردنـی هـەر چـوار خاڵەکـە بەنـدە سـەلامەت دەبێـت لـە خەسارەت مەندبوون، وەسودو قازانجێکی گەورەی دەست دەکەوێ .

وە (مجاهد) دەفەرموێت:

﴿ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ﴾.

(واتە: بەتەنها ئەوانەی کە خـوای گـەورە بەڕاسـت و تـەنها دادەنـێن لـە بەتـەنها پەرسـتن و گـوێ ڕایـەڵی کردنیـدا، وە کـــردەوەی چـــاك ئـــەنجام دەدەن و فەرمانەکانی جێبـەجێ دەکـەن و خۆیـان دەپـــارێزن و دور دەکەونـــەوە لـــە سەرپێچیـەکانی، وە ئەوانـەی ئیمانیـان هێناوە جیاکراونەوە، چونکە وشەی (الإنسان) بەمانای (کۆیە) نەك (تاك)[٥] .

﴿وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالـصَّبْرِ﴾.

واتــە: وە ئامۆژگــاری یــەکتری دەکــەن لەسەر حەق و ئارام گری، لە (قەتادە) وە ئـەویش لـە (حەسـەن)ەوە: ﴿وَتَوَاصَـوْا بِالْحَقِّ﴾. واتە: قورئانی پیرۆز، ﴿وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾.

واتە گوێ ڕایەڵی خوای گەورە)[٦] .

وە ئامۆژگـاری بـە حـەق و ڕاسـتی (وَتَوَاصَوْا بِـالْحَقِّ) بەتایبـەت هێنـراوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەشـێکە لـەکردەوە چاکەکان، وە چەندەها ئایـەت لەقورئانـدا هاتووە کە ئامۆژگاری لەسەر حەق وچاکە هـەموو شـەریعەت دەگرێتـەوە، خـوای گـەورە ئامۆژگـاری هـەموو پێغەمبـەرانی کـردووە لـە نـوح و ئیـبراهیم و ئەوانـەی دوای ئـەوانیش هـاتوون(علـیهم الـصلاة والسلام)، وەك دەفەرموێت:

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحـاً وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُـوا الـدِّينَ وَلَـا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾[الشورى: ١٣] .

واتە: ئـایین و بەرنامـەی ژیـانی بۆدانـاون، ئەوەی کەفەرمانی پێکردووە بە نوح هـەر بـەو شـێوەیە قورئانیـشی بـۆ تـۆ نـاردوە ئەی محمد ﷺ، وە بە ئیـبراهیم و موسـاو عیساشمان (علـیهم الـصلاة والـسلام) ڕاگەیانـدووە کـە ڕێبـازی ئـایین و یـەکخوا

(٥) ( إبن جرير الطبري: ١٥/٢٩٠).

(٦) (جامع البيان: ١٥/٢٩٠) .

پەرستی بەرنەدەن و لێی لانەدەن)، وە ئەو ئامۆژگاری‌یانە کارو کردەوەی هەموو پێغەمبەران بووە بۆ ئومەتەکانیان .

وە دوای ئەویش دەفەرموێت: ﴿وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾؛ ئەویش بۆجێگیر بوون لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە، چونکە ئارام گرتن پێویستە لەسەر ئەنجامدانی کردەوەی چاك، هەر وەك چۆن پێویستە بۆ وازهێنان لەسەر کاری نادروست وخراپ .

وەهێنانی ئامۆژگاری لەسەر ئارام گرتن وەك هاوشان بۆ ئامۆژگاری لەسەر حەق و ڕاستی، بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ڕێزو پلەی ئارام گرتن و زۆری پاداشتی ئارام گران لەسەر ئارام گرتنیان بەبێ ئەندازەو حساب، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾[الزمر: ١٠]

## گرنگترین پەندو ئامۆژگاریەکانی ئەم سورەتە:

١- پێویستە لەسەرمان کە چوار بنەما فێربین:

یەکەم: بوونی زانست و زانیاری، کە ئەویش ناسینی خواو پێغەمبەر ﷺ و دینی ئیسلامە بە بەڵگەوە .

دووەم: ئەنجام دان و کارپێکردنی .

سێیەم: بانگەوازی بۆکردنی .

چوارەم: ئارام گرتن لەسەر ئازارو ناڕەحەتی‌یەکانی .

وە بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم سورەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْعَصْرِ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾ [العصر: ١-٣].

وە ئیمامی شافیعی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( ئەگەر خوای گەورە هیچ شتێکی دانەبەزاندبایە جگە لەم سورەتە، ئەوا بەسیان بوو )[(٧)] .

٢- (خوای گەورە سوێند بە (العصر)، دەخوات کە ئەویش ڕۆژگارە، لەبەر ئەو هەموو پەندو بەڵگە زۆرانەی کە تێیدایە لە ڕۆیشتن و هاتنی شەوو ڕۆژو ڕوناکی و تاریکی و ..... هتد، چونکە ئەمانە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران لەسەر تەنهایی و دەسەڵاتی دروستکاریان کەخوای گەورەیە)[(٨)] .

٣- (کاتێك مرۆڤ پیر دەبێت و بێ هێز دەبێت، پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی بۆ دەنوسرێت کە لەگەڵنجیدا ئەنجامی داون)[(٩)]؛ پاڵپشتی ئەم قسەیەش، ئەم فەرمودەیەیە کە ئەبو موسای ئەشعەری رضي الله عنه گێڕاویەتی‌یەوەو دەفەرموێت:

سمعت رسول الله ﷺ غير مرة ولا مرتين يقول: (**إذا كان العبد يعمل عملاً صالحاً**

(٧) ( الأصول الثلاثة، لشيخ الإسلام: محمد بن عبدالوهاب: ص٣ ).

(٨) (فتح القدير: ٥/ ٥٧٩).

(٩) (تفسير القرطبي: ٢٠/١٧٩).

فشغله عنه مرض أو سفر كتب له كصالح ما كان يعمل وهو صحيح مقيم)[١٠].

واتە: گوێم لەپێغەمبەری خوابوو ﷺ زیاد لەجارێك و دووجار دەیفەرموو: ئەگەر بەندەیەك كردەوەی چاك ئەنجام بدات و دواتر بەهۆی نەخۆشییەوە یان سەفەرەوە نەتوانێت ئەنجامی بدات، ئەوە كردەوە چاكەكەی بۆ دەنوسرێت لەبەر ئەوەی كاتێك لەش ساغ و نیشتەجێ دەبوو ئەو كردەوەیەی ئەنجام دەدا .

٤- خەسارەت مەندی لەم ئایەتەدا بەشێوەیەكی گشتی هاتووە، بەڵام چەند ئایەتێكی تر خەسارەت مەندیان ڕوون كردۆتەوە:

*خەسارەت مەندی هەیە بەكافر بوون و شەریك دانان بۆ خوای گەورە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾[الزمر: ٦٥ ].

واتە: ئەگەر هاوەڵ (شەریك) بۆخوا بڕیار بدەیت، كارو كردەوە چاكەكانیشت پوچەڵ دەبنەوەو خەسارەت مەندو زەرەرمەند دەبیت.

* یان بەوازهێنان لەكردەوەو عیبادەت كردن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ﴾[ المؤمنون: ١٠٣ ] .

واتە: ئەو كەسەی تەرازوی كردەوە چاكەكانی سوك بێت، ئەوە نەفسی خۆیان لەدەست داوەو خەسارەت مەندبوون.

* یان خەسارەت مەندی بەوازهێنانە لە دینی ئیسلام و ئامۆژگاری كردن لەسەر حەق و ڕاستی، وە لەدوای حەقیش جگە لەگومڕایی هیچی تر نییە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [آل عمران: ٨٥ ] .

واتە: هەركەسێك جگە لە ئیسلام پەیڕەوی هەر ئایینێكی تر بكات، ئەوە لێی وەرناگیرێت و لەقیامەتیشدا لەخەسارەت مەندو زەرەرمەندانە.

* یان بەوازهێنان لەئامۆژگاری كردن لەسەر ئارام گرتن لەكاتی كەوتنە ناو ناڕەحەتی و تەنگ و چەڵەمەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ﴾ [ الحج: ١١ ].

واتە: هەندێك لەخەڵكی تەنها لەیەك حاڵەتدا خواپەرستی دەكات، ئەگەرتوشی خێرو خۆشی بوو دڵی پێ خۆشە، وە ئەگەر توشی بەڵایەك بوو، سواری سەری خۆی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوەو خەسارەت مەندی دنیاو قیامەت دەبێت،

(١٠) (صحيح سنن أبي داود، كتاب الجنائز، باب الأمراض المكفرة للذنوب).

هـــەر ئەوەشـــە خەســـارەت مەنـــدو زەرەرمەندی ڕوون و ئاشكرا )[١١] .

٥- كردەوە بەچاك دانانرێت هەتا سێ مەرجی تێدا نەیەتە دی:

أ- كۆك (موافـــق) بێت لەگەڵ قورئان و سوننەت .

ب- نیەت پاكی (الإخــــلاص) بۆ خوای گەورە .

ج- وە ئەو كەسەی كە ئەنجامی دەدات، دەبێت بڕوادار بێت)[١٢] .

٦- وە هەروەها ﴿وَتَوَاصَـــوْا بِالــصَّبْرِ﴾ هاتووە لەگەڵ ئامۆژگاری كردن لەسەر سۆزو بەزەیی هاتنەوە لەنێوان یەكتریدا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ﴾ [البلد: ١٧].

واتە: وە ئادەمیزاد دەبێت لەوانە بێت كەباوەڕیان هێناوەو ئامۆژگاری یەكتریان كردوە لەسەر ئارام گرتن، وە هەروەها ئامۆژگاری یەكتریان كردوە لەسەر ڕەحم و بەزەیی و میهرەبانی .

وە بەو سێ ئامۆژگارییانە: (ئامۆژگاری لەسەر حەق و ئارام گرتن و سۆزو بەزەیی)، پێك هێنەرەكانی كۆمەڵگای نمونەیی و سەرفرازو بەختەوەر دەستەبەر دەبێت؛ لەبەر ئەوەی ئامۆژگاری لەسەر حەق، بریتییە لەڕاگرتنی حەق و بەردەوام بوون لەسەر ڕێگای ڕاست، وە بە ئامۆژگاری لەسەر ئارامگرتن دەتوانن بەردەوام بن لە ڕۆیشتن لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستە، وە بەئامۆژگاری لەسەر سۆزو بەزەیی هاتنەوە بەیەكتریدا، كۆمەڵگا دەبێت بەیەك پارچەو وەك یەك لاشەیان لێ دێت، وەئەم بەخششانە تەنها قورئان بەخشیونی و لەناو قورئانیشدا ئەم سورەتە كورتە)[١٣] .

٧- ئەم سورەتە ئاماژە دەكات بەگرنگی فەرمان كردن بەچاكەو ڕێگرتن لەخراپە، چونكە هەركەسێك بەو كارە هەڵسێت توشی ئەزیەت و ئازار دەبێت، كە ئەمەش پێویستی بەئارام گرتنە، هەروەك چۆن لوقمان عليه السلام ئامۆژگاری كوڕەكەی دەكات و دەفەرموێت:

﴿يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ﴾ [ لقمان: ١٧].

واتە: كوڕە شیرینەكەم نوێژەكانت بەچاكی ئەنجام بدەو فەرمان بەچاكە بكەو ڕێگری لەگوناه و خراپە بكە، وە ئارام گربە لەسەر ئەو ناخۆشییانەی كەتوشت دەبن .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.**

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

(١١) (أضواء البيان: ٩/٤٩٦-٤٩٧).
(١٢) (أضواء البيان: ٩/٥٠٢).
(١٣) (أضواء البيان: ٣٠/٥٠٧-٥٠٨).

# نییەت،

# گرنگی وجێگا وماناو جۆرەکانی وکاریگەری لەسەر ووتە وکردەوە

م/ لقمان حسن أمین

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلِه وصحبه أجمعين، وبعد:

**لە (صحيح )ی ئیمامی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمێت:**

**(إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امريء ما نوى، فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى الله ورسوله، ومن كانت هجرته الى دنيا يصيبها أو الى امرأة ينكحها فهجرته الى ما هاجر إليه)[1].**

**وە لە (صحيح) ی ئیمامی موسلیم دا لە ڕێگەیەکی ترە هاتووە:**

**(إنما الأعمال بالنية وإنما لأمريء ما نوى، فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى الله ورسوله، ومن كانت هجرته لدنيا يصيبها أو امراة يتزوجها فهجرته الى ما هاجر إليه)[2].**

## نرخ و گرنگی ئەم فەرمودەیە:

**هەموو زانایان کۆ و یەکدەنگن لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم فەرموودەیە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە.**

**وەئیمامی بوخاری لە (صحيح)ە کەیدا لە سەرەتادا هێناویەتی‌یەوەو لە جێگای خوتبەی کتێبەکەیدا دایناوە، ئەمەیش ئاماژەیەکە لەم ئیمامەوە کە هەموو کارێك ئەگەر بۆ خوای گەورە ئەنجامی نەدەیت ئەوا پووچەو هیچ پاداشتێکی نی‌یە نە لە دونیاو نە لە پاشە ڕۆژیشدا؟ لەبەر ئەمەیە کە زانای ناودار (عبدالرحمن بن المهدي) ئەفەرمێت: هەرچی کەسێك ویستی پەرتوکێك دابڕێژێت بەم فەرموودەیە دەست پیّ بکات، وە ئیمامی شافیعی دەفەرمێت: ئەم فەرموودەیە سیّ یەکی زانستە و ئەچێتە ناوەڕۆکی حەفتا دەرگا لە فیقهدا، وە ئیمامی ئەحمەد دەفەرمێت: بنەمای ئیسلام لەسەر سیّ فەرموودەیە: ئەم فەرموودەیەو ئەو فەرموودەی کە عائیشە (خوای لیّ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە:**

---

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٢٣١٩).

(٢) (صحيح سنن الترمذي: ١٦٤٧، وصحيح سنن النسائي: ٣٤٣٧، و٣٧٩٤).

**(من أحدث في أمرنا هذا ما ليس فيه فهو رد)**[٣]، وە ئەو فەرموودەی کە (نعمان بن البشير)رضي الله عنه ئەیگێڕێتەوە:

**(الحلال بيِّن والحرام بيِّن)**[٤].

وە (إسحاق بن راهويه) ئەفەرمێت: چوار فەرموودە بنەمای ئایینن، ئەم سێ فەموودەیە و فەرموودەی:

**(إن أحدكم يجمع في بطن أمه)**[٥].

هەروەها زۆر لە زانایان باسی بەنرخی و گەورەیی ئەم فەرموودەیەیان کردووە، بەڵام لەبەر درێژە پێ نەدان ئەوەندەم هێناوەتەوە.

## چەند زانیاریەکی گرنگ دەربارەی نیەت:-

پێش ئەوەی کە بچینە ناخی ڕاڤە کردنی فەرموودەکە وام بەباش زانی کەباسی نییەت و جۆرەکانی وشێوازەکانی بە تێر و تەسەلی بکەم لەچەند خاڵێکدا بۆ ئاسان تێگەیشتن لەم فەرموودەیە، چونکە نیەت ناوەڕۆکی فەرموودەکەیە و بێ تێگەیشتن لە نیەت مەحاڵە تێگەیشتنەکەمان بە گوێرەی پێویست بێت .

### یەکەم: جێگای نیەت:

دڵ جێگای نیەتە لە هەموو کارێکدا نەك زمان، وە هەر لەبەر ئەمەیشە کە هەر کەسێك بەزمان نیەت بهێنێت کاتێ ویستی نوێژ یان حەج یان ڕۆژو یان کارێکی تر بکات بە بیدعە دەژمێرێت و شتێکی هێناوەتە کایەوە کە لە ئاییندا نیەیە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ دەست نوێژی هەڵئەگرت و نوێژ و ڕۆژو حەجی ئەکرد بە زمان نیەتی نەئەهێنا، لەبەر ئەوەی جێگای نیەت دڵە نەك زمان یان دڵ وزمان، وە خوای گەورە هیچ شتێکی لێ بزر نابێت وئەزانێت چ نیەتێك لە ناخی دڵتدایە، وەکو خوای گەورە ئەفەرمێت:

﴿ قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ [آل عمران: ٢٩] .

واتە: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ ئەوەی کە لە دڵتاندایە ئەگەر بیشارنەوە یاخود ئاشکرای بکەن خوای گەورە دەیزانێت وئاگادارە، وەزانیاری هەیە بە هەرچی لە ئاسمانەکان وزەوییە.

وە ئەبێت هەموو مرۆڤێك لە هەموو خوا پەرستییەکانیدا بە دڵسۆزیەوە نیەتەکانی بۆ خوای گەورە بێت، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە کە خوای گەورە ئەفەرمێت:

---

(٣) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ١٤٠، وصحيح سنن ابن ماجة: ١٤، وصحيح سـنن أبي ادود: ٤٦٠٦، و صحيح الجامع الصغير: ٥٩٧٠).

(٤) (صحيح سنن ابن ماجة: ٣٩٨٤، وصـحيح سـنن النسائي: ٤٤٥٣، و صحيح الجامع الصغير: ٣١٩٣).

(٥) (صحيح سنن أبي ادود: ٤٧٠٨).

﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ [البينة: ٥] .

واتە: فەرمانیان پێ نەکراوە تەنها بەوە نەبێت کە خوای گەورە بپەرستن بە دڵسۆزی‌یەوە، وە لە هاوبەش بڕیاردان واز بهێنن ولابدەن بۆ یەکخواپەرستی، وە نوێژەکانیان ئەنجام بدەن بۆ خوای گەورە و زەکات بدەن، کە ئەمە بەڕاستی دینی راست ودروستە .

وە پیویستە نیەتەکەی ئامادە بێت لە پێش ئەنجامدانی کارەکانیدا، بۆ نمونە: نیەتی هەبێت کە دەست نوێژ هەڵئەگرێت و ئەم کارەیش بۆ خوایەو پەیڕەوکردنی فەرمانی خوایە، کەواتە بۆ گەیشتن بە لوتکە لە نیەتدا پێویستە سێ شت لەخۆ بگرێت:

١- نیەتی خوا پەرستی بێت .

٢- بۆ خوای گەورەی بێت .

٣- ملکەچی و پەیڕەوی کردن بێت بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە . (کەواتە هیچ کارێکی بیدعە ناگاتە لوتکە لەبەر بێ بەڵگەیی کارەکەی ) .

**دووەم: مانای نیەت:**

زانایان لەم بابەتەدا دوو کۆمەڵن:

أ- لە لای (فقهاء): مانای نیەت ئەوەیە کە جیاوازی بکات لە نێوان عادەت و عیبادەت، وە هەروەها لە نێوان عیبادەتەکانیشدا، لەبەر ئەوەی نان و ئاو نەخواردن جاری وا هەیە لە رقدایە و، جاری وا هەیە لەبەر نەتوانینە و، جاری وایش هەیە لەبەر جێبەجێ کردنی فەرمانی خوایە، کەواتە لێرەدا پێویستمان بەنیەتە لەڕۆژوودا بۆ جیا کردنەوەی لەوانەی تر، وە هەروەها لەعیبادەتەکانیشدا پێویستمان بەنیەتە بۆ جیاکردنەوەی عیبادەتێك لە عیبادەتێکی تر، چونکە نوێژو ڕۆژوو فەرزیان هەیەو سوننەت و ئەمانەیش خۆی لە خۆیاندا جۆراو جۆرن، لەبەر ئەمە پێویستمان بەنیەتە بۆ جیا کردنەوەیان لە یەکتر، وە ئەمانە هەمووی ئەکەونە ژێر حوکمی گشتی:

(وإنما لكل امريء ما نوى).

ب- لە لای سەلەفی پێشین (المتقدمين): بەمانای جیاکردنەوەی مەبەستە لەکارەکەدا، ئایا بەتەنها بۆ خوای گەورەیە بەبێ هاوبەش، یان بۆ یەکێك یان شتێکی ترە، یاخود بۆ خواو شتێکی تر یان کەسێکی ترە، لە لای شارەزایان مەبەستیان ئەم جۆرە مانایەیە کە لە پەرتووکەکانیاندا باسی دڵسۆزی و پاشکۆکەکانی (توابع) ی ئەکەن .

**سێیەم: روکنیەتی نیەت:**

برای موسڵمان ئەبێ ئەوە بزانین کەنیەت بەمانای ویست (هَم وإرادة) دێت، ویستی مرۆڤـ واتە: (نیەت)، وە مرۆڤیش ناتوانێت هیچ کارێك ئەنجام بدات بە بێ نیەت، تاوەکو چەند زانایەك فەرمویانە: ئەگەر بهاتایە خوای گەورە جۆرە کارێکی بدایە بە سەرماندا کە بەبێ نیەت ئەنجامی بدەین ئەوا بەو کارانە دائەنرا کە لەتوانای مرۆڤدا نیە، ئەمەیش لەبەر مەحاڵی ئەنجامدانی کارە بەبێ نیەت لە لایەن کەسێکی ژیر (عاقل) کەبیەوێت کارێك ئەنجام بدات بە ویستی خۆی، چونکە هەموو کارێك لە ئەنجامی ویست و توانادا (الإرادة والقدرة) دروست ئەبێت و ویستەکەش نیەتە، و ئەم نیەتەیش روکنە لە هەموو کارێکدا .

کەواتە: ئەگەر نیەت هەبوو ئەوا کاریش دروست دەبێت لە پاش بەکار هێنانی ئەو توانایەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکەو ئەگەر ئەم نیەتەش نەبوو ئەوا مەحاڵە هیچ کارێك دروست بێت گەرچی توانایش هەبێت . وەبەم نیەتەیە حوکم ئەدرێت بەسەر کارەکەتدا کە چاکە یان خراپ و شایانی پاداشتی یان سزا .

**چوارەم: نیەتی لە ناکاو** (طاريء):

لە کاتی ئەنجامدانی کاردا جاری وا هەیە ئەم نیەتە کتوپڕو لەناکاو دێت و گۆڕانکاری بەسەر نیەتە رەسەنەکەتدا (أصل النية) دێنێت، ئەمیش چەند حاڵەتێکی هەیە: یان بەردەوامی ئەدات بەنیەتە رەسەنەکەت، یان کەم و زیادی ئەکات ئیتر نیەتەکەت چ چاك بێت یان خراپ، وە یان نیەتە رەسەنەکەت ئەگۆڕێت لە چاکەوە بۆ خراپ یان بە پێچەوانەوە، لە (سليمان بن داود الهاشمي) یەوە ئەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: جاری وا هەیە کە فەرمودەیەك ئەڵێمەوە نیەتەکەم جۆرێکە (واتە: نیەتەکەم چاکە) و ئەگەر هەندێکم لێ ووتەوە نیەتەکەم گۆڕانی بەسەردا دێت، لەبەر ئەمە جاری وا هەیە ووتنەوەی یەك فەرموودەیەك پێویستی بە چەند نیەتێك هەیە .

(واتە ئەگەر گۆڕانکاری خراپی بەسەردا هات ئەوا ئەبێت دەست بەجی نیەتە چاکەکەت تازە بکەیتەوە)

**پێنجەم: چۆنێتی ئەنجامدان و دروست بوونی کار:**

بۆ ئەوەی هەر کارێك ئەنجام بدەین پێویستمان بە ویست و توانا هەیە (الإرادة والقدرة) وەئەمانەیش کاریان لێ دروست نابێت بەبێ توانای دووەم کە لە سەرەتای کارەکەوە لەگەڵیدایە تا کۆتایی

(الإستطاعة المقارنة للفعل) وەئەم توانایە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە بەڵکو خوای گەورە وای لێ ئەکات کە بەتوانا بێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بە گوێرەی ویست و دانایی خوای گەورە لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا .

**شەشەم: چۆنیەتی پاداشت وەرگرتن بە نیەتی چاك بەبێ ئەنجامدانی کار:**

ئەمەیش چەند شێوەیەکی هەیە کەبەم نمونەیە روونی ئەکەمەوە:-

أ- ئەگەر ویستت (١٠٠٠) هەزار دینار بکەیت بە خێرو سەدەقە، بەڵام دوای ئەم نیەتە خێرو سەدەقەکەت نەکردو پەشیمان بویتەوە بە بێ هیچ (عذر)ێك ئەوا لێرەدا خوای گەورە بەفەزڵی خۆی یەك چاکەت بۆ ئەنوسێت وەکو چۆن پێغەمبەرﷺ ئەفەرمێت:

( ..... **فمن هم بحسنة فلم يعملها كتبها الله تبارك وتعالى عنده حسنة كاملة....**)[٦].

واتە: .... وەهەر کەسێك بیەوێت چاکەیەك بکات وبۆی نەگونجێت، ئەوا خوای گەورە چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنوسێت....

ب- ئەگەر ویستت (١٠٠٠) هەزار دینار بکەیت بە خێرو سەدەقە بەڵام (عذر) ێك هاتە پێشەوە، بۆ نمونە بڵێین: لێت دزرا، یان بزر بوو نەت توانی ئەم کارە بەجێ بهێنیت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دوو جۆر پاداشت هەیە: جۆرێکیان ئەگەر بێتوو تۆ خێرو سەدەقە کردن پیشەت بووبێت ئەوا پاداشتی نیەتە چاکەکەت و پاداشتی کارەکەیش وەرئەگریت، وەکو ئەو کەسەی کە کردوویەتی، وە جۆرەکەی تریان: ئەگەر بێتوو تۆ هەرگیز یان بەدەگمەن خێر و سەدەقە ئەکەیت، ئەوا پاداشتی نیەتە چاکەکەت بەتەنها وەرئەگریت نەك پاداشتی کارەکەیش .

بەڵگەیش بۆ ئەمەئەم فەرموودەیەیە:

(أن فقراء الصحابة رضي الله عنهم قالوا: يا رسول الله ﷺ، سبقنا أهل الدثور بالأنوار والنعيم المقيم، فقال النبيﷺ: (**ألا أخبركم بشيء إذا فعلتموه أدركتم من سبقكم ولم يدرككم أحد إلا من عمل مثل ما عملتم؟**) **فقال: (تسبحون وتكبرون وتحمدون دبر كل صلاة ثلاثا وثلاثين)** ففعلوا، فعلم الأغنياء بذلك ففعلوا مثلما فعلوا!! فجاء الفقراء الى الرسول ﷺ وقالوا: يارسول الله ﷺ، سمع إخواننا أهل الأموال بما فعلنا

---

(٦) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٢٣٧٤، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٧، وصحيح الجامع الصغير: ١٧٩٦).

ففعلوا مثله، فقال النبي ﷺ: (**ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء**)[٧].

واتە: هەندێك لە هاوەڵە هەژارەكانی پێغەمبەر ﷺ ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەوڵەمەندەكان پێشمان كەوتوون بە سەدەقە كردن و كۆیلە رزگار كردن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: شتێكتان پیٚ بڵێم ئەگەر بیكەن ئەگەن بەوانەی پێشتان كەتوون و كەسیش ناگات پێتان مەگەر وەكو ئێوە بكەن؟ فەرمووی: زیكری سبحان الله، الله أكبر، الحمد الله بكەن (٣٣) جار لە پاش هەموو نوێژێكدا، هەژارەكان ئەمەیان كرد، بەڵام دەوڵەمەندەكان بەمەیان زانی ئەوانیش ئەمەیان كرد، دووبارە هەژارەكان هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەرﷺ ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، برا دەوڵەمەندەكانمان بە كارەكەی ئێمەیان زانی و ئەوانیش وەكو ئێمەیان كرد پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەوە فەزڵی خوایە ئەیدا بە هەر كەسێك كە بیەوێت خوای مەزنیش فەزڵێكی گەورەی هەیە) . لێرەدا پێغەمبەر ﷺ پێیانی نەوت پاداشتی كارەكەیان وەرئەگرن، بەڵام گومان لەوەدا نی‌یە كە پاداشتی نیەتی كار كردنەكەیان هەیە .

**حەوتەم: چۆنیەتی پاداشت و سزا وەرگرتن بە** (**ترك الأعمال**) (واتە: ئەو كارانەی كەلە شەرعدا نەهی لیٚ كراوە:-

ئەمیش چەند شێوەیەكی هەیە بەم نمونەیە ڕوونی ئەكەمەوە:-

أ- ئەگەر بێتوو بەنیەتتدا هات زینا بكەیت، بەڵام نەت كرد، لێرەدا سزا وەرناگریت لەبەر ئەوەی سوور نەبویت لە سەری ونەیشت كردووە، وە پاداشتیش نی‌یە لەبەر ئەوەی بۆ خوا وازت لیٚ نەهێناوە .

وە (**من هم بسيئة فلم يعملها كتبها الله عنده حسنة كاملة**)[٨] .

واتە: وە هەر كەسێك بیەوێت خراپەیەك بكات ولەبەر خوای گەورە نەیكات، ئەوا خوای گەورە چاكەیەكی تەواوی بۆ دەنوسێت.

لە ڕیگایەكی ترەوە هاتووە كە تایبەتمەندێتی ئەدات بەمەو شی ئەكاتەوە و ئەفەرمێت: (**إنما تركها من جرائي**)[٩] .

واتە: لەبەر من وازی لەو كارە خراپە هێناوە .

---

(٧) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٩٦٥، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٥٩٢).

(٨) (سبق تخريجه).

(٩) (صحيح الترغيب والترهيب: ١٨، وصحيح الجـامع الصغير: ٤٣٥٦).

ب- ئەگەر ویستت زینا بکەیت و هەموو ڕێگاکانی و هۆکارەکانیت گرتە بەر، بەڵام خوای گەورە بەویست و دانایی خۆی بۆتی نەرەخساندو تەقدیری نەکرد، لێرەدا تاوانی نیاز خراپیت لەسەر دەنوسرێت لای خوای گەورە، بەڵام لەدونیادا ئەو حوکمەت نیيە، چونکە کارەکەت ئەنجام نەداوە وئەحکامی دونیاش لەسەر کار کردنە، بەڵگەیش لەسەر ئەمە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (**إذا التقى المسلمان بسيفيهما فالقاتل والمقتول في النار**، فقالوا: يا رسول الله ﷺ، هذا القاتل فما بال المقتول؟ **قال: لأنه كان حريصاً على قتل صاحبه**)[١٠].

واتە: ئەگەر دوو موسڵمان بەرەنگاری یەك بوونەوە بەشمشێر، ئەوا پیاو کوژەکەو کوژراوەکەیش لە ئاگردان، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەزانین پیاو کوژەکە لە ئاگردایە، بەڵام کوژاوەکە بۆ؟ فەرمووی: لەبەر ئەوەی سوور بوو لەسەر کوشتنی برادەرەکەی.

لێرەدا دەرئەکەوێت سووربون و هۆکار گرتنە بەر بەکار دائەنرێت هەر چەندە کارەکەیش نەکەیت.

ج- ئەگەر لە ترسی خوا نەت کرد ئەوا پاداشتی تەواو وەردەگریت، چونکە بۆ خوا وازت لێ هێناوە وەکو چۆن لەفەرموودەکەدا هاتووە. (لەبەر من وازی لێ هێناوە) .

د- تۆ هیچ کاتێك زینا کردن بەخەیاڵتدا نایەت و قەت نایکەیت لەبەر ئەوەی کارێکی زۆر زۆر بەدوو نا مرۆڤانەیە نەك لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە، ئەم واز لێ هێنانە سزای نیيە، نەنییەتت کردنێتی و نەکردووتە، وە پاداشتیش نیيە لەبەر ئەوەی بۆ خوای گەورە وازت لێ نەهێناوە.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە (ترك الأعمال) بە نیەتی چاك پاداشتی هەیە و بە نیەتی خراپیش سزا .

بەڵام ئەبێ ئەوا بزانین کە باسی (ترك الأعمال) ئەکەین لێرەدا مەبەستمان ئەو کارە خراپانەیە کە لە شەرعدا نەهی لێ کراوە، بەڵام نەکردنی ئەو کارە شەرعیانەی کە فەرمانی پێ کراوە ئەگەر بێتوو (عذر)ت نەبوو ئەوا بەهەموو شێوەکانی شایانی سزایت و جاری وایش هەیە پێی کافر ئەبیت .

---

(١٠) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٣٥٣٨).

**هەشتەم: چۆنێتی پاداشت و سزا وەرگرتن لە کارە (مباح) ەکان:ـ**

وەکو نان و ئاو خواردن وجیماع کردن و خەوتن .... هتد ئەنجامدانی ئەم کارانە نە پاداشتی هەیە و نەسزا، بەڵام بەنیەتی چاك لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارانەدا پاداشت وەرئەگرێت و بەنیەتی خراپیش سزا . بۆ نموونە:

أ- ئەگەر نان و ئاوخواردنت بۆ ئەوە بێت کە بەتوانا بیت لە خوا پەرستیەکانتدا، ، وە یان نیوەڕۆ ئەخەویت بۆ ئەوەی شەو نوێژ بکەیت، یان شەوان زوو ئەخەویت بۆ ئەوەی نوێژی بەیانیت لە کاتی خۆیدا و بە جەماعەت بکەیت، یان جیماع ئەکەیت بۆ ئەوەی نەوەی موسڵمان زۆر بێت، یان خۆت و خێزانەکەت لە زینا دور خەیتەوە، ئەوا بەم نیەتە چاکانە لەم کارە (مباح) ە جۆراو جۆرانەدا پاداشت وەرئەگرێت، وەکو چۆن لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی پێ ئەکات وئەفەرمێت: (وفي بضع أحدكم صدقة، قالوا: أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟! قال: أرأيتم لو وضعها في حرام أكان عليه فيها وزر؟ فكذلك إذا وضعها في الحلال كان له أجر)[١١] .

واتە: لە جیماع کردنی هەر یەکێکتاندا سەدەقەی بۆ ئەژمێردرێت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر یەك لە ئێمە بە ئەنجامدانی شەهوەت بۆ خۆی سەدەقەی دەست ئەکەوێت؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر بهاتایە زینای پێ بکردایە گوناهی بۆ نەئەنوسرا؟ ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە لە حەڵاڵەکەیشدا پاداشتی بۆ ئەنوسرێت .

واتە: ئەگەر ئەم حەڵاڵە ئەو حەرامەی لێ دوور خاتەوە و بەو نیەتە بێت، بەڵام ئەوەی تەنها لەبەر لەزەت و شەهوەتی بێت ئەوا نە پاداشتی هەیە نەسزا .

ب- ئەگەر شەو درەنگ خەوتیت بەنیەتی ئەوەی بۆ نوێژی بەیانی هەڵنەسیت، یاخود هەندێك خواردن و دەرمانت خوارد کە شەهوەتی پێ جۆش ئەدرێت بۆ ئەوەی رادەیەکی زۆرتر زینا بکەیت، ئەوا بەم نیەتە خراپانەت ئەم کارە (مباح) انەت واڵێ کرد کە شایانی سزادان بیت لە سەری .

**نۆیەم: چۆنیەتی پاداشت و سزا وەرگرتن بە گوێرەی چاکی و خراپی نیەت لە کاتی ئەنجام دانی کارەکاندا و گۆڕانکاریەکانی:**

بۆ تێگەیشتن لەمەیش بەنموونەیەك روونی ئەکەمەوە کەئەویش سەردانی نەخۆشێکە:

---

(١١) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ١٥٥٦، وسلسلة الاحاديث الصحيحة: ٨١٦).

أ- نیەتت لەئەنجامدانی ئەم کارە ئەوە بێت کە کارێکی شەرعییەو بۆ خوا ئەنجامی بدەیت ئەوا بێ شك وگومان پاداشت وەرئەگریت .

ب- نیەتت لە ئەنجامی ئەم سەردانە ئەوە بێت بۆ فیسق یان ریا بێت ئەوا بێ شك وگومان شایانی سزایت .

ج- لەم سەردانە نیەتت پیاوەتی کردن بوو یان قەرزدانەوە بوو وەکو ئەوەی کە ئەویش لە کاتی نەخۆشیدا سەری لێت دابێت نەك بۆ خوا بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا نەپاداشت و نەسزا وەرناگریت، چونکە نیەتەکەت بۆ خوا نەبووە لەگەڵ ئەوەیشدا کە کارەکەت بە چاك ناو ئەبرێت هەر وەکو چۆن لە ئایەتدا هاتووە کە ئەفەرمێت:

﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ١١٤] .

لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەدەقە وکاری چاك وچاك کردنەوەی نێوانی موسڵمانانی بەخێر وەسف کرد، بەلاّم مەرجی دانا بە وەرگرتنی ئەم کارە خێرانەی کە خەڵکی سوودی لێ ئەبینێت بەوەی کەنیەتی بۆ خواو رەزامەندی خوا بێت .

د- نیەتت لەم سەردانەدا بۆ خوا بوو بەلاّم لە کاتی ئەنجام دانیدا لە ناکاو نیەتەکەت گۆڕاو بۆ ئەوەت بوو کە سەیری ئافرەتەکانیان بکەیت و دەمە تەقێیان لەگەڵدا بکەیت، یان هەر کارێکی نا شەرعی لەم حاڵەتەدا کارەکەت خراپەو شایانی سزایت .

هـ- نیەتت بۆ خوا بوو بەلاّم لە کاتی ئەنجام دانیدا نیەتت لەناکاو گۆڕاو لەبەر ئەوەت بوو پێت بڵێن موسڵمانێکی چاکەو خەمخۆرە، واتە بۆ ریات بێت، ئەوا لەم حاڵەتدا کارەکەت خراپەو بە شیرك ئەژمێردرێت و شایانی سزایەکی زۆر قورسیت .

و- ئەگەر بێتوو نیەتی لە ئەنجامدانی ئەم کارە فیسق یان ڕیا بێت، بەلاّم لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەتدا نیەتەکەت گۆڕانکاری بەسەردا هات و بۆ خوا ئەنجامتدا، ئەوا لەم حاڵەتەدا حوکمی کارەکەی و پاداشت و سزا وەرگرتن لێ ی دوو شێوازی هەیە:

یەکەمیان: ئەگەر لەو عیبادەتانە بێت کە کۆتاییەکەی لەسەر سەرەتاکەی بنیات نراوە وەکو نوێژ و رۆژو و حەج و دەستنوێژ ..... هتد ئەوا ئەم گۆڕانکاریە هیچ کار ناکاتە سەر حوکمی کارەکەت کە

خراپەو کە خۆیشت شایانی سزا وەرگرتنیت .

دووەمیان: ئەگەر لەو عیبادەتانە بێت کە کۆتاییەکەی لەسەر سەرەتاکەی بنیات نەنراوە وەکو: قورئان خوێندن و نزا خوێندن و سەدەقە کردن .... هتد ئەوا ئەم گۆڕانکاریە کار ئەکاتە سەر نیەتی بنەڕەتی و پاداشتیشی هەیە تازەی ئەکاتەوە و ئەو کارانەی دوای تازە کردنەوە ئەنجامی ئەدەیت بە چاکە وەسف ئەکرێن و پاداشتیشی هەیە، بۆ نموونە تۆ هەزار دینارت هەیە ئەتەوێت بەسەر(٥)هەژاردا دابەشی بکەیت و نیەتت بۆ خوایە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا لەگەڵ هەژاری یەکەمدا هیچ گۆڕانکاریەکی خراپ بەسەر نیەتەکەتدا نەهات، ئەوا پاداشتت دەست گیر ئەبێت و ئەمە عیبادەتێك بوو و تەواو بوو . کەهاتیتە سەر ئەوەی بیدەی بەهەژاری دووەم نیەتە ڕەسەنەکەت گۆڕانکاری بە سەردا هاتوو شەیتان زەفەری پێت بردو ریات تێدا کرد دوای ئەوەی بینیت کەخەڵکی سەیرت ئەکات، ئەوا ئەم کارەت خراپەو بە شیرك دائەنرێت و شایانی سزایەکی گەورەیت، ئەمەیش عیبادەتێك بوو و تەواو بوو، کە هاتیتە سەر سێیەم هەژار نیەتە بنەڕەتیەکەت (أصل النية) تازە کردەوەو بۆ خوا ئەنجامت دا، هەروەها چوارەم و پێنجەمیش ئەوا حوکمی یەکەم هەژاری ئەبێت .

لێرەدا بۆمان دەرکەت کە سەدەقە یەك عیبادەتێکە بەڵام جیا جیایە واتە(آحاد) ی هەیە و ئەگەر بەشێك لەم سەدەقەیەت پووچەڵ بوو کار ناکاتە سەر بەشەکانی تری هەمان سەدەقە ئەگەر نیەتەکەت تازەکردەوە، بەڵام نوێژ کردن بۆ نموونە لە تەکبیرەی ئیحرامەوە هەتا سڵاو دانەوە یەك عیبادەتێکە، ئەگەر بێت و نوێژەکەت لە سەرەتاوە بۆ خوا بوو دوای ئەوەی رکوعت برد کەوتیتە ڕیاکردنەوە چونکە خەڵکی سەیرتی کرد دوای ئەمە لە کڕنۆش بردن گەڕایتەوە سەر باری یەکەم و نیەتەکەت گۆڕی بۆ خوا رکاتی دووەمت ئەنجامدا ئەوا ئەم تازە کردنەوەیەی نیەتە لێرە دا هیچ دەوری نییە و بە پووچەڵ بوونەوەی بەشێك لەم عیبادەتە هەمووی پووچەڵ ئەبێتەوەو ئەبێت جارێکی تر ئەم عیبادەتە ئەنجام بدات، هەروەها ڕۆژوو حەج و..... هتد بەڵام ئەگەر ختورەیەك (خاطرة) بوو و جێگیر نەبوو لە دڵتدا ئەوا بە ڕیا دانانرێت .

دەیەم: ئەگەر بێتوو نیەتت لە ئەنجامدانی کار خراپەکاری و ریا بێت ئەوا بێ گومان

شایانی سزایت بەڵام ئەگەر مەبەستت دونیا بێت ئەوا لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر ئەگۆڕێت، بۆ نموونە: ئەگەر مەبەستت لە جیهاد کردن دەستکەوت (غنائم) بێت ئەوا لێرەدا نەپاداشت وەرئەگریت و نەسزا لەبەر ئەوەی (غنائم) دەسکەوتی دونیایی لە جیهاد کردندا حەلاڵو شەرعیە سزات نابێت، وە لەبەر ئەوەی بۆ خوای گەورە ئەنجامت نەداوە ئەوا پاداشتیشت نابێت، بەڵام هەمان مەبەست لە دواکەوتنی زانستی شەرعیدا (طلب العلم الشرعي) ئەوا لێرەدا پاداشتت نی‌یە بەڵکو شایانی سزایەکی قورسیت، لەبەر ئەوەی مەبەست لێرەدا ئەبێت بە تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەو بڵاوکردنەوە و سەرخستنی ئایینە پیرۆزەکەی بێت و مەبەستی دونیا لەم کارەدا حەرامەو نەهی لێکراوە، کەواتە مەبەست لە کارێکەوە ئەگۆڕێت بۆ کارێکی تر بە گوێرەی ڕێ پێدانی لە شەرعی پیرۆزدا، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمێت:

(من تعلم علماً مما يبتغى به وجه الله لا يتعلمه إلا ليصيب به عرضاً من الدنيا، لم يجد عَرْفُ الجنة يوم القيامة)[١٢].

يعني: ريحها.

واتە: هەر کەسێك فێری زانستێکی شەرعی بێت کە مەبەست پێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت وئەم فێری نەبێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە مەبەستێکی دونیایی دەست بکەوێت، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆنی بەهەشت ناکات.

**فەرموودەی چەند زانایەکی ناودار دەربارەی نیەت:-**

بۆ خستنە رووی گرنگی نیەت لە ئایندا فەرموودەی چەند زانایەکی ناودار ئەهێنمەوە کە (ابن أبي الدنيا) لە پەرتوکی (الإخلاص والنية) دا هێناویەتیەوە:-

١- (يحى ابن أبي كثير) ئەفەرمێت: فێری نیەت بن چونکە لە کارکردن بەرزترە و زیاتر توانای ئەوێت.

٢- (زبيد اليامي) ئەفەرمێت: من حەز ئەکەم لە هەموو شتێکدا نیەتم هەبێت هەتاوەکو لە خواردن و خواردنەوەیشدا .

٣- (داود الطائي) ئەفەرمێت: سەیری هەموو شتێکی خێرو چاکم کرد لە نیەتی چاکدا کۆدەبێتەوە .

٤- (سفيان الثوري) ئەفەرمێت: هیچ شتێکم چارەسەر نەکردووە لە نیەت گرانتر بێت چونکە زوو زوو لێم ئەگۆڕێت.

٥- بە (نافع بن جبير) یان ووت: نایەی شوێنی ئەم جەنازەیە بکەوێت؟

---

(١٢) (صحيح الترغيب والترهيب: ١٠٥، ومشكاة المصابيح: ٢٢٧، وصحيح ابن ماجة: ٢٥٢).

فەرمووی: لەجێی خۆت بوەستە هەتا وەکو نیەت ئەهێنم (واتا: بەدڵ نیەتەکەی بۆ خوا بێت) تۆزێ بیری کردەوە و ئینجا ووتی: بابڕۆین.

٦- (مطرف بن عبدالله) ئەفەرمێت: چاکی دڵ پەیوەستە بەچاکی کارەوە، چاکی کاریش پەیوەستە بەچاکی نیەتەوە.

٧- لەپێشینەوە ئەگێڕنەوە: کێ پێی خۆش بوو کە کارەکەی بەتەواوی ئەنجام بدات با نیەتی چاك بکات، چونکە خوای گەورە پاداشت ئەدات بەبەندەکەی ئەگەر چاك بێت هەتاوەکو بە پاروو (واتە: ئەو پارووەی لە ڕێی خوا ئەیبەخشیت بە ماڵ و منالّت).

٨- (عبدالله بن مبارك) ئەفەرمێت: لەوانەیە کارێکی بچوك نیەت گەورەی بکاتەوە وکارێکی گەورەیش نیەت بچووکی بکاتەوە .

٩- (ابن عجلان) ئەفەرمێت: هیچ کارێك چاك نابێت هەتاوەکو سێ شتی تێدا نەبێت: لە خوا ترسی و نیەت چاکی و لەسەر سوننەت بێت.

١٠- (فضيل بن عياض) ئەفەرمێت: خوای گەورە نیەت و ویستتی ئەوێت.

**ڕاڤەی فەرموودەکە:**

إنما الأعمال بالنيات: لەلایەن زانایانەوە بەدوو شێوە ڕاڤە کراوە:

**یەکەمیان:** لەلای زانایانی دواین (المتأخرين): ئەگێڕنەوە کە ئەفەرمن: مەبەست بە تایبەتی کارە شەرعیەکانە بەبێ (مباح)ەکان کەنیەت وای لێ ئەکات کارەکەی چاك بێت یان خراپ، وەرگیراو بێت یان ڕەت کراوە بێت.

**دوومیان:** لەلای زانایانی پێشین (جمهور المتقدمين)ە وە ئەگێڕنەوە کە (أعمال) لێرەدا هەموو کارێك بەگشتی ئەگرێتەوە هەتا وەکو (مباح)ە کانیش و هیچ کارێك تایبەتمەندێتی نییە لەم فەرموودەیەدا، چونکە هەموو کارێك پێویستی بەنیەتە ئیتر شەرعی بێت یان نا.

بالنيات: (ب) (بالنيات) دوو بۆچوون هەیە لەمەبەست لەم پیتە:

**یەکەمیان:** ئەڵێت: (البا: للمصاحبة) واتە: نیەت لەسەرەتاوە لەگەڵ کارەکەدایە هەتا کۆتایی و هەر بەنیەت کارەکان هەڵئەسەنگێنرێت و حوکم ئەدرێت بەسەریاندا کە چاکە یان خراپ، ڕەت کراوەتەوە یان وەرگیراوە، وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمێت:

**(إنما الأعمال بالخواتيم)**[١٣].

واتە: چاکی و خراپی کارو پەسەند کردن و نەکردنی بەگوێرەی کۆتایی کارەکانە،

---

(١٣) (مشكاة المصابيح: ٨٣، وظلال الجنة: ٢١٦).

**کەواتە: نیەت مەرجە (شرط)ە بۆ وەرگرتنی کار.**

**دووەمیان: ئەڵێن:** (الباء: للسببية) **واتە: کارەکان بەنیەت پەیدا دەبن و هۆکاری دروست بوونیانە کەواتە: نیەت ڕوکنە.**

**تێبینی: لێرەدا مەبەست لە کارەکان ئەو کارانەیە کە بڕواداران ئەنجامی ئەدەن نەك کافران، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کافرەکان بەرپرسن بەرامبەر هەموو فەرمانەکانی خوای گەورەو سزایش ئەدرێن لەبەر ئەنجام نەدانی ئەم کارانەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردوە لە شەرعدا، وە ئەگەر چەند کارێکیش ئەنجام بدەن ئەوا لێیان وەرناگیرێت لە کاتێکدا کە بەردەوام بن لەسەر کوفر، چونکە هەموو کارە چاکەکانی کافر یان بۆ دونیایە، یان بۆ خوا و هاوبەشێکیشی بۆ بڕیار ئەدەن ئەم کوفر کردنەیش هەموو کارەکانیان هەڵئەوەشێنێتەوە و پووچەڵی ئەکاتەوە، وەکو چۆن خوای گەورە لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەی پێ کردووە بۆ نموونە ئەفەرمێت:**

**﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾** [الزمر: ٦٥] .

**واتە: بە جەخت لەسەر کراویەوە سروش بۆ تۆ و پێغەمبەرانی پێش تۆیش نێرراوە کە ئەگەر هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدەیت ئەوا کردەوە چاکەکانت بەتاڵ دەبێتەوە و دەبیت بە کەسێکی زەرەرمەند.**

وإنما لكل امرئ ما نوى: **هەندێك لە زانایان فەرموویانە ئەم ڕستەیە** (تأكيد) **کردنەوەیە بۆ ڕستەی یەکەم** (إنما الأعمال بالنيات)، **بەڵام ئەگەر بەووردی تێی بڕوانین دەرئەکەوێت کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، مەبەست لە ڕستەی یەکەم ئەوەیە کە نیەت بناغەی دروست بوونی هەموو کارێکە وهیچ کارێکیش بەبێ نیەت دروست نابێت و هەر بەو نیەتەیش کارەکەت هەڵئەسەنگێنرێت چاکە یان خراپ، بەڵام ڕستەی دووەم** (وإنما لكل امرئ ما نوى) **مەبەست ئەوەیە کە بەنیەتە چاکەکەت پاداشت وەرئەگریت و بە نیەتە خراپەکەیش سزا .**

**واتە: ئەم ڕستەیە باس لە پاداشت و سزای بکەر** (عامل) **ئەکات لە کارەکەی .**

فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى الله ورسوله: **پێغەمبەر ﷺ نموونەیەکی جوانی بۆمان هێناوەتەوە کە فەرموودەکەی پێ ڕوون کردووتەوە وەکو بڵێتیش (ئیتر هەموو کارەکانی تر لەسەر ئەم نموونەیە قیاس بکەن )**

بنەڕەتی (أصل) هجرەت: هیجرەت لەووڵاتی هاوبەش پەیداکەر بۆ خوا (بلد الشرك) بۆ ووڵاتی موسڵمانان، وەکو چۆن موهاجیرەکان لە پێش ڕزگارکردنی شاری مەککە هیجرەتیان ئەکرد بۆ مەدینە . لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پێمانی ڕاگەیاندوە کە ئەم هیجرەتە جیاوازە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بە گوێرەی نیەتەکەی، ئەو کەسەی ئەو هیجرەتەی لەبەر خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووەو ئامانجی فێربوونی ئایینی ئیسلامە و بۆ ئەوەی بە ئاشکرا خوا پەرستی بکات چونکە لە ووڵاتی کوفر نەیتوانیوە بیکات، ئەوا ئەمەیە موهاجیر بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، واتە: پاداشتی هیجرەتەکەی وەرئەگرێت وە لە بەر بەرزی و چاکی نیەتەکەی و کارەکەی ئەم فەرموودەیەدا بە ڕوونی دووبارە باسی هیجرەتەکەی کردووەتەوە ئەفەرمێت: (فهجرته الى الله ورسوله) ومن كانت هجرته لدنيا يصيبها أو امرأة يتزوجها، فهجرته الى ما هاجر اليه:

وە ئەوکەسەی کە نیەتی لە هیجرەتەکەی دا بۆ بازرگانی و دەستکەوت یان بۆ ئەوەی ئافرەتێکی موسڵمان بخوازێت و کە زۆر عەودالێتی ئەم ئافرەتەش ڕازی نەبووە لەگەڵیدا لە ووڵاتی کوفر بژێت و لەبەر ئەمە هیجرەتی کردوە ئەوا پاداشتی نیە لای خوای گەورە، چونکە نیەتی بۆ خوا نەبووە وەکو موهاجری یەکەم، وە لێرەدا لەبەر نزمی و خراپی نیەتەکان پێغەمبەر ﷺ باسی هیجرەتی دووبارە نەکردووە ئەوە بەڵکو بەشێوەکی نادیار باسی کردووە فەرموویەتی: (فهجرته الى ما هاجر إليه) واتە: بۆچی هیجرەتی کردووە ئەوا هیجرەتەکەی بۆ ئەوەیە .

تێبینی:- چەند ڕیوایەتێك هەیە لەسەر کەسێك کە هیجرەتی کردووە لەبەر ئافرەتێك بەناوی (أم قيس)ەوە بۆ ئەوەی بیخوازێت و دوای خواستنی پێیان ووتووە (مهاجر أم قيس) و پێغەمبەر ﷺ ئەم فەرموودەیی لەبەر ئەم کابرایە فەرمووە . بەڵام لە ڕاستیدا تەنها یەك ڕێگایەك نیە کە ڕاست و دروست بێت و پەسەند کراو بێت لەلای زایانەوە و هیچ (أصل)ێکی نیەو ئەم ریوایەتە ڕەت ئەکرێتەوە و پێغەمبەری خوایش ﷺ ئەم فەرمودەیەی ووتووە بۆ ڕوون کردنەوەی زانستی شەرعی نەك لەبەر ئەم ڕووداوە .

**تێبینیەکی تر:**

وەرگرتنو پەسندکردنی کاری شەرعی لە لای خوای گەورە ئەبێت دوو مەرجی تیادا بێت کەئەویش (الصواب والإخلاص)ە .

واتە: یەکەم: ئەبێت پەیڕەو کردنی فەرمانێکی خوای گەورە یان پێغەمبەر ﷺ بێت کە بیکەی بە بەڵگە بۆ ئەنجامدانی کارە شەرعیەکە .

دووەم: ئەبێت ئەم کارەیشت بە تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەیت و مەبەستت ڕەزامەندی ئەو بێت، ئەوەی لەم فەرموودەیەدا بە ئاشکرا باسکراوە دووەم مەرجیانە (الإخلاص) کە پەیوەستە بەناخی دڵەوە کە خوای گەورە نەبێت کەسی تر نازانێت مەبەستی بکەر چیە لەکارەکەی .

ئەوەی زۆر سەیرە بەلامەوە کە بیدعەچیەکان و فاسیقەکانە هەر کارێك ئەنجام بدەن کە بیدعە بێت یان خراپ و دوور لە شەرع بێت و موسڵمانێك ئاگاداری بکاتەوە لەم کارە خراپەی، ئەم فەرموودەیە ئەکاتە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بەکارە خراپەکەی و ئەڵێت:

(إنما الأعمال بالنيات) من نیەتم وا نیە بەڵکو نیەتم وایە و وایە .

لێرەدا بەپێویستم زانی کە ئەم ڕوونکردنەوەیە بهێنمە پێش چاوی موسڵمانان بۆ ئەوەی بەرپەچی ئەم جۆرە کەسانە بدەنەوەو تێیان بگەیەنن کە تێگەیشتنیان بۆ ئەم فەرمودەیە هەڵەیە ولێرەدا وەکو لەپێشتر باسمان کرد، باسی نیەتە لە ئەنجامدانی کار ئەگەر بۆ خوات بێت ئەوا مەرجێکت تەواوە و ئەگەر مەرجەکەی تریشت تەواو بێت کە(صواب) ە ئەوا کارەکەت پەسەند کراوە و پاداشتت ئەبێت .

مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوە نیە کە هەر کارێکی بیدعەو ناشەرعیت کرد بە نیەتی چاك وەرئەگیرێت، بەڵکو بە نیەتی چاك ئەو کاران وەرئەگیرێت کە شەرعیە، واتە: مەرجەکەی تریشی تێدا بێت وبنیات نرا بێت لەسەر بەڵگەو فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمیش بەشێوەیەکی نادیار لەم فەرموودەیەدا هاتووە، بەلاَم بەروون و ئاشکرا لەم فەرموودەیە هاتووە کە (عائیشە) (ڕەزای خوای لێ بێت) بۆمانی ئەگێڕێتەوە کە هەردوو ئیمامی بخاری و مسلم ئەیگرێنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

(من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد)[١٤].

واتە: هەر کەسێك کارێك بکات و فەرمانی ئیمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەتکراوەیەو وەرناگیرێت .

---

(١٤) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٤٩، وصحيح الجامع الصغير: ٦٣٩٨، وإرواء الغليل: ٨٨، و٢٧٦).

کەواتە فەرموودەی (إنما الأعمال) تەرازووی ناخی موسڵمانە کە چاکی وخراپی کارەکەی هەڵئەسەنگێنێت لەگەڵ ئەوەیشدا کە شەرعی‌یەو فەرموودەی (من عمل عملا) تەرازووی (ظاهر)ی کارە دیارەکانن (واتە: لایەنە دیارەکەی) کە شەرعین و بەڵگەدارن یان نا . وە لە رێك کەوتنی کاری شەرعی و نیەتی چاك بێگومان کارەکە پەسەند ئەکرێت و پاداشتیش وەرئەگیرێت، بەڵام لە دواکەوتنی یەکێك لەم مەرجانە کارەکە پەسەند ناکرێت و رەت ئەکرێتەوە و لە زۆر شێوازیشدا شایانی سزا ئەبێت، هەر لەبەر ئەمیشە کە زۆربەی زانایان فەرموویانە (ئەم دوو فەرموودەیە هەموو ئایینی تێدا کۆ بووەتەوە).

**کۆتایی** _ الخاتمة _

دوای ئەوەی کە بەووردی لەمانای ئەم فەرموودە مەزنە گەیشتین و گرنگی نیەتمان بۆ دەرکەوت پێویستە ئاگاداری نەخۆشیەکی کوشندە بین کە ئەویش دڵە راوکێ‌یە (الوسواس) لەکاتی نیەت هێناندا.

چونکە لەوانەیە هەندێ کەس لە ووردەکاریدا شەیتان زەفەری پێ بەرێت و ریسەکەی لێ بکاتەوە بەخوری، بۆ ئەوەی ئەم دەردەمان لە کۆڵ بێتەوە ئەبێت یەکەم شت پەنا بگرین بە خوای گەورەو دووەمیش بەم شێوەیەی کەباسمان کرد واتە بە زانستەوە مامەڵە لەگەڵ نیەتدا بکەین و لەمە زیاتر نەچینە قوڵایی‌یەوەو زێدەڕەوی تێدا بکەین، چونکە شەیتان لەم خاڵەدا زەفەرت پێ ئەبات و لە خشتەت ئەبات، وە ئەبێت هەڵسوکەتمان لەگەڵ نیەت وەکو هەڵسەکەوتمان بێت لەگەڵ قەدەر ئەویش بەفێر بوونی ئەوەندەی کە پێویستە لەسەرمان و ئاینەکەمان فەرمانی پێمان کردووەو دوور کەوینەوە لە زێدەڕەوی .

سبحان ربك رب العزة عما يصفون و سلام على المرسلين والحمد لله رب العلمين.

**سەرچاوەکان:**

١- الفتح الباري بشرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني.
٢- شرح صحيح الإمام مسلم للإمام النووي .
٣- شرح رياض الصالحين من كلام سيد المرسلين للإمام النووي، شرحه وأملاه الشيخ محمد بن صالح العثيمين.
٤- جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثاً من جوامع الكلم للابن رجب الحنبلي.

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

# دەست پێشخەری و پێش بڕکێ لە کاری چاکەدا

**بەشی یەکەم**

**م/ جمعه علی خورشید**

پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی

ئیمامی شافیعی لە کەرکوك

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلـــه وصـــحبه أجمعين ومن تبعهم بإحـــسان الى يـــوم الدين، وبعد:

پەروەردگارمان مرۆڤی لەسەر ئەوە ڕاهێناوە کە بەردەوام حەز ئەکات (مونافەسە) و پێشبڕکی بکات لەگەڵ کەسانی تردا، هەر کەس بە گوێرەی مەیلو ئارەزووەکانی، بۆ نمونە: لە نێوان وەرزشکاراندا ئەو پەڕی کۆشش کردنی تێدایە، ماڵو سامانی زۆری بۆ خەرج ئەکرێ، هەروەها لە نێوان جوتیاران و پیشەوەراندا هەر بەردەوامە، وە شانشانکێ لە نێوان بازرگانەکانیش هەر ڕوونو ئاشکرایە .

وە قازانجو سودی ئەم هەموو پیشەو کارانە تەنها بۆ بەرژەوەندی‌یەکانی دونیایە، ئەی ئیمانداران و ئەهلی تەقوا! ئایا هیچ بوارو مەیدانیان نی‌یە پێش بڕکێی تێدا بکەن؟ .

یان لەم بوارەدا کەم تەرخەمی هەیە؟ ئایا هۆیەکانی چین؟ وە هاندەر بۆ پێشبڕکێ بۆ چاکەکاری چی‌یە؟ بوارەکانی چین؟ وە ئایا پەروەردگارمان چ پاداشتی داناوە لە سەری بۆ دوارۆژ؟ وە بەرەکەتەکەی چی‌یە لە ژیانی دونیادا؟.

بە پشتیوانی خوای گەورە لەم بابەتەمان لەم تەوەرانە ئەدوێین؟

کاتێ جەخت ئەکەین لەسەر ئەم مونافەسەیە و هانی موسڵمانانی بۆ ئەدەین کە کۆششی بۆ بکەن و شوێنەوارەکانی ئاشکرا ئەکەین، مانای ئەوە نی‌یە کە مونافەسە لە بوارە دونیایی‌یەکان قەدەغەیەو نابێت، بەڵکو مونافەسە بۆ هەموو هەر پێویستە، چونکە ئەگەر ژێر بار بکرێ بۆ خزمەتی مرۆڤ و تێدا کاری پێچەوانەی شەرع

نەبێت، وە لە چاکەکاری دا بەکاربێت ئەوە سەرکەوتن و سەرفرازی دونیاو قیامەتی تێدایە .

**فەزڵ و گەورەیی دەستپێشخەری بۆ چاکەکاری و هاندان بۆی:**

خەڵکان لە ڕووکردنە خواو هەنگاو هەڵنانیان بۆ ئیمان و عەمەلی صالح سێ جۆرن:

**جۆری یەکەم:** ستەمی لە خۆی کردوە ( ظالم لنفسه).

**جۆری دووەم:** چاکەکار (مقتصد).

**جۆری سێیەم:** دەست پێشخەر بۆ چاکەکاری (سابق بالخيرات).

گومان لەوەدا نییە چاکترینیان جۆری سێ یەمە، پەروەردگارمان فەرمویەتی: ﴿ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ وَمِنْهُمْ مُقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ﴾ [فاطر: ٣٢] .

پەلەکردن و پێشبڕکێ بۆ چاکەکاری شتێکی زیاترە لە ئەنجامدانی، شێخ عبدالرحمن سەعدی لە ڕاڤە کردنی فەرمودەی پەروەردگار: ﴿فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ﴾ [البقرة: ١٤٨] فەرمویەتی: (فەرمانی پەروەردگار بە پێش برکێ بۆ چاکەکاری شتێکی زیاترە لە فەرمان کردن بەکردنی چاکە، چونکە پێشبڕکی کردن بۆی ئەنجامدانێتی و تەواوکردنی و جێبەجێکردنێتی بەکامل ترین شێوە و دەسپێشخەرییە بۆی .

وە هەرکەسێ لە دونیادا پێش بکەوێ بۆ چاکەکاری لە دوا ڕۆژدا پێش ئەکەوێ بۆ بەهەشت، وە بەرزترین پلەی هەیە)(١) .

چاکەکاری فەرزەکان و سوننەتەکان ئەگرێتەوە، ئەگەر سودو قازانجی هەر بۆ خۆی بوو یان بۆ کەسانی تریش .

خوای گەورە هانی بەندەکانی دەدات لە قورئانی پیرۆزدا بۆ دەستپێشخەری بۆ چاکە و تەمبەڵی نەکردن لە جێبەجێ کردنی مافەکانی خواوپێغەمبەرەکەیﷺ، بە گەیاندنی مافەکانی پەروەردگارو مافەکانی بەندەکانی خوای گەورە .

خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾[آل عمران: ١٣٢-١٣٤].

واتە: گوێڕایەڵی خوا وپێغەمبەرﷺ بکەن بەڵکو خوای گەورە ڕەحمتان پێ بکات، وە پەلە بکەن بۆ لێخۆشبوونی خوای

---

(١) (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان).

گەورە و بەهەشتێك کەفراوانی و پانتاییەکەی وەکو فراوانی وپانی ئاسمان و زەویە کە ئامادە کراوە بۆ خۆپارێزان لە تاوان وخواپەرستان، ئەوانەی کە ماڵیان دەبەخشن لە بوون ونەبووندا لە هەژاری ودەوڵەمەندیدا، وە ئەوانەی کە ڕق وکینەی خۆیان دەخۆنەوە ودەری نابڕن، ولە خەڵکی خۆش دەبن، وە خوای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت.

هەروەها فەرمویەتی:

﴿سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ﴾ [الحديد: ٢١] .

شێخ عبدالرحمن سەعدی لە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتە ئەفەرمێت: (لە پاشان پەروەردگارمان فەرمانی کردووە بە پێش برکێ بۆ لێخۆشبوونی پەروەدگار و ڕەزامەندی ئەو و بەهەشتەکەی، ئەویش بەکۆشش کردن بۆ هۆیەکانی لێخۆش بوون دەست ئەکەوێ لە: تەوبە کردن و ئیستغفار کردن و دوورکەوتنەوە لە تاوان و شوێنەوارەکانی دەست پێش خەری بۆ ڕەزامەندی پەروەردگار و چاکەکاری و سووربوون لەسەر ئەو کارانەی کە ئەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە بەبەردەوامی وەك: بەچاکە عیبادەت کردنی خالق و چاکە کردن لەگەڵ مەخلوق بەهەموو شێوەکانی سوود گەیاندن پێیان، بۆیە پەروەردگار ئەو کارانەی باسکردووە کە ئەبێتە هۆی بەدەست هێنانی بەهەشتێك کەفراوانی و پانتاییەکەی وەکو فراوانی وپانی ئاسمان و زەویە وەئیمان بە الله و پێغەمبەرەکانی هەموو بنچینەکانی ئایین و لقەکانی ئەگرێتەوە)(٢) .

هەروەها پێغەمبەرﷺ هانی داوە لەسەر پێش برکێ بۆ چاکە کاری، وەئاگاداری کردوین لەوەی کە شەیتان نەوەکانی ئادەم بخەڵەتێنێ بەوەی کە چاکە ئەکەن لەدوای ئەوەی تەمەنیان ئەگات بەچل یان پەنجا ساڵ ... ئەوکاتە پیر ئەبن .

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:

(إغتنم خمساً قبل خمس: شبابك قبل هرمك، و صحتك قبل سقمك، وغناك قبل فقرك، و فراغك قبل شغلك، و حياتك قبل موتك)(٣).

واتە: پێنج شت بقۆزەرەوە وسودیان لێ وەربگرە پێش پێنج شتی تر: گەنجێتیت پێش پیر بوونت، و لەش ساغیت پێش

(٢) (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان).

(٣) (رواه الحاكم في المستدرك، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٠٧٧، وصحيح الترغيب والترهيب: ٣٣٥٥).

نەخۆش بوونت، وە دەوڵەمەندیت پێش هەژاریت، وە دەست بەتاڵیت پێش سەرقاڵیت، وە ژیانت پێش مردنت.

وە فەرموویەتی:

(نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس: الصحة والفراغ)[٤].

واتە: دوو بەخشش هەن زۆربەی خەڵکی تێیدا کەمتەرخەمن وسودی لێ وەرناگرن، ئەوانیش: لەش ساغی ودەست بەتاڵین.

لە ئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:

(بادروا بالأعمال فتنا كقطع الليل المظلم، يصبح الرجل مؤمنا ويمسي كافرا أو يمسي مؤمنا و يصبح كافرا يبيع دينه بعرض من الدنيا)[٥].

واتە: دەستپێشخەری بکەن بە کاری چاکە پێش ئەوەی فیتنەیەك بێت وەك پارچە شەوێکی تاریك، پیاو بەیانی موسڵمانەو ئێوارە کافرە، یان ئێوارە موسڵمانەو بەیانی کافرە، دینەکەی دەفرۆشێت بە قازانجێکی دونیایی.

ئیمامی ئیبن ڕەجەب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەشەرحی فەرموودەی: (إذا أمرتكم بأمر فاتوا منه ما استطعتم وإذا نهيتكم عن شيء فدعوه)[٦] ئەفەرمێت: (ئەوەی فەرزی عەینە لەسەر موسڵمان بایەخی پێبدات لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ئەوەی کە لە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەوە هاتووە صلى الله عليه وسلم لەپاشان هەوڵ بدات لێی تێبگات و وردبێتەوە لەماناکانی، لەپاشان باوەڕی لەسەر دابمەزرێنێت، ئەگەر لەباسە زانستی‌یەکان بوو، وە ئەگەر لەباسە عەملی‌یەکان بوو توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەنجامدانی ئەو فەرمانانەی کە لەتوانایەتی، هەروەها خۆ دورخستنەوە لەوەی نەهی لێکراوە، ئەو کاتە هیمەتی تەرخان بکات بۆ ئەو شتانە، نەك بۆ شتی تر)[٧].

ئەبو زەکەریای تەمیمی ئەڵێت: (لەکاتێکدا سولەیمانی کوڕی عبدالملك لە (مسجد الحرام) بوو بەردێکی لەسەر نوسراویان بۆ هێنا، داوای کرد بۆی بخوێننەوە تێیدا نووسرا بوو: ئەی ئادەمیزاد! ئەگەر بزانی مردنت چەند نزیکە ئەوەندە هیواو ئومێدت درێژ نەئەبوو، وە هەوڵت ئەدا بۆ ئەوەی زیاتر کردەوە بکەیت، وە دەستت هەڵئەگرت لە فڕوفێڵ لەبەر دونیا، لەکاتێکدا پەنجەی

---

(٤) (رواه البخاري: ٦٤١٢).

(٥) (رواه مسلم: ١١٨).

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ٣٤٣٠).

(٧) (جامع العلوم والحكم).

پەشیمانی ئەگەزی کە ڕووبەڕووی مردن ئەبیتەوە، کەس و کارت تەسلیمت ئەکەن، ماڵ و منالّت جیا ئەبنەوە، نەبۆ دونیا ئەگەڕێیتەوە، نەچاکە کاریەکانت زیاد ئەکات، دەی کار بکە بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژی حەسرەت و پەشیمانی)[(٨)].

هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئوممەتی ئاگادار کردووە لەوەی کە تووشی بەلاّی مونافەسە و پێشبڕکێ بن لەماڵ و خەیراتی دونیا، فەرموویەتی:

(**أخوف ما أخاف عليكم ما يخرج الله لكم من زهرة الدنيا**) قالوا: وما زهرة الدنيا يا رسول الله؟ قال: (**بركات الأرض**)، قالوا: يارسول الله، وهل يأتي الخير بالشر؟ قال: (**لا يأتي الخير إلا بالخير، لا يأتي الخير إلا بالخير، لايأتي الخير إلا بالخير، إن كل ما أنبت الربيع يقتل أو يلم إلا تأكله الخضر فإنها تأكل حتى إذا امتدت خاصرتاها استقبلت الشمس ثم اجترت و بالت و ثلطت ثم عادت فأكلت، إن هذا المال خضرة حلوة، فمن أخذه بحقه ووضعه في حقه فنعم المعونة هو، ومن أخذه بغير حقه كان كالذي يأكل و لايشبع**)[(٩)] .

واتە: ترسناکترین شت کە لێی دەترسم کە توشی بن ئەوەیە کە پەروەردگار بۆتان دەربهێنێ لە گوڵی دونیا، ووتیان: گوڵی دونیا چیە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی:پیت وبەرەکەتی زەوی، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا خەیر شەڕ وخراپە دێنێت؟! فەرمووی: خەیر تەنها خەیر دێنێت، خەیر تەنها خەیر دێنێت، خەیر تەنها خەیر دێنێت، هەموو ئەوەی کەوا بەهار شینی دەکات ئەکوژێت یان هیلاکی دەکات تەنها ئەو ئاژەلاّنە نەبێت کە سەوزە دەخۆن، چونکە ئەوان ئەخۆن تاوەکو کەلاکەکەیان پڕ دەبێت ڕوو دەکەنە خۆر، لەپاشان پاشاڕۆ ئەکەن وسکی خۆیان بەتاڵ دەکەن، دوایی دەگەڕێنەوە دووبارە دەخۆن، ئەم ماڵە شیرینە وسەوزە، هەرکەس بە حەقی دەستی بکەوێت ولە جێی خۆی دایبنێ ئەو ماڵە چاکترین هاوکارە، وەهەرکەسێك بە حەقی خۆی دەستی نەکەوێت، ئەوە وەك ئەو کەسە وایە کە بەردەوام بخوات وتێر نەبێت.

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان پێش بڕکێ بکات لەکاری دوا ڕۆژدا کە نزیکی بکاتەوە لە پەروەردگاری، وە پێش بڕکێ لەکاری دونیا ڕاینەکێشێت بۆ

---

(٨) (مختصر منهاج القاصدين: ٤١٣).

(٩) (رواه مسلم في الزكاة، باب تخويف ما يخرج من زهرة الدنيا: ١٠٥٢).

ئەوەی کە حەلاڵ و حەرام لەیەك جیانەکاتەوە .

**شوێنەواری مونافەسەکردن:**

ئەو کەسەی ڕێگەی پێشبڕکێ بگرێتە بەر لەهەموو کردەوەکانیدا شوێنەواری مەزن و گەورەی دەست ئەکەوێت وەك:

**یەکەم: دڵنیابوون و ئارامی دڵ لەدونیا و قیامەتدا:**

﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [النحل: ٩٧] .

واتە: هەرکەسێك کردەوەی چاك بکات لە پیاو وئافرەت بەو مەرجەی باوەڕدار بێت ئەوا دەیژێنین ژیانێکی باش وچاك، وە پاداشتیان دەدەینەوە بە باشتر لە کردەوەکانی خۆیان.

**دووەم: زیاد بوونی چاکە،** هەموو کردەوەیەك و بەرهەمەکەی زیاد ئەکات، هەروەها چاکتر و وردتر و پتەوتر و بەهێز تر ئەبێت بە مونافەسە و پێشبڕکێ.

**سێیەم: گەیشتن بە پلەی بەرز،** چونکە هەر کەس بیەوێ بگات بەپلەی بەرز ئەبێت شەونخونی بکات، وەئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی هەوڵدان و کۆشش کردنە، هەروەها ئەوانەی بچنە ناو مەیدانی پێشبڕکێ وە لەچاکەکاری دا سەرکەوتوو ئەبێت و پلەی بەرز وەدەست ئەهێنێت .

**چوارەم: سڕینەوەی تاوانەکان،** أبو ذر فەرمووی: پێغەمبەرﷺ پێی فەرمووم: (اتق الله حيثما كنت، وأتبع السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق حسن)[١٠] .

واتە: لە خوای گەورە بترسە وخۆت بپارێزە لە تاوان، وە لەپاش هەموو خراپەیەك چاکە بکە دەیسڕێتەوە، وە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا بکە بە ڕەوشتێکی جوان.

**پێنجەم: لەش ساغی،** چونکە بەندە هەر چەند خەریکی مونافەسە بێت زۆرتر ئەجولێتەوە زۆرتر بیر ئەکاتەوە بۆ دونیا و قیامەت، هەر کەس ئاوەها بێت نەخۆش لێی نزیك نابێتەوە إلا ماشاء الله، وە ماڵی نەخۆشی تەمبەڵی و سستی‌یە .

**مانگی ڕەمەزان مەیدانی پێشبڕکێی چاکانە:**

مانگی ڕەمەزان مانگی پڕ بەرەکەت و خەیراتە، نەفسی ئیماندار پێشوازی ئەم مانگە ئەکات بەو پەڕی خۆشی و دڵفراوانی‌یەوە، چونکە ڕۆژ و شەو نوێژو ئیستغفار و عیبادات و تاعاتی تێدایە،

(١٠) (رواه الترمذي: ١٩٨٧، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٩٧).

پێویستە لەسەر موسڵمان زیاتر هەوڵ بدات لەم مانگەدا بۆ ئەوەی موونافەسەی چاکانی پێبکات، ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ فەرمووی: لەسەرەتایی ڕەمەزاندا پێغەمبەرﷺ فەرمووی:

(إن هذا الشهر قد حضركم وفيه ليلة خير من ألف شهر، من حُرِمَها فقد حُرِمَ الخير كله، ولا يحرم خيرها إلا محروم)[١١].

واتە: ئەم مانگە وا هات وپێتان گەیشت، وە شەوێکی تێدایە کە پەرستن تێیدا خێرتر وچاکترە لە پەرستنی هەزارساڵ، هەرکەسێك لێی بێبەش بێت ئەوا لە هەموو خێرێك بێبەش بووە، ......

مانگی دابەزینی قورئان، جێی خۆیەتی کە بەندەی موسڵمان لەدەستی خۆی نەدا بۆ ئەوەی لەنامەی کردەوە چاکەکانیدا زیاتر چاکە ببینێت، وە خۆی لەو شتانە بپارێزێت کە کار لە ڕۆژوو و شەو نوێژەکەی بکات .

لێرەدا ئێمە باسی موونافەسە ئەکەین لەکاری خەیر، بۆیە وێنەیەکی واقعی لەمانگی ڕەمەزان دەرئەخەین، چونکە گەورەترین مەوسمە و فراوانترین مەیدانە بۆ پێشبڕکێ،

ئایا ئەو کارو کردەوانە چین کە موونافەسەی لەسەر ئەکرێ لەم مانگەدا؟

هەندێ لەو کارانە باس ئەکەم کە بواری موونافەسە و پێشبڕکێیە، بۆ نموونە:

*دەست پێشخەری بۆ تەوبە و داوای لێ خۆشبوون لە پەروەردگار، دوای دەست هەڵگرتن لە هەموو تاوانەکان گەورە بێت یان بچووك، بەردەوام بوون لەسەر ئیستغفار بەشەو ڕۆژ و بەنهێنی و ئاشکرا.

*تازەکردنەوەی تێڕوانین بۆ فەرزەکان کە پەروەردگار فەرزی کردوون لەسەر بەندەکانی، وە پەیمان بەستن لەسەر بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدان و جێ بەجێ کردنی فەرزەکان .

*سوور بوون لەسەر نوێژە فەرزەکان بەجەماعەت لە مزگەوت، وە هەوڵدان بۆ ئەوەی بگەیت بە (الله أكبر) ی یەکەم و ڕیزی یەکەمی نوێژ، وزوو ڕۆیشتن بۆ مزگەوت، چونکە نوێژ پایەکی تایبەتی هەیە کە شاراوە نییە لە موسڵمان .

*سوور بوون لەسەر ڕۆژ و گرتن بەهەموو ئەرك و ئاداب و سوننەتەکانییەوە لەوانە:

أ- هەست کردن بەگرنگێتی ڕۆژوو ئامانجەکەی کە ئەتگەیەنێت بەپلەی تەقوا .

---

(١١) (رواه ابن ماجة: ١٦٤٤، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٢٢٤٧).

ب- ڕێکخستنی کاتەکانی بەربانگ کردن و پاششێوکردن و شوێن کەوتنی سوننەت تێیدا .

ت- خۆپاراستن لەکارە حەرامەکان وەك: غەیبەت و دوزمانی و درۆکردن .

ث- پاراستنی ئەندامەکانی لەش لەتاوان کە مرۆڤ بە هیلاك ئەبات .

*زۆر خوێندنی قورئان، بەوەی هەموو ڕۆژێك بڕێکی دیاری کراوت هەبێت بۆ خوێندنەوەو لەبەر کردن .

*هەموو ڕۆژێك کاتێکی تێدا دیاری بکەیت بۆ شارەزا بوون لە قورئان و شەریعەت .

*سووربوون لەسەر نوێژی تەراویح بەجەماعەت، مزگەوت بەجێ نەهێڵیت تا دوای ئەوەی کە ئیمام لێ ئەبێتەوە .

*بەشداری کردن لەبەربانگ کردنەوەی ڕۆژوانەکان هەموو ڕۆژی بەگوێرەی توانا، هەرچەندە زیاتر بێت ئەجرو پاداشت زۆرتر ئەبێت .

*چاودێری کردنی ماڵ و منداڵ وخێزان بۆ ئەوەی ئەم مانگە بە فیڕۆ نەدەن لە ئەنجامدا پاداشتی خۆیان دەست ئەکەوێ بەرنامەیان بۆ داڕێژی چۆن سوود وەرگرن لەم مانگە، هەر وەك چۆن بۆ خۆت ئەبێت بەرنامەت داڕشتبێت .

*دەستپێشخەری بۆ لێبوردنو چاکەکاری بەرامبەر خزمان و دراوسێ و برادەران و هەموو موسڵمانان، وە ژیانێکی تازەیان لەگەڵ دەست پێ بکات لەسەر بناغەی خزمایەتی و بەزەییو خۆشەویستی، کەمترینی: دوعا بۆ کردنیان وپەیوەندی کردن لەگەڵیان بە تەلەفۆن .

*بەرنامەیەك لەگەڵ دایك و باوکی دانێت بۆ ئەوەی زیاتر مافەکانیان بپارێزێت، بە سەردانی کردنیان و دیاری بۆ بردنیان و دوعاکردن وجێبەجێ کردنی پێویستی یەکانیان، ئەویش هەموو ڕۆژێ .

*مانگی ڕەمەزان مانگی تێکۆشان و مانگی سەرکەوتنە، غەزای بەدرو فەتحی مەککەی تێیدا ڕوویداوە، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان لەو مانگە پڕ پیتە هەستێت بە هەر کارێك کە بتوانێت دینی خوا سەر بخات، وەك فەرمان بە چاکەو قەدەغە کردنی خراپە و ئامۆژگاری و بەخشینی کتێب و کاسێتی بەسود، وهەر شتێکی تر کە ببێتە هۆی هۆشیار کردنەوەی زیاتری موسڵمانان .

*ئەگەر بتوانی عومرە بکەیت لە مانگی ڕەمەزاندا، چونکە ئەجرو پاداشتی حەجێکی هەیە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ .

*دڵی هەژاران بدەیتەوە و یارمەتیان بدەیت بە ماڵ و خواردن و جل و پۆشاك، وە هاوکاری بکەیت بە گەیاندنی قازانج بە خەڵکی .

*سوور بێت لە گەڕان بەدوای شەوی قەدرا لە دە شەوی کۆتایی مانگ، زیندوی بکەیتەوە بە نوێژو قورئان خوێندن زیکرو دوعاو پاڕانەوە .

*پەیوەندییەکانت کەم بکەرەوە بۆ ئەوەی کاتی خۆت بە فیڕۆ نەدەیت .

*زۆر دوعا بکەیت بۆ خۆت و دایك و باوك و خێزان و خزمان وموسڵمانان بە تێکرایی، بە تایبەت لە کاتی ڕۆژوو شکاندن و کاتی پاششێو و لە نێوان بانگ و قامەت و لەناو نوێژەکانیدا، وە خۆت بێزار نەکەیت، وە ئیلحاح بکەیت لە خوای گەورە بۆ داوا کردنی پێویستی یەکانی دونیاو قیامەت .

*کاتێك دیاری بکەیت بۆ لەبەر کردنی قورئان و پێدا چونەوەی و لەبەر کردنی هەندێ فەرموودە بە گوێرەی پێویست و توانا.

*تا بتوانێ منداڵو براو دراوسێ و خزمان و برادەران دڵ خۆش بکات .

*زەکاتی سەرفترە کۆ بکەیتەوە پێش جەژن و دابەشی بکەیت بە سەر هەژاراندا.

*سەردانی نەخۆش بکەیت و شوێنی جەنازە بکەویت .

*ئەمانەی باس کران هەندێ نموونەی سەر پێین بۆ مونافەسە کردن لەم مانگە پیرۆزە، ئەوانەی بە ڕاستی ڕێگەیان گرتووە با پێشبڕبکەن لەم مانگەداو لە غەیری ئەم مانگە.

**ئەو هۆیانەی کە یارمەتیدەرن بۆ مونافەسە و بەردەوام بوون :-**

١- الإخلاص والتجرد، نییەت پاکی و یەکلایی بوونەوە، وە بە بەردەوامی داوا کردن لە پەروەردگار:

﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ [البينة: ٥] .

واتە: فەرمانیان پێنەکرابوو تەنها بەوە نەبێت کە خوای گەورە بپەرستن بە دڵسۆزی ونیەت پاکی لە پەرستندا، وە لەهەمو دینەکانی تر لابدەن بۆ دینی ئیسلام، وە نوێژەکانیان بکەن و زەکات بدەن، وە ئەمەیە دینی ڕایت ودروست ودامەزراو.

٢- بەرنامە ڕێژی بۆ شەو ڕۆژ : کاتەکانی خۆت دابەش بکەیت هەر کەس بەگوێرەی بارودۆخی خۆی، بۆ نموونە:

**أ- ئەگەر موچە خۆر بویت** (موظف):

*هەستیت بۆ پاششێو دەست نوێژ بگریت و دوو ڕکات نوێژ بکەیت، لە پاشان نانی پاششێو بخۆیت، دوایی نوێژی بەیانی بکەیتو زیکری خوا بکەیت دوای

ویردەکانی بەیانی لە پاشان قورئان بخوێنی تاوەکو خۆر هەڵدێت .

*هەندێ پشوو بدات لە پاشان بڕوات بۆ سەر کاری خۆی .

* کاری خۆی ئەنجام بدات بە گورج و گۆڵی.

* لە دوای عەسر کاتێك دیاری بکەیت بۆ زیکرو دوعا کردن، یان ئەنجامدانی هەندێ کاری خێرخوازی و سەردانی خزمان و ڕاپەراندنی هەندێ کاری ماڵەوە .

*لە کاتی بەربانگ کردن دوعا بکەیت

*لەدوای تەراویح بەشێك لەکاتت تەرخان بکەیت بۆ کاری خێرخوازی .

*لە پاشان خەوتن تا کاتی پاشێو .

**ب – ئەگەر خویندکار بوویت:**

هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوەی پێشەوە کە باسمان کرد مەگەر بە پێداچونەوەی وانەکانی دوای عەسر یان دوای عیشا.

**ج – ئەگەر ژن بوو،** بەهەمان شێوە، ئاگای لە ماڵی خۆی بێت بە پێ زەرورەت دەرنەچێ لە ماڵو کاتەکانی وەدەست بێنێ، لەگەڵ منداڵەکانی وکچەکانی و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ماڵەوە .

بەم شێوە ڕێکخستنی کاتەکان هەر نموونەیەکە، وە هەرکەس بەو شێوەیە کاتەکانی ڕێك بخات کە بۆی گونجاوە و شیاوە .

٣– بەرنامە ڕێژی بۆ ئەرکەکانی سەرشانت لە قورئان خوێندن و سەردانی و کاری خێرخوازی بۆ ئەوەی هیچ کارێ جێی کارێکی تر نەگرێتەوە .

٤– زۆر دوعا کردنو داوا کردن کە پەروەردگار یارمەتی بدات و کاری ڕاست بکات .

٥– بەرنامە ڕێژی پارەو ماڵ بۆ خێزان و زەکات و ماڵ بەخشین ...... هتد .

٦– هەر شتێك مافی خۆی بدەرێ، هیچ کارێ پشت گوێ مەخە لەسەر حیسابی کارێکی تر، لایەنی خێزان پشت گوێ مەخە لەسەر حیسابی لایەنی کەسایەتی خۆت، وە بەو شێوەیە.

٧– هاوکاری لەگەڵ کەسانی تر بۆ ئەوەی ببنە یارمەتی دەرت بۆ هەموو کارێکی خەیرو چاکە.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

============================

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

# حوكمی وێنە لە شەرعدا

م/ عبدالكريم محمد قادر
ئیمام وخەطیبی مزگەوتی
ئیمان لە سلێمانی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم.....

ئەم باسە بابێکە لە کتێبی (الجامع الفريد) کە باس لە حوکمی وێنە گرتن دەکات لە ئیسلامدا، وەهەروەها هەڕەشە لێ کردنو گەورەیی تۆڵەو سزای خوا باس دەکات بەرامبەر بە وێنەگرەکان، چونکە لایەنی وێنە گرتنو وێنە کێشان بابەتێکە پەیوەندی بە تەوحیدو عەقیدەوە هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە خوای گەورە سزاو تۆڵەیەکی زۆر سەختی داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە کاریان وێنە گرتنو وێنە کێشانە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمەی موسڵمان خۆمان لەم کارە بپارێزین تابەر هەڕەشەو سزای زۆر سەختی خوای گەورە نەکەوین.

دەتوانین بە شێوەیەکی زۆر کورتو پوخت لەم بارەوە بدوێینو ئاماژە بە گرنگترین خاڵی پەیوەندی دار بە باسەکەوە بکەین ئەویش بە شێوەی پرسیارو وەڵام تا خوێنەر بە باشی لە باسەکە بگات.

س١: لایەنی وێنەگرتن یان وێنە کێشان چ پەیوەندی‌یەکی بە لایەنی تەوحیدو عەقیدەوە هەیە؟

ج: پەیوەندی نێوانیان لەوەدایە کە کابرای وێنەگر یان وێنەکێش کاتێك وێنەی روح لەبەرێك (مرۆڤ – حیوانات) دەگرێت یان دەکێشێت ئەوە خۆی شوبهاندووە بە لایەنی دروست کردن وە بە خوای گەورە، واتە: ئەوەی خوای گەورە دروستی کردووە ئەمیش وەکو خوای گەورە دروستی دەکاتەوە، سیفەتی خالقێتی بۆ خۆی ساز دەکاتو دەڵێت: خوا چۆن دروستی کردووە منیش

وەکو ئەو دروستی دەکەم، لەبەر ئەمە هەر کەسێك ئەمە پیشەی بێت پیشەکەی پێچەوانەی بیروباوەڕو عەقیدەکەیەتی، چونکە دەست تێوەردانە لە سیفەتی خالقێتی خودادا، لەبەر ئەوەی مەسەلەی تەصویر (خلق)ە، واتە: شتێکە دروست دەکرێتو ئیبداعە، چونکە شتێك لە نەبوونەوە دێنێتە بوون بەو شێوەیە کابرای وێنەگرو وێنەکێش ڕوح لەبەرەکان لایەنی شەریکایەتی بۆ خودا قەرار دەدات پەنا بەخودا لەوەدا کە دەڵێت: منیش دروستی دەکەم چۆن خوای گەورە دروستی کردووە.

**س٢: ئایا بەڵگە هەیە لەسەر حەرامێتی وێنە گرتنو وێنە کێشان، وەلەگەڵ سزای سەختی ئامادەکراو بۆ وێنەگرو وێنەکێشەکان؟**

ج: بەڵێ چەندەها بەڵگە هەیە لەسەریان:.

**١- عن ابن عباس رضي الله عنه قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول:**

**(كل مصور في النار يجعل له بكل صورة صورها نفسا فيعذبه في جهنم)[1].**

واتە: هەموو وێنەگرو وێنەکێشێك لە ئاگردایە، وە بۆ هەر وێنەیەك کە گرتوویەتی یان کێشاویەتی نەفسێکی بۆ دروست دەکرێت و سزای دەدات لە ئاگردا.

وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا کە بە مەرفوعی هاتووە دەفەرمێت:

**(من صور صورة في الدنيا كلف أن ينفخ فيها الروح يوم القيامة وليس بنافخ)[2].**

واتە: هەر کەسێك وێنەیەك بگرێت یان بیکێشێت لە دونیادا خوای گەورە تەکلیفی لێ دەکات لە قیامەتدا کە ڕوح بکات بەبەریدا لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت.

**تێبینییەك:**

هەردوو بڕگەی (كل)، و(من)، دوو بڕگەی گشتین هەموو وێنەیەکی ڕوح لەبەرو هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە.

وە هەروەها لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

**(أشد الناس عذابا يوم القيامة الذين يضاهون بخلق الله)[3].**

واتە: بەهێزترین سزا لە قیامەتدا کە ئامادەکراوە بۆ کەسانێکە کە خۆیان ئەشوبهێنن بە خوا، وە لایەنی دروست کردن وە لەبەر ئەوە وێنەگرو وێنەکێشان ئەوانەی بەردەوام خەریکی وێنەگرتنو وێنە کێشانن لە قیامەتدا توندترین سزایان بۆ دانراوە لەبەر ئەوەی لە مەسەلەی خالقی دا خۆیان شوبهاندووە بە خوای گەورە.

**س٣: واتای (يضاهون بخلق الله) چییە؟**

---

(١) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٤٥٥٤، ومشكاة المصابيح: ٤٤٩٨، وصحيح الترغيب والترهيب: ٣٠٥٤).

(٢) (صحيح الجامع الصغير: ٦٣٧١).

(٣) (صحيح سنن النسائي: ٥٣٥٦، ومشكاة المصابيح: ٤٤٩٥).

ج: خۆ شوبهاندنه بە خوای گەورە لە مەسەلەی خالقی دا بە وێنەگرتنی یان وێنە کێشانی دروست کراوەکانی خوای گەورە کە ڕوح لەبەرن جا مرۆڤ بێت یان حەیوانات.

بەڵگە بۆ ئەمە: عن أبي هريرةﷺ قال: سمعت رسول اللهﷺ يقول: قال الله تعالى: (ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي، فليخلقوا ذرة أو ليخلقوا حبة أو شعيرة)(٤).

واتە: کێ لەو کەسە زاڵم ترە کە دروستی بکات وەکو شێوەی ئەوانەی من دروستم کردووە لە ڕوح لەبەران جا ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەنو دەتوانن با مێروولەیەکی بچوك دروست بکەن، یان دەنکە گەنمێك کە بچێنرێت سەوز بێت، یان دەنکە جۆیەك گەر ئێوە ڕاست دەکەنو بەتوانان.

س٤: واتای ئەم وشانە چییە کە لە حەدیسەکەدا هاتووە؟

الذرة: مەبەست پێی مێروولەیەکی بچوکە.

حبة: دەنکێکی بچوك لە گەنم یان جۆ.

س٥: مەبەست لەم حەدیسە لە چیدایە؟

ج: مەبەست لەم حەدیسە بێ دەسەڵاتی وێنەگرەکانو وێنەکێشەکان دەسەلمێنێ لە کاری دروست کردندا، لە پێشدا خوای گەورە تەکلیفی ئەوەی لێ دەکات کە با ڕوح لەبەرێك کەوا مێروولەیەکی بچوکە دروست بکات، پاشان دەفەرمێت: گەر ڕوح لەبەرتان بۆ دروست ناکرێت فەرموون شتێکی بچوکی وەکو دەنکە گەنمێ یان جۆیەك دروست بکەن کە ئەم داوایە سووکترە لە داواکەی پێش خۆی، بەڵام ئەوان بێ دەسەڵاتن لەم حاڵەتەیشدا ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن.

*ئەو سوودانەی لەم فەرموودانە وەردەگیرێت:.

١- حەرامێتی وێنەگرتن یان وێنە کێشان دەسەلمێنێ، وە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

٢- دانانی سزایەکی زۆر سەخت بۆ وێنە گرەکانو وێنە کێشەکان کە دانراوە لەگەڵ ئەوەی کە لە هەموو خەڵکی سزایان زۆر ترە.

٣- خوای گەورە بۆ گرتنی هەر ڕەسمێك کە گرتوویەتی یان کێشاویەتی نەفسێکی بۆ دروست دەکات کە سزای پێ دەدات لەناو جەهەنمدا، وە فەرمانی پێ دەکات کە ڕوح بکات بەبەریدا.

س٦: هەڵسوکەوتت بەرامبەر وێنەو ڕەسم کە گیراوە یان کێشراوە دەبێت چۆن بێت؟

ج: هەڵسوکەوتمان بەرامبەریان دەبێت بەو شێوە بێت کە پێغەمبەری خوداﷺ فێری کردووین یان فەرمانی پێ کردووین کە چۆن بین وەك لەم فەرموودەیەدا بە ڕوونی فەرمانی پێ کردووین کە چۆن بین.

(٤) (أخرجه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٣٠٥٦).

**عن أبي الهياج الأسدي قال: (قال لي علي رضي الله عنه: ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله ﷺ لا تدعن قبرا مشرفا إلا سويته ولا صورة في بيت إلا طمستها)(٥).**

* **واتای هەندێ لە ووشەکانی فەرموودەکە:**

أبعثك: ناردنو فرمان پێ کردن.

لا تدع: مەیهێڵە.

طمستها: نەختی بکەو ڕێکی بکەرەوە.

مشرفا: بەرزیەکی بەرز.

سویته: یەکسان کردن تا ئاستی ڕووی زەوی.

**واتای فەرموودەکە:**

أبي الهياج الأسدي دەفەرمێت: ئیمامی علی رضي الله عنه پێی فەرمووم بتنێرم بۆ کارێك کە پێغەمبەری خودا ﷺ منی پێ ناردووە پێشتر ئەویش ئەوەیە کە هیچ قەبرێکی بەرز نەبینیت لەچاو قەبرەکانی تردا کە بەرزە ئیلا تەختی بکە تا لەگەڵ ئەوانەی تردا یەکسان دەبێت، یان هیچ قەبرێك نەبینیت کە خانووی لەسەر کرا بێت ئیلا خانووەکە بڕوخێنی، وەهیچ وێنەیەك کە ڕوح لەبەر بێت نەبینیت ئیلا لەناوی بەریت ونەیهێڵیت وبیفەوتێنیت ، بتنێرم بۆ کارێکی ئەوها کە پێشتر پێغەمبەری خودا ﷺ منی پێ ناردووە.

کەواتە هەڵوێستمان بەرامبەر وێنە ڕوح لەبەرەکان شکاندنو لەناو بردنیانە، نەهێشتنیانە لەناوماڵدا یان لە هەر شوێنێك کە وێنەو ڕەسمی تێدایە.

* **ئەو سودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت:**

١- حەرام بوونی دانانی ڕەسم لەناو مەجلیسدا یان هەڵواسینی بەقەد دیواری ماڵەوە.

٢- پێویستە وێنە گیراوەکە بشکێنرێو بفەوتێنرێ بە پێی توانا.

٣- پێویستە قەبری بەرزەوەبوو لابرێتو تەسویە بکرێ لەگەڵ زەویدا تا وەك قەبری سوننەتی لێ دێت، **ئەمەش ئەرکی سەرشانی کاربەدەستانە نەك تاك تاکی خەڵکی بۆ ئاگاداریتان.**

* **لایەنی لابردنو شکاندنو فەوتاندنی وێنەکان بۆچی؟**

-چونکە ئەو کەسانەی کە وێنەکەیان گرتووە یان نەخش کێشاوە خۆی شوبهاندووە بە خوای گەورە تۆش کە ڕێگەت پێ داوە کە وێنەت بگیرێت یان بکێشێت تۆش بەشدار دەبیت لە تاوانەکەیدا چونکە یارمەتیو هاوکاریت کردووە بۆ کاری خراپو سەرپێچی.

* **لایەنی گۆڕەکە بۆچی؟**

-چونکە بەرز کردنەوەی گۆڕەکە لەچاو ئەوانی تردا سەردەکێشێت بۆ فیتنەو ئاژاوەو خەڵك لە دین لادەدات بەهۆی کابرای ناو گۆڕەکەوە کە تۆ پێت وایە فەزڵی بەسەر ئەوانی تردا زیاترە وە

(٥) (صحيح سنن النسائي: ٢٠٣١).

سەردەكێشێ بۆ كوفرو هاوبەش بڕیاردان بۆ خودا.

پاش ئەوەی زانیمان حوكمی وێنەگرتنو وێنەكێشان چییە، وە حوكمی هێشتنەوەی له ماڵدا چییە، ئێستا دێینە سەر ئەوەی كه حوكمی وێنه گرەكه یان وێنه كێشەكه چییە؟

س٧: حوكمی وێنەگرو وێنه كێش چییە؟

ج: حوكمی وێنه گرو وێنه كێش ئەمەیە:

١- ئەگەر مەبەستی لەو وێنەیە كە گرتوویەتی یان كێشاویەتی یان دروستی كردووه خۆ شوبهاندن بێت به خوای گەورەوە، یان بۆ ئەوە دروستی بكات كه بپەرسترێتو بەندایەتی بۆ بكرێت وەك بت دروست كەرەكانو بڵێ خوا چۆن دروستی كردووه منیش بەو شێوه دەتوانم دروستی بكەم لەم حاڵەتەدا كابرای وێنه گرەكه كافر دەبێتو ئیشەكەیشی پێچەوانەی بیروباوەڕەكەیەتی، پەنا بەخوا.

٢- ئەگەر مەبەستی لەو وێنەیە خۆشوبهاندن نەبوو تەنها بۆ جوانی یان یان بۆ حەز یان بۆ هەر شتێكی تر مەبەستی بوو ئەوا لەو كاتەدا كابرای وێنەگرەكه فاسقه، چونكه ڕەسم گرتنو كێشان تاوانێكی گەورەیە، هەركەسێكیش تاوانی گەوره ئەنجام بدات فاسق دەبێت پەنا بەخوا گەر بەردەوام بوو لەسەری، وە شایستەی ئەوەیە كە هەڕەشەی لێ بكرێتو عقوبەیەكی بەهێزو توندو تۆڵی بۆ بەكاربهێنرێ.

س٨: مەبەست له وێنه حەرامەكان كامانەیە كه بكەرەكەی سزایەكی زۆر سەختو دژواری بۆ دانراوه؟

ج: مەبەست له وێنه حەرام كراوەكان ئەو وێنانەن كه ڕوحیان تێدایه به شێوەیەكی گشتی، وە (مرۆڤ و حەیوانات) بە شێوەیەكی تایبەتی جا ئەم وێنانه به كامێرا وێنەی بگیرێت یان به كامێرای ڤیدیۆ بێت یان موبایل بێت یان به دەست دروست بكرێت یان لەسەر دار هەڵبكۆڵرێت یان به مواد دروست بكرێت به شێوەی جسمو هەیكەل یان به شێوەی پەیكەرو بت دروست بكرێت، واته: به هەرشتێكو بەهەر شێوەو شكڵێ تا ڕۆژی قیامەت هەمووی حەرامەو حوكمەكەیش بۆ گشتییە، وە هەموو بەڵگەكانیش دەلیلن لەسەر هەمووی بەڵام جگه له وێنەی (مرۆڤ و حیوانات) هەموو وێنەیەكی تر دروستەو ئاساییە چۆن وێنەی دەگری بۆچی دەیگری بۆ چ مەبەستێ هەمووی دروستەو ڕێی پێ دراوه.

تێبینی: هەر كاتێك ئەگەر سەری ڕەسمەكه لێ بكەیتەوه ئەوا ئەو كات ڕەسمەكه كاریگەری نامێنێت واتا ڕەسم به سەرەوه ڕەسمه هەر كاتێك سەری پێوه نەما وەكو بێ ڕوحێكی لێ دێتو ئەم حوكمانه شمولی ناكات.

**س٩: لەبەر چی وێنە گرتنو کێشانو دروست کردنی ڕوح لەبەر حەرام کراوە؟ هۆکارەکەی چی یە؟ بۆچی ئەو سزا قورسەی بۆ دانراوە؟**

**ج: هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەڵسان بەو ئیشە دەست تێوەردانیکە لە ئیشی خوای گەورەو خۆ شوبهاندنە بە ئەو، وە جۆرێکە لە بێ ئەدەبی نواندن بەرامبەر بە خودا، چونکە خوای گەورە خالقی ئێمەیە چۆن بیەوێت ئاوها ئێمە دروست دەکاتو شێوەو شکڵمان پێ دەبەخشێت، وە ڕزقو ڕۆزیمان دەدات وە ئەمانژێنێتو دەمان مرێنێت خوای گەورە خۆی وێنەی دروستکراوەکانی دەکێشێتو خۆیشی دابەشی دەکات بەسەریاندا مرۆڤ شێوەی ئەوها بێت، حەیوانات شێوەیان ئاوها بێت دروستکراوەکانی تر شێوەیان ئاوها بێت لەبەر ئەم لاسایی کردنەوەی خوای گەورە لە دروستکراوەکانیدا ئەوا خۆشوبهاندنە بە خوای گەورەوە لەوەی خوای گەورە چۆن دروستی کردووە ئەمیش بەهەمان شێوەو شکڵو قەبارە دروستی دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەمەیە کە کابرای وێنەگرو وێنەکێش هەر کاتێك کە وێنەیەك دروست دەکات بۆی دەبێت بە نەفسێك ئازاری پێ دەدرێتو داواشی لێ دەکرێت کە ڕوح بکات بەبەریدا، بەڵام ناتوانێ لەبەر ئەوە بەقەدەر ئەو وێنەیەی لە دونیا کێشاوێتی دەبێت بمێنێتەوە لە ئاگردا، وە سزاکەی لە هی هەموو کەس زیاترە چونکە تاوانەکەی گەورەیە.**

**پوختەی قسە:** ڕەسمەکان دەکرێن بە چەند بەشێکەوە:.

١- هەندێکیان جائزنو ڕێگە پێ دراون وەك وینەی دارو شاخو دەریاو خانوو سەیارەو ڕۆژو مانگ.... هتد، ئەوانەیشی ڕێگە پێ نەدراون وێنەی ڕوح لەبەرە لە مرۆڤ بێت یان حەیوانات کە سزای زۆر سەختی بۆ دانراوە.

٢- وە ڕەسمی پەیکەرو بتو تەماثیل هەموو ئەمانەش حەرامنو ڕێگە پێ نەدراون بە تێکڕای یەکدەنگی زانایان.

٣- ئەو ڕەسمانەی کە سێبەریان نی یە، یان بە شێوەی هەیکەل دروست نەکراون واتە: بە بۆیە دروست کراون حەرامن بە لایەنی زۆربەی زاناکانەوە لەبەر گشتی بەڵگەکان.

٤- ئەوەی کە بۆتە بەڵایەکی گشتی کە ڕەسم گرتنێکی بچوکە بۆ کاری معامەلاتو هەویەو جنسیە کە بە ڕاستی ئەمەش جۆرێکە لە بەڵا ئەمانە لایەنی زەرورەتەو دروستە ئەوەندەی کە مەبەستەکەت تەواو بکات دروستەو ڕێ پێدراوە.

٥- ئەگەر وێنە بەسەر ڕاخەر یان فەرشێکەوە بوو خەڵکی بەسەریدا دەڕۆیشتن ئەوا دروستەو هیچی تێدا نی یە، چونکە بۆ بێ ڕێزی وإهانەیەو بێنرخە لەلات وبەسەریدا دەڕۆیت، یاخود

هەندێ جار وێنه به پۆشاكی ژێرەوەیه به تایبەتی بـه (حفاظه) ی منداڵـەوه ئـەمیش بەهەمان شێوه بۆ بێ ڕێزی ئەو وێنەیەیـه وئاسـاییـیـه چـونكه منـداڵ میـز وپیـسی بەسەردا دەكات.

٦- هەروەها دروسته له ماڵدا بـۆ كیژۆڵـه بچوكەكان كـه بووكـه شووشـەیان هـەبێت بۆ ئەوەی یـاری پـێ بكـەن وخۆیـانی پـێ سەرقاڵ بكەن، هەروەها وەكو ڕاهێنانێك بۆ داهاتویـان كـه چۆن منـداڵ پـەروەردە بكـەن، بەڵگەیـشمان بـۆ ئـەم قـسەیه دوو فەرموودەیه:

- عائیـــــشه (خـــــوای لێ ڕازی بێـــــت) دەفــەرمووێت: (مــن لــه ماڵــەوه بووكــه شوشـــەم هـــەبوو بـــۆ یـــاری كـــردن، پێغەمبــەریشﷺ دەچــوو هاوڕێكــانمی بـانگ دەكـرد بـۆ ئـەوەی لەگەڵمـدا یـاری بكەن) [أخرجه البخاري ومسلم وأحمد].

- لـه ربیـــع بنـــت معـــوذ دەفـەرمێت: پێغەمبـەرﷺ بـەیانی ڕۆژی عاشـورا(١٠ی محــرم) هــەواڵی نــارد بــۆ دێهاتــەكانی دەوروبــەری مەدینــه وپێیــانی فــەرموو: (هەركەسێك له ئێوه كـه ڕۆژی لێ بۆتـەوه وبـەڕۆژوو نـەبووه بـا ئـیتر شـت نـەخوات هەتا ئێواره، وه ئەوەیشی كـه بـەڕۆژووه با بـەردەوام بێـت لەسـەر ڕۆژووەكـەی)[٦] ئێمـــــــەیش بـــــــەڕۆژوو دەبـــــــووین ومنداڵەكانیشمان بەڕۆژوو دەبوون، دوایـی دەچـوین بـۆ مزگـەوت لـه خـوری بووكـه شووشەمان بۆ دروست دەكردن بۆ ئەوەی كاتێك ئەو منداڵانه بگرینایـه یـان برسـیان بووایـه، ئـەو بووكانـەمان پـێ بدانایـه بـۆ ئەوەی ژێـرەوه بوونایـەو وبرسـێتیان بـیر بچوایەتەوه.

**چەند تێبینیەك:**

١- كەسی وێنەگر یان وێنـه كـێش كاتێـك وێنەیــەك دەگرێــت یــان دەكێـشێت ئــەو كەسه ستەم كاره، چـونكه خـوای گـەوره لــه حەدیــسه قودســیەكەدا دەفــەرمێت: (ومن أظلم ممن ذهب.....).

واتــه: كـێ لـەوه سـتەم كـارتره.... كـه دروسـتی بكـات وەكـو ئەوانـەی كـه مـن دروسـتم كـردووه...) ئـەم فەرموودەیـه ئەوه دەسەلمێنێت كه كەسـی وێنـه گـرو وێنه كێش زاڵمـه بـەهۆی ئـەو كارەی كه دەیكــات ئەمـــەش بــۆ ئەوەیــه كەئــەو ڕاستییه بزانێتو لیی دوور بكەوێتەوه كه ئەوەنده تاوانێكی سەختە.

٢- لـــه حەدیـــسەكەدا دەفـــەرمێت: (فلیخلقوا ذرة...) ئـەم زاراوەیـه هـەم بۆ ئــەمر كردنــه، هــەم بــۆ تەحــەداو بــێ دەســەڵاتییــه، چــونكه ئــەوان ئیـشی خالقێتییان بـۆ خۆیـان هەڵبـژاردووه كـه ناشتوانن خوای گەوره تەحەدایان دەكـات پێیان دەفەرمێت: كه ئێوه دەڵێن ئێمەش شـــت دروســـت دەكـــەین فـــەرموون مێرووڵەیەكی بچوك دروست بكەن، پاشان دەفەرمێت: ئەگـەر نـاتوانن لـەوه ئاسـانتر فــەرموون دەنكــه گــەنمێك یــان جۆیــەك

(٦) ( صحیح سنن ابن ماجة: ١٧٣٥).

دروست بکەن کە کاتێك بیچێنیت سەوز بێت لە داهاتودا، کەواتە ئەوانەی خەریکی وێنە گرتن‌و وێنە کێشانن بیّ دەسەڵاتن خۆیان لە شانی کارێك داوە کە ناتوانن سەرکەوتووبن تێیدا.

٣- کابرای وێنەگر یان وێنە کێش کاتیّ وێنەکە دەکات بڵێت مەبەستم خۆشوبهاندن نی‌یە یان مەبەستم تەنها بۆ حەزو خۆشیە لەو کارەمدا هیچ جیاوازی نی‌یە گرنگ دەرەنجامی ئیشەکەیە کە ڕووی داوەو وێنەکەی گرتووە یان کێشاویێتی، چونکە وەکو کەسێك وایە کە پۆشاکی کوفرو ناشەرعی لەبەر بکات‌و بڵێت مەبەستم خۆشوبهاندن نی‌یە بە ئەوانەوە، تۆ گرنگ ئەوەیە پۆشاکەکەت لەبەر کردووە ناشەرعی‌یە جا مەبەستت ئەوە بێت یان ئەوە نەبێت لەبەر ئەوە مەسەلەی ڕەسم گرتن خۆشوبهاندنە بە خواوە لەکاری خالقی دا جا بزانی یان نەزانی، مەبەستت ئەوە بێت یان ئەوە نەبێت، ئەگەر حوکم لەسەر مەبەست بدرێت ئەو کات ئەوا زۆر شتی حەرام حەڵاڵ دەکرێت‌و تاوانباریش وون دەبێت.

٤- هەر وێنەیەك بگیرێت یان بکێشرێت ئەگەر تەنها ڕەنگ کردن بێت، یان تەنها هێڵکاری‌یەکەی بێت ئەمیش هەر حەرامە. لەبەر ئەوەی فەرموودەکە هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە، پاشان کە پێەمبەری خواﷺ هاتەوە بۆ ماڵی عائیشە(خوای لیّ رازی بێت) تووڕە بوونی لە نێو چەوانی پێغەمبەرﷺ دەبینی، پاشان چاوی بە پارچە قوماشێك کەوت کە ڕەسمی تیا بوو عائیشە(خوای لیّ رازی بێت) ووتی تاوانێکم کردووە؟! پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەوانەی ئەم ڕەسمانەیان دروست کردووە سزا دەدرێن لەسەری‌و پێشیان دەووترێت ڕووح بکەن بە بەریاندا لە قیامەتدا.

خۆ ئەو ڕەسمەی لەسەر قوماشەکە بوو نە سێبەری هەبوو نە جسمیش کەواتە فەرق ناکات ڕەسمەکە هەرچۆنێك بێت.

٥- لایەنی وێنەکە بە ئالەیەك وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ زۆرترین ڕەسم بە کامێرا دەگیرێت، ئەوەی کە ڕەسم گرتن بە حەڵاڵ دەزانن دەڵێن: مەبەست لە حەدیسەکان وێنە کێشانە بە دەست یان پەیکەر دروست کردنە بە دەست، دەڵێن: بە کامێرا ڕەسم گرتن جیاوازە لەگەڵ بەدەست ڕەسم کێشان، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکیان پیّ نی‌یە بۆ سەلماندنی قسەکانیان باشە کاتێك کامێرا دەهێنرێت فلیمێکی تیّ دەکرێت پاشان وێنەکانی پیّ دەگیریّ پاشان کە دەچێت دەیشۆرێتەوە هەموو ئەمانە بە دەست ناکرێت هەر دەست نی‌یە پەنجە دەنێت بە دوگمەکەدا بۆ گرتن، هەر دەست نی‌یە بۆ جوڵەو ئاراستەی کامێراکە بۆ ڕووی وێنە بۆگیراوەکە، باشە ئەگەر دەست نەبێت کامێرا لە خۆوە ئەم کارانە دەکات هەموو

ئه‌م ڕاکردنو پشت کردنه له به‌ڵگه‌کان بۆ حه‌ڵاڵ کردنی ڕه‌سم گرتنه که کراویشه.

٦- هه‌روه‌ها کامێرای ڤیدیۆیش هه‌مان حوکمی هه‌یه به هۆی ئه‌و سیفه‌تانه‌ی که هه‌یه‌تی بۆ ته‌صویری ڕوح له‌به‌ره‌کان ته‌نها شتێك له تصویردا ڕێگه‌ی پێ درابێت ئه‌وه‌یه ئه‌و ته‌صویره بۆ کاری شه‌رعیو سود گه‌یاندن به موسڵمانان به‌کاربهێنرێت، بۆ ته‌صویری بێ ڕوح دیسان دروسته، به‌ڵام بۆ کاری زیان به‌خشو بێ که‌ڵك حه‌رامه‌و هه‌مان سزاو حوکمی وێنه‌گری هه‌یه، بۆیه پێویسته زۆر به‌ئاگابین له به‌کارهێنانی ئه‌م ئامێره‌دا بزانی بۆ چ مه‌به‌ستێك به‌کاری ده‌هێنیت تا به‌ر سزاو هه‌ڕه‌شه‌ی سه‌ختی په‌روه‌ردگار نه‌که‌وی.

٧- ئه‌گه‌ر ڕه‌سمی ڕوح له‌به‌ر هه‌بێت له ماڵه‌که‌تدا یان له دووکانه‌که‌تدا یان له هه‌ر شوێنێکدا ده‌بێت له‌ناوی به‌ریتو نه‌یهێڵیت جا ڕه‌سمه‌که به کامێرا گیرا بێت، یان به ده‌ست کێشرا بێت، یان وه‌کو په‌یکه‌رو بتو جسم دروست کرا بێت، یان وه‌کو له‌عابه‌ی ده‌ستی منداڵان دروست کرابێ یان هه‌ڵواسرابێ به‌قه‌د دیواردا، یان دانرابێ له‌سه‌ر مێز، یان ڕه‌سمه‌که به پۆشاکه‌وه بێت، وه‌ك په‌رده‌ی ماڵه‌وه یان به به‌تانیو لێفه‌ی نوستنه‌وه بێت یان به ڕاخه‌رێکه‌وه بێت یان به ئه‌شیای ناو ماڵه‌وه بێت، وه‌کو قاپ و شتی پێویستی ماڵ بۆ هه‌ر مه‌به‌ستێك بێت ڕه‌سمه‌که بۆ یادگاری بێت یان بۆ به‌گه‌وره زانین یان بۆ ئیسراحه‌تی ده‌روونی بێت، به هه‌ر شێوه‌و شکڵو قه‌باره‌یه‌ك بێت هه‌وڵ بده ئه‌وه‌ی ئه‌توانی له‌ناوی به‌ره ئه‌گه‌ر نه‌توانی به‌س که‌له‌سه‌ره‌که‌ی لێ بکه‌ره‌وه، ئه‌گه‌ر نه‌توانی ته‌شویشی له‌سه‌ر بکه تا شێوه‌ی که‌له‌سه‌ره‌که‌ی ده‌گۆڕێت، وه‌ك چۆن پێغه‌مبه‌رﷺ پارچه قوماشه‌که‌یان بۆ کرد به دوو که‌رته‌وه شێوه‌ی ڕه‌سمه‌که‌ی له‌سه‌ر نه‌ماو به‌کاری هێنا وه‌کو به‌رگێك بۆ سه‌رینو ئه‌و شتانه، چونکه به هه‌بوونی ئه‌و ڕه‌سمانه مه‌لائیکه‌ی ڕه‌حمه‌تی خوا نایه‌ن به‌ماڵدا، وه‌کو پێغه‌مبه‌ری خواﷺ ده‌فه‌رمێت:

(لا تدخل الملائكة بيتا فيه كلب ولا صورة)(٧).

واته: مه‌لائیکه‌ی ره‌حمه‌ت خوا ناچنه ماڵێکه‌وه که سه‌گ یان وێنه‌ی تێدا بێت.

هه‌روه‌ها له‌فه‌رمووده‌ی تردا پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ده‌فه‌رمێت: {جبریل (سه‌لامی خوای لێ بێت) هات بۆ لام وپێی وتم: دوێنێ شه‌و ویستم بێم بۆلات به‌ڵام ئه‌وه‌ی ڕێگر بوو له نه‌هاتنم ئه‌وه بوو په‌یکه‌رێك له‌سه‌ر ده‌رگاکه‌تان بوو، وه له ماڵیشه‌وه په‌رده‌که‌تان وێنه‌ی پێوه بوو، له‌هه‌مان کاتدا سه‌گێکیش له ماڵتاندا هه‌بوو،جا فه‌رمان بکه ئه‌و په‌یکه‌ره سه‌ره‌که‌ی لێ بکرێته‌وه تا وه‌کو دارێکی لێ دێت،

(٧) (صحيح الجامع الصغير: ٧٢٦٢).

هــەروەها ئــەو پەردەیــە بکــە بــە دوو پارچــەوە وبــۆ بەرگــە پــشتی(بــالیف) بەکاری بهێنە، پاشان سـەگەکەیش لـەماڵ بکە دەرەوە}[(٨)]

وە هــەوڵ بــدە ئــەو ڕۆژنامانــەی یــان ئــەو کتێبانــەی کــە ڕەســمی پێوەیــە کاتێــك هێناتــەوە بــۆ ماڵــەوە مەبەســتت پێــی ڕەسمەکە نەبێت، بەڵکو لەبەر بابەتەکانی نــاوی یــان شــتی گرنگــی ڕۆژنامەکــە بیهێنیتەوە تا ئەیشتوانی ڕەسمـەکانی لێ بکەیتەوە باشترە.

لە کۆتایدا ماوەتەوە بڵـێین: هـەر کەسـێك ئەگــەر بــە ڕاسـتی شـوێنکەوتەی حـەقو بەرنامەی ڕاستی ئیسلامە بە یەك بەڵگـەی ڕاســت قەناعــەت دەکــاتو گوێڕایــەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خواﷺ دەکات و خۆشـبەخت و سـەرفرازە لـە ئـەنجامی تەســلیم بــوون بــە فــەرمانی خــواو پێغەمبەرەکەیﷺ، بەڵام ئەوانـەی دڵیـان نەخۆشــەو چـاویان بــە حەقـدا هــەڵنایات ئەگـەر سـەد بەڵگەیشی بۆ بـاس بکـەیت قەناعەت ناکاتو بەردەوام دەبێت لەسـەر دژایــەتی کردنــی حــەقو ڕاســتی، دەســا خوایـە لەوانــەمان بگێـڕە کــە بەڕاسـتی شـــوینکەوتەی حـــەقو ڕاســـتین، وە پەنایـشمان بـدە لـەو کەسـانەی کـە دژی ڕووناکیو ڕاستیو پـاکیزەین، ئەمـە کۆی ئەو بەڵگانە بـوو کـە باسمان کـرد لەسـەر حـوکمی وێنـە لـە ئیـسلامدا لەگـەڵ چـەند ڕوونکردنەوەیـــەکی پێویـــست بـــە بابەتەکـەوە کـە بـە شـێوەیەکی کـورتو پوخت باسکراو بە ئومێدی سوود گەیاندن بە هـەمووان، وە ئـەم بابەتـە لـە (جـــامع الفرید، بابی ٦١) وەرگیراوە لەگەڵ چـەند ئیزافەیــەکی پێویــست بــۆ باســەکە، لــە کۆتاییـدا هـەوڵ بـدە نـە وێنـەگربیت، نـە وێنــە بــۆ گــیراو بیــت، چــونکە هــەردوو کارەکە باش نییەو پەسەند نییە وە هیچ کات لە ئاست تاواندا لـە ڕوو دا مەمێنـە، وە هـەر کەسـێك لـەم کـارە بـە دوور بێت لایەنی عەقیـدەو ئیمـانی تـەواوە، چـونکە خۆی بە دوور گرتووە لە خۆشوبهاندن بـە خـواوە لـەو ڕووەوە، وە لایـەنی خـالقێتی خوای گەورەی پاك ڕاگرتووە.

سبحانك اللهم وبحمدك ولا إله إلا أنت، استغفرك وأتوب إليك.

================

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

---

(٨) (صحيح الترغيب والترهيب: ٣٠٦٠).

# جیاوازی یەکان
# لەنێوان نوێژی جومعەو نوێژی نیوەڕۆ

م/ کامران خالد

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين، وبعد .

ڕوون و ئاشکرایە کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان نوێژی جومعەو نوێژی نیوەڕۆ، وەزانایان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) جیاوازییەکی زۆریان باس کردووە ئەمەش پوختەی ئەو خاڵانەیە[1]:

١- نوێژی جومعە بە کۆمەڵ نەبێت ناکرێت لەگەڵ ئەو خیلافەی کە هەیە لەسەر ئەو ژمارەیەی کە جومعەی پێ دادەمەزرێت[2]، بەلاَم نوێژی نیوەڕۆ بەتاك و بەکۆمەڵ دروستەو دەکرێت .

٢- نوێژی جومعە لەشارو گوندەکان نەبێت ناکرێت، بەلاَم نوێژی نیوەڕۆ لە هەموو شوێنێك دەکرێت .

٣- نوێژی جومعە لە سەفەر ناکرێت گەر کۆمەڵە موسافرێك بەشارێك ڕەت بوون وەئەوان نوێژی جومعەیان کرد بوو ئەو کۆمەڵە موسافیرە بۆیان نییە نوێژی جومعە بکەن، بەلاَم نوێژی نیوەڕۆ لەسەفەرو غەیری سەفەریش دەکرێت .

٤- نوێژی جومعە لەهەموو شارێك لەیەك مزگەوت نەبێت ناکرێت مەگەر لەبەر

---

(١) بەلاَم نەم بینی لەم شێوەیەی کە زانای پایە بەرزو فەقیە (محمد بن صالح العثيمين) (رحمهُ الله) بوختەتر کۆ کرابێتەوە کە لەو چەند خاڵە پێك هاتوە، وەسەرجەم ئەو بەڵگانەی هاتوە لەم پەراوێزانە کاری خۆمە .

(٢) بڕوانە: (الأوسط:٤/٢٩) و(الموعظة الحسنة)ەی صدیق حسن خان. وەبڕوانە پەراوێزی ژمارە(٥).

**پێویستی[٣]، بەڵام نوێژی نیوەڕۆ لە هەموو مزگەوت دەکرێت .**

**٥- نوێژی جومعە ناگێڕدرێتەوە گەر کاتەکەی بەسەر چوو، بەڵکو لەبری نوێژی نیوەڕۆ دەکرێت[٤]، لەبەر ئەوەی یەکێك لەمەرجەکانی نوێژی جومعە کاتە، بەڵام نوێژی نیوەڕۆ دەکرێتەوە گەر کاتەکەی فەوتا لەبەر عوزرێك .**

**٦- نوێژی جومعە لەسەر ئافرەتان واجب**

---

(٣) بڕوانە: (الأوسط: ١١٦/٤)، و(إصلاح المساجد للقاسمي: ص٦٠-٦٢)، و(المغني: ٩٢/٢)، و(مجموع الفتاوى: ٢٠٨/٢٤) .

وەشێخ الباني(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (الأجوبة النافعة)دا دەفەرمووێت: (نوێژی جومعە نوێژێکە وەك نوێژەکانی تر دروستە لەیەك کات لە چەند شوێنێکی جیاواز لەیەك شاردا بکرێت هەر وەك چۆن چەند جەماعەتێك دەکرێت بۆ نوێژەکانی تر لەیەك شاردا، وەهەر کەسێك پێچەوانەی ئەمە بڵێت ئەوە پشت بەستنی تەنها بە ڕاو بۆچوونە وەئەمە حوججەو بەڵگە نین لەسەر هیچ کەسێك، وەئەگەر پشت بەستنی بە ریوایەتێك بێت ئەوە هیچ ریوایەتێك نییە، بە هەر حاڵ قەدەغە کردنی دوو جومعە لە یەك شارێکدا گەر لەبەر ئەوە بێت لەمەرجەکانی نوێژی جومعە ئەوەیە کە وێنەی ئەوە لە یەك شوێن یان زیاتر ڕوو نەدا ئەمە لەکوێ هاتوە؟ وەچی دەلالەت دەکاتە سەری؟ وەئەگەر بڵێین تەنها بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئیزنی نەداوە بە کردنی نوێژی جومعە جگە لە جومعەکەی خۆی لەمەدینە، وەئەو گوندانەی کە پەیوەستە بە مەدینەوە ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ڕاست نییە بەوەی بکرێت بە بەڵگەی مەرجێتی پوچەڵ کردنەوەی، بەڵکو ناکرێت بە بەڵگەی واجب بوون کە لە حوکمدا لەو خوارترە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت دەبێت بۆ هەموو پێنج نوێژە فەرزەکە ئاوە بێت، کەواتە ئەو نوێژە بە جەماعەت دروست نییە لە شوێنێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئیزنی نەدابێت بەکردنی جەماعەت تیایدا، وەئەمە یەکێکە لە بەتاڵترین بەتاڵەکان، وەئەگەر حوکم وابێت بە بەتاڵی جومعەی ئەوانەی کە دوا دەکەون گەر زانرا کێ دواتر جومعەکەی تەواو کردوە – لەگەڵ بوونی نادیاری ولێ تێکەڵ بوونێك – لە بەر هاتنەکایەی بەربەستێك ئەو کاتە چی؟ ئەصڵ دروستێتی هەموو حوکمێکی پەرستشێتی لە هەموو کات و شوێنێك دا ئیللا مەگەر بەڵگەیەك ئاماژە بە مەنع و نەکردن بدات وەشتی واش لێرەدا بە هیچ شێوەیەك بەدی ناکرێت ) (ص٧٦-٧٨).

(٤) عن عبد الله ابن مسعود ﵁ قال: (إذا أدركت ركعة من الجمعة فأضف إليها أخرى فإذا فاتك الركوع فصل أربعا ) . أخرجه ابن أبي شيبة ( ١ / ١٢٦ / ١ - النسخة الأخرى - والطبراني في ( المعجم الكبير ) ( ٣ / ٣٨ / ٢ ) والبيهقي ( ٣ / ٢٠٤ ) من طرق عن أبي اسحاق به . قلت (الألباني): وهذا سند صحيح رجاله كلهم ثقات رجال مسلم .

واتە: (گەر فریای یەك ڕکاتی نوێژی جومعە کەوتیت ئەوە ڕکاتێکی تری بۆ زیاد کە، وەئەگەر فریای ڕکووعی ڕکاتی دووەم نەکەوتیت ئەوە چوار ڕکات بکە(واتە: نوێژی نیوەڕۆ بکە).

**نیە[٥]، بەڵکو نوێژی جومعە لە تایبەت مەندێکانی پیاوانە، بەلاّم نوێژی نیوەڕۆ واجبە لەسەر پیاوان و ژنان وەك یەك .**

**٧- نوێژی جومعە واجب نییە لەسەر (کۆیلە) [٥]، لەگەڵ ئەو خیلاف و تەفصیلەی کە هەیە لەسەری، بەلاّم نوێژی نیوەڕۆ واجبە لەسەر ئازاد و(کۆیلە) .**

**٨- نوێژی جومعە واجب دەبێت لەسەر ئەو کەسەی کە بە سواری نەبێت پێی ناگات، بەلاّم نوێژی نیوەڕۆ واجب نییە لەسەر ئەو کەسەی کە بە سواری نەبێت پێی ناگات .**

**٩- لە پێش نوێژی جومعە چەند سوننەتێك هەیە وەك غوسل[٦] وخۆ بۆن خۆش کردن[٧] ولەبەر کردنی باشترین پۆشاك[٨] وغەیری ئەمانەش، بەلاّم نوێژی نیوەڕۆ وا نییە .**

---

(٥) عن طارق بن شهاب ﷺ: عن النبي ﷺ قال: ( الجمعة حق واجب على كل مسلم في جماعة إلا أربعة عبد مملوك أو امرأة أو صبي أو مريض) .(حديث حسن) (أبو داود: ١٠٦٧)، و(الدارقطني: ٣/٢)، و(البيهقي: ١٨٣/٣)، **بڕوانە:** (إرواء الغليل: ٥٧/٣) .

**واتە: (جومعە مافێکی واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك بەجەماعەت ئیللا چوار کەس نەبێت: بەندەیەکی خاوەن دار یان ئافرەت یان منداڵ یان نەخۆش) .**

(٦) عن عبد الله بن عمر ﷺ أن رسول الله ﷺ قال: ( إذا جاء أحدكم الجمعة فليغتسل). (البخاري: ٨٧٩)، و(مسلم: ٨٤٦) .

**واتە: (هەر کەسێك لە ئێوە هات بۆ جومعە با غوسڵ دەر بکات) .**

(٧) عن ابن وديعة عن سلمان الفارسي ﷺ قال: قال النبي ﷺ: (لا يغتسل رجل يوم الجمعة ويتطهر ما استطاع من طهر ويدهن من دهنه أو يمس من طيب بيته ثم يخرج فلا يفرق بين اثنين ثم يصلي ما كتب له ثم ينصت إذا تكلم الإمام إلا غفر له ما بينه وبين الجمعة الأخرى) . (البخاري: ٨٨٣)، و(أبوداود: ١١١٣)، و(الدارمي: ١٥٤١)، و(البغوي: ١٠٥٨) .

**واتە: (هیچ پیاوێك نییە کە لە ڕۆژی جومعە خۆی بشوات وە ئەوەندەی بتوانێت خۆی پاك بکاتەوە وەلەچەوری خۆی سەری خۆی چەور بکات، یان خۆی بۆن خۆش بکات لەبۆنی ماڵی خۆی، پاشان دەربچێت بۆ جومعە وەخۆی نەخاتە نێوان دوو کەس و لەیەك جیایان نەکاتەوە، پاشان ئەوەندەی لەتوانای بوو نوێژی سوننەتی کرد، پاشان بێ دەنگ بوو کاتێك ئیمام ووتاری دەدا ئیللا خوای گەورە لەگوناهی نێوان ئەو جومعە بۆ جومعەکەی تری خۆش دەبێت) .**

(٨) عن أبي سعيد الخدري وأبي هريرة قالا: قال رسول الله ﷺ: (من اغتسل يوم الجمعة ولبس من أحسن ثيابه ومس من طيب إن كان عنده، ثم أتى الجمعة فلم يتخط أعناق الناس، ثم صلى ما كتب الله له، ثم أنصت إذا خرج إمامه حتى يفرغ من صلاته كانت كفارة لما بينها وبين جمعته التي قبلها) .(حديث حسن) (أبوداود: ٣٤٣)، و(أحمد: ٨١/٣)، و(الحاكم: ٢٨٣/١)، و(إبن حبان: ٢٧٦٧)، وصححه الشيخ الألباني في: (مشكاة المصابيح: ١٣٨٧). .

**واتە: (هەر کەسێك لە ڕۆژی جومعە خۆی شوشت، وەلە باشترین پۆشاکی خۆی لەبەر کرد، وەبۆنی خۆشی لە خۆی دا گەر هەی بوو، پاشان هات بۆ جومعە وەبەسەر خەڵکدا بازی نەدا،و پاشان ئەوەندەی لەتوانای بوو**

**١٠- نوێژی جومعە گەر كەسێك فەوتانی دەبێت نوێژی نیوەڕۆ بكات لەبری نەك جومعە[٩]، بەلاَم نوێژی نیوەڕۆ گەر كەسێك فەوتانی قەزای دەكاتەوە هەر بەو شێوەیەی كە ئیمام كردویێتی ئیللا مەگەر كەسێك كە نوێژی قەصر بكات .**

**١١- نوێژی جومعە دەكرێت بەر لە زەوال بكرێت لەسەر بۆچوونی زۆربەی زانایان[١٠]، بەلاَم نوێژی نیوەڕۆ ناكرێت بەر لە زەوال بە ڕێك كەوتنی زانایان .**

**١٢- نوێژی جومعە سوننەتە بەدەنگی بلَند قورئانی تێدا بخوێندرێت، بەلاَم نوێژی نیوەڕۆ سوننەتە بە دەنگی نزم بخوێندرێت .**

**١٣- نوێژی جومعە سوننەتە سورەتێكی دیاری كراوی تێدا بخوێنیت، هەردوو**

---

**نوێژی سوننەتی كرد پاشان بێ دەنگ بوو تا ئیمام لە نوێژەكە دەبێتەوە ئەوە دەبێتە كەفارەتی نێوان ئەم جومعەو جومعەی ڕابردوی) .**

(٩) **وەشێخ** الألباني **لە** (الأجوبة النافعة)**دا دەفەرموویێت: (نوێژی جومعە فەرزێكە لە لایەن خودای گەورەوە فەرزی كردوە لەسەر بەندەكانی، جا ئەگەر فەوتا بە عوزرێك ئەوە پێویستە بەلگەیەك هەبێت ئاماژە بكات بە واجبی نوێژی نیوەڕۆ، وەحەدیسی ئیبنو مەسعوود: (وەهەر كەسێك هەردوو ڕكاتەكەی لەدەست چوو با چوار بكات)، ئەمە بەلگەیە لەسەر ئەوەی هەر كەسێك جومعەی چوو دەبێت نیوەڕۆ بكات)**. (الأجوبة النافعة)

(١٠) عن جابر بن عبد الله ﷺ قال: ((كنا نصلي مع رسول ﷺ الجمعة ثم نذهب إلى جمالنا فنريحها حين تزول الشمس ) . (مسلم: ٨٥٨)، و(النسائي: ٣/١٠٠)، و(أحمد: ٣/٣٣١)، و(إبن أبي شيبة: ١/٤٤٥ح ٥١٣٧)، و(البيهقي: ٣/١٩٠) .

**واتە: (لەگەلَ پێغەمبەری خواﷺ جومعەمان دەكرد پاشان دەچوین بۆ لای ووشترەكانمان وەئیسراحەتمان پێ دەدا ئەو كاتەی خۆر لار (زوال)دەبوو) .**

وعن عبد الله بن سلمة: صلى بنا عبد الله (إبن مسعود ﷺ) الجمعة ضحى وقال: خشيت عليكم الحجة " . قلت: وهذا سند حسن رجاله .(إرواء الغليل: ٣/٦٣ح ٥٩٦) .

**واتە: عەبدولاَی كوڕی مەسعودﷺنوێژی جومعەی بۆ كردین لە چێشتەنگاو، فەرمووی: من لە ئێوە ترسام لە گەرما .**

وعن بلال العبسي: ( أن عمارﷺ صلى بالناس الجمعة والناس فريقان بعضهم يقول زالت الشمس، بعضهم يقول لم تزل) . (إسناده حسن) (إبن أبي شيبة: المصنف: ١/٤٤٥ح ٥١٤٥) .

**واتە: (عەممار(ت) نوێژی جومعەی بۆ خەلَكی كرد لەو كاتە خەلَكی دوو بەش بوون هەندێكیان دەیان ووت نیوەڕۆ بووە وەهەندەكەی تر دەیان ووت هێشتا خۆر زەوال نەبووە (واتە نیوەڕۆ نەبووە) .**

وعن أبي رزين قال: (كنا نصلي مع عليﷺ الجمعة فأحيانا نجد فيئا وأحيانا لا نجده) . (إسناده حسن)إبن أبي شيبة: (المصنف: ١/٤٤٥ح ٥١٤٤) .

**واتە: لەگەلَ عەلیﷺ نوێژی جومعەمان دەكرد جار وابوو سێبەرمان دەبینی، وەجار وابوو سێبەرمان نەدەبینی .**

وعن سماك قال: (كان النعمان بن بشيرﷺ يصلي الجمعة بعد ما تزول الشمس) . (إسناده حسن) إبن أبي شيبة: (المصنف: ١/٤٤٥ح ٥١٤٥) .

سوره‌تی(سبح والغاشیة)[١١] یان (الجمعة والمنافقون)[١٢]، به‌ڵام نوێژی نیوه‌ڕۆ سوره‌تێکی دیاری کراوی نی‌یه .

١٤- نوێژی جومعه له باره‌یه‌وه چه‌نده‌ها ده‌ق هاتوه له‌جێبه‌جێ کردنی پاداشت و مژده هه‌یه، وه‌له نه‌کردنی سزاو هه‌ڕه‌شه هه‌یه هه‌روه‌ك مه‌علومه[١٣]، به‌ڵام سه‌باره‌ت به نوێژی نیوه‌ڕۆ هاوشێوه‌ی ئه‌مه نه‌هاتوه .

١٥- له‌پێش نوێژی جومعه سوننه‌تی راتیبه نی‌یه، وه‌پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمانی کردووه به‌وه‌ی هه‌ر که‌سێك نوێژی جومعه‌ی کرد با چوار ڕکات له پاشی‌یه‌وه بکات[١٤]، به‌ڵام نوێژی نیوه‌ڕۆ

---

(١١) عن النعمان بن بشير رضي الله عنه أن رسول الله ﷺ كان يقرأ في العيدين ويوم الجمعة ب: ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ و ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ﴾ قال وربما اجتمعا في يوم واحد فقرأ بهما) . (مسلم: ٨٧٨)، و(أبوداود: ١١٢٢)، و(النسائي: ١١٢/٣) .

(١٢) عن أبي رافع قال صلى بنا أبو هريرة رضي الله عنه يوم الجمعة فقرأ بسورة الجمعة وفي الركعة الآخرة ﴿إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ﴾ قال: فأدركت أبا هريرة حين انصرف فقلت له: إنك قرأت بسورتين كان علي رضي الله عنه يقرأ بهما بالكوفة، قال أبو هريرة: رضي الله عنه فإني سمعت رسول الله ﷺ يقرأ بهما يوم الجمعة) . (مسلم: ٨٧٧)، و(الترمذي: ٥١٩)، و(أبوداود: ١١٢٤)، و(إبن ماجة: ١١١٨) .

(١٣) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ .

واته: ئه‌ی كۆمه‌ڵی باوه‌ڕداران گه‌ر بانگ درا بۆ نوێژ له ڕۆژی جومعه ئه‌وه بڕۆن بۆ یادی خوا (نوێژی جومعه) وه‌كڕین وفرۆشتن بنێنه لاوه، ئه‌مه بۆ ئێوه باشتره گه‌ر ئێوه پێی بزانن .

وعن حفصة عن النبي ﷺ قال: (على كل محتلم رواح الجمعة وعلى كل من راح [ إلى] الجمعة الغسل) . (صحيح) (أبوداود: ١٤٧/١ح٣٤٢)، و(النسائي: ٨٩/٣)، و(إبن الجارود: ٢٧٨)، و(البيهقي: ١٧٢/٣) .

واته: له‌سه‌ر هه‌موو كه‌سێكی پێگه‌شتوو پێویسته ڕۆشتن بۆ جومعه، وه پێویسته له‌سه‌ر هه‌ر كه‌سێك چوو بۆ نوێژی جومعه (غوسڵ)ده‌ر بكات .

وعن عبدالله بن عمر وأبي هريرة رضي الله عنهم أنهما سمعا رسول الله ﷺ يقول على أعواد منبره: (لينتهين أقوام عن ودعهم الجمعات أو ليختمن الله على قلوبهم، ثم ليكونن من الغافلين) .(مسلم: ٨٦٥)، و(النسائي: ٨٨/٣)، و(ابن ماجه: ٧٩٤)، و(الدارمي: ١٥٧٠) .

واته: (یان ئه‌وه‌تا ئه‌وانه ده‌ست هه‌ڵ ده‌گرن له نه‌چونیان بۆ جومعه، یان خوای گه‌وره مۆر ده‌دات به‌سه‌ر دڵه‌كانیان، پاشان ده‌بن به‌و كه‌سانه‌ی كه له خوا بێ ئاگان) .

عن أبي الجعد الضمري رضي الله عنه وكان له صحبة: ((أن رسول الله ﷺ قال: ((من ترك ثلاث جُمع تهاونا بها طبع الله على قلبه) . (صحيح أبوداود: ١٠٥٢)، و(الترمذي: ٥٠٠)، و(النسائي: ٨٨/٣)، و(ابن ماجة: ١١٢٥) .

واته: (هه‌ر كه‌سێك سێ جومعه به‌كه‌مته‌رخه‌می ته‌رك بكات ئه‌وه خودا مۆر به‌سه‌ر دڵی ده‌دات) .

(١٤) عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: (من كان منكم مصليا بعد الجمعة فليصل أربعا [فإن كان له شغل فركعتين في المسجد وركعتين في البيت ] ) . (مسلم: ٨٢٢)، و(أبوداود: ١١٣١)، و(الترمذي: ٥٢٣)، و(النسائي: ١١٣/٣)، و(ابن ماجة: ١١٣٢)،

سووننەتی ڕاتیبەی لەپێش هەیە(١٥)، وەفەرمان نەهاتوە بە کردنی نوێژ لەپاشی، بەڵام نوێژی نیوەڕۆ ڕاتیبەی هەیە لەپاشی .

١٦- نوێژی جومعە لەپێشێوە دوو خوتبە دەدرێت(١٦)، بەڵام نوێژی نیوەڕۆ خوتبەی نی‌یە .

١٧- لەپاش بانگ بۆ نوێژی جومعە کڕین و فرۆشتن لەسەر ئەوانەی کە جومعەیان لەسەرە درووست نی‌یە(١٧)، بەڵام کڕین و فرۆشتن لەدوای بانگی نیوەڕۆ دروستە .

١٨- نوێژی جومعە گەر فەوتا لە مزگەوتێك نە لەو مزگەوتەو نەلە غەیری ئەو مزگەوتە ناگێڕدرێتەوە، بەڵام نوێژی نیوەڕۆ گەر فەوتا لە مزگەوتێك لەو مزگەوتەو غەیری ئەو مزگەوتەش دەگێڕدرێتەوە .

١٩- نوێژی جومعە مەرجە بۆ صیحەتی ئیزنی ئیمام لەسەر ووتەی هەندێك لە ئەهلی عیلم(١٨)، بەڵام بۆ نوێژی نیوەڕۆ

---

و(ابن خزيمة: ٢٣٣/٦ح ٢٤٨٥) . والزيادة لابن خزيمة وهي صحيحة .

واتە: (هەر کەسێك لە ئێوە گەر دەیەوێت لە پاش جومعە نوێژی سوننەت بکات با چوار ڕکات بکات[وە ئەگەر کارێکی هەبوو با دوو ڕکات لە مزگەوت بکات و دوو ڕکاتیش لە ماڵ بکات ])

وعن ابن عمر رضي الله عنهما قال: (كان رسول الله ﷺ يصلي بعد الجمعة ركعتين في بيته ) . (صحيح ابوداود: ٣٦٣/١ح١١٣١) .

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاش نوێژی جومعە لە ماڵەوە دوو ڕکات سوننەتی دەکرد) .

(١٥) عن ابن عمر رضي الله عنه قال: صليت مع رسول الله ﷺ قبل الظهر سجدتين وبعدها سجدتين وبعد المغرب سجدتين وبعد العشاء سجدتين وبعد الجمعة سجدتين فأما المغرب والعشاء والجمعة فصليت مع النبي ﷺ في بيته) .
(مسلم: ٧٢٩) .

واتە: (نوێژم کرد لە گەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێش نیوەڕۆ دوو ڕکات، وەلەپاشی دوو ڕکات، وەلە پاش مەغریب دوو ڕکات، وە لە پاش عیشا دوو ركات، وە لە پاش جومعە دوو ڕکات، ئەمما لە پاش نوێژی مەغریب و عیشاو جومعە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لەماڵیان کردمان) .

(١٦) جومهوری زانایان لەسەر ئەوەن کە خوتبەی جومعە مەرجە بۆ صیحەتو دامەزراندنی جومعە، بڕوانە: (البدائع: ٢٦٢/١)، وابن عابدين: ٥٦٧/١)، و(المغني (٧٤/٢) .

(١٧) ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ . وەنەهی لە لای جومهوری زانایان کڕین وفرۆشتن و مارەکردن وسەرجەم گرێبەستنێکە، بەڵام حەنبەلێکان وئیبن وحەزمیش هاوڕایانە دەڵێن: جگە لە فرۆشتن حەرام نی‌یە .

(١٨) زانای پایە بەرز شێخ ألبانی (رحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (ئیمامی گەورە (الإمام الأعظم

**ئیزنی ئیمام مەرج نییە بە ڕێك کەوتنی زانایان .**

**٢٠- بۆ ئەو کەسەی کە زوو دەچێت بۆ نوێژی جومعە پاداشتێکی تایبەتی جۆراوجۆری هەیە بەپێی کاتی چوون بۆ مزگەوت دەگۆڕێت[19]، وەمەلائیکەتەکان لەبەر دەرگاکانی مزگەوتەکە ڕاوەستاون ناونووسی یەك لەدوای یەکی هاتوان دەکەن[20]، بەلاّم سەبارەت بە نوێژی نیوەڕۆ هاوشێوەی ئەمە نەهاتوە .**

**٢١- نوێژی جومعە سارد کردنەوەی تێدا نییە، واتە: دوا ناخرێت کاتێك کە دونیا زۆر گەرم بوو، بەلاّم نوێژی نیوەڕۆ**

---

**مەرج نییە بۆ جومعە، وەئەگەر تەنها جێبەجێ کردنی پێغەمبەرﷺ یان کەسێك خۆی سپاردبێتی بەئیمامەتی ئەوە بگەیەنێت کە دەبێت ئیمامی گەورە**(إمام الاعظم) **ئیزن بدات ئەودەمە دەبوو ئیمامی گەورە** (الإمام الأعظم) **مەرج بوو بۆ سەرجەم نوێژەکان، چونکە لە سەردەمی پێغەمبەرﷺ بەئیزنی ئەو یان کەسێك خۆی فەرمانی پێ بکردایە بەو کارە نەبوایە نەئەکرا وەمەرجەکە بەتاڵە، جا مەرج بۆ کراوەکەش هەمان شێوە، بە هەر حاڵ ئەم مەرجە هیچ بەڵگەیەکی عیلمی لەسەر نییە بەڵکو ئەوەی لەو بارەوە ریوایەت کراوە لە پێشینانەوە صەحیح نییە چ جای ئەوەی شتێك بە صەحیحی ریوایەت کرا بێت لە پێغەمبەری خواوەﷺ .**
(الأجوبة النافعة) .

(١٩) عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله ﷺ قال: (من اغتسل يوم الجمعة غسل الجنابة ثم راح فكأنما قرب بدنة، ومن راح في الساعة الثانية فكأنما قرب بقرة، ومن راح في الثالثة فكأنما قرب كبشا أقرن، ومن راح في الساعة الرابعة فكأنما قرب دجاجة، ومن راح في الساعة الخامسة فكأنما قرب بيضة، فإذا خرج الإمام حضرت الملائكة يستمعون الذكر) (البخاري: ٣٤١/١ح ٨٤١)، و(مسلم: ٥٨٢/٢ح ٨٥٠)، و(أبوداود: ١٥٠/١ح٣٥١)، و(الترمذي: ٣٧٢/٢ح ٤٩٩)، و(النسائي: ٩٩/٣ح ١٣٨٨)، و(أحمد: ٤٦٠/٢ح ٩٩٢٨)، و(صحيح إبن حبان: ١٣/٧ح ٢٧٧٥)، و(مسند الشافعي: ٦٢/١ح ٢٦٥) .

(٢٠) عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال النبي ﷺ: (إذا كان يوم الجمعة وقفت الملائكة على باب المسجد يكتبون الأول فالأول ومثل المهجر كمثل الذي يهدي بدنة ثم كالذي يهدي بقرة ثم كبشا ثم دجاجة ثم بيضة فإذا خرج الإمام طووا صحفهم ويستمعون الذكر ) (البخاري: ٣١٤/١ح ٨٨٧)، و(مسلم: ٥٨٦/٢ح ٨٥٠)، و(أبوداود: ٣٤٣/١ح ١٠٥١)، و(النسائي: ٩٧/٣ح ١٣٨٥) ، و(ابن ماجة: ٣٤٧/١ح١٠٩٢) .

**واتە: (کاتێك ڕۆژی جومعە بوو مەلائیکەتەکان لەبەر دەرگای مزگەوتەکە ڕادەوەستێت یەك لە دوای یەك دەنووسێت وەئەوەی کە لە کاتی یەکەم دێت وەك ئەوە وایە کە بەدەنەیەکی بەخشاندبێت ( بەدەنە: بە تاکی مانگاو ووشترو مەری گەوڕ دەوترێت)، پاشان ئەوەی دێت وەك ئەوە وایە مانگایەك ببەخشێت، پاشان بەرانێك پاشان مریشکێك پاشان هێلکەیەك، وەکاتێك ئیمام هات (بۆ سەر مینبەر) ئەوان پەڕەکانیان دەپێچنەوەو گوێ لە زیکروو ووتارەکە دەگرن) .**

سوننەتە کە سارد بکرێتەوە، واتە: دوا بخرێت گەر دونیا زۆر گەرم بو[٢١] .

ئەمە کۆمەڵە جیاوازیەك بوو لەنێوان جومعەو نیوەڕۆ، وەهەندێك لە زانایان سەرژمێری زیاتر لە سی حوکمی بۆ دەکەن، بەڵام هەندێك لەوەی کە زیاترە لەوەی کەباسمان کرد شتی لە سەرە، یان لەژێر ئەو خاڵانەی باسمان کرد خۆی دەبینێتەوە .

(٢١) عن أبي سعيد رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: ( أبردوا بالظهر فإن شدة الحر من فيح جهنم) ( البخاري: ١/١٩٩ ح ٥١٣) .

واتە: (نوێژی نیوەڕۆ سارد کەنەوە (واتە: دوای بخەن تا فێنك دەبێت)، چونکە تینی گەرما لە هەناسەی دۆزەخە) .

وعن أبي ذر الغفاري رضي الله عنه قال: (كنا مع النبي ﷺ في سفر فأراد المؤذن أن يؤذن للظهر فقال النبي ﷺ: ( أبرد )، ثم أراد أن يؤذن فقال له: (أبرد)، حتى رأينا فيء التلول، فقال النبي ﷺ: (( إن شدة الحر من فيح جهنم فإذا اشتد الحر فأبردوا بالصلاة) وقال ابن عباس: " يتفيأ " يتميل .

ئەبو زەری غیفاری رضي الله عنه دەفەرمووێت: (لە گەڵ پێغەمبەر بوین ﷺ لە سەفەرێك بانگ بێژەکە ویستی بانگ بو نیوەڕۆ بدات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ساردی کەرەوە واتە: دوای بخە)، پاشان ویستی بانگ بدات پێی فەرموو: (ساردی کەرەوە واتە: دوای بخە) تاوەکوو سێبەری گردەکانمان بینی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (تینی گەرما لە دۆزەخەوەیە جا گەر گەرما زۆر بە تین بوو ئەوە نوێژی نیوەڕۆ دوابخەن ) .

**بەڵام سنووری سارد کرنەوەو دوا خستنی نوێژ: ووتەی درووست ئەوەیە بەپێی حاڵ دەگۆڕێت بەمەرجێك درێژە نەکێشێت تا دوا کات.**

**والحمد الله رب العالمين**
**وصلى الله على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين.**

==================

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
**1428 - 2007**

# ترسناكی زمان لەسەر دوا ڕۆژی ئینسان

ئامادەكردنی: م/ محسن محمود سلمان
إمام و خەطیبی مزگەوتی
صلاح الدین لە زەڕایەن

بەشی سێیەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلِه وصحبه أجمعين .

لە زنجیرەی یەكەم و دووەمدا باسی چەند خراپەیەك لە خراپەكانی زمانمان كرد، وە لە زنجیرەی سێیەمدا بە یارمەتی خودا دێینە سەر باسكردنی خراپەیەكی تر لە ژێر ناونیشانی (غەیبەت كردن) (زەمكردن).

**غەیبەت:-** بریتییە لە باسكردن و ناوبردنی كەسێك بەوەی كە پێی ناخۆشە گەر باسی ڕەوشت و هەڵسوكەوتی بێت یان باسی خراپی ماڵ و منداڵ و خێزانی بێت لە پاشملە.

وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(**اتدرون ماالغيبه؟** قالوا الله ورسوله أعلم، قال: **ذكرك أخاك بمايكره.** قيل: أفرأيت إن كان في أخي ماأقول؟ قال: **إن كان فيه ماتقول فقد اغتبتهُ، وإن لم يكن منه ما تقول فقد بهتهُ**)(1).

واتە: ئایا دەزانن غەیبەت چییە؟ ووتیان خودا و پێغەمبەر ﷺ باش دەزانن پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی: باسكردنی براكەتە بەو شتەی كە پێی ناخۆشە، ئەوانیش وتیان: ئەی ئەگەر ئەوەی كە ئێمە دەیڵێین لەبراكەماندا هەبوو؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر ئەوەی ئێوە دەیڵێین لەبراكەتاندا هەبوو ئەوە غەیبەتان كردووە، خۆ ئەگەر وانە بوو ئەوا بوهتانتان كردووە (درۆتان بۆ هەڵبەستوە).

## شێوازەكانی غەیبەتكردن:

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر شێوازەكانی غەیبەت و بەرچاو ڕوونی خوێنەران بەكورتی باسیان دەكەین كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

---

(١) (رواه مسلم)، وانظر: (مشكاة المصابيح: ٤٨٢٨)، و(صحيح الترغيب والترهيب: ٢٨٤٤).

أ- باسكردنی ئەندام و لاشەو پێکهاتەی جەستەیی بەکەم و کورتی، بۆ نموونە بووترێت: کەسێکی درێژە، یان کەسێکی کورتە بالآیە، یان قەڵەوە، یان هەر شتی لەم بابەتانە بە مەبەستی شکاندن و گاڵتە پێکردن .

ب- باسکردنی نەژادو رەچەڵەکی خەڵکان بە خراپی و بێ سەرو بەری .

ج- باسکردنی خۆ ڕەوشت و ئەخلاق و هەڵسوکەوتی، وەك ئەوەی بووترێت: خەواڵوە و چاو چنۆکە، یان ڕژدە یان....هتد.

د- باسکردنی لە ڕووی دینەوە وەك بە دووڕوو ناوبرێ، یان درۆزنە، یان ستەمکارە، یان ریابازە...هتد.

کەواتە باسکردنی هەر کەسێك بە شێوازێ لەم شێوازانە بەغەیبەت دەژمێردرێت و خاوەنەکەی دووچاری سزای خوای گەورە دەبێت.

**ناهەمواری تاوانی غەیبەت:**

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا غەیبەتی قەدەغە کردووە و دەیشوبهێنێت بە خواردنی گۆشتی مردوو، بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێ لێی نزیك نەبینەوە، وەك دەفەرمووێت:

﴿وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ﴾ [الحجرات: ١٢].

واتە: **هیچ کەسێ لە ئێوە غەیبەتی یەکتر** مەکەن و بەشوێن کەموکوڕی یەکتردا مەگەڕێن، وە لە پاشملە باسی یەکتر بە خراپی مەکەن، ئایا یەکێ لە ئێوە ئامادەیە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟!! بێ گومان ئەمەتان زۆر پێ ناخۆشە وپێتان ناکرێ، کەواتە خۆتان بپارێزن و لە خودا بترسن و بەڕاستی خودا پەشیمانی وەردەگرێ و بەبەزەییە بەرامبەرتان.

ڕەوانبێژی ئەم ئایەتە لەوەدایە کە کەسی ناو براو شوبهاوە بەمردوو ئاشکرایە مردوویش ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، زیندوەکەش شوبهاوە بە گۆشت خۆر بەڵام چ گۆشتێ گۆشتی مردوو! کەواتە چۆن پێتان ناخۆشە گۆشتی مردووەکانتان بخۆن بەهەمان شێوە دەبێت پێتان ناخۆش بێت کە ناوی یەکتر بەخراپی ببەن.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ باسی سزای سەختی غەیبەتکار دەکات لە ڕۆژی دواییدا ودەفەرمووێت:

(لما عرج بي مررت بقوم لهم أظفار من نحاس يخمشون وجوههم وصدورهم، فقلت: من هولاء ياجبريل؟ قال: هولاء

الذين يأكلون لحوم النـــاس ويقعـــون في أعراضهم)[٢] .

واتە: كاتێ بەرز كرامـەوە بـۆ ئاسمـان دام بــەلای كۆمەڵێكـدا نینۆكیـان لــەمس بـۆ دروستكرا بـوو ڕوخسارو سینگی خۆیـان پێ چنگەڕنی دەكرد، منیش ووتم: ئـەی جوبرەئیـل ئەمانـە كێن؟ ئـەویش ووتـی: ئەمانــە ئــەو كەســانەن كــە ســەرقاڵی خــواردنی گۆشــتی خــەڵكن و دەكەونــە هەڵدانـــەوەی پیرۆزیـــــیـــــەكانیان و باسكردنیان بەخراپە.

هەروەها دایكی موسڵمانان دەفـەرموویێت: جارێك بە پێغەمبەر ﷺ ووتم: (سـەفییەت بەسە) مەبەسـتی ئـەوەبوو كورتـە باڵایـە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(لقد قلت كلمة لو مزجت بمـــاء البحـــر لمزجته)[٣] .

واتــە: بەڕاسـتی قـسەیەكت كـرد ئەگـەر تێكەڵی ئاوی دەریاكـان بكرێـت بـۆ گـەنی دەكات.

گوێگرتن لەغەیبەت كردن:

خــوای گــەورە لــە قورئانــدا لــە باســی ســـــیفەتەكانی بـــــڕواداری راســـــتەقینە دەفەرموویێت:

﴿وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ﴾ [المؤمنون: ٣] .

واتــە: ئــەو كەسـانەن بـاوەڕدار كـە دوور دەكەونەوە لەو شـوێنانەی كە غەیبـەت و قسەی پڕوپوچیان تێدا دەكرێ.

كەواتە پێویستە لەسەر ئـەو كەسـەی كـە گـوێ بیـستی غەیبەتـە پـشتی هـەڵكات و بـڕوات، یـان بتـوانی ڕێگـری لەدانیـشتوان بكات لەو قسە بێ هودانـە، یـان بـەرگری بكات لەغەیبەت كراو، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:

(من رد عن عرض أخيه رد الله عن وجهه النار يوم القيامة)[٤] .

واتـــە: هـــەر كەســـێ بـــەرگری بكـــات لەبرایـــەكی موســـڵمانی كـــاتێ غەیبـــەت دەكرێ خـودای گـەورە ڕوخساری لـەئاگر دەپارێزێ لەڕۆژی دواییدا .

حوكمی غەیبەت كردن:

زانایــان هــاودەنگن لەســەر ئــەوەی كــە غەیبــەت حەرامــە و یەكێكــە لــە گوناهــە

---

(٢) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٢١٣، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٨٣٩، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٣٣).

(٣) (رواه أبو داود: ٤٨٧٥، والترمذي: ٢٥٠٢، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥١٤٠، وصحيح سن أبي داود: ٤٨٧٥).

(٤) (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٦٢٦٢، ٦٢٦٣، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٨٤٨).

گەورەکان بە پیێی ئەو بەڵگانە کەباسمان کرد .

**ئـەو حاڵەتانـەی کـە غەیبـەتیان تێدا دروستە:**

هــەروەك لــە پێــشەوە وتمــان غەیبــەت گوناهێکی گەورەیە و نابێت موسڵمان لێی نزیك بێتەوە مەگەر لەو حاڵەتانەدا نـەبێت کە شەرع ڕێگەی پێداوە بە گوێرەی ئـەم دوو مەرجە:

١- بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی مەبەســـتێکی شەرعی ویستراو، واتـە: بـەبێ ووتنـی ئـەو ووشــە و پێناســانەی کــە پێــی ناســراوە ئامانجەکە ڕوون نەبێتەوە .

٢- دروستە بەئەندازەی پێویست (بقــدر الحاجة)، چونکە حەلاڵ بوونی غەیبەت لەم حاڵەتانــەدا وەك حــەلاڵ بــوونی گۆشــتی مــردارەوە بــوو وایــە، واتــە لەناچــاریدا بەکاردێت .

**حاڵـەتی یەکـەم:** لـەبواری سـکاڵادا، بـۆ نموونـــە ســـکاڵای ســـتەم لێکـــراو لای دەســـەڵات داران بـــۆ گەڕانـــەوەی مـــافی زەوت لێکراویان، ئەم ناوبردنە غەیبەتێکی ڕەوایە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:
**(لي الواجد يحل عرضه وعقوبته)**[٥].

واتــە: دەســت ڕۆیــشتوو لاســاری بکــات لەدانەوەی مافی خەڵك ئەو کاتـە نـاوبردن وسزادانی دروستە .

دەبیـــنین دواخـــستنی مـــاڵی خـــەڵك و نەدانـــەوەی مافـــەکانیان لەلایـــەن دەوڵەمەندەکانــەوە پێغەمبــەر ﷺ بــە زوڵمــی دانــاوە و ناوبردنیــانی بەحــەلاڵ لەقەڵەم داوە .

**حاڵـەتی دووەم:** لـەکاتی داوای یارمـەتی کردن لەکەسانێ کە بـەتوانان بـۆ گۆڕینی خراپــە و گێڕانــەوەی خراپــەکار بۆســەر ڕێگەی ڕاست، وەك بـوترێ: (فـلان کـەس خراپەکارە یان سـەرقاڵی گونـاهو تاوانـە) ئامۆژگاری بکەو ڕێگری بکـە مەبەسـتیش تەنها جڵـەو گـیری بێـت لـەگوناهو تـاوان، خۆ ئەگەر بەم باسکردنە مەبەستێکی تری هــەبوو ئــەوە ئەچــێتە باســی غەیبــەتی حەرامـــەوە، بەڵگـــەشمان (بـــەگوێرەی دەقـــەکانی فـــەرمان بەچـــاکەو نـــەهی لەخراپەیە) .

**حاڵـەتی سـێیـەم:** بـۆ پرسـینی فـەتوای شــەرعی وەك کەسـێ بەشــەرعزانێ بڵێـت براکەم یان مێردەکەم بەشی خۆمم ناداتێ چــۆن مــافی خــۆم وەرگــرم، ئــەم جــۆرە باسـکردنە ڕێگـەی پێـدراوە بـە پێـی ئـەو فەرمودەیـەی دایکـی موسـڵمانان عائیـشە (خــوای لــێ ڕازی بێــت) دەیگێڕێتــەوە و دەفەرمێت: هندی خێزانـی ئـەبو سـوفیان (خوایان لێ ڕازی بێـت)لـە پێغەمبـەری ﷺ

---

(٥) (رواه أبو داود والنسائي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٤٨٧، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٨١٥، ومشكاة المصابيح: ٢٩١٩).

پرسی ئەبو سوفیانی مێردم پیاوێكی دەست قوچاوە ئەوەندەم ناداتێ كەبەشی خۆم ومنداڵەكەم بكات مەگەر خۆم شتێ بەبێ ئاگاداری ئەو هەڵبگرم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی:

(خذي ما يكفيك وولدك بالمعروف)[٦].

واتە: بەشی خۆت ومنداڵەكەتی لێ هەڵگرە بێ زیادو كەم.

**حاڵەتی چوارەم:** بۆئاگادار كردنەوەی موسڵمانان لەزیان و زەرەری ئەو كەسانەی كەزیان بەخشن، وەك عائیشە (خوای لێ رازی بێت)دەفەرموێت: (پیاوێك داوای مۆڵەتی كرد كەبێتە ژورەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (إئذنوا له بئس أخو العشيرة)[٧].

واتە: مۆڵەتی بدەن هەرچەن كەسێكی نالەباری عەشرەتەكەیە، لەبەرخراپی ئەم پیاوە پێغەمبەرﷺ ویستی دەوروبەری خۆی ئاگادار بكاتەوە لەزەرەرو زیانی .

هەروەها لەكاتی ڕاوێژ كردن وپرسكردن بۆ پێناسە كردن وناساندنی كەسێ بۆ ئامانجێكی ڕەوا، وەك بابەتی هاوسەرگیری، یان شەریكی، یان تێكەڵاوی، .... هتد پێویستە لەسەر ڕاوێژپێكراو ئەوەی كە دەیزانێ لەسیفەتی خراپە لەسەر ئەو كەسە ڕوونی بكاتەوە وەك ئامۆژگاریەك، بەڵگەشمان فاتیمەی كچی قەیس ووتی: ابو جەهم و موعاویە خواز بێنیان كردم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی:

(أما معاوية صعلوك لامال له، وأما ابو جهم فلا يضع العصا عن عاتقه) متفق عليه وفي رواية مسلم: أما أبو جهم (فضراب للنساء)[٨].

واتە: معاويە گەدايە وهيچ ماڵێكی نیيە، وە ئەبو جەهمیش گۆچانەكەی لەسەر شانی دانانێ، واتە خراپ دەست دەكاتەوە لەژن، بەم پێناسینانە تێی گەیاندن كە شو بەهیچ كامیان نەكات .

**حاڵەتی پێنجەم:** بۆ نازناو بەمەبەستی ناسینەوەی بەشێوەیەك كە (ناز ناوەكەی) بۆ ببێتە ناو بۆ كەسەكە ئەو كاتە ناوبردنی ئەو كەسە بەو ناونیشانە دروستە بەمەرجێ مەبەست شكاندن و سوكایەتی پێكردن نەبێت، وەك ئەو هاوەڵەی كە ناوبانگی دەركر بوو (ذواليدين) واتە: (باڵ درێژ) .

---

(٦) (رواه أبو داود والنسائي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: مشكاة المصابيح: ٣٣٤٢، وإرواء الغليل: ٢١٥٨و ٢١٦٢و ٢٦٤٦).

(٧) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في: مشكاة المصابيح: ٤٨٢٩، والأدب المفرد: ٧٥٥و ١٣١١).

(٨) (صحيح سنن النسائي: ٣٢٤٥، وصحيح سنن أبي داود: ٢٢٨٤، ومشكاة المصابيح: ٣٣٢٤).

## چۆن لەغەیبەت کردن دوور کەوینەوە؟

خوێنەری بەڕێز بۆ دورکەوتنەوە لەغەیبەت کردن پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەین.

١- دەبێت بە دڵنیاییەوە بزانین کە غەیبەت کردن حەرامە و هۆکارێکە بۆ دووچار بوونت بەسزای توندو تیژی ڕۆژی دواییت.

٢- پێویستە غەیبەتکار بیر لەناهەمواری ئەم گوناهە بکاتەوە ووا بزانێت گۆشتی برای خۆی بەمردوویی دەخوات.

٣- هەروەها مرۆڤی غەیبەتکار بزانێت بەباسکردنی خەڵك کردەوە چاکەکانی خۆی لەکیس دەدات، وە ئەو کەسەی کە ئەو ڕقی لێیەتی و بەخراپی باسی دەکات دەبێتە برا بەشی لەکردەوە چاکەکانیدا. وەك نوێژو ڕۆژو خێرو خێرات.

٤- هەروەها پێویستە مرۆڤی غەیبەتکار تەواو دڵنیا بێت کە هیچ مرۆڤێ نیە دوور بێت لەکەم کوڕی مەگەر یەکێ خودا پاراستبێتی، ئەم بیرکردنەوەیە وای لێبکات کە سەرقاڵی کەم و کوڕیەکانی خۆی بێت و هەوڵی چاکردنیان بدات، ئەگەر ویستی کەسانێ چاك بن بابچێ دوبەدوویی ئاگاداری بکات لە کەم و کورتیەکانی .

خراترین مرۆ کەسێکە سەرقاڵی نەنگی خەڵکە
وەك مەگەز وایە شەیدای برین و چڵکە
گەر تەشەر بدەی لەیەکێ بەوەی کە لەخۆتدایە
وەك کوێرەکەت لێدێ ، دەڵێ چاوی فلاَن وایە
ئەگەر ناوی عەیبێك ببەیت کە ڕاستەو وایە
لای خەڵك هەم لای خوداش گوناهو ناڕەوایە .

## تەوبەکردن لەغەیبەت:

بێ گومان غەیبەتکار کەوتۆتە ناو دوو تاوانەوە:

**یەکەم:** گوێ نەدانانە بە فەرمانەکانی خودای گەورە و بەزاندنی سنورەکانی، وەبە پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە بۆ لای پەروەرگار دەتوانێ جارێکی تر ڕەزامەندنی خودای گەورە بەدەست بێنێت، چونکە دەرگای تەوبە و پەشیمانی والآیە بۆ پێشوازی لە تەوبەکاران .

**دووەم:** پێ شێل کردنی مافی خەڵکە کەباسیان دەکات بە ناحەق بۆ ئەوەی خۆی پاك بکاتەوە لەم تاوانەش پێویستە سەردانی ئەو کەسانە بکات کە غەیبەتی کردون، داوای گەردن ئازاییان لێ بکات، بەلاَم ئەگەر بزانێ سەردانەکەی دەبێتە مایەی لیکترازانیان ودروست بوونی ڕق و قین لە نێوانیاندا باشتر وایە باسی نەکات، بەلاَم لەو شوێنانەی کە بە خراپی باسی کردوون بە چاکە باسی بکات، سیفەتە باشەکانیان بخاتە ڕوو.

الحمد لله رب العالمين

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

# هەندێك لە سڕینەرەوەكانی تاوانەكان

م/ يوسف رشيد محمود

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله وحده، والصلاة و السلام على من لانبي بعده،**

موسڵمانانی خۆشەویست: گومانی تێدا نییە خوای گەورە فەزڵ و ڕەحمەتی زۆرە بەسەر مانەوە، هەندێك لەو فەزڵ و ڕەحمەتانەی ڕژاندویێتی بەسەرماندا بریتییە لە (سڕینەرەوەی تاوانەكان)، واتە: خوا وپێغەمبەری خواﷺ هەندێك هۆكاریان داناوە ئەگەر موسڵمانان هەڵسن بەجێبەجێ كردنیان ئەوا دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەكانیان، ئەو هۆكارانەش بریتین لە:

**١- ئیسلام، واتە موسڵمان بوون:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

**﴿قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ وَإِنْ يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ﴾** [الأنفال: ٣٨] .

واتە: ئەی موحەمەدﷺ بە بێ باوەڕەكان بڵێ ئەگەر وازبێنن (لەهاوبەش دانان بۆ خوا و دژایەتی كردنی پێغەمبەرﷺ) ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەكانی لەوەو پێشیان خۆش دەبێت بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دژایەتی كردنی تۆ ئەی موحەمەد ﷺ (لە دوای شەڕی بەدەرەوە) ئەوا ڕێبازی ئەوانەی پێشوو ڕابوورد)، ئەویش بەو شێوە بوو كە ئەوان بەردەوام بوونایە لەسەر بە درۆ زانینی پێغەمبەرەكەیان و سەركەشیان خوای گەورە زوو لە ناوی دەدان.

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

**(إذا أسلم العَبْد، فحسن إسلامه كتب الله له كل حسنة كان أزلفها، ومحيت عنه كل سيئة كان أزلفها...)**[1].

---

(١) (علقه البخاري: ١/ ٩٨-الفتح)، دون جملة كتابة الحسنات المتقدمة، (ووصله النسائي: ٨/ ١٠٥-١٠٦) بسند صحيح، وصححه الشيخ الألباني في: (صحيح الجامع

واتــه: ئەگــەر بەنــدە موســڵمان بێــت موســڵمان بــونێکی جــوان و تــەواو، ئــەوا خوای گەورە هەموو ئەو کردەوە چاکانەی بۆ دەنوسێت کە لـەوەو پـێش ئـەنجامی دابوو، وە هەموو ئـەو خراپـە و تاوانانـەی دەسـڕێتەوە کـە لـەوەو پـێش ئـەنجامی دابوو،

**٢- شوێن کەوتنی پێغەمبەرﷺ:**

خوای گەورە پێغەمبـەریﷺ ناردووە بۆ ئـەم ئوممەتـە تـاوەکو دەریـان بێنـی لـە تاریکایەکان بۆ ڕووناکی، جـا هـەر کەسـێ شوێنی بکەوێ خوای گـەورە ڕەحمـی پـێ دەکات لە تاوانـەکانی خـۆش دەبێت، وە هەرکەسێ شوێنی نەکەوێت خوای گـەورە هـــیچ کردەوەیـــەکی لێ وەرناگرێـــت و ســـزایەکی توندیـــشی دەدات لـــە ڕۆژی دواییدا.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [آل عمران: ٣١]

واتە: ئەی موحەمەد ﷺ بەو خەڵکە بڵـێ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت شـوێنی من بکەون خوای گەورەش ئێـوەی خـۆش دەوێـت و لـە تاوانەکانیـشتان دەبوورێت، خوای گەورە زۆر لێبوردەو بە بەزەییە.

**٣- گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ لای خوا:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ﴾ [التحريم :٨] .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێنـاوە بە خوا بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە بە گەڕانەوەیـــەکی یـــەکجارەکی، نزیکـــە پـــەروەردگارتان تاوانـــەکانتان بـــسڕێتەوە (بەهۆی گەڕانەوەتان بۆ لای ئەو).

وە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(التائب من الذنب كمن لا ذنب له)[٢] .

واتــە: ئــەو کەســەی دەگەڕێتــەوە و واز دەهێنـێ لـەتاوان، وەك ئـەو کەسـە وایـە تاوانی نەکرد بێت.

---

الصغير: ٣٣٦، وصحيح سنن النسائي: ٤٩٩٨، وسلـسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٤٧).

(٢) (أخرجه ابن ماجة، وحسنه الشيخ الألباني في: (صحيح الجامع الصغير: ٣٠٠٨، وصحيح سنن ابن ماجة: ٤٢٥٠، وصحيح الترغيب والترهيب: ٣١٤٥).

**٤- لێبوردن:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ [النور:٢٢] .

واتە: لێبوردنتان هەبێت بەرامبەر ئەو كەسانەی هەڵە دەكەن بەرامبەرتان و تۆڵەیان لێ مەسێننەوە، ئایا پێتان خۆشە خوای گەورە لێتان خۆش بێت، بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێبوردەو بە بەزەییە.

وە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(تلقت الملائكة روح رجل ممن كان قبلكم فقالوا: عملت من الخير شيئا؟ قال: لا. قالوا: تذكر، قال: كنت أداين الناس فآمر فتياني أن ينظروا المعسر ويتجوزوا عن الموسر. قال: قال الله: تجاوزوا عنه)(٣) .

واتە: فریشتەكانی روح كێشان گەیشتن بە پیاوێك لە ئوممەتانی پێش ئێوە، پێیان ووت: ئایا دەزانیت هەر چاكەیەكت كرد بێت؟ پیاوەكە ووتی: من قەرزم لای خەڵكی بوو فەرمانم دەكرد بە خزمەتكارەكانم كە چاوەڕوانی ئەو كەسە بكەن كە دەست كورت و هەژارە، وە لەوانەش ببورن كە دەوڵەمەندن، خوای گەورەش فەرمووی بەفریشتەكان: كەواتە ئێوەش لێی خۆش بن .

**٥- چاكە كردن بەدوای خراپە كردن دا:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ﴾ [هود : ١١٤].

واتە: بەڕاستی چاكەكان خراپەكان لادەدات ودەی سڕێتەوە، ئەوەش بەبیرهێنانەوەیەكە بۆ ئەو كەسانەی یادی خوا زۆر دەكەن.

وە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(إتق اللّهَ حَيْثُما كُنْتَ، وَأتبعِ الَسّيّئةَ الَحسنةَ تَمحُها، وَخالِقِ النّاس بِخُلُقٍ حَسَنٍ)(٤) .

واتە: خۆت بپارێزە لە سزاو تووڕەیی خوا (بەجێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی و دووركەوتنەوە لە قەدەغەكراوەكانی)، وە بە دوای خراپەكردندا چاكە بكە ئەوا دەی سڕێتەوە، وە تێكەڵاوی خەڵكی ببە بە خوو ڕەوشتێكی جوانەوە .

---

(٣) (أخرجه البخاري: ٤/ ٣٠٧- الفتح)، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٩٠٤).

(٤) (أخرجه الترمذي وأحمد وابن أبي شيبة، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٩٧).

**٦- بلاَو كردنەوەی سەلاَو و گفتوگۆی جوان:**

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:**

**(إنَّ مِنْ موجبات المَغفرةِ: بذْلُ السلام، وَحُسْنُ الكلامِ)[٥].**

**واتە: بەڕاستی هەندێك لە مسۆگەر کردنەکانی لێخۆش بوونی خوای گەورە (بۆ تاوانەکانمان) بریتییە لە: بلاَوکرنەوەی سلاَو و گفتوگۆی جوان .**

**٧- تەوقەکردن:**

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:**

**(ما من مسلِمَيْنِ يلتقيان، فيتصافحانِ إلا غُفِرَ لهما قبل أن يتفرقا)[٦].**

**واتە: هیچ دوو موسڵمانێك بەیەك ناگەن و، پێکەوە تەوقە ناکەن، ئیلا خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت پێش ئەوەی لەیەك جیاببنەوە.**

**٨- چاکە کردن لەگەلّ ئاژەلّ و نەرم و نیانی بەرامبەریان:**

(٥) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٠٣٥، وصحيح الجامع الصغير: ٢٢٣٢).

(٦) (أبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: (صحيح الجامع الصغير: ٥٧٧٧، وصحيح سنن الترمذي: ٢٧٢٧، وصحيح ابن ماجة: ٣٧٠٣).

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:**

**(بينهما رجل يمشي بطريق إذا اشتد عليه العطش فوجد بئراً، فنزل فشرب وخرج، فإذا بكلب يلهث يأكل الثرى من العطش، فقال الرجل: لقد بلغ هذا الكلب من العطش مثل الذي بلغ مني، فنزل البئر، فملأ خفه، ثم أمسكه بفيه حتى رقي فسقى الكلب، فشكر الله له، فغفر له).**

فقالوا: يارسول الله وإن لنا في البهائم لأجراً؟ فقال: **(في كل ذات كبد رطبة أجر)[٧] .**

**واتە: لە کاتێك دا پیاوێك دەڕۆیشت بە ڕێگایەکدا زۆر تینوی بوو بیرێکی ئاوی بینی، دابەزی بۆ ناو بیرەکەو ئاوی خواردەوە، لە پاشاندا دەرچوو تەماشای کرد سەگێك لە تینوودا زمانی دەرکرد بوو خۆلّی زەویەکەی دەخوارد، پیاوەکە ووتی: بەڕاستی ئەم سەگە توشی تینویەتییەك بووە وەکو تینویەتییەکەی من، پیاوەکە دابەزی بۆ ناو بیرەکەو خوفەکەی پڕکرد لە ئاو، پاشان بەدەمی گرتی هەتاوەکو سەرکەوتە سەرەوە و سەگەکەی تێر ئاو کرد، لە پاشان خوای**

(٧) (البخاري: ٢٣٦٣)، و(مسلم: ٢٢٤٤).

گەورە سوپاسی ئەو پیاوەی كردو لێیشی خۆش بوو.

**٩- دووركەوتنەوە لەتاوانە گەورەكان:**

**خوای گەورە دەفەرمێت:**

**﴿إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلاً كَرِيمًا﴾**

[النساء :٣١].

**واتە: ئەگەر ئێوە ئەی بڕواداران دووركەونەوە لە تاوانە گەورەكان (وەكو زینا و كوشتنی بەناحەق و ریباو...هتد) ئەوا ئێمەش تاوانە بچووكەكانتان دەسڕینەوە و دەتان خەینە ناو جێگەیەكی ڕێز لێ گیراوەوە (كە ئەویش بەهەشتە)**

**١٠- بەلاو موسیبەت:**

**پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:**

**(إذا ابتلى الله العبد المسلم ببلاءٍ في جَسده قال الله للمَلك: اكتب له صالح عمله الذي يعمله، فإن شفاه غسله وطهّره، وإن قبضه غَفَر له ورحمه)[٨].**

**واتە: ئەگەر خوای گەورە بەلاو موسیبەتێك تووشی بەندەیەكی موسڵمان بكات لە لاشەیدا خوای گەورە بە فریشتەی چاكە نووس دەفەرمووێت: هەموو ئەو چاكانەیشی بۆ بنوسە كە لەوەو پێش دەیكرد وئێستا بۆی ناكرێ، جا ئەگەر خوای شیفای بۆ بنێرێ و چاك بێتەوە ئەوا دەیشۆرێت وپاكی دەكاتەوە لە تاوانەكانی، وەئەگەر ڕووحی بكێشێت و بیباتەوە بۆلای خۆی لێی خۆش دەبێت و ڕەحمی پێ دەكات .**

**١١- دەست نوێژ گرتن بە جوانترین شێوە[٩]:**

عن عثمان بن عفانرضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ: **(مَنْ توضأ، فأحسن الوضوء خرجت خطاياه من جسده حتى تخرج من تحت أظافره)[١٠].**

**واتە: هەركەسێ دەست نوێژ بگرێت، بە دەست نوێژێكی جوان و ڕێك وپێك، ئەوا تاوانەكانی دەردەچن لەلاشەی هەتا لەبن نینۆكەكانی‌یەوە دەردەچێت.**

---

(٨) (رواه أحمد، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٥٨، ومشكاة المصابيح: ١٥٦٠، وصحيح الترغيب والترهيب: ٣٤٢٢).

(٩) (واتە: بەپێی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بێت، چونكە ئەوە مەرجە بۆ سڕینەوەی تاوانەكان.

(١٠) (مسلم: ٣/ ١٣٣٣- النووي).

**ووشەی (مَنْ) گشتییە، بەڵام تایبەتە بە موسڵمانانەوە هەروەکو چۆن لەفەرموودەی تردا هاتووە، جا جگە لەموسڵمان ئەگەر دەست نوێژ بگرێت بە جوانترین شێوەش هیچ بایەخێکی نییە لای خوای گەورە و تاوانیشی پێ ناسڕێتەوە .**

**١٢- بانگدان:**

**پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:**

**(إن المؤذن يغفر له مدى صوته، ويصدقه كل رطب ويابس سمع صوته، والشاهد عليه له خمس وعشرون درجة)[١١].**

**واتە: بەڕاستی بانگدەر لێخۆشبوونی بۆ هەیە لەلایەن پەروەدگارەوە بەدرێژایی دەنگەکەی (واتە: چەندێك دەنگی بەرز بێت دروستکراوانێکی زیاتر دەنگی دەبیستن و داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن، خوای گەورەش بە ئەندازەی داواکەی ئەوان لێی خۆش دەبێت، وە ئەو بانگدەرە بەڕاست دەخەنەوە هەموو تەڕو ووشکێك کە دەنگی باندەرەکە دەبیستن، وەئەو کەسەیش ئامادەی ئەو نوێژە دەبێت کە بانگەکەی بۆ دراوە بیست و پێنج پلەی بۆ هەیە.**

**١٣- نوێژ کردن:**

عن أبي هريرة ﷺ أنه سمع رسول الله ﷺ يقول: (**أرأيتم لو أن نهراً بباب أحدكم يغتسل فيه كل يوم خمساً، ماتقول ذلك، تبقي من درنه؟**)

قالوا: لايبقى من درنه شيئاً .

قال: (**فذلك مثل الصلوات الخمس يمحو الله بهن الخطايا**)[١٢].

**واتە: هەواڵم پێ بدەن و پێم ڕاگەیەنن ئەگەر ڕووبارێك لەبەر دەرگای هەریەکێ لە ئێوەدا بێت و ڕۆژی پێنج جار خۆی لێ بشوات، چی دەڵێیت ئایا هیچ پیسی و چڵکێك بەلەشییەوە دەمێنێت؟.**

**هاوەڵان ﷺ ووتیان: هیچ پیسییەکی پێوە نامێنێت.**

**پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە وێنەی پێنج نوێژەکانە خوای گەورە تاوانەکانی پێ دەسڕێتەوە.**

**١٤- سووژدە (کڕونوش) بردن بۆ خوای گەورە:**

---

(١١) (أحمد وابن حبان والبيهقي وأبو داود، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٩٢٩).

(١٢) (البخاري: ٢/ ١١-الفتح)، و(مسلم: ٥/ ١٧٠- النووي).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(يا أبا فاطمة أكثر من السجود، فإنه ليس من مسلم يسجد لله سجدة إلا رفعه الله تبارك وتعالى بها درجة (في الجنة، وحطَّ عنه بها خطيئة)[١٣].

واتە: ئەی باوكی فاطمة سووژدە (كڕنوش) ی زۆر ببە بۆ خوای گەورە، چونكە هیچ موسڵمانێك نیيە كرنوشێك بۆ خوای گەورە ببات ئیلا خوای گەورە پلەيەك بەرزی دەكاتەوە لەبەهەشت دا و تاوانێكیشی بۆ دەسڕێتەوە .

١٥- ڕۆیشتن بۆ نوێژی بەكۆمەڵ (صلاة الجماعة).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(صلاة الرجل في جماعة تضعف صلاته في بيته وسوقه خمساً وعشرين ضعفاً، وذلك أنه إذا توضأ، فأحسن الوضوء، ثم خرج إلى المسجد لا يخرجه إلا الصلاة لم يخط خطوة إلا رفعت له بها درجة، وحط عنه بها خطيئة، فإذا صلى لم تزل الملائكة تصلي عليه ما دام في مصلاه: اللهم صلِّ عليه، اللهم ارحمه، ولايزال أحدكم في صلاة ما انتظر الصلاة)[١٤].

واتە: نوێژ كردنی پیاو بە كۆمەڵ چاكتر و خێری زیاترە لەو نوێژەی كە بەتەنها لە ماڵەوە یان لە دوكان و بازاڕەكەی دا دەیكات بە ئەندازەی بیست و پێنج پلە، ئەویش بەوە دەبێت كاتێك كە دەست نوێژ دەگرێت بەدەست نوێژێكی جوان و ڕێك و پێك، پاشان دەردەچێت بۆ مزگەوت هیچ شتێك دەری نەكات لەماڵ تەنها نوێژەكە نەبێت، ئەوا هەر هەنگاوێك كە دەینێت پلەيەكی پێ بەرز دەبێتەوە، وە تاوانێكی پێ دەسڕێتەوە، ئەگەر نوێژەكەشی ئەنجام دا بەردەوام فریشتەكانی خوا دوعای خێری بۆ دەكەن هەتا لەو جێگەیەدا بێت كە نوێژی تیاكردووە دەڵێت: خوادایە لێی خۆش ببە، خودایە بەزەییت پێدا بێتەوە، وە بەردەوام هەریەكێ لە ئێوە لە نوێژدایە ئەوەندەی چاوەڕێی نوێژ دەكات ( واتە چەندێك چاوەڕوانی نوێژی جەماعەت

(١٣) (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٥١٩).

(١٤) (البخاري: ٢/ ٢٦٦- الفتح) واللفظ له، و(مسلم: ٤/ ١٢٨- النووي).

بكەی لە مزگەوت ئەوا ئەو كاتەت بە نوێژ بۆ دەژمێردرێت).

### ١٦- ووتنی (ئامین) لەدوای ئیمامەوە:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(إذا قال الإمام: {غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ}. فقولوا: آمين، إنه من وافقَ قوله قول الملائكة غفر له ماتقدم من ذنبه)[١٥] .

واتە: ئەگەر ئیمام ووتی (غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ) ئێوەش بڵێن: ئامین، چونكە بەڕاستی هەر كەسێ ووتەكەی یەك بگرێ لەگەڵ ووتەی فریشتەكاندا ئەوا خوای گەورە لە تاوانەكانی لەوەو پێشی خۆش دەبێت.

### ١٧- شەو نوێژ كردن:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(عليكم بقيام الليل، فإنه دأب الصالحين قبلكم، وقربة إلى الله، ومنهاة عن الإثم، وتكفير للسيئات، ومطردة للداء من الجسد)[١٦] .

واتە: دەست بگرن بەشەو نوێژەوە و شەو نوێژ بكەن، چونكە شەو نوێژ كردن داب و نەریتی پیاو چاكانی پێش ئێوەیە، وەنزیك بوونەوەیە لە خوای گەورە، وە ڕێ گرە لە تاوان و خراپەكاری، وەسڕینەرەوەیە بۆ تاوانەكان، وە دوور خەرەوەی دەردو نەخۆشییە لە لاشە .

### ١٨- یاد كردنی خوای گەورە:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(مامن قوم اجتمعوا يذكرون الله لايريدون بذلك إلا وجهه إلا ناداهم مناد من السماء: أن قوموا مغفور لكم، قد بدلت سيئاتكم حسنات)[١٧].

واتە: هەر كۆمەڵێك كۆبنەوە و یادی خوای گەورە بكەن و مەبەستیان تەنها ڕەزا بوونی پەروەردگار بێت، ئەوا بانگدەرێك بانگ دەكات لە ئاسمانەوە: هەستن خوای گەورە لێتان خۆشبووە، وە بەڕاستی تاوانەكانتان بۆ گۆڕا بە چاكە.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

---

(١٥) (المصدر السابق).

(١٦) (رواه الحاكم والبيهقي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٤٠٧٩).

(١٧) (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ١٥٠٤، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٢١٠) .

# جیاوازی له‌ نێوان (عیلم)و (فیكر)دا

به‌شێك له‌ووته‌ی مامۆستای زانا

(صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ)

وه‌رگێڕانی: م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين، وبعد:

**ده‌توانین به‌چه‌ند خاڵێك جیاوازی بكه‌ین له‌ نێوان عیلم وفیكر، له‌وانه‌:**

**یه‌كه‌م[1]: (عیلم) به‌ڵگه‌كانی توندو تۆڵه‌، به‌ڵگه‌كانی دیاری‌یه‌ كه‌ بریتین له‌سیانزه‌ به‌ڵگه‌، هه‌روه‌كو پێشه‌وا (القرافي) باسیانی كردووه‌ له‌ هه‌ندێ كتێبه‌كانی كه‌ له‌باره‌ی (أصول الفقه) ه‌، به‌ڵام فیكر به‌ڵگه‌كانی توندو تۆڵ و دیاری نی‌یه‌، چونكه‌ (فیكر) زۆر گه‌شتیاره‌ بۆیه‌ش ده‌بینی له‌ به‌ڵگه‌كانی (موفه‌ككیر) جارێك ڕووداوێكی مێژوویه‌، ئه‌م ڕووداوه‌ش ده‌كاته‌ به‌ڵگه‌ له‌سه‌ر حوكمدان به‌سه‌ر ڕووداوێكی تازه‌و نوێ (نازلة) كه‌ ڕووده‌دات له‌م سه‌رده‌مه‌دا، جا كه‌ی مێژوو بۆته‌ به‌ڵگه‌؟ له‌سه‌ر ئه‌م جۆره‌ به‌ڵگه‌یه‌ (موفه‌ككیر)ێك دێت و ده‌ڵێت: خه‌ڵكی شارێك له‌فلان وولات – هه‌روه‌كو مێژوو نووسه‌كان باسی ده‌كه‌ن – ئه‌و خه‌ڵكه‌ له‌كاتێكدا خواردن كه‌م بوو، برسێتیش زیادی كرد هه‌ستان به‌كاری خۆنیشاندانێكی گه‌وره‌ و دیار، ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ به‌ڵگه‌ له‌سه‌ر دروستی خۆنیشاندان له‌ئیسلامدا، ئه‌م جۆره‌ به‌ڵگه‌ هێنانه‌وه‌یه‌ وای لێ هات كه‌ كردنه‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌م جۆره‌ شتانه‌ بووه‌ به‌ بنه‌مایه‌ك .**

---

(١) أ– ئه‌م بابه‌ته‌ به‌شێكه‌ له‌و ووته‌ی مامۆستای زانا (صالح آل الشيخ): ئه‌م به‌شه‌ش له‌ (موقع روح الإسلام) دا هاتووه‌ به‌شی (المقالات)، له‌ بنه‌ڕه‌تدا باسه‌كه‌ له‌مه‌ زۆرترو درێژه‌ پێدراوتره‌...

ب– مه‌به‌ست به‌ (عیلم ) كه‌ به‌رامبه‌ر كراوه‌ له‌گه‌ڵ (فیكر) دا ئه‌وا (عليم)ه‌ شه‌رعی‌یه‌ پیرۆزه‌یه‌ كه‌ بریتی‌یه‌ له‌ شاره‌زا بوون له‌ قورئان و فه‌رمووده‌.

وه‌ مه‌به‌ستیش له‌(فیكر) كه‌ به‌رامبه‌ری (عیلم) كراوه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌ زاراوه‌ی ئه‌مڕۆدا پیێ ده‌ڵێن: (فیكری ئیسلامی ):– هه‌روه‌كو خاوه‌نه‌كانی وای پێ ده‌ڵێن وه‌ به‌ هه‌ڵگرانی ده‌وترێت: (موفه‌ككیری ئیسلامی) .

كەوا بوو ئەمە (فیکر) و بۆچوونە، ئەم (فیکر)ەش ڕاست نییە و، ئەم بۆچونەش دروست نییە، ووتەی ئێمەش لەسەر ئەوە نییە کە تۆ هۆیەك و ڕوون کردنەوەیەك بهێنی بۆ چوونەکەت، بەلاَم ووتەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەم ڕوون کردنەوەیەو، ئەم هۆهێنانەوەیە قبولّ کراو و ڕاست ودروست بێت.

کەسی تریش دێت لەوانەی خۆی بە(موفەککیر) دادەنێت ڕووداوی مێژوو دەکات بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە زانایان و شارەزایانی فەرموودەناس (أهل الحديث) دواکەوتوون لەئاستی دروستکراو وداهێنراوەکانەکان، وەدواکەوتوون لە چوونە ناو مەیدانی زانستی و پێشکەوتن، وە دەڵێن: (لەمێژووی موسڵمانان کەس پێشکەوتنی وەبەرنەهێنا، وەکەس نەیتوانی شارستانی و دۆزراوەکان پێشکەش بکات، وەکەس نەیتوانی کتێبخانەی موسڵمان دەوڵەمەند بکات جگە لە عەقلانییەکان (العقلانيون)، تەنها ئەمان بوون هانی کاری پیشەسازیان دا، وەهانی بۆچوونە شارستانییەکانیان دا، وەپێشکەوتن و زانستی پزیشکی و بیرکاری نموونەی ئەم زانستەیان وەبەرهێنا، جا نەبووە لە زانایان و شوێن کەوتوانی فەرموودە ئەم جۆرە شتانەیان تێدا بووبێت، کەوابوو ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قوتابخانەی زانایانی فەرموودەناس قوتابخانەیەکی بێ توانایە لەوەی کەپێشەوایەتی موسڵمانان بکات، وە بەلگەشە لەسەر ئەوەی کە قوتابخانەی شوێن کەوتووانی پێشینان (المدرسة السلفية) بێ توانان لەوەی کە پێشەوایەتی موسڵمانان بکەن، بەڵێ سوودیان هەبووە لە بواری کۆمەڵێك لەباسەکانی شەرعی پیرۆز لە (فیقه) دا...، بەلاَم لەو شتانەی کەخوای گەورە سودی گەیاندووە بە موسڵمانان ئەوا تەنها لەسەر دەستی عەقلانییەکان بووە، تەنها لەسەر دەستی کۆمەڵەی (المعتزلة) بووە، هەر ئەوانیشن شایستەی پێشەوایەتی موسڵمانان لە ڕابردوو ئێستادا، بۆچوونە عەقلانییە-کانیش موسڵمانان پێش دەخات، بەلاَم فەرموودەناسان یان شارەزایانی شەریعەت و (فیقە) ئەوان تەنها ئامۆژگاری کارن).

کەوا بوو ئەم جۆرە قسەکەرانە ئەو ڕووداوە مێژوویانە یان ئەو لێکدانەوەی خۆیان بۆ مێژوو کرد بە بەڵگە لەسەر پووچەڵ کردنی بنەمایەك لە بنەماکان، وەبەڵگەیەك لە بەڵگەکان کە تێیدا هاتووە کە کۆمەڵی ڕزگاربوو تەنها بریتین لەوانەی

کەدەست گرتوون بەفەرموودەو کۆمەڵی موسڵمانان(أهل السنة والجماعة)کە ئەو ڕزگاربووانەش بریتین لە شارەزا و پسپۆر لە زانستە شەرعی‌یەکان، جا زانایانی کۆمەڵی ڕزگار بوو حوکم دەدەن بەسەر بوونی عەقڵانی‌یەکان ئایا کارو بۆچونی ئەوان دروستە یان نا.

ئەوەی جێی ئاماژەیشە ئەوەیە کە زانایانی کۆمەڵی ڕزگار بوو بە هیچ شێوەیەك داهێنراو و دروستکراوە تازەو پێشکەوتنەشارستانی وپیشەسازی‌یەکان قەدەغە ناکەن، وە هەر کەسێك قەدەغەیان بکات ئەوا لە تێڕوانینی کورتێتی یان لە دووری‌یەتی لەمەبەستەکانی شەرعی پیرۆز.

مەبەستی ئێمەش لێرەدا ئەوەیە کە ئەو زانا شەرع زانانە تەنها ئەوان چارەسەرکەری نەخۆشی‌یە ئاینی‌یەکانی خەڵکن، هەر ئەوانن خەڵکی ڕێنمایی دەکەن بۆ ژیانی ڕۆژی دوایی، وە هەر کەسێك هەبێت کە کاری ژیانی دونیای خەڵکی ڕاست بکاتەوە وجۆرەها پێشکەوتنی شارستانی وداهێنراوی پیشەسازی وچەندەها داهێنراوی پزیشکی و ئەندازیاری و یاسای کیمیایی و فیزیایی و ئەستێرە ناسی پێشکەش بکات ئەوا ئەم جۆرە کەسانە لەلایەن زانایانی شەرع زانەوە حوکم دەدرێت بەسەر کارەکانیاندا کە ئایا دروستە یان نا...

کەوابوو پێشەوایەتی ڕاست لە تێڕوانینی شەرعدا تەنها بۆ زانایانی شەرع زانە، بەڵام ئەو بەڵگە هێنانەوە(فیکر)یە ئەوا زۆر جوڵاو و گۆڕاوە، وە زۆر دوورە لە توندوو تۆڵی‌یەوە، کە هەستاون بەوەی هەندێ ڕووداوی مێژوویی بکەن بە بەڵگە لەسەر پووچەڵ کردنەوەی بنەمایەك لە بنەما شەرعی‌یەکان .. وە هەیشە قەناعەت بەم جۆرە بەڵگە هێنانەوەیە دەهێنێت و بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە.

جیاوازی دووەم: (عیلم) کۆمەڵە بنەمایەکی هەیە کە دەبنە پێوەر بۆی، بەڵام (فیکر) هیچ بنەمایەکی نی‌یە کە بکرێت بەپێوەر بۆی، هەر بۆیە گەر یەکێك بدوێ لەبارەی باسێکی زانست و (عیلم) ی شەرعدا ئەوا دەتوانێت ووتەکەی بپێورێ ئایا قبولێ کراوە یان نا؟ وە ئایا ووتەکەی بەهێزە یان نا؟ بەڵام (فیکر) بێ ڕێساو بنەمایە، ڕێساکانی چی‌یەو؟ بنەماکانی کامانەن؟ گەر بمەوێ ووتەی (فیکر) ی بپێوم ئەوا بەچی بپێوم؟ بێ گومان گەیشتن بە پێوەری زانراو بۆی شتێکی مەحاڵە.

کەوا بوو (علیم) پێوەری خۆی هەیە، بەڵام هەرچی (فیکر)ە ئەوا تونـدوتۆڵ نییە، وەهیچ پیوەر وبنەمای نییە کە پێوانەی پێ بکرێ جگە لەوە نەبێ کە بگەڕێتەوە بۆ (عیلم)، چونکە هەر (عیلم)ە کە(حوکم) بەسەر ئەو (فیکر)ەدا دەدات.

سێیەم: (عیلم) بنەڕەت تێیدا مەدح و سوپاس و ستایش کردنە، وە هەڵگرانی پێدا هەڵدراو وسوپاس وستایش کراوون، بەڵام (فیکر) بریتییە لەبینین و بۆچوون (الرأي)، بینین وبۆچوونیش بنەڕەت تێیدا زەمکردن و بەدگۆییە (الـذم)، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە لە نیوان هەردووکیاندا.

چوارەم: (عیلم) بڕیاردەر وحوکم دەرە بەسەر(فیکر)دا، بڕیاردەرە بەسەر هەموو بۆچوونەکان، بەڵام (فیکر) و بۆچوون بڕیار لەسەردراون، ئەمەش جیاوازییەکی گرنگە لە نیوانیاندا.

پێنجەم: کەکورتەی خاڵەکانی پێشووە، (عیلم) کۆکەرەوەیە، واتە: کۆکەرەوەی موسڵمانانە لەسەر ڕێبازی خۆی، وە لادەری جیاوازی وبەش بەش بوونە، وەکەم کەرەوەی قوتابخانە ناکۆك وجیاوازەکانە، بەڵام (فیکر) وبۆچوون جیاوازی وبەش بەش بوون دروست دەکات، هەروەها ناکۆکی وقوتابخانەی ناکۆك زیاتر دەکات، ئەم جیاوازییە و ئەم قوتابخانەیە چەندەها کۆمەڵ کاری ولایەن لایەن دروست دەکات، چەندەها بۆچوونی تازە وەبەردەهێنێ کە چەندەها هەڵوێستی جیاواز بەدوایانەوە دێت.

کەواتە: ئەوەی کە باسمان کرد مەبەستمان تێیدا ئەوەیە کە بگەینە ئەنجامێکی گرنگ، ئەوەیش ئەوەیە کە زانایانی شەریعەت، زانایان لە ئایینی موسڵمانان، وە لەهەڵوێستی موسڵمانان هەر ئەوانن پێشەوا، هەر ئەوانن کەڕوونی دەکەنەوە بۆ خەڵکی کام شت حەڵاڵە وەکامیان حەرامە؟ چی پێویستە بکرێت وەچی پێویست نییە؟ چی دروستە وەچی دروست نییە؟چی پێویستە بگرێتە بەر وەچۆن بڕیار دەدرێت لەسەر حاڵ و ڕووداوەکان، لەسەر بۆچوونەکان...هتد زانایان هەر ئەوانن کە شایستەو هەڵبژێردراوی ئەو شتانەن، هەر ئەوانن سەرچاوە لە کاروباری بانگەواز کردن بۆ ڕێگای خوا، هەر ئەوانن سەرچاوە لە کاتی ناکۆکی دا، هەر ئەوانن پێشەوا، وە هەر ئەوانن بانگەوازکار لە کاروباری ئایینـدا، جا ئەگەر (موفەککیر)ەکان پێشەوای بانگەواز بن بۆ ئیسلام، وە ئەگەر ئەوان سەرکردەی ئەو

كۆمه‌ڵانه بن ئه‌وا بێ گومان كۆمه‌ڵێ شتی زۆر له زه‌م كراوه‌كان وه به‌رده‌هێندرێ.
بڕوانن له حاڵی ئه‌و جۆره كۆمه‌ڵانه‌، ئه‌و جۆره قوتابخانانه له هه‌ندێ له وڵاتان كه چۆن حاڵیان وای لێ هاتووه كه هه‌ندێكیان دژایه‌تی هه‌ندێكی تر ده‌كات، وه‌هه‌ندێكیان هه‌ندێكی تر ده‌كوژێ – داوای سه‌لامه‌تی له خودا ده‌كه‌ین– .
كه‌وابوو (موفه‌ككیر)ه‌كان ناگونجێن بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ببنه پێشه‌وا له كاروباری ئاییندا، ناگونجێن كه ببنه بڕیارده‌ر به‌سه‌ر ڕووداوه‌كاندا، به‌سه‌ر زانایاندا، به‌سه‌ر بۆچوونه‌كاندا، وه دروستیش نی‌یه كه بڕیارده‌ربن له ئه‌نجامی بانگه‌واز بۆ ئایین، چونكه بانگه‌واز كردن بۆ ئایینی خوا سه‌رچاوه‌كه‌ی قورئان و فه‌رمووده‌یه‌، ئه‌وانه‌یشی كه تێ ده‌گه‌ن وه شاره‌زا ده‌بن له قورئان و فه‌رمووده هه‌ر ئه‌وانن شایسته‌ی به‌ڕێوه‌بردنی بانگه‌وازی ئایینی خوا، هه‌ر بۆیه (موفه‌ككیر) پێویسته بوه‌ستێت له‌و سنوره‌ی كه بۆی دانراوه‌، جا گه‌ر تێ په‌ڕی له‌و سنوره ئه‌وا بێ گومان تێ په‌ڕبوونه‌كه‌ی به‌سه‌ریدا ده‌شكێته‌وه نه‌ك له به‌رژه‌وه‌ندیدا بێت.
كه‌وابوو (موفه‌ككیر) شیاو نی‌یه بۆی كه به‌رژه‌وه‌ندی وخراپه‌كان (المصالح والمفاسد) دیاری بكات، شیاو نی‌یه بۆی كه بۆچوونی خۆی بخاته سه‌رباسی به‌رژه‌وندی وخراپه‌كان، وه‌بڵێت: ئائه‌مه به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌، وه ئائه‌مه خراپ و زیانه‌، وه‌هه‌ستێت به‌وه‌ی كه ڕووداوێكی كۆمه‌ڵایه‌تی بپێوێ و بڕیاری به‌سه‌ردا بدات، یان به‌سه‌ر وڵاتێك، یان به‌سه‌ر هه‌ڵوێستێك له هه‌ڵوێسته‌كان، وه بڵێت: به‌رژه‌وه‌ندی له‌مه‌دایه‌، گه‌ر بووترێت: به‌ڵگه‌ت چی‌یه له‌سه‌ر ئه‌م بڕیاردان و دیاری كردنه‌؟ ئه‌وا ده‌ڵێت: (فیكر)و بۆچوون به‌م شێوه‌یه ئاراسته‌ی كردین بۆی .
وه بێ گومان كه دروست نی‌یه بۆ (موفه‌ككیر) كه‌وا بێت، چونكه ئه‌وه‌ی كه ته‌نها بۆی هه‌یه به‌رژه‌وه‌ندی و خراپه‌كان دیاری بكات و بڕیار بدات به‌سه‌ریاندا زانایانی شه‌رعه‌، چونكه شه‌ریعه‌ت – هه‌روه‌كو پێشه‌وا (ابن تيمية) ده‌فه‌رمێت: هاتووه بۆ به‌ده‌ست هێنانی به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌كان و ته‌واوكردنی، وه بۆ لادانی خراپه‌كان و كه‌م كردنه‌وه‌ی، جا چ كاتێك دروست بووه بۆ (موفه‌ككیر) كه بیربكاته‌وه وبڕوانێ و بنووسێ؟ بێ گومان له‌و كاته‌دا بڕیاری به‌سه‌ردا ئه‌درێ به‌پێوه‌ری (عیلم) .
له كۆتایشدا ئامۆژگاریه‌كی ڕووتێ كراو هه‌یه بۆ گه‌نجانی موسڵمان، وه بۆ

(موفەککیر)ەکان، وە بۆ زانایان کە هەموویان هەڵسن بەپێویستی (عیلم)، وە با کۆی موسڵمانان ڕاست بکەنەوە لەسەر بنەمای (عیلم)، وەبا بنەمای(عیلم) فراوان بکەنەوە، چونکە کۆمەڵگای موسڵمان زیاتر لە هەموو شتێکی تر پێویستی بە (عیلمە)، وە (عیلم)یش بنەمایە، هەروەکو چۆن کەسانێك لە عەقلانیيەکان و موفەککیرەکان ئەمەیان چەسپاندووە لە دوای چەسپاندنی زانایان، کەوا بوو هەموو یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەو بنەمایەی کە پێویستە موسڵمانان لێوەی دەرچن بۆ سەرکەوتن بریتیيە لە (عیلم)، بەڵام ئایا کێ دەست بەمەوە دەگرێ؟ خەڵکی زۆر پێویستن بۆ (عیلم)، زۆر پێویستن بۆ کەسانێك کە بیان گەڕێننەوە بۆی، کە بۆیان ڕوون بکەنەوە...، (فیکر و نوسراوە (فیکر)یيەکان پێویستە بڕیاڕیان لەسەر بدەی، پشت مەبەستە بە بۆچوونی نوسەرە(فیکر)یيەکان، با خوێندنەوەت بۆ کتێبە(فیکر)یيەکان زاڵ نەبێت بەسەرتا لە شەو ورۆژەکەتدا، بەڵام با زۆرینەی خوێندنەوەت لە(عیلم) دا بێت، چونکە هەر( عیلم)ە کەدڵەکان ڕۆشن دەکاتەوە، بەڵام هەرچی فیکرە هەمووی بۆچوونە، خۆ ئەگەر تۆ(عیلم)ت کرد بەبنەماو پێوەر ئەوا (فیکر)یش لە شوێنی ڕاست و دروستی خۆی دەبێت، وە لەو کاتەشدا دەرۆیتە ڕێوە لەناو کۆمەڵگادا بە ڕۆشنبیرێك و (فیکر)ێکەوە کە پێی دەتوانی بدوێی لەو شتانەی کە دواندنی لەسەرە لەناو کۆمەڵگاکەتدا لەووتەو بۆچوونەکان، بەڵام گەر(عیلم)ت کەم بوو ئەوا تۆ لەو کاتەدا وەکو پەڕ دەبیت لەبەر بای بۆچوونەکان، ئەمەش بێ گومان خاوەنەکەی بەرەو نوقسانی (فیکر)و بیرکردنەوەدا دەبات.

نوسراوی (موفەککیر)ەکان لەوانەی کە جۆرەها نووسین دەنووسن چی لەوانەی ماون یان مردوون ئەوا پێویستە بیان خەینە شوێنی دروستی خۆیان، وەنابێت ئەو نووسراوانە بکرێتە بڕیاڕدەر وەیان قوتابخانە، بەڵام دەژمێردرێن وەکو کۆمەڵێك بۆچوون لێی وەردەگیرێ و لێیشی وەرناگیرێ.

و الحمد لله رب العالمين.

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

# ڕەواندنەوەی چەند گومانێک دەربارەی: کۆیلایەتی لە ئیسلامدا

ئامادە کردنی: م/ صلاح الدین عبدالکریم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

یەکێکی تر لەو گومانانەی کە ئاراستەی ئیسلام دەکرێت بریتی‌یە لەوەی کەدانی ناوە بە یاسای کۆیلایەتی، بۆ ڕەوانەوەی ئەم گومانە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریو مێژووی دەخەینە بەر دەست خوێنەران بۆ ماناکانی کۆیلایەتیو جێ بەجێ کردنی لەناو خەڵکیدا لە کۆنو تازەدا، هەروەها ڕوونکردنەوەی ڕێگای هەرەبەرزی ئیسلام لەم بوارەدا:

**أ- کۆیلایەتیو ئازادی لەلای خەڵکی:**

لە کاتی شیکردنەوەی مانای کۆیلایەتی لە دابو نەریتی خەڵکیدا لە کۆنو تازەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەگەڕێتەوە بۆچەند ڕەگەزێك کە لە هەندێ حاڵەتدا هەموویان هەنو لە هەندێکی تردا کورت دەکرێنەوە لەسەر هەندێکیان ئەویش بە گوێرەی خاوەنی کۆیلەکان، یاخود بە گوێرەی ئەو یاسا گشتی‌یەی کە هەر کۆمەڵگەیەك دایناوە، وە ئەو ڕەگەزانەی مانای کۆیلایەتی بۆ دەگەڕێنەوە بە جیاوازی پلەو ئاراستەکانی دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بەم شێوەیە:

**یەکەم:** لێ سەندنەوەی سەربەستی موڵکایەتیو لێ سەندنەوەی سەربەستی کار کردنێك کە ببێتە هۆی موڵکداری.

**دووەم:** داوا کردن لە کۆیلە کە چی تواناو کۆششی هەیە بیخاتە گەڕ لەبەرامبەر ئەوەی کە خواردنو خواردنەوەو جێگاو شتە گرنگەکانی تری ژیانی پێ بدرێت کە ژیان بەبێ ئەوان ناچێتە سەر.

**سێیەم:** لێ سەندنەوەی سەربەستی کۆمەڵایەتی، کۆیلە ناتوانێت بەشداری هیچ کارێکی بە کۆمەڵ بکات چەندێك ئامانجەکانی بەرز بێت.

**چوارەم:** لێ سەندنەوەی سەربەستی سیاسی، کۆیلە ناتوانێت بۆچوونی سیاسی خۆی دەربڕێت سەبارەت بە باری سیاسی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو تێیدا دەژی.

**پێنجەم:** لێ سەندنەوەو بێ بەش کردن لە سەربەستی ئایینی و بیروباوەڕی، کە کۆیلەکان سزا دانێکی سەخت سزا دەدران ئەگەر شوێنی دینێکی جگە لە دینی گەورەکەیان بکەوتنایە (وەکو بیلالی حەبەشی وصوهەیبی ڕومی و.....زۆرێکی تر لە هاوەڵانﷺ کاتێك کە موسڵمان بوون و وازیان لە دینی گەورەکانیان هێنا توشی سەختترین ودژوارترین سزا بوون وبەدڕندەترین شێواز دەچەوسێنرانەوە).

**شەشەم:** گوشار خستنە سەر کۆیلەو داوا لێکردنی بە مانەوەی لەلای گەورەکەی وخزمەت کردنی وچێژتنی ماناکانی کۆیلایەتی، وە ئەگەر بیەوێت کۆچ بکاتو شاری گەورەکەی جێ بهێڵێت ئەوا بەڕاکردووەو هەڵهاتوو ودەرچووە لە گوێڕایەڵی گەورەکەی دەژمێردرێتو شایانی گەورەترین سزا دەبێت.

**حەوتەم:** لاشەو گیانی کۆیلە حەڵاڵ و ڕێگە پێ دراون بۆ گەورەکەی چۆن ئارەزووی بێت سزای بدات، وە ئەگەر وویستی لێبوو لەبەر نزمترین وکەمترین هۆکار بیکوژێت، یاخود لە پێناو لەزەت کردن لە تەماشا کردنی دانە شەڕی کۆیلەکان کە کۆتای دێت بە یەکتر کوشتنیان، یاخود لەیەك دانیان بۆ ئەوەی گەورەکان بەختەوەرو دڵ خۆش بن بە ئازاری کۆیلەکان.

**هەشتەم:** ژێر بارکردنی کۆیلەکان وزۆر لێ کردنیان بۆ کوشتارکردنی دوژمنی خاوەنەکانیان.

**نۆیەم:** گونجاندی گواستنەوەی کۆیلە لە خاوەنێکەوە بۆ یەکێکی تر، ئیتر بە دیاری بێت یاخود میراتی یاخود لە جیاتی شتێکی تر.

ئەمە زۆربەی ئەو ڕەگەزانەیە هەموویان یان هەندێکیان هەبوونە لەو کاتەوەی کە خەڵکی کۆیلەیان ناسیووە، وە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئیسلام دانی بە زۆربەی ئەو ڕەگەزانەدا نەناوە بە هیچ شێوەیەك لە شێوازەکان، وە بە هیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکان.

بەڵام خاوەنی کۆیلەکان لە واقیعی مرۆڤایەتیدا جاری وا هەبووە تاکە کەسێك بووەو جاری وایش هەبووە کۆمەڵە کەسێك بووە، وە جاری وا هەبووە کە هێزی ئەو کۆمەڵە وای لێ کردووە کە پۆشاکی دەسەڵاتدارێتی فەرمانڕەوا بپۆشێت وخۆی زاڵ بکات بەسەر خەڵکیدا.

وە پێش ئەوەی وەڵامی ئەو کەسانە بدەینەوە کە ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن بەوەی کە یاسای کۆیلایەتی لە بنچینەدا ڕیشەکێش نەکرد، باشتر وایە تیشکێك بخەینە سەر ڕەگەزەکانی کۆیلایەتی لە جیهانی تازەماندا کە ماوەیەکی نزیکە وا

خۆی نیشان دەدات کە پارێزەری ئازادیو سەربەستییە وبانگەشەی بۆ دەکات.
بۆ ئەوەی بزانین چەند لەو نۆ ڕەگەزەی کە باسمان کرد ئێستا سەپێنراوە بەسەر گەلانی تردا تێڕوانینێکی گشتی بەسەر گەلە بە کۆیلە کراوەکاندا لە لایەن دەسەڵاتی ئیستعمارەوە، یاخود لە لایەن دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەوە بەسە بۆ ئەوەی کە ئەوەمان بۆ دەربخات کە یاسای بە کۆیلە کردن بەردەوامەو تا ئێستایش لە جیهاندا جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام شێوازێکی ترو پۆشاکێکی تری پۆشیوە، وخۆی داپۆشیوە بە چەند ناوێکی تازەی وەکو: دەسەڵاتی یاساو دەسەڵاتی داگیرکەرو دەسەڵاتی ئینتداب ودەسەڵاتی حیزبی فەرمانڕەوا ودەسەڵاتی خۆسەپێنەری ستەمکار، کە هەموو ئەم ناوانە چەند کەسانێك سەرپەرشتی ونوێنەرایەتی دەکەن وبە بێ هیچ حەق ومافێك گەلانیان کردووە بە کۆیلە، وهێزی چەکداریو سەربازی دەیانپارێزێت، وە هەر کەسێك بیەوێت خۆی ڕزگار بکات لەو کۆیلایەتییەی کە سەپێنراوە بەسەریدا ئەوا دادەنرێت بە دوژمنی یاسا یاخود دوژمنی دەسەڵات یاخود دوژمنی شۆڕش یاخود.......... بۆیە شایانی هەموو جۆرە سزاو چەوساندنەوەیەکە تەنانەت کوشتنیش.

ئیتر جیاوازی چییە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە ئازادی موڵکایەتیو ئازادی کارکردنێکی لێ سەندرابووەوە کە ببێتە هۆی موڵکایەتی وە لە نێوان هەندێك لە دەسەڵاتەکانی جیهانی تازە کە ئەم سەربەستیو ئازادییە قەدەغە دەکەن لەسەر شێوازی کردنە کۆیلەی بە کۆمەڵی گشتی کە خۆی داپۆشیوە لە ژێر ناوی یاسای گشتی یاخود یاسا، یاخود....؟!.

جیاوازی چییە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە ڕێگەی پێ نادرا هیچ چالاکی-یەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی پیادە بکات، وە لە نێوان گەلانی کراو بە کۆیلە کە قەدەغە کراوە لە پیادە کردنی جۆرەها چالاکییە کۆمەلایەتیو سیاسییەکان لە هەندێك لە وولاتانی جیهانی نوێدا کە بانگەشەی پێشکەوتن خوازیو هەڵگری ئالای سەربەستی وئازادی دەکەن؟!.

مانای کۆیلایەتی لە هەردووکیاندا یەکە بەڵام لە کۆندا کۆیلایەتی بۆ تاکە کەس بوو بەڵام ئێستا بووە بە کۆیلایەتی کردنی نەتەوە وگەلان.

جیاوازی چییە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە داوای لە کۆیلە دەکرد چەندێك توانای هەیە سەرفی بکات لە بەرامبەر ئەوەی کە هەندێك لە پێویستییە گرنگەکانی ژیانی بۆ دابین بکرێت، وە لە نێوان ئەوانەی کە یاسایەکی لەم

چەشنانەیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت لە هەندێك لە ڕژێمەکانی جیهانی نوێ وە لەسەر شێوازی کردنە کۆیلەی بەکۆمەڵ؟!.

جیاوازی چییە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە دینی گەورەکەی یاخود مەزهەبی گەورەکەی دەسەپێنرا بەسەریداو دەبوایە پیادەی بکات، وە لە نێوان چەندەها لە گەلان کە لە جیهانی تازەدا دەچەوسێنرێنەوە بۆ ئەوەی پەیوەست بن بە مەزهەبێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوەوە یاخود نکوڵی لە بیرو باوەڕێکی ئایینی دەست نیشانکراو دەکاتو جگە لەوە پیادە دەکات؟!.

مانای کۆیلایەتی لە هەردوکیاندا یەکە بەڵام پێشتر بۆ تاکە کەس بووەو ئێستا بۆ نەتەوەو گەلانە.

با ئەو کەسانەی کە بە سۆزو بەزەیی هاتنەوەیان بۆ کۆیلەی جیهانی کۆن خەڵکی دەخەڵەتێنن با بزانن ئەوان لە هەموو کەس زیاتر گەلانیان کردووە بە کۆیلەو کۆیلەکانی ژێر دەستیان دەچەوسێننەوە هەرچەندە ئەگەر ناوی تریان لە خۆیان نابێت جگە لەناوی کۆیلایەتی کردن.

**ب- هۆکاری کردنە کۆیلە لە لای خەڵکی:** خەڵکی لە کۆنەوە یاسای کردنە کۆیلەیان زانیووە، وهۆکارەکانیشی لایان جۆراو جۆر بووە، وە زۆربەیان پشتیان بەستووە بە ستەم کردنی بەهێز لە لاواز.

**لە هۆکارەکانی:** دیل کە بە هۆی شەڕەوە دەبێت، ئیتر ئایا شەڕەکە لە نێوان گەلانی جیاوازدا بێت، لە نێوان هۆزەکانی یەك گەل، وە ئایا شەڕی دەرەکی بێت یان ناوخۆ، وە سەرەنجامی دیل تێیدا یان کوشتن بووە یان کردنە کۆیلە یان بەردان بە پارە.

**وە لە هۆکارەکانی:** زاڵ بوون بەسەر ئازادی مرۆڤ بە دزینو ڕفاندنو دۆزینەوە، وە لەوانەی کە بوون بە قوربانی ئەم جۆرە وکران بە بەندە بە ستەم پێغەمبەر یوسف بووﷺ کە کاروانەکە لە ناو بیرەکە دەریان کردو فرۆشتیان بە نرخێکی کەمو وەکو کۆیلە برا بۆ میسر (چیرۆکەکە لە قورئانی پیرۆز بە درێژی باس کراوە لەسورەتی یوسف).

وە لەوانەی کە بوون بە قوربانی ئەم جۆرە لە بەکۆیلە کردن زەیدی کوڕی حارثة بووﷺ کاتێك کە منداڵ بوو کەسو کاری لەگەڵ کاروانێکدا ناردیان، بەڵام کاتێك کە کاروانەکە دوور کەوتەوە وەکو کۆیلەیەك لە مەککە فرۆشتیان، وە بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو پێغەمبەرﷺ ئازادی کرد، بەڵام لە پاش ئازاد کردنی خزمەتکردنی پێغەمبەری خوایﷺ هەڵبژارد بەسەر ڕۆیشتنەوە لەگەڵ کەسو کاریدا کاتێك کە دۆزییانەوە.

وە لەوانە صهیب رضي الله عنه کاتێك کە ڕۆمەکان کردیان بە کۆیلەو پاشان هۆزی کلب لێیانی کڕیو هێنرا بۆ مەککە و عبدالله بن جدعان کڕی، وە یەکێك بوو لەو کۆیلانەی کە لە پێناوی خوادا سزا دەدرا.

وە لەوانە زنجی یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کەنارەکانی ئەفریقا دزرانو وەکو ئاژەڵ بەرەو ئەمریکای باکور بران تاکو وەکو کۆیلەو بەندە لە کێڵگەی ویلایەتەکەیاندا کار بکەن، لە خراپترین بواری ژیانیدا بوون زەلیلو سەرشۆڕ کرابوون وسزادەدران، و ماندوو دەکران بە کارە قورسو سەختەکانەوە.

وە یەکێکی تر لە **هۆکارەکانی** بە کۆیلایەتی کردن ئەنجام دانی هەندێك تاوانی گەورە بوو وەکو کوشتنو دزیو زینا، کە بڕیار دەدرا بەسەر ئەنجامدەرانیدا بە کۆیلە کردن بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت یاخود ئەوەی کە تاوانەکەی بەرامبەر ئەنجام دراوە.

وە لە**هۆکارەکانی** تری نەتوانینی دانەوەی قەرز، ئەو کاتە بڕیاردەدرا کە قەرزار بکرێت بە کۆیلەی خاوەن قەرز.

وە هەندێك لە خەڵکی لەناو چینە هەژارەکانی کۆمەڵدا خۆیان منداڵەکانیان دەفرۆشت بەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان هەیە بەسەریاندا، وە یاسا گشتی یەکان لەلای زۆرێك لە نەتەوەکان ڕێگەیان بەمە داوە.

وە کاتێك کە برسێتی یاخود ترس زۆری بۆ هەندێك لە خەڵکی بهێنایە ئەوا وازیان لە ئازادی خۆیان دەهێنا بۆ ئەو کەسانەی کە پەنای بدانایەو خواردنی پێ بدانایە.

وە یەکێکی تر لە **هۆکارەکانی** کردنە کۆیلە منداڵ بوونی کۆیلەکان، چونکە ئەوەی لە کۆیلە ببوایە خۆیشی دەبوو بە کۆیلە با باوکیشی گەورە بوایە.

بەڵام کاتێك کە ئیسلام هات زۆربەی هەرە زۆری هۆکارەکانی بە کۆیلە کردنی بڵاوی لەناو خەڵکیدا هەڵوەشانەوە بە جیاوازی جۆرەکانی، بەڵام لە توانایدا نەبوو کە یاسای دیلی جەنگی دەرەکیو ئەوەی بە دوایدا دێت لە بە کۆیلە کردنێك کە مەبەست پێی خودی خۆی نی یە هەڵوەشێنێتەوە، چونکە هەڵوەشانەوەی یاسای دیل پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی خودی جەنگەکەو هۆکارەکانی هەیە، وە لە توانای هیچ یاساو دەستورو کۆمەڵگایەکدا نی یە کە ئەم شتە هەڵوەشێنێتەوە بەشێوەیەکی یەکجاریو تەواو، هەتا لە جیهاندا ڕژێمو کۆمەڵگای تر هەبێت کە ناچارت بکات بچیتە جەنگەوە لە گەڵیدا، کە ئەو دیلەکانی تۆ دەکات بە کۆیلە وبەخراپترین شێواز ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات تۆیش ناچاری دیلەکانی ئەو

بكەيت بە كۆيلە وهاوشێوەی ئەو مامەڵە لەگەڵ دیلەكانیدا بكەیت، بەڵام ئیسلام لەگەڵ ناچار بوونی بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ دیلی بەرامبەردا بە هاوشێوەی ئەوان لەڕووی ئاشكراوە بەڵام دیلی جەنگی بەشێوەیەك بەرز كردەوە كە تا ئێستا نوێترین یاساو دەستووری جیهان پێی نەگەیشتوون.

بەڵام دوژمنانی ئیسلام هەوڵ دەدەن لە پاش هەموو ئەمانە كە سەربەرزیو شكۆداری ئیسلام بسڕنەوە بە درۆو سەرلێشێواندنی خەڵكی.

**ج: كۆیلە لە لای جگە لە موسڵمانان:**

كۆیلە لای ڕۆمان وەكو ئاژەڵ بوون، هەموو مافەكانی مرۆڤایەتی‌یان لێ زەوت كرابوو، وە بەكاریان دەهێنان لە كاری قورسو سەختدا، وە لە جەنگدا بۆ ڕەزامەندی ئارەزووە خراپە نزمەكانیان، وە ئەم كۆیلانەیان بە دەست دەهێنا لە ڕێگای جەنگێكەوە كە هیچ ئامانجێكی نەبوو تەنها زاڵ بوونو چەوساندنەوەو كردنە كۆیلەی میللەتانو گەلان، یاخود لە ڕێگەی دزیو تاڵانیو ڕفاندنو هاوشێوەی ئەمانە.

وە كۆیلەكانیان كۆتو زنجیر دەكرد تا ڕانەكەن، وە كاری قورسیان پێ دەكردن وە ئەوەی دوا بكەوتایە لە كاركردن سەخت ترین سزایان دەدا.

وە شوێنی كۆیلەكان لە بەندینخانەی تاریكی ناخۆش دەچوو، یاخود لە كولانەی ئاژەڵ دەچوو بەڵام گەورەكانیان لە كۆشكو تەلاری بەرزدا دەژیان وهەموو هۆكارێكی خۆش گوزەرانیان هەبوو.

وە ڕۆمان ئاهەنگو ڤیستیڤاڵی خۆشەویستیان هەبوو كە تێیدا ڕمبازی ڕاستەقینەیان تێیدا دەبینی لە نێوان كۆیلەكاندا، كە لەم ڕمبازی‌یەدا (مبارزة) شمشێرو ڕم لە یەكتری دەدراو یەكتریان دەكوشت، ئەوكاتە دڵی بینەرانی ڕۆمان پڕ لە خۆشی دەبوو بە ئێشو ئازاری كۆیلەكان.

وە مامەڵەی كۆیلە بەهەمان شێوە بوو لای فارسو هیندو عەرەبو جگە لەمانە، وە لە سەرەتای دەركەوتنی ئیسلام كۆیلە لە لای گەورەكانیان سەخت ترین سزا دەدران ئەگەر موسڵمان بوونایە وەكو صهيب الرومي وعامر بن فهيرة و بلال بن رباح الحبشي و جگە لەمانﷺ، عامرو بیلال ابو بكرﷺ كڕییانیو ئازادیانی كردو ڕزگاریانی كرد لە سزا، وەچەند بەندەیەكی تری ئازاد كرد كە لە پێناوی خوای گەورەدا سزا دەدران.

بەڵام یونان مەزهەبە فەلسەفی‌یەكان لە لایەن پاساوی هزری دەهێنایەوە بۆ ڕژێمی كۆیلە، مەزهەبی (ئەرسطۆ) دەربارەی كۆیلە وایە كە كۆمەڵێك لە خەڵكی بۆ كۆیلایەتی دروست كراون،

چونکە ئەوان کاری ئەو ئامێرانە دەکەن کە ئازادەکان هەڵسوکەوتی پێ دەکەن، ئەوان ئامێرێکی زیندوون و لە کارکردندا لە ئامێرە بێ گیانەکان دەچن.

وە (أفلاطون) مامۆستای (أرسطو) لە(الجمهورية الفاضلة) کەیدا دان بەوەدا دەنێت کە کۆیلە هاونیشتمانی نین، وە ناچاریان دەکات لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ ئازادەکان، وە شارستانی یۆنانی یاسای کۆیلایەتی گشتی دانا بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت، وە یاسای کۆیلایەتی تایبەت بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس، وە کۆیلە لای ئەوان هەموو ئازادییە مرۆڤایەتییەکانی لێ زەوت کرابوو.

وە جولەکەیش دەستێکی بالآیان هەبووە لە بە کۆیلە کردنی خەڵکی لە هەموو چاخەکانیاندا، وە قورئان پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەوان سنووری خوای گەورەیان بەزاندووە تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە برا دینییەکانیان بکوژن و دیلیان بکەن و داوای فیدیەیان لێ بکەن، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ثُمَّ أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنْفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِنْكُمْ مِنْ دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِمْ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِنْ يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ .....﴾ [البقرة: ٨٥] .

واتە: پاشان ئێوە– جولەکە– کەسانێکن کە یەکتری دەکوژن وکۆمەڵێك لە خۆتان ئاوارە ودەربەدەر دەکەن ویارمەتیان دەدەن لەسەر تاوان ودوژمنکاری ودەرکردن، وەئەگەر دیلیشتان دەست بکەوێت ئەوا بە پارە ئازادیان دەکەن، کە لە تەوراتدا خوای گەورە پەیمانی لێ وەرگرتون کە یەکتری نەکوژن ویەکتری دەربەدەر نەکەن ویەکتری نەکەن بە کۆیلە.

وە فەرمایشتەکانی مەسیحیەتی نوسراو لەسەر زمانی (بولص) لە نامەکەیدا بۆ خەڵکی (ئەفس) دەڵێت: (ايها العبيد أطيعوا سادتكم....... كعبيد المسيح عاملين مشيئة الله من القلب خادمين بنية صالحة).

واتە: ئەی کۆیلەکان گوێڕایەڵی گەورەکانتان بن ....... وەکو کۆیلەی مەسیح کار بکەن بە ویستی خوا لە دڵەوە، وە خزمەت بکەن بە نیەتێکی چاك.

وە هاوشێوەی ئەمە دەبینین لە ڕاسپاردەکانی (بطرس) وە باباکانی کەنیسە گوێڕایەڵیان پێویست کردووە لەسەر کۆیلەکان، چونکە کۆیلایەتی لە دیدی ئەواندا سڕوەوەی هەندێك لە تاوانەکانی مرۆڤە و کۆیلەکان جێ بەجێ دەکەن.

**د: کۆیله له ئیسلامدا:**

کاتێك که ئیسلام هات زۆربەی ئەو هۆکارو ڕەگەزانەی هەڵوەشاندەوە کە مەفهومی کۆیلەی لەسەر ڕاوەستابوو، تەنها دیلی جەنگ نەبێت کە ئەمیش پێویستی وا دەخوازێت کە بمێنێتەوە، وە ئیسلام کاری کردووە بۆ ئازاد کردنی کۆیلە بە جۆرەها هۆکار لەیاسا بەرزە نموونەییەکانیدا.

وە کاتێك که ئیسلام هات هەموو گەلانی شارستانیو ناشارستانی دانیان بە یاسای کۆیلایەتیدا دەنا بە هەموو جۆرەکانییەوە، وە دانیان بە هەموو ئەو هۆکارانەدا دەنا کە مرۆڤیان بەرەو کۆیلایەتی دەبرد ئەمیش هەموو جۆرەکانی هەڵوەشاندەوە تەنها ئەوە نەبێت کە پێویستیو ناچاری دەیخوازێت ئەویش دیلی جەنگە، ئەو جەنگانەی لە نێوان موسڵمانان وبێ بڕواياندا ڕوو دەدات لەبەر چەند هۆکارێك کە توانای ڕەت کردنەوەیان نییە.

بەم شێوازە ئیسلامییە مەفهومی کۆیلە گۆڕانێکی گشتی بەسەردا هات، وە ئیسلام زۆربەی ئەو سەرچاوانەی گرت کە یارمەتی یاسای کۆیلایەتیان دەدا لە جیهاندا.

تەنها پێویستی ناچاری کرد کە دیلی جەنگ بهێڵێتەوە کە ئەمەیش لە هەموو کات وشوێن ویاسا مرۆڤایەتییەکان هێشتوویانەتەوە، بەڵام ئیسلام تێڕوانێکی ڕێز لێنانی بۆ دیلی جەنگ هەیە وە هانی موسڵمانان دەدات بۆ ئازاد کردنی کۆیلە.

وە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دیلی جەنگ هیچ ڕێگایەکی تر نییە تەنها پەنا بردن بۆ یەکێك لەم چارەسەرانە نەبێت:

**چارەسەری یەکەم:** کوشتنیانو ڕزگار بوون لە کێشەکەیان بە یەکجاری، کە ئەمە لەوانەیە چارەسەر بێت بۆ ئوممەتێك کە ساوا بێت ودامەزراو نەبێت لەسەر زەوی.

**چارەسەری دووەم:** ئازاد کردنیان بە بێ بەرامبەر کە قورئان ئەم چارەسەرەی پێش خستووەو جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر زیانی بۆ سەر موسڵمانان نەبێت بە تایبەت ئەگەر وای بینی کە بەسودە بۆ بەدەست هێنانی دڵی دیل وکەس وکاریان بۆ ئیسلام، چونکە ئیسلام مەبەستی کوشتنی خەڵکیو زەلیل کردنیان لە ژێر دەستی موسڵمانان نییە، بەڵکو مەبەستی هیدایەت دانی خەڵکیو ڕێنمونی کردنیانە بۆ حەقو ڕاستیو خێرو چاکە.

**چارەسەری سێیەم:** گۆڕینەوەیان بە دیلی موسڵمانان لای دوژمن، یاخود ئازاد کردنیان بەرامبەر پارەو چەكو زانست یاخود ملکەچ کردنیان بە چەند مەرجێکی ڕێککەوتنی دیاری کراو، یاخود هەر شتێك کە سودی موسڵمانانی تێدا بێت ئەگەر

ئـازاد كردنـی دیلـەكان زیـانی بـۆ سـەر موسڵمانان نەبێت.

**چارەسەری چوارەم:** هێشتنەوەیان وەكو دیل لە ژێـر دەسـتی موسـڵمانان، ئـەویش كاتێك كە ئازاد كردنیان ترسناكی هـەبێت بۆ سەر موسڵمانان بە شێوەیەكی گشتی، وەنـــاوەڕۆكی ئـــەم چارەســـەرەیە كـــە ئیسلامی ناچـار كـردووە كـە ئـەم جـۆرە هەڵنەوەشـێنێتەوە وبیهێڵێتـەوە، ودیلـی جـەنگ هەنـدێك سەربەسـتی مـەدەنی لێ بسەندرێتەوە.

وە كــە دیلــی جــەنگ ئــازاد نــەكرانو هێڵرانـــەوە ئـــەوا دەبێـــت لـــە ژێـــر چاودێریەكی وردو توندا بن بۆ ئـەوەی نـەبن بەسەرچـاوەی ئاشـوبو ئـاژاوەو ناپاكیو پیلان گێڕان دژی موسـڵمانان لـە نـاو ڕیزەكانی خۆیانـەوە، كـە ئەمـەش وا دەخوازێـت كـە هـەموو سەربەسـتییـە مەدەنییەكانیان پـێ نـەدرێت، وە لایـەنی بـەرپرس لـە دیلـەكان تـەنها دوو ڕێگـای لەبەر دەستە:

**ڕێگای یەكەم:** دیلەكان بەند بكرێن لـەناو بەندینخانـەی گشتی خـواردنی تایبـەتیان پـێ بدرێت لەگـەڵ پاراستنی ڕێـزو پلـەی مرۆڤایـەتیان لـەوەی كـە ڕووبـەڕووی بـێ ڕێزیو سزا نەبنـەوە، هـەروەها داوایـان لێ بكرێت بەجێ بەجێ كردنی هەنـدێك كـاری سود بەخش كە كـاتی پـێ بەسـەر بـەرنو تواناكانیـانی پـێ سـەرف بكـەنو ببێتـە وەرزشێك بۆ لەشیان.

ئەمە چارەسەرێكە ئیسلام دای نـاوە هـەر كاتێك بەرژەوەندی موسـڵمانان ودیلـەكان و ئامانجـــەكانی بانگـــەوازی تێـــدا بێـــت جێبەجێ دەكرێت.

بـەڵام ڕیـسوا كـردن وئـازاردان وخزمـەت نەكردن وكاری قورس پێ كردنیان ئەمانـە ئیـسلام ڕێگـەی پـێ نـادات وقەدەغـەی كردووە.

بـــەڵام دەوڵـــەتانێكی زۆری شارســـتانیو بانگەشـــەكەرانی ئـازادی وسەربەسـتی و مافی مرۆڤ پەیڕەوی دەكەن لە جیهاندا.

**ڕێگـــای دووەم:** بەنـــد نـــەكرێن لـــەناو بەندینخانەی گشتی بـەڵكو دابـەش بكـرێن بەســـەر خێزانـــە موســـڵمانەكاندا وە بـــبن بەبەشـێك لـە بـوونی ئـەو خێزانـە، وەكـو ئـــەوان ولـــەوەی ئـــەوان دەخـــۆن و دەخۆنـــــەوە ولەبـــــەر دەكـــــەن، وە ئافرەتانیـان مـارە دەكـرێن، وە جـاری وا هەیـە ئـازاد دەكـرێن ودەبنـە خێزانـی خاوەنەكـــەی، وە خێزانەكـــە نەفەقـــەی دیلەكـە دەكـات و پێداویـستیەكانی بـۆ دابـین دەكـات، وە چاودێریـشی دەكـات لەوەی نەوەك ناپاكی بكات یـاخود پـیلان بگێڕێت.

وە بـەم شـێوازە ئـەو دیلـە بـێ باوەڕانـە بۆیان دەگونجێت كە شارەزای ڕەوشـت و

بیروباوەڕو هەڵسوکەوتی جوانی ئیسلام بن[1].

وە سەربەستی ئایین وپەرستن وفێربوونی زانست بە دیلەکان دەدرێت.

وە جاری وا هەیە سەربەستی کارکردن و موڵکایەتیشان پێ دەدرێت ئەگەر خاوەنەکانیان ڕێگایان پێ بدەن، یاخود بەڵگە نامەیان لە گەڵدا بنوسن بۆ ئازاد کردنی خۆیان بەرامبەر بڕە پارەیەك کە پەیدای دەکەن.

وە ئیسلام ئەم ڕێگایەیشی داناوە ئەگەر بەرژەوەندی ئیسلام وموسڵمانان و دیلەکانی تێدا بێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئیسلام زۆر هانی ئازاد کردنی دیلی داوە، وە لە زۆر حاڵەتدا پێویستی کردووە ئەو دیلانە ئازاد بکرێن کە باوەڕیان هێناوەو دامەزراو باش بوونە.

هەروەها ئیسلام ڕێزی زۆری لە دیل ناوە لە زۆر بواری پەروەردەیی بەرزدا کە وایان لێ دەکات ڕق وکینە لە دڵیاندا نەمێنێت بەرامبەر ئیسلام وموسڵمانان و ئەم پەیامە خواییە پیرۆزەیان لا خۆشەویست بکات تا بێنە ناویەوە، بەوەی کە مامەڵەی جوان لەگەڵ دیلەکاندا بکەن و وەکو ئەندامێکی خێزانەکەی خۆیان تەماشایان بکەن، وە لێیان نەدەن وئازار وسزایان نەدەنو سوك وریسوایان نەکەن وجوێنیان پێ نەدەن ونەیانشکێننەوە وکارێکیان پێ نەسپێرن کە لە توانایاندا نەبێت، وە لەگەڵ خۆیاندا لە خواردنو خواردنەوەی خۆیانیان پێ بدەن وخۆیان چی دەپۆشن ئەویش بەوان بدەن وە لە شوێنی خۆیان بیانخەوێنن، وە هەرکاتێك هاتنە ناو ئیسلامەوەو دامەزراو بوون ئەوا ئیسلام داوا لە خاوەنەکانیان دەکات ئازادیان بکەن وئەو ئازادیەیان پێ ببەخشنەوە کە لێیان سەندرابوو لەبەر بەرژەوەندی ئاسایشی گشتی کە ئەمەش وەکو پێدانی ڕەگەز نامە وایە کە دەبن بە هاونیشتمانی ئازاد لەناو وولاتی موسڵماناندا.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئیسلام هەوڵی داوە تێکەڵیان بکات لەگەڵ ئەو هۆز وتیرە وعەشیرەتانەی کە ئەوان تێیدا بەندە بوونە، بەم شێوازەیش پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ پێك دێت کە تێیدا بەندەکانی کۆن وئازادەکان یەك دەگرن وهەمان نەسەب وڕەچەڵەکی ئەو هۆزو عەشیرەتانەیان دەبێت لە ڕێگای وەلائەوە(الولاء) کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی دەفەرمێت:

(الولاء لحمة كلحمة النسب)[2].

---

(١) زۆرێك لەو دیلانە بەم شێوەیە موسڵمان بوونە.

(٢) (رواه ابن حبان عن ابن عمر رضي الله عنه، وصححه الشيخ الألباني في إرواء الغليل: ١٦٦٨).

بەم پەروەردە ئیسلامیيە گەورەيە زۆرێك لە دیلەكان بوون بە گەورە زانایانی ئیسلام وگەورە پیاوچاكانیان پاش ئەوەی كە پێشتر دیل وبەندە بوون، وەكو بیلالی حەبەشیﷺ كاتێك كە ئیمامی أبو بكرﷺ كڕی و ئازادی كرد ئیمامی عومەرﷺ فەرمووی:
(أبو بكر سیدنا وأعتق سیدنا)[٣].
واتە: أبو بكر گەورەمانە وگەورەیشمانی ئازاد كرد.

هەروەها ئیمامی عومەر ئاواتەخواز بوو كە سالمی خزمەتكاری أبو حذيفة ﷺ زیندوو بوایە تا هەڵیبژێرێت بۆ پۆستی خەلیفە.

وە لە پاش ئەمە زیاتر فراوان بوو تاوەكو دیلەكان بوون بە فەرمانڕەوا لە چاخەكانی مێژووی ئیسلامدا، وە لە ناو خەلیفەكاندا هەبووە كە لە دایكێكی دیل بووە.

الحافظ المزي لە(تهذيب الكمال) دا دەفەرمێت: (ئیمامی الزهري دەفەرمێت: هاتم بۆ لای عبدالملك بن مروان –كە خەلیفەی موسڵمانان بوو– پێی ووتم لە كوێوە هاتوویت ئەی زوهری؟ ووتم: لە مەككەوە، ووتی: كێت بە جێ هێشتووە بە گەورەیان كە سەرپەرشتیان بكات؟ ووتم: عطاء بن أبي رباح، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار؟ ووتم: كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار، ووتی: بەهۆی چییەوە بووە بە گەورەیان؟ ووتم: بە دینداری وگێڕانەوەی فەرموودە، ووتی: خەڵكانی دیندار وفەرموودەگێڕەوان هەر دەبێت ببن بە گەورەو فەرمانڕەوا، ووتی: ئەی كێ فەرمانڕەوا وگەورەی یەمەنە؟ ووتم: طاوس بن كيسان، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار؟ ووتم: كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار، ووتی: بەهۆی چییەوە بووە بە گەورەیان؟ ووتم: بەو شتەی كە عطاء پێی بووە بە فەرمانڕەوا وگەورە، ووتی: هەر دەبێت وابێت.

ووتی: ئەی كێ فەرمانڕەواو گەورەی میسرە؟ ووتم: يزيد بن حبيب، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار؟ ووتم: كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار، ووتی: ئەی كێ فەرمانڕەواو گەورەی شامە؟ ووتم: مكحول، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار؟ ووتم: كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار، كۆیلەیەكی نوبی بوو ئافرەتێك لە هذيل ئازادی كرد، ووتی: ئەی كێ فەرمانڕەواو گەورەی جەزیرەیە؟ ووتم: ميمون بن مهران، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار؟ ووتم: كۆیلەی ئازاد كراو وخزمەتكار،

---

(٣) (رواه البخاري، وانظر: مشكاة المصابيح: ٦٢٥٠).

ووتی: ئەی کێ فەرمانڕەواو گەورەی خوراسانە؟ ووتم: الضحاك بن مزاحم، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار؟ ووتم: کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار، ووتی: ئەی کێ فەرمانڕەواو گەورەی بەصرەیە؟ ووتم: الحسن البصري، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار؟ ووتم: کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار، ووتی: هاوار بۆ خۆت، ئەی کێ فەرمانڕەواو گەورەی کوفەیە؟ ووتم: إبراهيم النخعي، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار؟ ووتم: عەرەبە، ووتی: هاوار بۆ خۆت ئەی زوهری ناخۆشیت لەسەر لابردم، سوێند بە خوای گەورە کۆیلەو خزمەتکاران لەم وولاتەیشدا دەبن بە فەرمانڕەوا وگەورە تا ووتاریان بۆ دەدرێت لەسەر مینبەر وعەرەبیش لە خوارەوە دەبن، ووتم؟ ئەی ئەمیری ئیمانداران، ئەمە تەنها دینە، هەر کەسێك بیپارێزێت دەبێت بە گەورە وفەرمانڕەوا، وە هەرکەسێکیش بیفەوتێنێت دەکەوێت ولەناودەچێت)[٤] .

وە ئیمامی ئەحمەد دەفەرمێت:

(نافع بن عبدالحارث گەیشت بە ئیمامی عومەرﷺ لە عەسفان، کە ئیمامی عومەرﷺ کردبووی بە والی بەسەر مەککەی پیرۆز، ئیمامی عومەرﷺ پێی فەرموو کێت بەجێ هێشتووە بە فەرمانڕەوا بەسەر خەڵکی مەککەوە؟ ئەویش ووتی: ابن أبزي کە یەکێکە لە کۆیلە ئازاد کراوەکان، ئیمامی عومەرﷺ فەرمووی: کۆیلەیەکت بە والی بەجێ هێشتووە بەسەر خەڵکی مەککەوە؟ ئەویش ووتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەو قورئانی لەبەرە وزانایە بە زانیاری میرات وقازییە، ئیمامی عومەرﷺ فەرمووی: بەڕاستی پێغەمبەرەکەتان ﷺ فەرموویەتی:

(إن الله يرفع بهذا الكتاب قوماً ويضع به آخرين)[٥] .

واتە: خوای گەورە بەهۆی ئەم قورئانەوە کەسانێك بەرز دەکاتەوە، وە کەسانێکی تری پێ دادەگرێت)[٦] .

ئیتر ئایا لەم چارەسەرە ئیسلامییە جگە لە ڕێز لێنانێکی زۆر بۆ دیلی دوژمنی جەنگاوەر چی تر هەیە؟! وە ئایا هیچ دەوڵەتێکی سەر ڕووی زەوی لە جیهانی شارستانێتی تازەدا بوارێکی وای بە دیلی جەنگ داوە؟ وە ڕێزێکی وای لێ ناون؟. یاخود دەیانخەنە بەندینخانەی زەلیلیو سەرشۆڕی وڕیسوایی وسزادان وبێ بەش کردن لە پێداویستیەکانی ژیان لەگەڵ

---

(٤) (فتح المجيد: ص٣١٧-٣١٨).

(٥) (أخرجه مسلم في: صلاة المسافرين: ٨١٧، عبدالباقي).

(٦) (تفسير القرآن العظيم لابن كثير: ٣٨/٨، تعليق وتخريج هاني الحاج).

کارپێکردنیان بە شێوەیەك لە توانایاندا نەبێت، وەبەندینخانەی گوانتانامۆ وئەبو غرێب باشترین بەڵگەی تازەن لەسەر ئەم شتە.

**هـ: ئەو هۆکارانەی کە ئیسلام گرتویەتیە بەر بۆ ڕزگار کردنی کۆیلە:**

ئیسلام چەندەها هۆکاری گرتۆتە بەر بۆ ڕزگار کردنی کۆیلە وە توێژەرەوەکان وای دەبینن کە ئەو هۆکارانە کارا بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆیلایەتی بە شێوەیەکی پلە پلەیی:

**هۆکاری یەکەم: بەڵێن نامە نوسین:** (المكاتبة):

واتە: مۆڵەت دانو ئازادی دانێکی پەیوەست بە دیل بەوەی ماوەیەکی کاتی پێ بدرێت تێیدا کار بکات بە شێوەیەکی ئازاد بۆ ئەوەی ئازادی خۆی بکڕێتەوە لە خاوەنەکەی بە بڕێك پارە کە خۆیو خاوەنەکەی لەسەری ڕێك کەوتوون ئەویش لەو ماوەیەدا هەوڵ دەدات و کار دەکات تا پەیدای بکات، وە خوای گەورەیش فەرمانی بە موسڵمانان کردووە بە گشتی کە یارمەتی ئەو دیلانە بدەن لە ڕێگای زەکات وخێرو سەدەقەوە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ئازاد بکەن.

وە زۆرێك لە زانایان فەرموویانە: پێویستە لەسەر خاوەن ماڵ کە بەڵێن نامەیەك بنوسێت لەگەڵ بەندەکەیدا هەر کاتێك داوای لێ کرد وئەویش خێرو وەفاو ئەمانەت و باوەڕێکی ڕاستی لێ بینی، بەڵگەیشیان ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾ [النور: ٣٣] .

لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەرمان دەکات بە خاوەنەکانیان بە نوسینی بەڵێن نامە لە گەڵیاندا، وە فەرمان دەکات بە خاوەنەکانیان وبە موسڵمانان بە یارمەتی دانانیان بۆ دانەوەی ئەو پارەیەی کە ئازاد کردنیان ڕاوەستاوە لەسەری.

**هۆکاری دووەم: دانانی ئازاد کردنی بەندە وەکو کەفارەت وسڕڕەوەیەك بۆ زۆرێك لە تاوانو هەڵەو سەرپێچیو سوێند خواردنەکان:** بۆ نمونە دەبینین لە شەریعەتی ئیسلامدا ئازادکردنی بەندەیەك دانراوە وەکو کەفارەتێك بۆ کەسێك کە باوەڕدارێکی بەهەڵە کوشتبێت، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ

﴿تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ [النساء: ٩٢] .

واتــه: بـۆ هــیچ باوەڕدارێـك نـییـه كـه باوەڕدارێك بكوژێت مەگەر بەهەڵە، وەهەر كەسێك باوەڕدارێك بكوژێت به هەڵە ئەوا دەبێت بەندەیەكی باوەڕدار ئازاد بكات چ پیاو بێت یان ئافرەت، وه دەبێت خوێنی كوژراوەكــه بــدات بــه كــەس وكــاری كوژراوەكــه، مەگــەر كــەس و كــاری كوژراوەكــه لێی خـۆش بـن، وه ئەگــەر موسڵمانه كوژراوەكـه لـه وولاتـی كافرانی جـەنگاوەردا بـوو كۆچـی نـەكرد بـوو بـۆ وولاتـی موسـڵمانان ئـەوا خـوێنی نـییـه وتـەنها بكـوژه موسـڵمانەكه بەندەیـەكی بــاوەڕدار ئــازاد دەكــات، وه ئەگـــەر موسڵمانه كوژراوەكـه لـه وولاتـی كافرانی پەیمان لەگەڵ بەستراودا بـوو ئـەوا بكـوژه موسـڵمانەكه دەبێـت خـوێنی كوژراوەكـه بـدات بـه كـەس و كـاری وبەندەیـەكی باوەڕداریش ئازاد بكات، وه ئەگەر نەیبوو بەندەیــەك ئــازاد بكــات یــاخود بەنــده نـەبوو–وەكـو ئێـستا– ئـەوا دەبێـت دوو مـانگ لەسـەر یـەك بـەڕۆژوو بێـت، خـوای گەورە ئـەم شـتانەی تەشـریع كـردووه تـا تەوبەكــەتان لێ قــەبوڵ بكـات، وەخــوای گەوره زانا وكاربەجێیە.

هەروەها تێبینی ئـەوه دەكـەین كـه ئازاد كردنـی بەنـده دانـراوه بـه كـەفارەت بـۆ كەسێك كـه (ظهار) بكـات لـه خێزانەكـەی (واتــه: حــەرامی بكـات لـه خـۆی وەكـو حەرامێتی دایك وخوشكی بەوەی كه پێـی بڵێت: تۆ وەكو پشتی دایكم وابـی لـه مـن واته: وەكو دایكم لێم حەرام بێـت) پاشـان ئەگــەر ویـستی لــەو شــته بگەڕێتــەوەو خێزانەكەی بگەڕێنێتەوە ژێر ڕكێفی خـۆی ولێی حەڵاڵ بێتەوە ئەوا دەبێت بەندەیەك ئازاد بكات.

خوای گەوره دەفەرمێت:

﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا...﴾ [المجادلة: ٣] .

واتــه: ئــەو پیاوانــەی كــه(ظهــــار) لــه خێزانـەكانیان دەكـەن پاشـان دەیانـەوێت بگەڕێنەوە لەو قسەیەو كۆببنـەوە لەگـەڵ خێزانەكانیانـدا ئـەوا دەبێـت بەندەیـەكی بــاوەڕدار ئــازاد بكــەن پــێش ئــەوەی كۆببنەوە لەگەڵ خێزانەكانیاندا...

هەروەها ئازاد كردنی بەنده دانراوه وەكو یەكێك لەكەفارەتـەكانی سوێند خـواردن، خوای گەوره دەفەرمێت:

﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ...﴾ [المائدة: ٨٩] .

واتــه: خـوای گـەوره لۆمـەتان ناكـات لـەو سوێندانەی كه بەدەمتانـدا دێـت ولـەغوە،

ئـەم جۆرەیـان کـەفارەتی نـیـە، بـەڵام لۆمـەتان دەکـات لـەو سـوێندانەی کـە لـە دڵتانـــەوە دادەمـــەزرێت ومەبەســـتتانەو نییتتانە وپاشان دەیشکێنن ونایبەنە سەر ئـەوا دەبێـت کەفارەتەکـەی بـدەن کـە بریتی‌یە لە: دانی ژەمـە خواردنێك بـە دە کەسـی هـەژار لـە خـواردنی سـەرەکی خۆتـان، یـاخود پۆشـاك دروسـت کـردن بۆیـان، یـاخود ئـازاد کردنـی بەندەیـەك، وەئەگەر کەسێك توانای یـەکێك لـەم سێ کەفارەتەی نەبوو ئەوا دەبێت سێ ڕۆژ بـە ڕۆژوو بێت.

**هۆکاری سێیەم: هاندان بۆ ئـازاد کردنـی بەنـدە لـە پێنـاوی ڕەزامەنـدی خـوای گەورە:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ وَمَا أَدْرَاكَ مَـا الْعَقَبَـةُ فَكُّ رَقَبَةٍ... ﴾ [البلد: ١١-١٣] .

واتـە: بۆچـی مرۆڤـ خـۆی گـورج وگـۆڵ وچالاك ناکات وئەو بەربەستانە نابڕێت کە بوونەتـە کۆسـپ لـە ڕێگـەی گوێڕایـەڵی کردنـی خـوای گـەورە، وە یـەکێك لـەو گوێڕایەڵی‌یانـە بریتـی‌یـە لـە ئـازاد کردنـی کۆیلە.

وە پێغەمبەرﷺدەفەرمێت:

(أيما رجل أعتق امرأ مـسلماً اسـتنقذ الله تعالى بكل عضوٍ منه عضواً منه من النار).

واتە: (هەر کەسێك بەندەیەکی موسڵمان ئازاد بکات، ئەوا خوای گەورە بەهۆی هەر ئەنـدامێکی ئـەو بەندەیـەوە کـە ئـازادی کـردووە ئەنـدامێکی ئـەو کەسـە ئـازاد دەکات لە ئاگری دۆزەخ، سـەعیدی کوڕی مەرجانە دەفـەرمێت: ئـەم فەرمووودەیـەم بـرد بـۆ علـی کـوڕی حـسین، ئـەویش بەندەیـەکی هـەبوو کـە عبدالله بـن جعفـر دابووی پێی بە دە هەزار درهـەم، یاخود هەزار دینار یەکسەر ئازادی کرد)[٧]

**هۆکـاری چـوارەم: ئیـسلام بەشـێك لـە زەکاتی داناوە بۆ ئازاد کردنی بەندە:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّمَا الـصَّدَقَاتُ لِلْفُقَـرَاءِ وَالْمَـسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُـوبُهُمْ وَفِـي الرِّقَابِ...﴾ [التوبة: ٦٠] .

واتـــە: تـــەنها زەکـــات بـــەم کەســـانە شـــەرعی‌یـــەو دروســـتە پێیـــان بـــدرێت: هەژاران ونەداران وفەرمانبەرانی–ئەوانـەی کـــە فـــەرمانڕەوا دەیاننێرێـــت بـــۆ کۆکردنەوەی زەکات– وئەو کافرانـەی کـە تازە موسڵمان بوونە بۆ دامەزاندنی دڵیـان لەسـەر ئیـسلام، و بـۆ ئـازاد کردنـی بەندە....

**هۆکاری پێنجـەم: هانـدانی موسـڵمان بـۆ دانـانی بەشـێك لـە خێـرو سـەدەقە گشتی‌یـەکانیان بـۆ ئـازاد کردنـی بەنـدە:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

---

(٧) (رواه البخاري عن أبي هريرةرضي الله عنه، وانظر: صـحيح الترغيب والترهيب: ١٨٩٠).

﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ ....﴾ [البقرة: ١٧٧] .

واتە: چاکە ئەوە نىيە کە ڕوو بکەنە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا بەڵکو چاکە ئەوەیە کەباوەڕ بهێنن بە خوای گەورە وڕۆژی دوایی و فریشتەکان وپەرتوکەکان وپێغەمبەران، وە لەکاتی خۆشویستنی ماڵ وپارەدا ببیبەخشن بە خزم وهەتیوو نەدار وڕێبوار وداواکەر وکۆیلە بۆ ئازاد کردنی...

**هۆکاری شەشەم: منداڵ بوونی بەندە لە خاوەنەکەی:** چونکە منداڵەکەی دەبێتە هۆی ئازاد بوونی لە پاش مردنی خاوەنەکەی.

**هۆکاری حەوتەم: ئەگەر بەندەیەك دوو خاوەنی هەبێت یەکێکیان بەشەکەی خۆی ئازاد بکات ئەوکاتە ئیسلام بڕیاری داوە دەبێت ئەوی تریش بەشەکەی خۆی ڕزگار بکاتو بەندەکە بە تەواوی ئازاد بکرێت.**

**هۆکاری هەشتەم: ئازاد کردنی بەندە دانراوە بە کە فارەتی لێدانی:** پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

**(من ضرب غلاماً له حداً لم يأته أو لطمه فإن كفارته أن يعتقه)**(٨) .

واتە: **هەرکەسێك غولامێکی هەبێت وسزای حەددی لێ بدات و هیچ تاوانێکی وایشی نەکردبێت کە حەددی لەسەر پێویست بکات، یاخود لێی بدات ئەوا کەفارەت ولێخۆشبوونەکەی ئەوەیە کە ئازادی بکات.**

**و: فەرمان کردن بە باش چاودێری کردنی دیل:**

ئیسلام فەرمانی کردووە بە چاکە کردن لەگەڵ دیلو ڕێز لێنانیان، وە قەدەغەی کردووە لە سوکایەتی کردن پێیان وسزادان و تانەو تەشەر لێدان وجوێن پێدانیان، وەبەرهەڵستی سەختی کردووە لەوەی کە نەزانەکان ئافرەتە بەندەکانیان بەکاردەهێنا لە داوێن پیسیدا بۆ سود وەرگرتن لە کرێکەیان، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهْهُنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [النور: ٣٣] .

واتە: زۆر لە ئافرەتە کۆیلەکانتان مەکەن بۆ داوێن پیسی وزینا کردن کە ئەوان خۆیان داوێن پاکیان دەوێت، بۆ ئەوە

---

(٨) (رواه مسلم عن عبدالله بن عمرﷺ، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٦٣٧٥).

زۆریـان لێ دەکـەن کـە مـاڵی دونیاتـان دەست کەوێت بە داوێن پیسی ئـەوان، وە هەر کەسێك زۆریان لێ بکات بۆ ئـەو کـارە ناهەموارە ئەوا خوای گەورە لـە پـاش زۆر لێ کردنیـان لێخۆشـبوو بەبـەزەیی‌یـە بەرامبـەر ئـەوان(ئـەم ئایەتـە لەسـەر گـەورەی دووڕووەکـان عبدالله بن أُبي بـن سلول دابەزی کە ئافرەتی کۆیلـەی هـەبوو زۆری لێ دەکـردن بـۆ داوێـن پیـسی تـا پارەیان پێ پەیدا بکات).

لێخۆشـبووە بـەوان‌و بەسـۆزە بـەوان، چونکە ئـەوان زۆریـان لێ کـراوە لـە لایـەن گەورەکانیانەوە

وە ئیسلام بە شێوەیەك هانی موسڵمانانی داوە بـۆ ڕێـز گـرتن لـە دیـل کـە هـیچ لـە یاساکانی دونیا پێـی نەگەیشتوون کاتێك فـەرمانی کـردووە بـە مارەکردنیـان‌و ژن پێدانیان، وە ئـەم شـتەی بـاس کـردووە لەگـەڵ بـاس کردنـی ژن هێنـانی ئازادەکاندا، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [النور: ٣٢] .

واتە: ئەو پیاو وئافرەتانـەی کـە خێزانـدار نین با هاوسەرگیری بکـەن، وەلەگـەڵ ئـەو کۆیلـە پیـاو ئافرەتانـەی کـە بـاوەڕدار وچاکن، وە ئەگەر هەژار بوون ئـەوا خـوای گـەورە بـە فـەزڵ وچـاکەی خـۆی دەوڵەمەنـدتان دەکـات، وەخـوای گـەورە فـەزڵ و چـاکەی زۆر فراوانـە وزانایـە بـە بەرژەوەندی بەندەکانی.

وە خـوای گـەورە وەسـفی چـاکە کـاران دەکات بەوەی کە لە خۆشەویستی خـوای گەورە خواردن دەدەن بە هـەژارو هـەتیوو دیل کە دەفەرمێت:

﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا﴾ [الإنسان: ٨-٩] .

واتە: بـاوەڕداران لەگـەڵ ئـەوەی خـواردن لایـان خۆشەویـست وبەنرخـە بـەڵام لـە خۆشەویستی خوای گـەورەدا دەیبەخـشن بە نەداران وهەتیوان ودیلەکان، وە پێیـان دەڵـێن: ئێمـە لەبـەر ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە خواردنتـان پـێ دەدەیـن وهـیچ پاداشـت وسـوپاس کردنێکمـان لـە ئێـوە ناوێت.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئیسلام چـاودێری هەست وسۆزی بەندەو کۆیلەی کردووە لە هەڵبژاردنی لەفزی جوان بۆیان.

پێغەمبەرﷺدەفەرمێت:

(لا يقل أحدُكم عبدي وأمتي، ولكن فتاي وفتاتي وغلامي)[٩].

---

(٩) (رواه البخاري عن أبي هريرةرضي الله عنه، وانظر: صـحيح الجامع الصغير: ٧٧٥٨).

واته: با كەسێك لە ئێوە نەڵێت: بەندەكەم و كەنیزەكەم، بەڵكو بڵێت: كوڕە لاوەكەم وكچە لاوەكەم وغولامەكەم.

وە قورئانیش ئەم لەفزە جوانەی بەكار هێناوە بۆ ئاراستە كردنی ئێمە بۆ بەكار هێنانی(هەمان ئایەتی پێشوو[النور: ٣٣]).

وە قورئان لەفزی كچانی بەكار هێناوە لە جیاتی كۆیلە، وە كەس و كاری بەكار هێناوە لە جیاتی گەورەكانیان لە كاتی ڕێگە پێدانی ئازادەكان بە خواستنی ئافرەتە كۆیلەكان كە ئەگەر نەیانتوانی ئافرەتی ئازاد بخوازن، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَانْكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ [النساء: ٢٥] .

واته: هەر كەسێك لە ئێوە نەیتوانی ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاك بخوازێت ئەوا با كچانی باوەڕدار(كۆیلە) بخوازێت، وەخوای گەورە ئاگاداری باوەڕی ئێوەیە، وەلەوانەیە باوەڕی هەندێك لە ئافرەتانی كۆیلە باشتر بێت لە باوەڕی هەندێك لە ئافرەتانی ئازاد، وە بە ڕێگە پێدانی خاوەنەكانیان بیانخوازن وبە چاكەیش مارەییەكەیان پێ بدەن.

قورئان ئەم دوو دەستەواژە پاكەی بەكارهێناوە وەكو ڕێزێك بۆ ئافرەتانی كۆیلە تەنانەت لە لەفزیشدا.

وە یەكێكی تر لەو دەقانەی كە تێیدا فەرمان كراوە بە چاكە كردن لەگەڵ كۆیلەدا ئەم ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ..... وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ..........﴾ [النساء: ٣٦] .

واته: ئێوە بەتاك وتەنها خوای گەورە بپەرستن و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن، وە چاكە بكەن لەگەڵ دایك وباكتان و ..........كۆیلەكانتاندا........

وە پێغەمبەرﷺدەفەرمێت:

(للمملوك طعامه وكسوته، ولا يكلف من العمل إلا ما يطيق، فإن كلفتموهم فأعينوهم، ولا تعذبوا عباد الله خلقاً أمثالكم)(١٠).

واته: مرۆڤی بەندە دەبێت خواردن وخواردنەوەی خۆی هەبێت، وە نابێت زیاتر لە توانای خۆی داوای كاری لێ بكرێت، وە ئەگەر داوای زیاترتان لێیان كرد ئەوا خۆتان یارمەتیان بدەن، وەئەی بەندەكانی خوا ئازاری كەسانێكی وەك خۆتان مەدەن.

---

(١٠) (رواه مسلم عن أبي هريرة ، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥١٩١، ٥١٩٢).

وەدەفەرمێت:

**(إخوانكم خولكم جعلهم الله تحت أيديكم، فمن جعل الله أخاه تحت يده فليطعمه مما يأكل، وليلبسه مما يلبس، ولا يكلفه من العمل مايغلبه، فإن كلفه مايغلبه فليعنه عليه)**(١١).

واتە: براکانتان بە ئێوە سپێردراون وخوای گەورە ئەوانی خستۆتە ژێر دەستی ئێوەوە، جا هەر کەسێك خوای گەورە برایەکی خستە ژێر دەستی‌یەوە ئەوا با خۆی چی دەخوات ئەوەش بدات بەو، وەچی دەپۆشێت ئەوەیش لەبەر ئەو بکات، وە باداوای کارێکی لێ نەکات کەلە توانایدا نەبێت ولەسەری قورس بێت، وەئەگەر داوای لێ کرد ئەوا با خۆی هاوکاری بکات ویارمەتی بدات.

وە أبي مسعود الأنصاريﷺ دەفەرمێت: كنت أضرب غلاماً لي، فسمعت من خلفي صوتا: **(إعلم يا ابا مسعود لله أقدر عليك منك عليه)** فالتفت فإذا هو رسول الله ﷺ فقلت يا رسول الله: هو لوجه الله فقال: **(أما لو لم تفعل للفحتك النار او لمستك النار)**(١٢).

واتە: لە منداڵێکی خزمەتکارمم دەدا، لە پشتمەوە گوێم لە دەنگێك بوو وتی: ئەی باوکی مەسعود بزانە کە خوای گەورە بەدەسەڵات ترە بەسەر تۆدا لە دەسەڵاتی تۆ بەسەر ئەو منداڵەدا، کاتێك ئاوڕم دایەوە بینیم پێغەمبەری خوایەﷺ، ووتم ئەی پێغەمبەری خواﷺ ئەوا ئازادم کرد لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە، پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: ئەگەر ئازادت نەکردایە ئەوا ئاگری دۆزەخ دەتی سوتاند یاخود دەتی گرتەوە.

وە سەلمان ﷺ دەیەوێت خزمەتکارەکەی فێرە ئەدەب بکات، بەڵام لە تۆڵە سەندنەوە دەترسێت ودەفەرمێت:

**(لولا أني أخاف القصاص لأوجعتك)**(١٣).

واتە: ئەگەر لە تۆڵە سەندنەوە نەترسامایە ئێستا ئازارم دەدایت.

وە پێغەمبەرﷺدەفەرمێت:

**(ثلاثة لهم أجران: رجل من أهل الكتاب آمن بنبيه وآمن بمحمدﷺ، والعبد المملوك إذا أدى حق الله وحق مواليه، ورجل كانت له أمة فأدبها فأحسن تأديبها، ثم أعتقها فتزوجها فله أجران)**(١٤).

واتە: سێ کەس دوو پاداشتیان هەیە: پیاوێك کە ئەهلی کتاب بێت باوەڕ بە پێغەمبەرەکەی خۆی بهێنێت پاشان

---

(١١) (رواه البخاري ومسلم عن أبي ذرﷺ، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٨٤٢).

(١٢) (رواه مسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٣٣٥٣).

(١٣) (صححه الشيخ الألباني في: الأدب المفرد: ١٨٢).

(١٤) (رواه البخاري ومسلم عن أبي موسى الأشعريﷺ، وانظر: مشكاة المصابيح: ١١).

باوەڕ بە محمدﷺ بهێنێت، وەبەندەیەکی خاوەندار ئەگەر مافی خوای گەورە وخاوەنەکەی بدات، وەپیاوێك کەنیزەیەکی هەبێت بە شێوەیەکی جوان وباش فێرە ئەدەبی بکات، پاشان ئازادی بکات ومارەی بکات ئەوا دوو پاداشتی هەیە.

وەپێغەمبەرﷺ بەردەوام ئامۆژگاری موسڵمانانی دەکرد کە مامەڵەو هەڵسوکەوتیان چاك بێت لەگەڵ بەندەو کۆیلەکاندا بەتایبەتی لەگەڵ ئافرەتانیاندا، تەنانەت لە سەرەمەرگیشیدا دوا ئامۆژگاری و وەسێتی ئەوە بوو کە:

(كانت عامة وصية رسول الله ﷺ الصلاة الصلاة وما ملكت أيمانكم، فما زال يقولها حتى جعل يغرغر بها في صدره وما يفيض بها لسانه)(١٥).

واتە: هەموو وەسێت و ڕاسپاردەی پێغەمبەرﷺ ئەمە بوو دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە ئاگاداری نوێژەکانتان وکەنیزەکانتان بن ولەگەڵیاندا باش بن، بەردەوام ئەم ئامۆژگارییەی دەووتەوە تا لە سینگیدا غەرغەرەی پێ دەکرد و نەیتوانی بە زمان بیڵێت.

وە دەیفەرموو:

(الله الله فيما ملكت أيمانكم أشبعوا بطونهم واكسوا ظهورهم وألينوا القول لهم )(١٦)

واتە: ئەتانترسێنم بە خوای گەورە کە چاك بن لەگەڵ کەنیزەکانتاندا، تێریان بکەن و پۆشتەیان بکەن، ووتەی نەرم ونیانیان لەگەڵدا بەکار بهێنن.

بەم شێوەیە ڕێنماییەکانی ئیسلام گەیشتە سەربەرزییەك کە هیچ دوژمنێکی سەرسەختی ناتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت مەگەر درۆی بۆ هەڵبەستن‌و بوهتانی بۆ بکەن و سەرلە خەڵکی بشێوێنن کە ئەمیش زۆر ناخایەنێت‌و ڕاستییەکان بە درۆیان دەخەنەوە و واقیعی ڕوناك تاریکییەکەیان لادەبەن.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

================

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

---

(١٥) (رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح ابن ماجة: ١٦٢٥، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٢٨٦، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٨٦٨).

(١٦) (رواه الطبراني عن كعب ابن مالك رضي الله عنه، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٢٨٨).

# خۆڕاگری زانایانی ڕێبازی سەلەفیەت لەبەرامبەر دوژمناندا

نووسینی: دکتۆر/ هیوا نجم الدين حيدر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين،

**لەپاشاندا:**

**بێ گومان بانگەواز کردن بۆ ڕێگای ڕاست، کەسانێکی دەوێت کەوا کۆڵنەدەرو ئارامگربن لەبەردەم دوژمناندا، چونکە هەڵگرانی ئەو ڕێبازە دوژمنیان زۆرە بەتایبەت زانایان، چونکە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن** (عليهم الصلاة والسلام) **وەکو چۆن پێغەمبەران ناخۆشی و ئازاری دوژمنانیان چەشتووە لەکاتی گەیاندنی ئەو ئایینە پیرۆزەدا، هەروەها زانایانیش تووشی ئەو ئازارانە بوونە لەلایەن ئەهلی بیدەع و دوژمنانەوە لەکاتی بانگەواز کردن بۆ ڕێگای ڕاست .**

**بۆیە زانایانی ڕێبازی سەلەفیەت بەردەوام بانگەوازی خەڵکی دەکەن بۆ ڕێگای ڕاست، وە بوونەتە پێشەوایەك بۆ خەڵکی کەوا ڕێگای ڕاست بدۆزنەوە، وەهەروەها لە دوژمنان نەترساون لەکاتی گەیاندنی بانگەوازەکەدا .**

قال الشيخ محمد اسماعيل:

( إن من خصائص الداعية الى التوحيد أنه كبير الهمة، ولا يترخص في السكوت عند غلبة أهل الأهواء والضلالات وعند قوة أهل الفجور واشتداد أذاهم، لأنه يرى أن الترخص هنا من شأن العامة من المستضعفين، أما دعاة التوحيد أصحاب الهمم العالية فيتمسكون بالعزيمة ويصدعون بالحق وإن لحقهم الأذى والعذاب والموت)[١]

**واتە: یەکێك لە سیفەتەکانی بانگەوازکار بۆ یەکخواپەرستی ئەوەیە کەوا هیممەتی بەرزە، بێدەنگ بوون ناگرێتە بەر لەکاتێکدا ئەهلی هەواو ئارەزوو گومڕاکان زاڵن، وە لەکاتێکدا کە خاوەن سزای سەخت و هێزو دەسەڵاتن، لەبەر ئەوەی بێدەنگ بوون لەو کاتەدا کرداری ئەو خەڵکە عامەیە کە بێ دەسەڵاتن، بەڵام بانگەواز خوازانی یەکخواپەرست خاوەن هیممەتێکی بەرزو خۆڕاگرن، وە بانگەشەی حەق دەکەن ئەگەر چی تووشی ئازارو سزاو مردن ببن لەپێناو ئەو ڕێبازەدا .**

---

(١) (علو الهمة: ص٢٧٤، للشيخ محمد إسماعيل).

خوێنەری بەڕێز ئەمەش چەند نموونەیەکە لەسەر ئارام گری و خۆڕاگری پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) وزانایانی ڕێبازی سەلەفیەت کەوا مێژوو بۆمانی تۆمار کردوە چۆن لەتاقیکردنەوەکاندا سەرکەتوو بوونە، هەروەها چۆن دژی کوفرو بیدعەو ستەمکاران وەستاون، ئەمەش بۆ ئەوەی کەوا ڕاستی ڕوون و ئاشکرا بێت تاڕۆژی دوایی و ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەم جۆرە هەڵوێستانە زیاتر زانایان لەدەروونماندا شیرین دەکات، وەنموونەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران و زانایان بڕۆن .

**خۆڕاگری پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) لەبەرامبەر دوژمناندا:**

بێگومان ئارامگرتن سێ جۆرە:

یەکەم: ئارامگرتن لەسەر بەردەوامی عیبادەت و گوێڕایەڵی خودای گەورە .

دووەم: ئارامگرتن لەسەر ئەوەی دورکەوێتەوە لەتاوانەکان .

سێ یەم: ئارامگرتن لەسەر قەزاو قەدەری خودا .

خۆڕاگری لەم سێ شوێنەدا بریتی‌یە لە ڕەوشتێك کە زۆر گەورەو پیرۆزە و ڕەوشتی پێغەمبەران بووە(عليهم الصلاة والسلام) وەکو خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُو الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ﴾ [الأحقاف: ٣٥] .

واتە: ئەی محمدﷺ ئارام بگرە هەروەکو چۆن پێغەمبەرانی خاوەنی عەزیمەت ودامەزراوی ئارامیان گرت بەرامبەر ئازار وئەشکەنجەی نەتەوەکانیان (کە بریتی بوون لە: نوح وإبراهيم وموسى وعيسى ومحمد(عليهم الصلاة والسلام) ).

بەچەند نموونەیەك هەڵوێست و خۆڕاگری پێغەمبەران و زانایانمان بۆ دەردەکەوێت لە گۆڕەپانی بانگەوازدا، کەوا ئەوان مامۆستاو پێشەوان بۆ هەموو بانگەواز خوازێك کە بانگەشەی خەڵکی دەکات بۆ یەکخواپەرستی.

* خۆڕاگری پێغەمبەری خوداﷺ لەبەردەم ئازارو ئەشکەنجەی قورەیشدا کە زۆر ئازاریان دەداو تەنانەت ڕیخۆڵەی وشتریان دەکرد بەسەریدا، وە گەمارۆیاندا بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ (بني هاشم) دا لەدۆڵی (أبي طالب)، وە بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرکردو ویستیان فەرمانەکە جێبەجێ بکەن، بەڵام خودای گەورە پێغەمبەریﷺ پاراست لە کوشتن، هەموو ئەم شتانە پێغەمبەری ئیسلامیﷺ بێزار نەکرد، وە وای لێ نەکرد کە واز لەبانگەوازی یەکخواپەرستی (دعوة التوحيد) بهێنێت .

*خۆڕاگری پێغەمبەرﷺ لەشەڕەکانی (أُحد)، (الخندق)، (فتح)، (الحنين)،

(الطائف)، (تبوك) دا، بەردەوام خۆڕاگرو سەرکەوتوو بوو بێزار نەدەبوو، بەم ئازایەتی‌یە چەندەها جەنگی بینی و لە زۆربەیاندا خۆی سەرکردایەتی دەکرد .

*خۆڕاگری پێغەمبەرﷺ لەبەرامبەر فێڵەکانی (یهود) دا کەدەیان ویست بانگەوازەکەی لەناوبەرن.

بەم شێوەیە پێغەمبەری خوداﷺ ئارامگرو خۆڕاگربوو بەدرێژایی گەیاندنی بانگەوازەکەی کە (٢٣) ساڵ بەردەوام بوو، هیچ ڕۆژێك لەگەیاندنی دا کەم تەرخەمی نەکرد، هەتا وەکو بانگەوازەکەی گەیشتە هەموو جیهان.

*خۆڕاگری پێغەمبەر ابراهیمﷺ لەوەی کەوا کردیانە ناو ئاگرەکەوە لە پێناو بانگەوازی یەکخواپەرستیدا، خودای گەورە دەفەرمووێت:

﴿قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانْصُرُوا آَلِهَتَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ﴾ [الأنبياء: ٦٨-٧٠] .

واتە: بێ باوەڕان ووتیان: إبراهیمﷺ بسوتێنن وخوایەکانتان سەربخەن بەوەی تۆڵەیان بۆ بسەننەوە لە إبراهیمﷺ کە شکاندویانێتی، وئاگرێکی گەورەیان کردەوەو خستیانە ناوی‌یەوە، خوای گەورەیش بە ئاگرەکەی فەرموو: ئەی ئاگر سارد وسەلامەت بە لەسەر إبراهیمﷺ، ئەوان نەخشەو پیلانیان بۆ إبراهیم دانا و ویستیان لە ناوی بەرن، بەڵام ئێمە ئەوانمان لە ناو برد و زەرەرمەندیانمان کرد.

*خۆڕاگری پێغەمبەر یوسفﷺ لەبەندیخانەدا کەوا بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ یەکخواپەرستی، خودای گەورە دەفەرمووێت:

﴿يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآَبَاؤُكُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [يوسف: ٣٩-٤٠].

واتە: یوسفﷺ بە دوو هاوڕێکەی بەندینخانەی فەرموو: ئایا ئەو هەموو خوایە جۆراوجۆر وجیاوازانە بۆ ئێوە باشترە کە بیانپەرستن یاخود تەنها خوایەك کە تاك وتەنها وبێ هاوەڵ وشەریکە وزاڵ وبە تواناو بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو دروست کراوەکاندا؟!

ئەو خوایانەی کە ئێوە دەیانپەرستن هیچ شتێك نین وتوانای سود پێگەیاندن وزیان لابردنیان نی‌یە وتەنها کۆمەڵە ناوێکن ئێوە خۆتان وباوك وباپیرانتان ناوتان لێ ناون وخوای گەورە هیچ بەڵگەو نیشانەیەکی لەسەر نەناردونەتە خوارەوە، حوکم وبڕیاردان تەنها بۆ خوای گەورەیە وفەرمانی کردووە کە کەس نەپەرسترێت تەنها ئەو نەبێت وهاوەڵی بۆ

بڕیار نەدرێت، ئا ئەمەیە دینی ڕاست وپاك ودامەزراو بەڵام زۆربەی زۆری خەڵکی نایزانن.

*تاقیکردنەوە لەپێناوی خوادا سوننەتی پێغەمبەران بووە(علیهم الصلاة والسلام) وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:

(أشد الناس بلاء الأنبياء ثم الأمثل فالأمثل، فيبتلى الرجل على حسب دينه، فإن كان دينه صلباً اشتد بلاؤه، وإن كان في دينه رقة أبتلي على حسب دينه، فما يبرح البلاء بالعبد حتى يتركه يمشي على الأرض ما عليه خطيئة)[٢] .

واتە: سەختترین بەڵاو ناخۆشی تووشی پێغەمبەران دەبێت (علیهم الصلاة والسلام) پاشان ئەوانەی وەکو ئەوانن، پاشان ئەوانەی وەکو ئەوانن، مرۆڤ تاقی دەکرێتەوە بەپێی ئیمانەکەی، ئەگەر ئیمانەکەی پتەو بێت ئەوە تاقیکردنەوەکەی قورس ترە، وە ئەگەر ئیمانەکەی لاواز بێت ئەوە بەهەمان شێوە بەپێی ئیمانەکەی تاقی دەکرێتەوە، هەتا وەکو تاقیکردنەوە وا لەبەندەی ئیماندار دەکات بەسەر زەوی دا دەڕوات وهیچ تاودانێکی لەسەر نییە)

قال شيخ الاسلام ابن تيمية:

(إذ قد دل كتابه على أنه لابد من الفتنة لكل من الداعي الى الايمان، والعقوبة لذوي السيئآت و الطغيان)،

واتە: پەرتوکی خوای گەورە دەلالەتی لەسەر ئەوە کردووە کە هەر دەبێت ئەوەی بانگەوازی خەڵکی دەکات بۆ باوەڕ تاقی بکرێتەوە، وخاوەنی خراپەکاری ولەسنور دەرچوانیش سزا بدرێن، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿الم أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ أَنْ يَسْبِقُونَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾

[العنكبوت: ١-٤] .

واتە: ئایا خەڵکی وا گومان دەبەن کە تەنها بڵێن باوەڕمان هێناوە ئیتر وازیان لێ دێنن وتاقییان ناکەینەوە؟ نەخێر وانییە وباوا گومان نەبەن، چونکە ئێمە هەموو ئوممەتانی پێش ئەمانمان تاقی کردۆتەوە تاخوای گەورە ڕاستگۆیان ودرۆزنان ئاشکرا بکات ودەریان بخات.

فأنكر سبحانه على من يظن أن أهل السيئآت يفتنون الطالب، وأن مدعي الإيمان يتركون بلا فتنة تميز الصادق والكاذب)[٣].

بۆیە بانگەوازکاری ڕاستەقینە دەبێت تاقی بکرێتەوە پاشان خۆڕاگر بێت

(٢) (رواه الترمذي وابن ماجة وأحمد عن سعد بن أبي وقاص رضي الله عنه، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٩٩٢).

(٣) (مجموع الفتاوى: ٢١٢/١).

لەکاتی تاقیکردنەوەدا، لێرەدا نموونەی چەند زانایەکی سەلەفی دەهێنینەوە لەوانە:

**خۆڕاگری ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل**(ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

لەساڵی (١١٢) ی کۆچی دا خەلیفەی موسڵمانان (مأمون) ئەو بیدعەیەی بڵاو کردەوە کە دەیووت: قورئانی پیرۆز دروست کراوە (مخلوق)،

لەساڵی (٢١٨) ی کۆچی دا کە (مأمون) لە (طرسوس) بوو نوسراوێکی نارد بۆ جێگری خۆی لە (بغداد) کە (إسحاق بن إبراهيم بن مصعب) بوو فەرمانی پێ کرد کە هەموو زاناو فەرموودەناسەکان تاقی بکاتەوە دەربارەی ئەوەی ئایا قورئان دروست کراوە یان فەرموودەی خوایە، بۆیە (إسحاق) کۆمەڵێکی زۆری زانایانی کۆکردەوە وپرسیاری ئەوەی لێ کردن کەوا قورئان دروست کراوە یان فەرموودەی خوایە، لەو کاتەدا کۆمەڵێکی زۆر لەترسدا بەناچاری دانیان نا بەوەی کەوا قورئان دروست کراوە، بەڵام هەندێ لەزانایان هەر بەردەوام بوون لەسەر ئەوەی کەوا قورئان کەلامی خودایە و دروست کراو نییە، لەوانەی هەتا کۆتایی تاقیکردنەوەکە خۆڕاگر بوون هەر دەیان ووت قورئان کەلامی خودایە ودروست کراو (مخلوق) نییە، بریتی بوون لە (ئەحمەدی کوڕی حنبل، محمد کوڕی نوح) وەچەند زانایەکی تر.

بۆیە (إسحاق) بە زنجیرو کەلەپچە هەردووکیانی توند بەست و بەبەند کراوی لەسەر یەك وشتر ناردیانی بۆ لای (مأمون) لە (طرسوس) .

(صالح) ی کوڕی ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: تاکو (أنبار) لەگەڵیاندا ڕۆیشتین (أبو بكر الأحول) بەباوکمی فەرموو: ئەی باوکی عبدالله گەر ناچاریان کردیت لەقسەی خۆت پەشیمان دەبیتەوە؟ فەرمووی: نەخێر .

ئەوە بوو پێش ئەوەی ئیمامی ئەحمەد بگاتە لای (مأمون)، (مأمون) وەفاتی کرد، کاتێك (مأمون) کۆچی دوایی کرد ئیمامی ئەحمەدیان گەڕانەوە بۆ (بغداد)، دوای ئەو (معتصم) بوو بە خەلیفە، کەچی دیسان ئیمامی ئەحمەد بە بەندکراوی برا بۆ ماڵی (إسحاق بن إبراهيم) کە بەرپرسی پۆلیسی بەغداد بوو، لەوێ هەموو ڕۆژێك قەیدێکیان بۆ زیاد دەکرد .

بەم چەشنە ئیمامی ئەحمەد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) بیست وهەشت (٢٨) مانگ لە زینداندا مایەوە، پاشان بردیان بۆلای خەلیفە (معتصم)، بەمەبەستی ترساندنی ئیمامی ئەحمەد دووکەس لە ژوورەکەدا بەکوژراوی فڕێ درا بوون بەڵام ئیمام بەهیچ شێوەیەك نەترسا .

لەگەڵ ئەم قسانەدا (معتصم) بەزمانی خۆش لەگەڵ ئیمامی ئەحمەد دا قسەی دەکرد و دەیووت: (ئەحمەد وەڵامم بدەرەوە تاوەکو بتکەم بە نزیکترین کەس لەخۆم، وە کەسێك کە هوو شتێك بەدەستی ئەو بێت) بەڵام ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو: یەك ئایەت یان یەك فەرموودەم بۆ بهێنەوە تاوەکو وەڵامتان بدەمەوە .

بۆیە ئیمامی ئەحمەد هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی قورئان کەلامی خودایە نەك دروست کراو، لەم کاتەدا (معتصم) تورە بوو، وەبەئیمامی ئەحمەدی ووت: لەعنەتی خودات لێ بێت حەزم دەکرد وەڵامم بدەیتەوە کەچی وەڵامت نەدایەوە، بیبەن بۆ بەندیخانە و ئازاری بدەن، ئەوانیش دەستیان کرد بە لێدانی ئیمامی ئەحمەد، (معتصم) دەیووت: (توند توند لێی بدەن خودا دەستان ببڕێت).

یەکێك لەوانەی کەوا ئازاری ئیمامی ئەحمەدیان دەدا دەڵێت: ( هەشتا قامچیم دا لە ئەحمەد ئەگەر بدرایە لەفیل ڕاست نەدەبووەوە).

بەم شێوەیە ئیمامی ئەحمەد خۆڕاگر بوو، تا لەساڵی (٢٢٧) کۆچی ئازاد کرا، دوای ئەوەش زانایان پۆل پۆل ئازاد کران وسەردانی ئیمامی ئەحمەدیان دەکرد، وسەرکەوتن بۆ سوننەت وشوێن کەوتوانی بوو، وە ئەهلی بیدەع وئارەزووەکانیش لە بەندینخانە کۆت وزنجیر کران، پاش ئەم ڕووداوە ئیمامی ئەحمەد ناودەبرا بە (ئیمامی ئەهلی سوننە)[٤] .

باسەکە درێژی هەیە .........

لەژمارەی داهاتوو دا چاوەڕوان بن بۆ بەشێکی تر لەبابەتەکە بەناونیشانی (خۆڕاگری شیخ الإسلام "ابن تيمية" لەبەرامبەر دوژمناندا).

**سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك.**

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

(٤) بڕوانە: (زانای پایەبەرز: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، نوسینی: م/ مجيد حميد مجيد: ل٤٧).

# چەند ڕێگەیەك
# بۆ بەرەنگار بوونەوەی
# ئاشوب وفیتنە

**وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە:**

**م/ عدنان بارام**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی نوسەر:

**١** ـ جێ بەجێ کردنی یەکخوا پەرستی تەواو بۆ خوای پەروەردگار و پەرستنی بەتاك وتەنهایی، ئەو خوایەی کە فەرموویەتی:

﴿ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ﴾[1].

واتە: هەموو کاتێك خوای پەروەردگار قەزاو قەدەری خۆی دەگێڕێت، کەسانێك پایەدار دەکات و کەسانێك بێ نرخ دەکات، وە فەرموویەتی:

﴿ مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ﴾[2].

واتە: هیچ موسیبەت و شتێك ڕوونادات و تووشی کەس نابێت ئیللا بە فەرمانی خوا نەبێت .

**٢** ـ یەکبوون ویەکگرتن و یەك خستنی دڵەکان لەسەر بنەوای تەنها خۆشەویستن لەبەر خوا، وواز هێنان لە دووبەرەکی وجیاوازی، و دەست گرتن بە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ﴾[3].

واتە: هەمووتان دەست بگرن بە پەتی پتەوی خوای پەروەردگارەوە کە قورئانی پیرۆز و ئایینەکەیەتی، و دووبەرەکێ و تەفریقەش لە نێوان خۆتاندا مەنەنەوە، وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمویەتی: (ترکت فيكم أمرين، لن تضلوا ما إن تمسكتم بهما: كتاب الله وسنتي، ولن يتفرقا حتى يردا على الحوض)[4] .

واتە: دوو شتم تێدا بەجێ هێشتوون، هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن، ئەوانیش: قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانم، لە یەکیش جیانابنەوە تاکو پێم دەگەن لەسەر حەوزی کەوسەر .

---

(١) ( سورة الرحمن: ٢٩ ) .

(٢) ( سورة التغابن: ١١ ) .

(٣) ( سورة آل عمران: ١٠٣ ) .

(٤) (حسنه العلامة الألباني في: كتاب منزلة السنة) .

٣ ـ بەپەرۆش بوون و هەوڵدان بۆ ئەنجامــدانی پەرســتش وكــرداری چــاك، چونكە پێغەمبەری خــوا ﷺ فەرمویــەتی: (الْعِبَادَةُ فِي الْهَرْجِ، كَهِجْرَةٍ إِلَيَّ) (٥) .

واتــە: پەرســتش لەســەردەمی ئاشــوب و فیتنــەدا وەكــو كــۆچ كردنێكــە بۆلای من .

٤ ـ بەردەوام بوون لــە تۆبــەكردن، وداوای لێخۆشبوون لــەخوای پــەروەردگار، و زۆر وتنی: (سبحان الله)، و پاڕانــەوە لــە پــەروەردگاری میهرەبــان، چــونكە خــوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾(٦) .

واتــە: ئەگــەر سزا و ناڕەحــەتی ئێمــەیان تووش بێــت، پێویســتە ئــەوان مــل كەچــی خۆیــان دەربــڕن و بگەڕێنــەوە بــە تۆبــە كردن و پاڕانەوە، بەڵام دڵەكان ڕەق بووە و نــەرم نــابن لــە ئاســتی ڕەوایيــدا، شــەیتانیش ئــەوەی بــۆ ڕازاندوونەتــەوە، ئەوەش بەوەی كە وای لێ دەكردن كە ئەو كردەوانــەی پــێی هەڵدەســتن ڕەوایــە و دینــی ڕاســت و ڕەوایش هــەر ئەوەیــە كــە ئەوان لە سەرین .

بۆیە پێشەوا (علي) كوڕی (أبــو طالب) ﷺ فەرمویەتی:

(ما نزل بــلاء إلا بــذنب، ولا رفــع إلا بتوبة).

واتــە: هــیچ بەڵایــەك دانــەبزێنراوە ئــیللا بەهۆی تاوانەوە بووە، وهەڵیش نــەگیراوە ئیللا بەهۆی تۆبەكردنەوە نەبێت .

٥ ـ گرنكــی دان بەداڕشــتن و دامەزرانــدنی بنــەوا زانــستیەكان و بــە دەســت هێنانیــان، لەســەر پــەیڕەو و مەنهــەجی ڕاســت و دروســتی ســەلەفیەت، كە ئەو ئاینەیە (محمد) ﷺ پێی هــاتووە، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿ فَلَوْلَا نَفَرَ مِنْ كُلِّ فِرْقَةٍ مِنْهُمْ طَائِفَةٌ لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنْذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴾(٧) .

واتە: خوای پەروەردگار بەندەكانی لــەوە ئاگادار دەكاتەوە كە نابێت هــەموویان لــە كــاتی بانگــەواز كردنــدا بــۆ جیهــاد و تێكۆشــان دەرچــن بــۆ تێكۆشــان لەگــەڵ دوژمنانیاندا، بەڵكو دەبێت كۆمــەڵانێكیان خەریكی فێر بوونی زانستی شــەرعی بن، بۆ ئــەوەی موســڵمانان ئاگــادار بكەنــەوە دوای گەڕانــەوەیان لــە تێكۆشــانیان، بــۆ ئەوەی بە ئاگا بــن لــە سنووره شــەرعی و قەدەغەكراوەكانی خوای پەروەردگار .

چــونكە یــەكێك لــە نیــشانەكانی هاتن ونزیك بوونەوەی قیامەت ئەوەیە كــە زانــستە شــەرعیەكان لــەناو موســڵماناندا كــەم دەبنــەوە و نــەفامی و نــەزانی بــڵاو

(٥) (مسلم: ٢٩٤٨) .

(٦) (سورة الأنعام: ٤٣) .

(٧) (سورة التوبة: ١٢٢) .

دەبێتەوە، هەر وەکو پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:

(من أشراط الساعة أن يرفع العلم و يظهر الجهل)(٨).

واتە: یەکێك لە نیشانەکانی هاتن ونزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەت ئەوەیە کە زانستە شەرعیەکان لەناو موسڵمانانداکەم دەبنەوە و نەفامی و نەزانی بڵاو دەبێتەوە .

٦ - کۆبوونەوە بەدەوری زانایانی خواویست، وبانگەشەکارانی ڕاستگۆ بۆ زانینی حوکمە شەرعیەکان سەبارەت بە ئاشوب وفیتنەکان، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ﴾(٩) .

ئەم فەرمایشەی خوای پەروەردگار سەرزەنشتێکە بۆ بەندەکانی لەسەر ئەو کردەوە نا لایقەی کە ئەنجامیان داوە، بەڵکو پێویست بوو لەسەریان لە کاتی پێگەیشتنی خەبەرێکی گرنگ و تایبەت بە بەرژەوەندیە گشتیەکان کە پەیوەستە بە ئەمن و ئاسایشی موسڵمانانەوە، یان پەیوەستە بە ترسەوە، کە بەلاو موصیبەتە بۆ هەموو موسڵمانان، ئەوا پێویست وایە کە دڵنیاکاری بکەن لە هەواڵەکە، و نابێت پەلە بکەن لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە، بەڵکو پێش بڵاوکردنەوەی بیگەڕێننەوە بۆ لای پێغەمبەری خواﷺ، و کاربەدەستان و سەرپەرشتیارانیان، لە کەسانی زانا و خاوەن بۆچوون و ئامۆژگاریکار و خاوەن هۆش و هزر، ئەوانەی کە شتەکان دەزانن و دەشزانن کە بەرژەوەندی موسڵمانان لە کوێیە، یان دژەکەی چیە، جا ئەگەر بە باشیان زانی ئەو هەواڵە بڵاو بکرێتەوە بە ناو موسڵماناندا، و لە بەرژەوەندی ئەواندایە ئەوا با بڵاو بکرێتەوە، وە ئەگەر بەرژەوەندی لە پێچەوانەکەیدا بوو ئەوا با ئەوەیان بێت .

پێشەوا (ابن القيم) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - سەبارەت بە ڕۆڵی مامۆستاکەی - شێخی پایە بەرزی ئیسلام (ابن تيمية) - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - لەجێ گیربوونیان و لە کاتی ڕووتێکردنی فیتنە و دڵتەنگی فەرمویەتی:

(وكنا إذا اشتدَّ بنا الخوف وساءت منا الظنون، وضاقت بنا الأرض؛ أتيناه، فما هو إلا أن نراه ونسمع كلامه فيذهب ذلك كله عنا ) .

واتە: ئەگەر ترسەکانمان زیادی بکردایە، وگومانی خراپەمان بۆ دروست ببوایە، ئەو زەویە فراوانەشمان لەلا تەسك ببایەتەوە، ئەڕۆشتینە لای - مەبەستی: (ابن تيمية ) یەی مامۆستای - و هەر ئەوەندەی کە چاومان پێ دەکەوت و

(٨) (البخاري: ٧٧ / ٦٨٠٨، و مسلم: ٢٦٧١ ) .

(٩) (سورة النساء: ٨٣) .

گوێمان له ووتـەكانی دەبوو، هـەموو ئـەو شتانەمان لەسەر نەدەما .

٧ ▪ دەسـت گـرتن بـە كۆمـەڵی موسـڵمانان و پێـشەوايانەوە: لەبـەر فەرمودەكەی (حذيفة) كە فەرمويەتی:

(كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنْ الْخَيْرِ وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنْ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ: نَعَمْ، قُلْتُ: وَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ؟ قَالَ: نَعَمْ وَفِيهِ دَخَنٌ، قُلْتُ: وَمَا دَخَنُهُ؟ قَالَ: قَوْمٌ يَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ، قُلْتُ: فَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ؟ قَالَ: نَعَمْ دُعَاةٌ إِلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، فَقَالَ: هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا، قُلْتُ: فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ؟ قَالَ تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ، قُلْتُ: فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إِمَامٌ؟ قَالَ: فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ بِأَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ)[١٠] .

واتـە: خـەڵكی پرسـياری چـاكە و چـاكەكاريان لەپێغەمبـەری خـوا ﷺ دەكـرد و منـيش پرسـياری خراپـەكان، لەترسی ئـەوەی نـەكو تووشـم بێت، پـێم وت ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئێمـە لەنـەفامی وخراپەكاريـدا بـووين، خـوای پەروەردگار ئەم چاكەيەی بۆ هێناين، ئايا دوای ئەم چاكەيە خراپە هەيە؟ فـەرموی: بـەڵێ، پـێم وت: ئايـا دوای ئـەو خراپەيـە جارێكی تر خێر دێتەوە؟ فەرموی: بـەڵێ، بـەڵام خڵتـەو دڵپيـسی و نيـەت خراپـی تێدايـە . وتم: خڵتەكـەی چيە؟ فـەرموی: خـەڵكانێك شـوێنكەوتوو پـەيڕەوی ڕێگەيەكن جگە لەڕێگەكەی من! ! هەنـدێ شتيان بەباشی دەبينيت وهەندێكی تريان ئينكـار دەكـەيت، وتم: ئايـا دوای ئـەو چـاكەيەش خراپـە هەيـە؟ فـەرموی: بانگەشـە كارانێـك دەبـن بـانگی خـەڵكی دەكـەن بـۆ ئـاگری دۆزەخ، هەركەسـێك وەڵاميـان بداتـەوە و بڕواتـە دەميانـەوە دەيخەنـە دۆزەخـەوە، واتـە ئاكاميـان دۆزەخ دەبێـت لـە دوا ڕۆژدا، وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەسـفيان بكـە بۆمان؟ فەرموی: هەر لەخۆمانن وبەزمانی خۆشمـان ـ واتـە بـە زمـانی ئيسلامەتی ـ لەگەڵمانـدا دەدوێـن . وتم: ئامۆژگـاريم بەچی دەكەی ئەگەر گەيشتمە ئەو ڕۆژە و تووشيان بووين؟ فەرموی: لەگەڵ كۆمەڵی موسڵمانان وپێشەوای موسڵمانان دەبيت، وتم: ئـەی ئەگـەر كۆمـەڵ و پێـشەوای موسـڵمانان نـەبوو؟ فـەرموی: دوور بگـرە لەهەموو ئەو كۆمەڵ و حيـزب و تاقمانـەی كـە هـەن، ئەگـەر قەپيـشت گرتبێـت بەڕيـشكە دارێكـەوە تـاكو مردنـت پـێ دەگات هەر لەسەر ئەو شێوەيە بە .

(١٠) ( البخاري: ٣٦٠٦ ، و مسلم: ١٨٤٧ ) .

٨ ـ ڕەچاوکردن وجێبەجێکردنی بنەوای برایەتی ئیسلامی تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە ـ نەك لەبەر هیچ پەیوەندیەکی تری نەفامی بەهەر ناو نیشانێکەوە بێت ـ خوای بلند و بالا دەست فەرمویەتی:

﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ﴾[11].

واتە: هیچ کەسانێك نیيە كە بڕاوایان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکیان خۆش بووێت کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ بکەن، با باوکانیان یان ڕۆڵەکانیان، یان برایاکانیان، یان هۆز و عەشرەتەکەیان بن، ئەوانە خوای پەروەردگار دڵی پڕکردوون لە باوەڕ.

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی:

(من أحب لله، وأبغض لله، وأعطى لله، و منع لله، فقد استكمل الإيمان)[12].

واتە: ئەگەر کەسێك خۆش ویستنی لەبەر خوا بێت، ڕق لێ بوونیشی هەر لەبەر خوا بێت، بەخشین و پێدانیشی تەنها هەر لە بەر خوا بێت، و ڕێگرتن و پێ نەبەخشینیشی هەر لەبەر ئەو بێت، ئەو کاتە باوەڕی تەواو دەبێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِه)[13].

واتە: باوەڕی هیچ یەکێك لە ئێوە تەواو نیيە تاکو ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت.

٩ ـ لەسەر خۆیی و نەرم ونیانی وپەلە نەکردن لەکاتی بەرپابوونی ئاشوب و ڕوودانی ئاشوب، کە وا دەکەن لەموسڵمان ڕاستیيەکان ببینێ بەدانایی چاوڕۆشنیەوە، وهەموو لایەنی شاراوە و دووری و ئاکامەکانی لا ئاشکرا دەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:

(ما كان الرِّفْقُ في شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا نُزِعَ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ)[14].

واتە: نەرم ونیانی لە هیچ شتێکدا نابێت ئیللا دەیڕازێنێتەوە، و لە هیچ شتێکیش ناکرێتەوە ئیللا ناشرینی دەکاتەوە.

١٠ ـ ئارامی و ئارامگرتن، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن

---

(١١) ( سورة المجادلة: ٢٢ ).

(١٢) (صححه العلامة الألباني في: السلسلة الصحيحة: ٣٨٠).

(١٣) ( البخاري: ١٣ ).

(١٤) ( مسلم: ٤٦٩٨ ).

رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴾[15] .

واتە: خوای پەروەردگار تاقیتان دەكاتەوە بە ترس و برسێتی و كەم كردنی سامان یان مردنی كەس و كار و كەم كردنی بەروبوومی زەرعات و كشتوكاڵتان، لەم تاقیكردنەوەیەدا موژدە بدە بەوانەی كە ئارامگرن، ئەوانەی كە تووشی موسیبەت و ناڕەحەتیەك دەبن دەڵێن: ( إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ )، ئەوانە سەڵاوات، بەزەیی خوای پەروەردگاریان لەسەرە، هەر ئەوانەشن كە هیدایەت دراوون .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمویەتی: (إِنَّ مِنْ وَرَائِكُمْ أَيَّامَ الصَّبْرِ، الصَّبْرُ فِيهِنَّ عَلَى مِثْلِ قَبْضٍ عَلَى الْجَمْرِ، لِلْعَامِلِ فِيهِنَّ مِثْلُ أَجْرِ خَمْسِينَ رَجُلًا يَعْمَلُونَ بِمِثْلِ عَمَلِهِ، قَالَ يا رسول الله: أجر خمسين منهم، قَالَ: أجر خمسين منكم)[16] .

واتە: ڕۆژانێك دێن لە دوای ئێوە، ئارامگرتن تیایاندا وەكو دەست گرتنە بە ئەسكڵەوە، بۆ هەر كەسێك كە لەو سەردەمانەدا كردەوەی چاك ئەنجام بدات پاداشتی پەنجا كەسی هەیە كە كردەوەیان وەكو ئەو ئەنجام دابێت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پاداشتی پەنجا لە خۆیانی هەیە؟!

(١٥) ( سورة البقرة: ١٥٥ ــ ١٥٧ ) .

(١٦) ( رواه ابن ماجة: ٤٠١٤ ، وصححه العلامة الألباني في الصحيحة: ٤٩٤ ) .

فەرمووی: بەڵكو خێری پەنجا لە ئێوەی هەیە .

١١ ـ لەبیر نەكردنی ئەو مژدەیەی كەخوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ پێیان داوین كەدوا ڕۆژ بۆ ئاینی ئیسلامە، وعاقیبەتیش بۆ لەخوا ترسانە، هەروەكو خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ حَتَّىٰ إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جَاءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَاءُ ﴾[17] .

واتە: تاكو ئەو ڕادەیەی كە ئازار و ناڕەحەتی پێغەمبەران ـ درودی خوایان لە سەر بێت ـ دەگاتە ئەوەی كە گومانی ئەوە بەرن كە بە درۆوە خراون، ئەو كاتە سەرخستنی ئێمەیان بۆ دێت، و سەریان دەخەین .

وە لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگێڕنەوە كە فەرمویەتی:
(لَيَبْلُغَنَّ هَذَا الْأَمْرُ مَا بَلَغَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَلَا يَتْرُكُ اللَّهُ بَيْتَ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ إِلَّا أَدْخَلَهُ اللَّهُ هَذَا الدِّينَ بِعِزِّ عَزِيزٍ أَوْ بِذُلِّ ذَلِيلٍ عِزًّا يُعِزُّ اللَّهُ بِهِ الْإِسْلَامَ وَذُلًّا يُذِلُّ اللَّهُ بِهِ الْكُفْرَ)[18] .

واتە: ئەم ئایینە دەگاتە ئەو شوێنەی كە شەو و ڕۆژی بە سەردا دێت، خوای پەروەردگار هیچ خانو و ماڵێكی دروست

(١٧) ( سورة يوسف: ١١٠ ) .

(١٨) ( رواه أحمد في مسنده: ١٦٣٣٤ ، وابن حبان في صحيحه: ١٦٣١ ، و ١٦٣٢ ، وصححه العلامة الألباني في الصحيحة: ٣ ) .

کراوی قوڕ (المدر)، یان خانو و ماڵێکی دروست کراو لە مووی ئاژەڵ ( کە پێی دەوترێت ڕەشماڵ یان دەوار) (الوبر) نایەلێت ئیللا ئەم ئایینەی پێ دەگەیەنێت، بە سەر بەرزی بە دەستەڵاتێك بێت، یان بە سەرشۆڕی سەرشۆڕێك، سەرخستن و دەسەڵاتێکە خوای پەروەردگار ئایینی ئیسلامی پێ بە دەسەڵات دەکات و سەردەخات، سەرشۆڕیەکیشە خوای پەروەردگار بێ باوەڕی پێ سەر شۆڕ دەکات .

١٢ ـ ڕوانین وبیرکردنەوە لە ئاکامی کردارەکان پێش پێ هەستانیان، لە (أبو هريرةﷺ) وە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی:

(حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وِعَاءَيْنِ، فَأَمَّا أَحَدُهُمَا فَبَثَثْتُهُ، وَأَمَّا الْآخَرُ فَلَوْ بَثَثْتُهُ قُطِعَ هَذَا الْبُلْعُومُ)[١٩] .

واتە: دوو کۆمەڵە باس و فەرمودەم لە پێغەمبەری خواوە بیستووە ﷺ، یەکێکیانم پەرش و بڵاوکردووەتەوە، بەڵام سەبارەت بە دووەمیان ئەگەر پەخش و بڵاوی بکەمەوە، ئەم قوڕقوڕاگەیەم دەبڕڕێت .

١٣ ـ خۆپاراستن لە ئاشوب و دوور کەوتنەوە لە شوێنی ئاشوب وخۆ تیا هەڵنەقورتاندنی، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:

(إِنَّهَا سَتَكُونُ فِتَنٌ الْقَاعِدُ فِيهَا خَيْرٌ مِنْ الْمَاشِي فِيهَا وَالْمَاشِي فِيهَا خَيْرٌ مِنْ السَّاعِي إِلَيْهَا)[٢٠] .

واتە: لە ڕۆژانی داهاتوودا فیتنە و ئاشووب ڕوو دەدات، ئەو کەسەی کە تێیدا دانیشتووە باشتر و ئەمین ترە لەتووشبوونی بەو فیتنە و ئاشووبانە لەوەی کە وەستاوە، وە ئەو کەسەش کە تێیدا وەستاوە باشتر و ئەمین ترە لەتووشبوونی ئەو فیتنە و ئاشووبانە لەوەی کە هەوڵ دەدات لێ ی نزیك بێتەوە.

وە فەرمویەتی:

(يُوشِكُ أَنْ يَكُونَ خَيْرَ مَالِ الْمُسْلِمِ غَنَمٌ يَتْبَعُ بِهَا شَعَفَ الْجِبَالِ، وَمَوَاقِعَ الْقَطْرِ، يَفِرُّ بِدِينِهِ مِنْ الْفِتَنِ)[٢١] .

واتە: زۆر نزیکە وای لێ بێت ـ لەبەر بوونی ئاشوب و ڕوودانی فیتنە ـ باشترین سامانی موسڵمان ئەوە بێت کە بڕکە مەڕێکی هەبێت، بیانبات بۆ شاخەکان، و ئەو شوێنانەی کە گژوگیای زۆر هەبێت، بۆ ئەوەی ئاییەنەکەی بپارێزێت لە ئاشوب و فیتنە .

١٤ ـ بەئاگابوون لە دووڕوویی و دووڕووان، بەتایبەت لەکاتی ئاشوبدا، چونکە لەو کاتانەدا بەتوانا تر دەبن وزیاتر هەوڵی نانەوەی ئاشوب دەدەن، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:

---

(١٩) ( البخاري: ١٢٠ ) .

(٢٠) ( البخاري: ٣٦٠٢ ، و مسلم: ٢٨٨٦ ) .

(٢١) ( البخاري: ١٩ ) .

﴿ لَوْ خَرَجُوا فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُوا خِلَالَكُمْ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّاعُونَ لَهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴾[٢٢].

واتــە: ئەگــەر دوو ڕوان لــە گەڵیــشتاندا دەرچن بۆ تێکۆشـان و جیهـاد، ئـەوا کـەم کردن نەبێت زیادتان ناکەن، و هەوڵیشیان نانـەوەی فیتنـە و ئاشـوبە لـە نێوانتـان و لەگەڵ پەرتەوازە کردنتان، چونکە ئـەوان هــەموو هــەوڵێکیان نانــەوەی ئاشــوب و فیتنەو دووبەرەکی‌یە لە نێوان ئێوەدا، لـە ڕیزەکـانی ئێوەشـدا کەسـانێکی سـاویلکە هــەن، گوێبیــستیانن، و شــوێنکەوتەی ووتەکانیانن، خوای پەروەردگاریش زانـا و بە ئاگایە بە ستەمکاران و بێ بڕوایان .

١٥ ـ خۆ فڕێدانە نێـو دەسـتەکانی پەروەردگار و لێپاڕانەوەی، لەگەڵ ئیلحاح کردن تێیدا، چونکە پێغەمبـەری خـواﷺ فەرمویەتی:

(تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَـــا بَطَنَ )[٢٣].

واتە: پەنا بگرن لە خوای پەروەردگار لـە ئاشـووب و فیتنـە، ئـەوەی کـە ئاشـکرا و ئەوەشــی کــە پەنهانــە، وە یــەکێك لــە پاڕانەوەکانی ئەمە بـووە کـە دەیفـەرموو: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْـرَاتِ وَتَـرْكَ الْمُنْكَرَاتِ وَحُبَّ الْمَـــسَاكِينِ وَإِذَا أَرَدْتَ بِعِبَادِكَ فِتْنَةً فَاقْبِضْنِي إِلَيْكَ غَيْرَ مَفْتُونٍ)[٢٤].

واتـــە: ئـــەی پـــەروەردگارم داوای: ئەنجامدانی کـاری چاکەت لێ دەکـەم، لـە گـــەڵ وازهێنـــان لـــە خراپـــەکان، و خۆشویستنی هەژاران، وە ئەگـەر ویـستی تاقیکردنەوە و ئاشووبێکت بە بەنـدەکانت هەبوو ئـەوا پـێش ڕوودانـی ئـەو ئاشـووبە بممرێنیـــت و تووشـــی ئـــەو ئاشـــوب و فیتنەیەم نەکەیت .

١٦ ـ خۆگرتنەوە لە بژێوی ڕۆژانـە و دوور کەوتنەوە لەژیانی خۆشگوزەرانی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کـراویش بێـت، چـونکە یارمـەتی دەرێکـە بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی ئاشـوب و ڕوداوەکـان، خـوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾[٢٥].

واتـە: بخـۆن و بخۆنـەوە بـە بـێ زیادڕەوەی کردن تیایاندا، چـونکە خـوای پەروەردگار زیادڕەوی کاران و موسریفانی خۆش ناوێت .

١٧ ـ مودارەسەکردنی ئایەتـەکانی قورئانی پـیرۆز و تێفکراندن وتێڕامـان لـە بەڵگـە و ئامۆژگاریـەکانی قورئـانی پـیرۆز، چـونکە یارمـەتی دەرە بـۆ جـێگیر بـوونی دڵ و بەردەوامی لـەکاتی ئاشـوبدا، خـوای پەروەردگار فەرمویەتی:

---

(٢٢) ( سورة التوبة: ٤٧ ) .

(٢٣) ( مسلم: ٢٨٦٧ ) .

(٢٤) ( رواه الترمذي: ٣٢٣٣ ، وصـــححه الألبـــاني في صحيح الترغيب والترهيب: ٤٠٨ ) .

(٢٥) ( سورة الأعراف: ٣١ ) .

﴿ وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَٰذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (٢٦) .

واتە: باسکردنی بەسەرهاتی پێغەمبەرانی پێش خۆت بۆ زیاتر جێگیر کردن و دامەزراندنی دڵی تۆیە، وە ئەوەش کە لەم سورەتەدا هاتووە ڕەوایە و ئامۆژگاری و بیرخستنەوەشە بۆ باوەڕداران .

**١٨ ▪ متمانە بوون بەخوای پەروەردگار و زیندوو کردنەوەی گەشبینی لە دەرونەکاندا بەوەی کەمرۆڤ دەتوانێت هۆکار (فاکتەر) ی ئارامی و بڵاوکردنەوەی ئاسایش بێت لە کۆمەڵگادا، خوای پەروەردگار فەرمویەتی:**

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ ﴾ (٢٧) .

واتە: یەکێك لەو ئاداب و ئاکارانەی کە پێویستە موسڵمانان پابەند بن پێوەی، و لە ژیانیاندا پیادەی بکەن، ئەوەیە ئەگەر کەسێکی خراپەکار و فاسق هەواڵێکی پێ ڕاگەیاندن، ئەوا دڵنیایی بکەن لە ڕاست و درۆی هەواڵەکە، بۆ ئەوەی نەکو بە نەزانینەوە ئوممەت و کۆمەڵانێك تووش بکەن، پاشان پەشیمان ببنەوە لەوەی کە کردووتانە .

**١٩ ▪ دوور کەوتنەوە لەزیادە ڕەوی کردن و لە لێکدانەوەی سۆزئامێزە (عاطفي) کان، و بەجوانی بیرکردنەوە و تێفکران تێڕامان لە واقع و ڕووداوەکان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:**

(حَدِّثُوا النَّاسَ بِمَا يَعْرِفُونَ أَتُحِبُّونَ أَنْ يُكَذَّبَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ)(٢٨) .

واتە: شتێك بە خەڵك بڵێن کە لە ئاستی زانیاری و بیرکردنەوەیاندا بێت، ئایا پێتان خۆشە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بە درۆوە بخرێن .

**٢٠ ▪ جێگیرکردن و پتەوکردنی بنەوای قەزا وقەدەری خوای پەروەرگار لەدڵی موسڵماناندا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:**

﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴾ (٢٩) .

واتە: ئێمە هەموو شتێکمانً بە قەدەری خۆمان دروست کردووە، وەفەرمویەتی:

﴿ قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴾ (٣٠) .

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز شتێکما تووش نابێت جگە لەوە نەبێت کە خوای پەوورەدگار بۆی نوسیوین، هەر ئەویشە پشتیوانمان جا دەبا پشت و پەناو تەوەکول و متمانەمان تەنها هەر لەسەر ئەو بێت .

(٢٦) ( سورة هود: ١٢٠ ) .

(٢٧) ( سورة الحجرات: ٦ ) .

(٢٨) ( البخاري: ١٢٧ ) .

(٢٩) ( سورة القمر: ٤٩ ) .

(٣٠) (سورة التوبة: ٥١ ) .

٢١ ـ وەسێت کردن موسڵمانان لە نێوانیاندا بە فەرمان کردن بەچاکە ونەهی کردن لەخراپە، خوای گەورە فەرمویەتی:
﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴾ (٣١).
واتە: هەرگیز نەبووە و ناشبێت پەروەردگاری تۆ لادێ و شارێلێك لە ناو بەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەهل و دانیشتوانی چاکە خواز و چاکە کار بن، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:
(إن القوم إذا رأوا المنكر فلم يغيروه عمهم الله بعقاب من عنده)(٣٢).
واتە: ئەگەر هەر گەل و هۆزێك خراپەیان تێدا بڵاو بووە، و لە پێش چاویاندا ئەنجام درا، و ڕێگریان لێ نەکرد و نەیانگۆڕی، ئەوا خوای پەروەردگار تووشی سزایەکی گشت گیریان دەکات لە لای خۆیەوە .
٢٢ ـ کردنی صەدەقەی زۆر لەگەڵ خێر و زیکری خوا، بەنهێنی و ئاشکرا، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:
(صنائع المعروف تقي مصارع السوء، وصدقة السرِّ تطفيء غضب الرب)(٣٣).
واتە: چاکەکاری ڕێگرە لە شێوە و شێوازی خراپی مردن و ئاخر شەڕی، و بەخشینی بەنهانیش تورەیی خوای پەروەردگار دەکوژێنێتەوە .
وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:
﴿ فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ (٣٤).
واتە: ئەگەر ئەوە نەبایە کە پێغەمبەر یونس ﷺ لە نوێژگەران و زیکرکاران بوو، ئەوا تاکو ڕۆژی زیندو بوونەوە لە سکی نەهەنگەکە دەمایەوە .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

---
(٣١) ( سورة هود: ١١٧ ) .
(٣٢) (صححه العلامة الألباني في: صحيح الجامع: ١٩٧٤) .
(٣٣) (حسنه العلامة الألباني في: صحيح الجامع: ٣٧٩٧).
(٣٤) ( سورة الصافات: ١٤٣ ــ ١٤٤ ) .

# ئاگادار كردنەوەی باوەڕداران لە كردەوەی نەفرەت لێكراوان

بەشی سێیەم وكۆتایی

**وەرگێڕانی:** دایكی ئالاء

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

لە بەشی یەكەم ودووەمدا باسی مانای نەفرەت وحوكمی نەفرەت كردن وهەندێك لە نەفرەت لێكراوانمان كرد، بە پشتیوانی خوای گەورە لە بەشی سێیەم وكۆتاییدا باسی هەندێكی تر لە نەفرەت لێ كراوان دەكەین بۆ ئەوەی خۆمان لەو كردەوانە بپارێزین كە دەبنە هۆی نەفرەت لێ كردنمان ودورخستنەوەمان لە سۆز وبەزەیی خوای گەورە:

**بیست ویەك: هەر كەسێك لەگەڵ ئاژەڵ جووت ببێت:**

پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(ملعون من أتى شيئاً من البهائم)[1].

واتە: نەفرەت لێ كراوە هەر كەسێك لەگەڵ ئاژەڵ جووت ببێت .

وە دەفەرمێت:

(من أتى بهيمة فاقتلوه واقتلوها معه)[2].

واتە: هەر كەسێك چووە لای ئاژەڵ ئەوا ئەو كەسەو ئاژەڵەكەیش بكوژن.

**بیست ودوو: هەر كەسێك نێو چەوانی ئاژەڵ داغ بكات، یاخود بیشێوێنێت، یاخود بیكات بە نیشان:**

پێغەمبەرﷺ گوێدرێژێك بەلایدا تێپەڕی ناوچەوانی داغ كرا بوو، فەرمووی:

(لعن الله الذي وسمه)[3].

واتە: نەفرەت لەو كەسەی كە داغی كردووە.

وە پێغەمبەرﷺ نەفرەتی لەو كەسە كردووە كە گیان لەبەرێك بكات بە نیشان.

(لعن من اتخذ شيئاً فيه الروح غرضاً)[4].

وەدەفەرمێت:

(لعن الله من مثل بالحيوان)[5] .

---

١- (رواه الحاكم والطبراني، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٢٠).

٢- (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٤٢٣، وصحيح الجامع الصغير: ٥٩٣٨).

٣- (رواه مسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٠٧٨).

٤- (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٠٧٥) .

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە ئاژەڵ دەشێوێنێت.

**بیست وسێ: خۆ چواندنی ژن وپیاو بەیەکتری:**

(لعن رسول الله ﷺ المتشبهين من الرجال بالنساء، والمتشبهات من النساء بالرجال)[٦].

واتە: پێغەمبەرﷺ نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کە خۆیان دەچوێنن بە ئافرەتان، وە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچوێنن بە پیاوان .

(لعن الله الرجل يلبس لبسة المرأة، والمرأة تلبس لبسة الرجل)[٧].

واتە: پێغەمبەرﷺ نەفرەتی کردووە لەو پیاوەی کە پۆشاکی ئافرەت دەپۆشێت، وە لەو ئافرەتەی کە پۆشاکی پیاو بپۆشێت.

**بیست وچوار: لەسەر دانانی قژی دەستکرد، ئەوەی دای دەنێت وئەوەی بۆی دادەنێت:**

٥- (رواه النسائي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥١١٣).

٦-(رواه الترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٠، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٠٦٨).

٧- (رواه أبو داود والترمذي وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٠٦٩، وصحيح الجامع الصغير: ٥٠٩٥).

پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(لعن الله الواصلة والمستوصلة)[٨].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە قژی دەستکرد لەسەر دەکەن وئەوانەیشی کە بۆیان دادەنێن.

**بیست وپێنج: خاڵ کوت وخاڵ بۆکوتراو، برۆهەڵگر وبرۆ بۆ هەڵگیراو، ددان شاش کار بۆ جوانی:**

عن ابن مسعود رضي الله عنه:

(لعن الله الواشمات والمستوشمات، والنامصات والمتنمصات، والمتفلجات للحسن، المغيرات خلق الله) فبلغ ذلك امرأة من بني أسد يقال لها أم يعقوب فجاءت إليه فقالت بلغني عنك أنك قلت كيت وكيت قال ومالي لا ألعن من لعن رسول اللهﷺ وهو في كتاب الله قالت إني لأقرأ ما بين لوحيه فما وجدته قال إن كنت قرأته فقد وجدته أما قرأت {وما آتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا } قالت بلى قال فإن رسول اللهﷺ قد نهى عنه قالت فإني لأظن أهلك يفعلون قال اذهبي فانظري فذهبت فنظرت فلم تر من حاجتها شيئا قالت ما رأيت شيئا قال

٨- (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: مشكاة المصابيح: ٢٠٩٨).

عبد الله لو كانت كما تقولين ما جامعتنا)[٩].

واتە: عەبدوڵای کوڕی مەسعود رضي الله عنه دەفەرمێت: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خاڵ بۆ خەڵکی دەکوتن وە لەو ئافرەتانەیشی کە داوا دەکەن خاڵیان بۆ بکوترێت، وە لەو ئافرەتانەی کە برۆ بۆ خەڵکی هەڵدەگرن وئەو ئافرەتانەیشی کە برۆیان بۆ هەڵدەگیرێت، وە لەو ئافرەتانەی کە ددانیان شاش دەکەن بۆ جوانی، ئەوانەی دروستکراوی خوای گەورە دەگۆڕن) ئافرەتێك لە بەنی ئەسەد کە پێی دەوترا دایکی یەعقوب پێی ووت بۆچی نەفرەتیان لێ دەکەیت؟! ئەویش فەرمووی: بۆ نەفرەت نەکەم لە کەسانێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی لێ کردوون ولە قورئانی خوای گەورەدا هەیە، دایکی یەعقوب ووتی: من لەم سەر بۆ ئەو سەری قورئانم خوێندۆتەوە شتی وام نەبینیووە، عەبدوڵای کوڕی مەسعود رضي الله عنه پێی فەرموو: تۆ قورئانت نەخوێندووە ئەگەر قورئانت بخوێندایە ئەوا دەتبینی، ئەی ئەو ئایەتەت نەخوێندۆتەوە کە خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وما آتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا﴾.

واتە: ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆتانی هێناوە وەری بگرن وئەوەیشی ئەو قەدەغەی کردوون ئەوا وازی لێ بێنن ودەستی لێ هەڵبگرن.

دایکی یەعقوب ووتی: بەڵێ ئەم ئایەتەم خوێندۆتەوە، عەبدوڵا رضي الله عنه فەرمووی: دەی پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی ئەم شتانەی کردووە، دایکی یەعقوب ووتی: من وا بزانم خێزانەکەی تۆ ئەم شتانە دەکات، عەبدوڵا رضي الله عنه فەرمووی: بڕۆ بۆ ماڵی ئێمە تەماشا بکە بزانە شتی وایان کردووە، ئەویش ڕۆیشت وتەماشای کرد وهیچی نەبینی، وهاتەوە ووتی هیچم نەبینی، عەبدوڵا رضي الله عنه فەرمووی: ئەگەر ئەو شتانەی بکردایە ئەوا لەگەڵ مندا کۆ نابووەوە.

**بیست وشەش: ئەوەی ڕووی دەڕنێت ویەخەی دادەدڕێت:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لعن الله الخامشة وجهها والداعية بالويل والثبور)[١٠]

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە ڕوویان دەڕنن ویەخەیان دادەدڕن وهاوار وڕۆڕۆ دەکەن.

---

٩- (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٤، السلسلة الصحيحة: ٢٧٩٢).

١٠- (صحيح الجامع الصغير: ٥٠٩٢).

وەدەفەرمێت:

(النائحة إذا لم تتب قبل موتها، تقام يوم القيامة وعليها سربال من قطران ودرع من جرب)[١١].

واتە: شیوەن كار وهاوار كار ئەگەر پێش مردن تۆبە نەكەن ئەوا ڕۆژی قیامەت دێت شەرواڵێك لە پێ دەكەن لە مسی تواوە وكراسێكیش لە كێم.

وەدەفەرمێت:

(ليس منا من ضرب الخدود، وشق الجيوب، ودعا بدعوى الجاهلية)[١٢].

واتە: لە ئێمە نییە ئەوانەی كە لە ڕوومەتیان دەدەن ویەخەیان دادەدڕن وبانگەوازی نەفامی دەكەن.

**بیست وحەوت: ئەو ئافرەتەی جێگای پیاوەكەی بەجێ دەهێڵێت:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(إذا باتت المرأة هاجرة فراش زوجها لعنتها الملائكة حتى تصبح)[١٣]

واتە: ئەگەر پیاوێك داوای سەر جێی لە خێزانی بكات ئەویش وەڵامی نەداتەوە وبە جێی بێڵێت ئەوا تا بەیانی فریشتە نەفرەت لەو ئافرەتە دەكەن.

١١- (صحيح الجامع الصغير: ٦٧٩٢).

١٢- (صحيح الجامع الصغير: ٥٤٤١).

١٣- (صحيح الجامع الصغير: ٤٠٨).

وەدەفەرمێت:

(اثنان لا تجاوز صلاتهما رؤسهما: ... وامرأة عصت زوجها حتى ترجع)[١٤].

واتە: دوو كەس نوێژەكانیان لەسەریان بەرز نابێتەوە... وە ئافرەتێك سەرپێچی مێردەكەی بكات تا دەگەڕێتەوە.

**بیست وهەشت: بەرتیل دەر وبەرتیل خۆر:**

(لعن رسول الله ﷺ الراشي والمرتشي)[١٥].

واتە: پێغەمبەر ﷺ نەفرەتی كردووە لە بەرتیل دەر وبەرتیل خۆر.

**بیست ونۆ: وێنەگر ووێنە كێش:**

پێغەمبەر ﷺ نەفرەتی كردووە لە وێنەگر ووێنە كێش كە دەفەرموێت:

(ولعن المصورين)[١٦].

وە دەفەرمێت:

(إن أشد الناس عذاباً يوم القيامة المصورن)[١٧] .

واتە: سەختترین سزا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ وێنەگران و وێنە كێشانە.

وە دەفەرمێت:

١٤- (صحيح الترغيب والترهيب: ١٨٨٨).

١٥- (صحيح سنن أبي داود: ٣٥٨٠).

١٦- (رواه البخاري وأبو داود، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ١٨٤٩).

١٧- (صحيح سنن النسائي: ٥٣٦٤).

(إن الملائكة لا تدخل بيتاً فيه صورة، وإن من صنع الصور يعذب يوم القيامة فيقال: أحيوا ما خلقتم)[١٨].

واتە: فریشتەی ڕەحمەت ناچنە ئەو ماڵەی کە وێنەی تێدا بێت، وە ئەوەی وێنە دروست بکات لە ڕۆژی قیامەتدا سزا دەدرێت وپێی دەوترێت: ئەوەی دروستت کردووە ڕوح بکە بە بەریدا.

**سی: زەکات نەدەر:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لعن الله آكل الربا....ومانع الصدقة)[١٩].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە سو خۆر و....زەکات نەدەر.

وەدەفەرمووێت:

(مانع الزكاة يوم القيامة في النار)[٢٠].

واتە: زەکات نەدەر لە ڕۆژی قیامەتدا لە ئاگری دوزەخدایە.

**سی ویەک: ئەوەی نیشانە وسنوری زەوی بگۆڕێت:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:

(ولعن الله من غيَّر منار الأرض)[٢١].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە نیشانە وسنوری زەوی دەگۆڕێت.

**سی ودوو: ئەوەی پەنای تاوانبار یاخود بیدعەچی بدات:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(ولعن الله من آوى محدثاً)[٢٢].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە پەنای تاوانبار یاخود بیدعەچی بدات.

**سی وسێ: ڕێگا وێڵ کردن لە کوێر:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لعن الله من كمَّه الأعمى عن السبيل)[٢٣].

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی کە ڕێگا لە کوێر وێڵ دەکات.

**سی وچوار: هەرکەسێک ڕووی ئاسن لە براکەی بکات:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:

( من أشار الى أخيه بحديدة، فإن الملائكة تلعنه حتى يدعه، وإن كان أخاه لأبيه وأمه)[٢٤].

---

١٨- (صحيح الجامع الصغير: ١٣٣٠).

١٩- (صحيح سنن النسائي: ٥١٠٣).

٢٠- (صحيح الجامع الصغير: ٥٨٠٧، وصحيح الترغيب والترهيب: ٧٦٢).

٢١- (صحيح الجامع الصغير: ٥١١٢).

٢٢- (صحيح الجامع الصغير: ٤٠٨).

٢٣- (السلسلة الصحيحة: ٣٤٦٢).

٢٤- (صحيح الجامع الصغير: ٦٠٣٤).

واته: هەركەسێك ڕووی ئاسنێك بكات لـە براكـەی ئـەوا فریـشته نـەفرەتی لێ دەكات تا لای دەبات، ئەگەر برای دایك وباوكیشی بێت.

**سـی وپێـنج: ئـەو ئافرەتانـەی زۆر سەردانی گۆڕستان دەكەن:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لعن الله زوارات القبور)[٢٥]

واتە: خـوای گـەورە نـەفرەتی كـردووە لــەو ئافرەتانــەی كــە زۆر ســـەردانی گۆڕستان دەكەن و كردوویان بە عادەت.

**سی وشەش: ئەو كەسەی لە مەدینـە تاوان یاخود بیدعە بكات:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(المدينة حرام ما بين عير إلى ثور فمـــن أحدث فيها حدثا أو آوى فيها محدثا فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين لا يقبــل الله منه يوم القيامة صرفا ولا عدلا)[٢٦]

واتـە: شـاری مەدینـە حەرامـە تـاوان وبیدعەی تێدا بكرێت لە نێوان شاخی عـیر بۆ شاخی ثــور، بۆیـە هەركەسێك تـاوان یاخود بیدعەی تێدا بكـات، یـاخود پـەنای تاوانبار یاخود بیدعەچی تێـدا بـدات ئـەوا نـەفرەتی خـوای گـەورەو فریـشتەكان و هەموو خەڵكی لێ بێت، وەخوای گەورە نە تۆبە ونە بەخشینی لێ وەرناگرێت.

**سی وحەوت: فێڵ كردن لە شەرعدا:**

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لعن الله اليهود ثلاثا إن الله حرم عليهم الشحوم فباعوها وأكلوا أثمانها وإن الله إذا حرم على قوم أكل شيء حـــرم علــيهم ثمنه)[٢٧]

واتە: خوای گەورە نەفرەتی كردووە لە جولەكـە سـێ جـار، خـوای گـەورە بـەزی لەســـەر حـــەرام كـــردن، ئـــەوانیش دەیانفرۆشـت و پارەكـەیان دەخـوارد، وە ئەگەر خـوای گـەورە خـواردنی شـتێك لـە كەسانێك حەرام بكـات ئـەوا نرخەكەیشی حەرام دەكات.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

٢٥- (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٩).

٢٦- (صحيح الجامع الصغير: ٦٦٨٣).

٢٧- (صحيح سنن أبي داود: ٣٤٨٨).

# چۆن ماڵەکەت دەپارێزی لە شەیطان؟

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإخلاص وإحسان الى يوم الدين.......

خوشكان........ برايانی بەڕێز....

بە پشتيوانی خوای پەروەردگار دەگەينە خزمەتی بابەتێك كە بەڕاستی هەڵێنجراوی قورئانی پيرۆزو فەرموودە ڕاستەكانی پێغەمبەری خوايەﷺ بۆيە ئەم بابەتەم لە كتێبی(وقاية الإنسان من الجن والشيطان)ی وحيد عبدالسلام بالی وەرگێڕاوە بۆ كوردی بە هەندێك دەستكاری‌يەوە كە بە ڕاستی زۆر بە پێويستم زانی بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان، چونكە بەڕاستی مرۆڤی موسڵمان دوژمنی گەلێك زۆرە لە سەروی هەموويانەوە شەيتانی زۆرزانو فێڵباز، وە هيوادارم ببێتە بير هێنانەوەو وشيار كردنەوەی هەموو لايەكو پاشان ببێتە مايەی نزيك بوونەوەی بەندەكان لە خوای گەورەو ميهرەبان....

بۆيە بەڕاستی كەم كەس هەيە لەم ژيانەدا دۆستو دوژمنی خۆی لە قەوارەی نەفسيدا دياری نەكرد بێت، بۆيە هەر لەو ساتەوەی دەكەوێتە سەر گۆڕەپانی ژيان دوژمنی مرۆڤايەتی -شەيتان- لە

وەرگێڕانی: م/ فەرەيدون موحەممەد

بۆسەدايە بۆی بۆيە خوای گەورەو ميهرەبان ئاگادارمان دەكاتەوە لەو شەيتانە بۆ ئەوەی زاڵ نەبێت بەسەرماندا وەك دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا﴾ [فاطر: ٦] .

واتە: بەڕاستی شەيتان دوژمنی ئێوەيە دەی ئيتر ئێوەيش بيكەن بە دوژمنی خۆتان. واتە: بەدوژمنی خۆتانی بزانن، جا دەبێت زۆر ئاگادار بن بەوەی كە ئەم دوژمنە جياوازە لە دوژمنانی تر، چونكە ئەم دروست كراوێكی پەنهانەو نيشتەجێی ناو خوێنو دەمارو دڵەكانە، هەروەها خوای گەورە لە ئايەتی تردا دەفەرمێت:

﴿يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ﴾ [الأعراف: ٢٧] .

واتە: ئەی نەوەی ئادەم ئاگادار بن با شەيتان فريوتان نەداتو سەرشۆڕتان نەكات.

كەواتە ئەم ئاگادار كردنەوانە لە لايەن خوای گەورەوە بۆ ئێمە مانای خراپیو زۆرزانی ئەو دوژمنەيە..

جا خوێنەرانی بەڕێزو سەنگين ئەوەی لێرەدا مەبەستمانەو دەمانەوێ لێی تێ

بگەین پاراستنی ماڵمانە لەو شەیتانو ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سەرەکی بۆ ئامادە بوونو دەست بەسەرا گرتنی شەیتان بەسەر ماڵەکانماندا، وە هەروەها دەرخستنی چەند هۆکارێك دەبنە مایەی ڕاونان ودەرکردنی شەیتان لە ماڵەکانمانو دورخستنەوەی لە جێی نیشتەجێ بوونمان، بفەرموون:

**یەکەم: یادکردنی خوای میهرەبان لە کاتی هاتنە ماڵەوەدا:**

یادکردنی خوا لە هەموو کاتێکدا پێویستەو یەکێکە لە قەڵغانە بەهێزەکان بۆ خۆپاراستن لەو شەیتانەو هۆکاری بەختەوەریو خۆشگوزەرانیە بۆ لاشەو دەروون، هەروەها ئەوەشە بەچەند ووشەیەکی کورت بە زووبانو هەڵقوڵاوی نێو دڵان خێرو پاداشتێکی لای خوات دەست دەکەوێتو دەیشبێتە هۆی پاراستن لە دوژمن، هەر بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

**(إذا ولج الرجل بيته فليقل: اللهم إني أسألك خير المولج وخير المخرج، بسم الله ولجنا وبسم الله خرجنا وعلى ربنا توكلنا، ثم يسلم على أهله)**[1].

واتە: ئەگەر پیاو چووە ماڵەکەی خۆیەوە با بڵێت: خوایە گیان من داوای خێرو چاکەی ئەم هاتنە ماڵەوەیەت لێ دەکەم بە ناوی خواوە هاتمە ماڵەوە وە بە ناوی خواوە چومە دەرەوە، وە تەنهایش بە خوای میهرەبان پشت دەبەستین، پاشان سەلام بکات لە دانیشتوانی ماڵەوە.

**دووەم: سەلام کردن:**

سەلام کردن یەکێکە لە ئادابە پیرۆزەکانی ئیسلام وهۆیەکی گرنگیشە بۆ دروست بوونی خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، وە هۆی سەربەرزیو سەرفرازی دونیاو دواڕۆژە بۆیە لە ڕاستیدا دونیا کێڵگەی مرۆڤێکی ئازادە تیایدا چی بکاتو تۆوی چی بچێنێت، چونکە تەنها لە دوا ڕۆژدا ئەوە دەدورێتەوە کە لە دونیادا چاندوویەتی..

هەر بۆیە خوای گەورە دەربارەی سەلام کردن دەفەرمێت:

**﴿فَإِذَا دَخَلْتُمْ بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً﴾**[النور: ٦١].

واتە: ئەگەر چوونە ماڵێکەوە ئەوا سەلام لە یەکترىو خۆتان بکەن بە سەلامێکی خوایی بۆ ئەوەی ببێتە مایەی پیرۆزیو پاکیو بەرەکەت.

وعن انسﷺ قال: قال لي رسول اللهﷺ: **(يابني إذا دخلت على أهلك فسلم، يكن بركة عليك وعلى أهل بيتك)**[2].

(١) (رواه أبو داود عن أبي مالك الأشعريﷺ، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف أبي داود: ٥٠٩٦).

(٢) (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: ١٦٠٨).

واتە: ئەی کوڕی خۆم هەر کاتێك چویتە لای کەس‌و کارت و گەڕایتەوە ماڵەوە سەلامیان لێ بکە، چونکە ئەو سەلامە دەبێتە مایەی خێرو بەرەکەت بۆ خۆت پاشان بۆ کەس‌و کارەکەت.

پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(ثلاثة كلهم ضامن على الله عزوجل:......... ورجل دخل بيته بسلام فهو ضامن على الله عزوجل)[٣].

واتە: سێ کەس هەن لە ژێر چاودێری خوای پەروەردگاردا مسۆگەر پارێزراون......یەك لەوانە پیاوێکە کاتێك گەڕایەوە ماڵەوە سەلام بکات لەکەس‌و کاری ئەوا پارێزراوە لە ژێر چاودێری خوای پەروەردگاردا.

بۆیە ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ضامن على الله تعالى).

کە لە فەرمودەکەدا هاتووە واتە: ئەو کەسە لە ژێر چاودێری خوای پەروەردگاردا دەبێت واتە خوای گەورە سەرپەرشتی دەکات‌و ئاگای لێ دەبێت، ئەی ئایا چ شتێکی تر هەیە لەوە گەورە ترو پیرۆز تر کە خوای گەورە سەرپەرشتی بکات، وە هەر کەسێك خوای گەورە سەرپەرشتی بکات واتە پارێزراوە لەشەیتان‌و دوورە لێی)[٤].

هەروەها بڵاو کردنەوەی سەلام دەبێتە هۆی خۆشەویستی نێوان بەندەکان، وە دەبێتە هۆی چونە بەهەشتیش، وەك پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمێت:

(لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا، ولا تؤمنوا حتى تحابوا، أولا أدلكم على شيء إذا فعلتموه تحاببتم؟ أفشوا السلام بينكم)[٥]

واتە: ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕ نەهێنن، باوەڕیشتان تەواو نابێت هەتا یەکتریتان خۆش نەوێت، ئایا شتێکتان پێ بڵێم تاکو ئەنجامی بدەن تاکو یەکتریتان خۆش بوێت؟ دەی سڵاو زۆر لەناو خۆتاندا بڵاو بکەنەوە.

**سێیەم: یادکردنی خوای گەورە لە کاتی خوادن‌و خوادنەوەدا:**

بەڕێزان خواردن‌و خواردنەوە بەخششێکی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤەکان بۆیە پێویستە لەسەر ئەو بەندەیەش کاتێك ئەو بەخششەی خوای گەورەی پێ گەیشت یان خواردی ئەوە سوپاس گوزار بێت لەسەری، چونکە بەڕاستی بەندە بەو کردەوەیە پارێزراو دەبێت، خوای گەورەیش دەفەرمێت:

(٣) (صحيح سنن أبي داود: ٢٤٩٤ عن أبي أمامة الباهليؓ).

(٤) (الأذكار: ص٢).

(٥) (رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن ابن ماجة: ٣٦٩٢)..

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا﴾ [البقرة: ١٦٨] .

واتە: ئەی خەڵکینە بخۆن و بخۆنەوە ئەوەی کە لە زەویدایە وپاک و حەڵاڵە.

کەواتە خوای گەورە بەهرەی خۆیەتی ئەو خواردن و خواردنەوەیە بەڵام لەسەر ئێمە پێویستە کە ئاگادار بین لە بەکارهێنانیدا هەر بۆیە دەبێت بزانین کە خوای گەورە لەوەسفی ئەو پێغەمبەرەدا ﷺ دەفەرمێت:

﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ [الأعراف: ١٥٧] .

واتە: شتی پاکیان بۆ حەڵاڵ دەکات و شتی پیسیان لێ حەرام دەکات.

جا ئەوەی ماوە لێرەدا ئەوەیە ئایا لە کاتی خواردن و بەخششەکەی خوادا ئێمە چی بکەین؟

جابر(خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێت: گوێم لێبوو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو:

(إذا دخل الرجل بيته فذكر الله عند دخوله وعند طعامه قال الشيطان: لا مبيت لكم ولا عشاء، وإذا دخل فلم يذكر الله عند دخوله قال الشيطان: أدركتم المبيت، فإذا لم يذكر الله عند طعامه قال: أدركتم المبيت والعشاء)[6].

واتە: هەرکات پیاو چۆیە ماڵەوە و ناوی خوای هێنا لە کاتی چونە ماڵەوە ناوی خوای هێنا لە کاتی خواردن و خواردنەوەدا ئەوا شەیتان بە هاوەڵەکانی دەڵێت: لێرانە نە جێگای حەوانەوەو نە جێگای خواردنتان هەیە، بەڵام ئەگەر چووە ژوورەوەو ناوی خوای نەهێناو لە کاتی نان خواردندا ناوی خوای نەهێنا ئەوا شەیتان دەڵێ: بەڵێ جێگای حەوانەوەو خواردنتان بەدەست هێنا.

جا خۆشەویستان هەندێك شێواز هەن پێویستە لەسەر موسوڵمان ئاگاداری بین لەکاتی نان خواردندا لەوانە.

**١- بە ناوی خواوە دەست پێ کردن:**

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت: (إذا أكل أحدكم فليذكر اسم الله تعالى، فإن نسي أن يذكر اسم الله تعالى في أوله فليقل: بسم الله أوله وآخره)[7].

واتە: ئەگەر کەسێك لە ئێوە خواردنی خوارد با بڵێت: (بسم الله)، وە ئەگەر لە یادی چوو پاشان بیری کەوتەوە با بڵێت: (بسم الله أوله وآخره).

**٢- بە دەستی ڕاست خواردن:** وەك ابن عمر رضي الله عنه دەفەرمێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

---

(٦) (رواه مسلم: ٢٠١٨، وانظر:صحيح سنن أبي داود: ٣٧٦٥).

(٧) (رواه الترمذي، وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في صحيح سنن أبي داود: ٣٧٦٧، وإرواء الغليل: ١٩٦٥).

(إذا أكل أحدكم فليأكـل بيمينـه، وإذا شرب فليشرب بيمينه، فإن الشيطان يأكل بشماله ويشرب بشماله)[٨].

واتـه: یەگـەر یـەکێکتان خـواردنی خـوارد ئەوا بە دەستی ڕاستی بخوات، وە ئەگـەر خواردنەوەی خوارد بـا بەدەسـتی ڕاسـتی بخواتـەوە، چـونکە شـەیتان بـە چـەپ دەخواتو بە چەپ دەخواتەوە.

**٣- بـە دانیـشتنو لـە بـەردەم خـۆوە خواردن:** چونکە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە پیاوێکی فەرموو:

(لا آكل وانا متكيء)[٩].

واتە: من بـە ڕاکشانەوە خـواردن نـاخۆم. **هەروەها** عمر بن أبي سلمة رضي الله عنه دەفەرمێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم:

(يا غلام سم الله وكل بيمينك وكـل ممـا يليك)[١٠].

واتـە: ئـەی منـداڵ نـاوی خـوا بهێنـەو بـە دەستی ڕاست بخۆ ولەبـەر دەسـتی خـۆت بخۆ.

جا لە پاش ئـەوە خـواردنم بـەم شـێوەیە بوو.

**٤- پاك كردنەوەی قاپەكەو لێساندنەوەی پەنجەكان:**

انس رضي الله عنه فەرمووی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر خـواردنی بخواردایـە هەرسـێ پەنجەكەی دەلێسایەوەو دەیفەرموو:

(إذا سقطت لقمة أحدكم فليـمط عنـها الأذى وليأكلها ولا يدعها للشيطان)[١١].

واتە: ئەگەر پـارووی یـەکێکتان کـەوت بـا پـاکی بکاتـەوەو بیخـوات وە نـەیهێڵێ بـۆ شەیتان چونکە شەیتان دەیخوات.

**٥- سوپاس خوای گـەورە بکـات: ووتنـی ئەم دوعایە:**

(اللهم أطعمت وأقنيت وهديت وأحييـت فلك الحمد على ما أعطيت)[١٢].

واتـە: خوایـە تـۆ خـواردن و خواردنـەوەت بەخـشیوە، وە مـاڵ وهـەموو شـتێکت بەخشیوە، هیدایەتت داوین وژیاندوتـەوە، سـوپاس وسـتایش شـایەنی تۆیـە لەسـەر ئەو بەخشینە.

**چوارەم: زۆر خوێندنی قورئانی پیرۆز لـە ناو ماڵدا:**

خۆشەویـستان گومـانی تێـدا نـییـە بـە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لـە نێـو ماڵـدا شەیتان ڕادەکات ودوور دەکەویتـەوە لـەو شوێنو جێگایە، جـا هـەر سورەتێك بێت لە قورئاندا، جا پێویستە بەردەوام خەریك بوون بە خوێندنی قورئـانو لەبـەر کـردنو

(٨) (صحيح الجامع الصغير: ٣٨٣).
(٩) (صحيح الجامع الصغير: ٧١٦٣).
(١٠) (رواه البخاري: ٥٣٧٦/٩، وانظر: صحيح الجـامع الصغير: ٧٩٥٨).
(١١) (رواه مسلم: ٢٠٣٤/١٦٠٧/٣، وانظر: صـحيح الجامع الصغير: ٦٠١).
(١٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٧١).

تێ گەیشتن‌و لێ وورد بوونەوەی، چونكە بەو خوێندنەوەیش شەیتان بێ هێزو لاواز دەبێت وباوەڕی بەندە بەهێز دەكات‌و دەبێتە هۆی بەختەوەری، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [النحل: ٤٤] .

واتە: ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە كردووی‌و دابەزاندی كە بە سوننەتی خۆت بۆ خەڵكی ڕوون بكەیتەوە، وە بۆ ئەوەی خەڵكی بیر بكاتەوە وپەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن.

هەر بۆیە لەكاتی خوێندنی قورئانی پیرۆزدا دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەی فریشتەكان لە خوێنەر و هەركات واش بوو شەیتان دوور دەكەوێتەوە لەو ماڵەو خوێنەر، وە بێگومان شەیتان لەو جێگەیەدا نابێت فریشتەی خوای لێ بێت.

هەر بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(إقرءوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعاً لأصحابه)[١٣].

واتە: قورئان بخوێنن چونكە قورئان لە ڕۆژی دواییدا دێت‌و تكا دەكات بۆ خوێنەرەكەی .

هەروەها خوێندنی قورئان لە هەر جێگایەكدا بێت دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەی بەندە لە خوای گەورەو دەشبێتە قەڵایەكی بەهێز بۆ ئەوەی بەندە بتوانێت دەسەڵاتی شەیتان نەهێڵێ‌و لاوازی بكات.

كەواتە بە خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەپارێزرێی لە شەیتان، وە شیفایەكی گەورەیە بۆ دڵو دەرونی مرۆڤ و نەخۆشی‌یەكان چارەسەر دەكات.

هەروەها پێغەمبەری خواﷺدەفەرمێت:

(لا تجعلوا بيوتكم مقابر إن الشيطان ينفر من البيت الذي يقرأ فيه سورة البقرة)[١٤].

واتە: ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕستان – بەوەی كە قورئانی تێدا نەخوێنن، بەڵكو قورئانی تێدا بخوێنن بە تایبەت سورەتی بەقەرە–چونكە هەر ماڵێك سورەتی بەقەرەی تێدا بخوێنرێت شەیتان ڕادەكات‌و دەڕووات ولەوێ نامێنێت.

جا لێرەوە ئەوە دەردەكەوێت كە ماڵ شوێنێكی ئاوەدانەو بەڵام گۆڕستان شوێنێكی چۆڵ‌و خامۆشە هەركات قورئان خوێندرا ئەو شوێنە مانای ئاوەدانی بەسەردا دەبارێت و هەركات قورئانت خوێند دڵ بە خۆت خۆش بكە چونكە خێرو بەرەكت ڕووت تێ دەكات.

## پێنجەم: پاك كردنەوەی ماڵ لە دەنگی شەیتان.

(١٣) (رواه مسلم: ٨٠٤، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ١١٦٥).

(١٤) (رواه مسلم: ٧٨،: صحيح الجامع الصغير: ٧٢٢٧).

دەنگی شەیتان واتە: گۆرانیو مۆسیقا.
گـۆرانیو مۆسـیقا دوو هۆکـاری گـرنگ و ڕیـسواکەری مـرۆڤن، وە هـەروەها دوو هۆکاریـشن بـۆ ئامـادە بـوونی شـەیتان، چـونکە لـە هـیچ شـوێنو بەڵگەیەکـدا نابینرێت کـە پێغەمبـەری خـواﷺ لەگـەڵ هاوەڵانیـداﷺ کۆبووبێتنـەوەو لەسـەر ئەوەی بێ فەرمانی خوای گەورە بکەن لـە گـوێ گـرتن لـە گـۆرانیو مۆسـیقا، بـەڵکو بەردەوام پێـچەوانەکەی دەبینـرێ کـە کۆ بوونەتەوە لەسەر یاد کردنی خـواو نوێـژو قورئـان خوێنـدن، بۆیـە بـەردەوام گـوێ گـرتن لـە گـۆرانی ومۆسـیقا دەبێتـە هـۆی خۆشـحاڵ بـوونی شـەیتانو دارو دەسـتەکەی، وە هـەر کاتێـك دەنگـی شەیتان لە ماڵێکەوە دەرچوو شەیتانەکان کـۆ دەبنـەوەو دەیکەنـە شـوێنی هـەواو ئارەزووی خۆیان.

خوای گەورەیش دەفەرمێت:

﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ﴾ [الإسراء: ٦٤] .

واتـە: ئـەی شـەیتان هـەر کەسێك لەوانـە هانیان بدەو ئەوەندەی کـە توانـات هەیـە بەسـەریاندا بـە (دەنـگ و گۆرانیـەکانت) هاوار بکە بەسەریاندا.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(صوتان ملعونان في الدنيا والآخرة مزمار عند نعمة ورنة عند مصيبة)[١٥].

واتـە: دوو دەنـگ نـەفرەت لێ کـراوە لـە دونیاو دوارۆژدا ئـەوانیش: ئـاوازو مۆسـیقا لە کاتی خۆشیداو دەربڕینی دڵ تەنگی لە کاتی نەهامەتیدا.

**شەشەم: پاك کردنەوەی ماڵ لە جەرەس:**

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمێت:

(الجرس مزامير الشيطان)[١٦].

واتـە: جـەرەسو زەنگۆڵـە زوڕنـای شەیتانن.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە پێویستە بە تـەواوی ماڵـەکانمان لـە جەرەسـە جیاوازەکان وهەندێك لە زەنگۆڵەکان پـاك بکەینـەوە، چـونکە دەبێتـە هـۆی بێـزار کردنـی مەلائکـەت و خۆشـحاڵ بـوونی شـەیتان، ئـەوەتا پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمێت:

(لا تصحب الملائكة رفقة فيها كلب أو جرس)[١٧].

واتە: مەلائکەت هاوەڵی کەسێك ناکات کـە لـە نێوانیانـدا سـەگ و جـەرەس واتـە: زەنگۆڵەی تێدا بێت.

---

(١٥) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٢٧، وصحيح الجامع الصغير: ٣٨٠١).

(١٦) (رواه مسلم: ١٤/٩٤ النووي).

(١٧) (رواه مسلم: ١٤/٩٤ النووي).

کەواتە گومانی تێدا نیيە كە مەلائیکەکان باشترین دروست کراوی خوای گەورەن‌و سەربازانی خێرو چاکەن وە شەیتانەکانیش خراپترین دروستکراوەکانی خوای گەورەن‌و سەربازانی شەڕو خراپەن، وە بۆیە بە دەرکردن‌و ڕۆیشتنی مەلائیکەکان سەربازانی شەیتان شوێنیان دەگرنەوە.

جارێکیان کیژۆڵەیەك هاتە ژوورەوە بۆ لای عائیشە (خوای لێ رازی بێت) وەخلْخاڵێکی پێ بوو کە دەنگی دەردەچوو، عائیشە (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: مەیهێننە ژوورەوە ئیللا ئەگەر خەڵخاڵەکانی دەبچڕێنن، چونکە من گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە ﷺ دەیفەرموو: (لا تدخل الملائكة بيتا فيه جرس)[18].

واتە: مەلائیکەی خوا ناچنە ماڵێکەوە جەرەسی تێدا بێت.

**حەوتەم: پاکردنەوەی ماڵ لە خاچ‌و هاوشێوەکانی:**

لە عائیشەوە (خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێت: (لم يكن النبيﷺ يترك في بيته شيئاً فيه تصاليب إلا نقضه)[19].

واتە: پێغەمبەری خواﷺ هەرشتێك لە ماڵەوە بوایە لە شێوازی خاچ ئیلا وازی نەدەهێنا هەتا دەیسڕیەوەو نەیدەهێشت.

کەواتە: تۆش براو خوشکی موسڵمانم پێویستە هەرشتێك بە خاچ بچێت هەر شێوەیەکی هەیە وەك: وێنەو قاپ‌و قاجاخ‌و پەردەو....هتد پێویستە بیسڕیتەوەو نەیهێڵی.

**هەشتەم: پاك کردنەوەی ماڵ لە وێنەو هەیکەل:**

لە ڕاستیدا پێویستە لەسەر موسڵمان کە ماڵەکەی خۆی پاك ڕابگرێت لە هەر شتێك کە ببێتە هۆی خۆشحاڵی شەیتان‌و دوور کەوتنەوەی مەلائیکەت، وە وێنەو هەیکەلیش بەشێکن لەو کردارە جگە لە بوکە شوشەی یاری کردنی منداڵ کە زانایان دەفەرموون: بۆ ئەو مەبەستە هیچی تێدا نییە هەروەك عائیشەی دایکمان (خوای لێ رازی بێت) ئەم فەرموودەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە:

(أنها اشترت نمرقة فيها تصاوير، فلما رآها رسول الله صلى الله عليه وسلم قام على الباب فلم يدخل، فعرفت في وجهه الكراهية، قالت: فقلت يا رسول الله أتوب إلى الله وإلى رسوله ما أذنبت؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ما بال هذه النمرقة؟ قلت: اشتريتها لك لتقعد عليها وتوسدها، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم إن أصحاب هذه الصور يعذبون يوم القيامة ويقال لهم أحيوا ما خلقتم، وقال إن

(١٨) (رواه أبو داود وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٣١٢٠).

(١٩) (رواه البخاري: ١٠/٣٨٥ الفتح).

**البيت الذي فيه الصورة لا تدخله الملائكة)[٢٠].**

**واتە: عائیشەی دایکمان(خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێت: سەرینێك یان پشتیەکم کڕیبوو وێنەیەکی تێدا بوو، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ کە بینی لە دەرگاکە ڕاوەستاو نەهاتە ژوورەوە، منیش زانیم لە دەموو چاویدا ناخۆشی وڕەنگ تێك چوونێك هەیە ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگەڕێمەوە بۆ لای خواو تەوبە دەکەم ئایا تاوانێکم ئەنجام داوە؟ فەرمووی: بەڵێ ئەم سەرینە چییە؟ منیش ووتم: کڕیومە تاوەکو پاڵی پێوە بدەی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خاوەنی ئەم وێنانە لە دوا ڕۆژدا سزا دەدرێن وە پێیشیان دەووترێت: دەی ئەوەی دروستتان کردووە زیندووی بکەنەوە وروح بکەنە بەری، هەروەها فەرمووی: هەر ماڵێك وێنەی تێدا بێت مەلائیکەت ناچێتە ژوورەوە.**

وعن أبي طلحة رضي الله عنه أن رسول الله ﷺ قال: **(لا تدخل الملائكة بيتاً فيه كلب ولا صورة)[٢١].**

**واتە: مەلائیکەتی خوا ناچێتە ناو ماڵێکەوە کە سەگ و وێنەی تێدا بێت.**

**جا بزانە خوشكو برای بەڕێزم... هیچ جیاوازی‌یەك نی‌یە لەوەی کە ئەو وێنەیە هەڵواسراوە یاخود هەڵگیراوە وەك ئێستا دەبینی یان سێبەری هەیە یان نا، هەیکەلە یاخود گیراوە وەك ئیمامی نەوەوی دەفەرمێت:**

(لا فرق في هذا كله بين ما له ظل وما لاظل له، هذا تلخيص مذهبنا).

**واتە: هیچ جیاوازی‌یەك نی‌یە لە نێوان ئەو وێنەو هەیکەلەی کە سێبەری هەیە یان ئەو وێنەو هەیکەلەی کە سێبەری نی‌یە، ئەمەیش مەزهەبی ئێمەیە، وئەمەش ڕا وبۆچونی هەموو زانایانی لەسەرە، وە ڕای هاوەڵان و شوێن کەوتوانی سەلەفیشە[٢٢] رضي الله عنهم.**

**هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە (واعد رسولَ الله ﷺ جبريلُ ﷺ أن يأتيه فراث عليه حتى اشتد على رسول الله ﷺ فخرج فلقيه جبريل ﷺ فشكا إليه فقال إنا لا ندخل بيتا فيه كلب ولا صورة)[٢٣].**

**واتە: جبریل پەیمانی دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی بکات ویەکتر ببینن بەڵام جبریل دوا کەوت ونەهات لەو کاتەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ زۆری بۆ هات وتوند بوو چووە دەرەوەو لە ڕێگا بە**

(٢٠) (البخاري: ١٠/٣٩٢ الفتح، ومسلم:١٤/٩٠ النووي، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٣٠٣٥ ) .

(٢١) (رواه البخاري: ٥٩٥٨، ومسلم: ٢١٠٦).

(٢٢) (وقاية الإنسان من الجن والشيطان: ص٣٦٧).

(٢٣) (رواه البخاري عن ابن عمر رضي الله عنهما ٥٩٦٠، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٣٠٥٩).

جبریـل گەیـشت و شـكاتی ئـەوەی لـە لا كرد، جا جبریلیش فـەرمووی: مـن ناچـمە ماڵێكەوە كـە سـەگ و وێنـەی تێدا بێت. بـەڵام لێرەدا پێویـستە ئـەوە بـزانین كـە زانایان ڕێگـەیان داوە بـە كێشانی وێنـەی سروشـت كـە تـەعبیر بكـات لـە جـوانیو دەسـەڵاتی خـوا وەك: كێشانی وێنەیـەك ڕوح لەبەر نەبێت بە وێنەی دارو درەختو شاخو ئاوو سەوزاییو..... هتـد. وەك لـە فەرموودەیـەكی سعید بـن ابی الحـسن دا هـاتووە .... كـە دەفـەرمێت: (پیاوێـك هـاتو پرسـیاری كـرد: ووتـی: ئـەی ابـن عبـاس رضي الله عنه مـن پیـاوێكم بـژێوی خـۆمو خێزانەكـەم لەسـەر ئـیش كردنـی كـاری دەستی خۆمە، واتە وێنە دروست دەكەمو پاشـان دەیفرۆشـم، ابـن عبـاس رضي الله عنه فـەرمووی: هـیچ شـتێكت پـێ ناڵێم ئـەوە نـەبێت كـە مـن لـە پێغەمبـەری خـوام ﷺ بیستووە كـە فەرموویـەتی: هـەر كەسـێك وێنە دروست بكات، خـوای گـەورە سـزای دەدات تـاوەكو ڕوح بكـات بـە بەریـداو زیندووی دەكاتەوە كە ئەمەش ناتوانێت، جا پیاوەكە پێـی تێك چوو و لـە چاویدا تـووڕە بـوون دەبینـرا، بۆیـە ابـن عبـاس فەرمووی: هاوارو لەناوچوون بـۆ تـۆ ئـەوا سەرپێـچی ئـەنجام دەدەیـت بـەڵام هـەر لەبەر ئەوەش ئارەزووت لێیـەتی دروسـتی بكـەی ئـەوا ڕێـت پێـدراوە كـە وێنـەی سروشت واتە: شاخو دارو درەختو ئـاوو سەوزایی بكێشە.

**نۆیەم: پاك كردنەوەی ماڵ لە سەگ:**

ڕاگرتنی سـەگ لـە ماڵـەوە بـە بـێ عـوزرو هیچ هۆكارێك دەبێتە هۆی ئامـادە بـوونی شـەیتان، هـەروەها سـەرەڕای هەڕەشـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە خـاوەن ماڵەكـەو ڕاگرەكەیشی دەفەرمێت:

(الكلب الأسود شيطان)[٢٤].

واتە: سەگی ڕەش شەیتانە.

یـان لـە فەرموودەیـەكی تـردا هـاتووە كـە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(من اقتنى كلباً ليس بكلب ماشية أو صيد نقص من عمله كل يوم قيراطان)[٢٥].

واتە: هەر كەسێك سەگ ڕابگرێـت بـۆ هـەر مەبەستێك بێت جگە لە سەگی ڕاو وشوان ئەوا هـەموو ڕۆژێك ئەوەنـدەی دوو كێـوی ئوحود لە خێرەكانی كەم دەبێتەوە.

**دەیەم: زیاد نوێژ كردنی سوننەت لە ماڵدا:**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(إجعلوا من صـلاتكم في بيـوتكم، ولا تتخذوها قبوراً)[٢٦].

واتە: با نوێژە سـوننەتەكانتان لـە ماڵـەوە بێـت وە مەیكەنـە گۆڕسـتان، واتـە:

(٢٤) (رواه مسلم: ٤/٢٧٧ النووي).

(٢٥) (رواه البخاري: ٥٤٨٠، ومسلم: ١٥٧٤).

(٢٦) (رواه البخاري: ٤٣٢، ومسلم: ٧٧٧).

مەبەست لەوەیە کە گۆڕستان شوێنێکە دوور لە ئاوەدانیو چۆڵو هۆڵەو هەرکاتێکیش نوێژ لە ماڵەوە کرا ئەوا دوور دەبێت لە شەیتانو ڕاوی دەنێت.

هەر بۆیە ئیمامی نەوەوی(رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(حث على النافلة في البيت لكونه أخفى وأبعد من الرياء وأصون من المحبطات)[٢٧].

واتە: ئەم فەرموودەیە سورمان دەکات لەسەر کردنی نوێژە سوننەتەکان لە ناو ماڵەکانماندا و هانمان دەدات بەو کارە، چونکە دوورە لە ڕیاو بەرچاوی وە پارێزراوە لە کردەوە پوچەڵەکان، وە دەشبێتە هۆی فەڕو پیت وبەرەکەت و سۆزو بەزەیی خوای میهرەبان و مەلائیکەتەکان دەڕژێتە سەریو دەشبێتە هۆی دوور کەوتنەوەو ڕاونانی شەیتان.

هەروەها دەفەرمێت:

(صلوا أيها الناس في بيوتكم، فإن أفضل الصلاة صلاة المرء في بيته إلا المكتوبة)[٢٨].

واتە: ئەی خەڵکینە نوێژەکانتان لە ماڵەوە بکەن واتە: سوننەتەکان، چونکە باشترینو خێرترین نوێژی مرۆڤ دوای نوێژە فەرزەکان ئەو نوێژەیە کە لەماڵەوە ئەنجام دەدرێت.

(٢٧) (شرح النووي على مسلم: ٦/٦٨).

(٢٨) (البخاري: ٧٣١، ومسلم: ٧٨١).

**یانزەیەم: وتەی پاکو بێگەردو ڕوو خۆشیو دەم بە پێکەنین:**

بەڕێزان... لە دیارترین ڕەوشتە بەرزەکان کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بایەخی تایبەتی پێداوەو هاندەری بووە وپاشان سەرەنجی مرۆڤی بۆ ڕاکێشاوە ووتەی چاك و ڕووخۆشییە لە ئاستی بەرامبەردا، هەر بۆیە مرۆڤی موسڵمان دەتوانێ لەم ڕێگایەوە ببێتە باشترین سەرمەشق بۆ خۆیو کۆمەڵگە چونکە بێگومان زانراوە کە شەیتان دەیەوێت لەم ڕێگایەوە کۆمەڵو کۆمەڵگای ئیسلامی بڕوخێنێو تێکی بدات، بۆیە بەردەوام لەسەر فڕو فێڵەکانیو هەمیشە نەخشەو پیلان دادەڕژێت هەر لە تێکدانی نێوان خێزانی موسڵمانانەوە تاکو تاکی کۆمەڵگە... وەك زیاتر لەم فەرموودەیەدا ڕوون دەبێتەوە: (إتقوا النار ولو بشق تمرة، فمن لم يجد فبكلمة طيبة)[٢٩].

واتە: خۆتان بپارێزن لە ئاگر ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت، وە ئەگەر کەسێك ئەوەیشی لەتوانادا نەبوو، ئەوا با بەوتەیەکی چاكو پاكو ڕووخۆشی بدوێت.

هەروەها خوای گەورەیش دەفەرمێت:

﴿وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ﴾ [الإسراء: ٥٣] .

(٢٩) (صحيح الجامع الصغير: ١١٥).

واتــە: ئــەی محمــدﷺ بــە بەنـدەکانم ڕابگەیەنەو پێیان بڵێ: ووتەیەك بڵێن کە جوانترینو باشترین ووتە بێت، چونکە بە ڕاستی شەیتان ناکۆکیو ئاژاوە دەخاتە نێوانیان.

وە هــەروەها أبـــو ذرﷺ دەفــەرمێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم:

(لا تحقرن من المعروف شيئاً، ولو أن تلقى أخاك بوجه طلق)[٣٠].

واتە: بە سوكو کەم تەماشای شتێك لە کردەوەکانت مەکە ئەگەر چی نواندی ڕووخۆشو بزەخەندە بێت لە ئاستی بەرامبەرەکەتدا.

کەواتە: نواندی زەردەخەنەو ڕووی خۆش لە هەموو کاتێکدا دەبێتە هۆی ڕاونانی شەیتانو نەهێشتنی ڕقو کینەو هێنانی خۆش گوزەرانیو مایەی سەربەرزیو ئاشـــتیو فراوانـــی دڵو دەروون، بەتایبەتیش لە نێو ماڵدا، چونکە ماڵ جێگەی کۆبونەوەی خێزانەکانەو پێویستە لەسەر پیاوو ئافرەت کە هاوسەری یەکترین بەم کردەوە جوانە ماڵەکەیان ئاوەدان بکەنەوەو بە خۆشترین ناوو باشترین ووتە پێشوازی لە یەك بکەن.

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

---

(٣٠) (رواه مسلم: ٢٦٢٦).

# ئادابەکانی سەردان
# و
# سنورەکانی
# لە نێو ئافرەتاندا

**وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە**
**دایکی سوننە**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

إِنَّ الْحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِالله مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَات أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

بێ گومان سەردان لە نێوان موسڵمانان بە گشتی و ئافرەتانیش بە تایبەتی چەند ئاداب و سنورێکی تایبەتی هەیە، وە ئەگەر سەردانەکە هەندێك لەم ئادابانەی تێپەڕ کرد و لە سنوور دەرچوو، ئەوا دڵەکان جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە، و لە یەکتر دوور دەکەونەوە کە ئەمەیان سەرئەنجامە بۆ ئەوەی پێشوو، جا خوێنەری بەڕێز لەم نووسراوەدا چەند شتێکم کۆکردووەتەوە لەو ئادابانە، کە لە واقع و تەجروبەی خۆمدا تووشیان بووم، ئومێدم لە خوای گەورە ئەوەیە کە سودبەخش بن بۆ خوشکانی هاو ئاینم، وە دووریش بێت لە هەموو زیادڕەوی و کەم ڕەویەك کە لە سنوری ئایینەکەمان دەربچێت ... ئەمانەی خوارەوەش هەندێکن لەو ئادابانە:

**١ / خوشکی بەڕێزم: با مەبەست لە سەردانەکەت تەنها ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بێت، نەك لە بەر گلەیی یان لە بەر هەر مەبەستێکی تر:** چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە:

[إن رجلا زار أخا له في قرية، فأرصد الله تعالى على مدرجته ملكا، فلما أتى عليه الملك قال: أين تريد ؟ قال: أزور أخا لي في هذه القرية، قال: هل له عليك

**من نعمة (تربها)؟ قال: لا، إلا أني أحببته في الله، قال: فإني رسول الله إليك، أن الله عز وجل قد أحبك كما أحببته له]**[1] .

واتە: جارێکیان کەسێك نیازی سەردانی برایەکی دەبێت لە دێیەکدا، و خوای پەروەردگار فریشتەیەك لە سەرەڕێگەکەی دادەنێت و کە فریشتەکە پێی دەگات، پێی دەڵێت: کوێت مەبەستە؟ یان بۆ کوێ دەچیت؟ دەڵێت: سەردانی برایەکم دەکەم لەم دێیەدا، ئەویش پێی ووت: ئایا هیچ چاکەیەکی بە سەرتەوە نییە بیگەڕێنیتەوە؟ ووتی: نەخێر، تەنها لەبەر خوای پەروەردگار خۆشم دەوێت، ئەویش ووتی: ئەوە بزانە من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ، ئەوەشت پێ ڕادەگەیەنم کە خوای پەروەردگار تۆی خۆش دەوێت هەروەکو چۆن تۆ ئەوت لە بەر خوا خۆش ویستووە .

**٢ / هەڵبژاردنی ڕۆژ و کاتی گونجاو بۆ سەردانەکە :** نابێت کاتەکە سەرلە بایانییەکی زوو بێت، یان لە کاتی نێوەڕوودا و پاش نان خوادن، یان لە کاتێکی درەنگ وەختدا بێت لە شەو، چونکە کاتی بەیانی زوو کاتی نووستنە لە لای هەندێك لە ئافرەتاندا، و لە لای هەندێکی تریان کاتی ئیش و کاری ناو ماڵە لە پاککردنەوە، و ئامادەکردنی خواردن، وە کاتی نیوەڕۆش پاش نان خواردن کاتی نوستن و پشوودانی مێردە، لە پاش گەڕانەوەی لە ئیش و کاری ڕۆژانەی، و کاتی درنگ وەختی شەویش هەر کاتی دانیشتن و ماندوو دەرکردن و پشوودانە، و کاتی تایبەتە بە ئەندامانی خێزانەوە .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ . . .﴾[2] .

واتە: خوای پەروەردگار فەرمان دەکات بە بڕواداران بەوەی کە کەنیزەك و خزمەتکارانیان و ئەو منداڵانەشیان کە هێشتا بالغ نەبوون فێر بکەن بەوەی کە ڕوخسەت و ئیزن وەرگرن لەسێ کاتدا، ئەو کاتانەش کاتی پێش نوێژی بەیانی، و پاش نوێژی نێوەڕۆ و پاش نوێژی شێوان (عیشا) ن کە کاتی پشوودان و نووستنن، وە لەبەر ئەوەی کە لەو کاتانەدا زۆربەی جار خەوتووان جلێکی تایبەت بە خەو جگە لەجلە ئاساییەکان بەکار دێنن .

(١) (السلسلة الصحيحة: ١٠٤٤ ) .

(٢) ( سورة النور: ٥٨ ) .

وە پێشەوا (سـعدي) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (ففي ثلاثة هذه الأحوال، يكون المماليك والأولاد الصغار كغيرهم، لا يمكنون من الدخول إلا بإذن).

واتە: ئەو ئادابانە لەم سێ کات و بارەدا، کەنیزەك و خزمەتکاران و منداڵانیش وەکو کەسانی ترن، ناتوانن بە بێڕوخسەت وەرگرتن و ئیزن وەرگرتن بێنە ژورەوە .

**٣ / دوورکەوتنەوە لە سەردانی لەناکاو و بێ پێشتر ئاگادارکردنەوەی دەستەخوشکەکەت بۆ وەرگرتنی مۆڵەت و پەیمانێکی پێش وەخت بۆ سەردانەکەت:**

خۆ دورخستەنەوەش لەو کارە بەوە دەبێت کە پرسیاری دەستە خوشکەکەت بکەی کە حەزت لێیە و پێت خۆشە سەردانی بکەی - لە ڕێگەی تەلەفونەوە ئەگەر توانرا یان بە هەر ڕێگەیەکی تر بێت - جا ئایا کاتەکەی ڕێی دەدات و دەتوانێت پێشوازیت لێ بکات، و هیچ بەرپرسیاری کارێکی نییە، بەرامبەر بە ماڵ و منداڵ و مێردەکەی لەو ڕۆژەدا، وە بەم مۆڵەت وەرگرتنە خۆی ئامادە باش دەکات لە پێشوازی لێ کردنت، بە پێچەوانەی سەردانی لە ناکاو کە دەبێتە هۆی نارەحەتکردن و ئازاردان و بێ زارکردنی دەستە خوشکەکەت، بەتایبەت ئەگەر دەستە خوشکەکەت، یان ماڵەکەی لەسەر بارودۆخێکی وەها بێت کە پێی ناخۆش بێت کەسێك ببینێت لەسەر ئەو شێوەیە .

**٤ / ئەگەر لە ئاگادارکرنەوەیەکی پێش وەخت بۆ وەرگرتنی مۆڵەت و پەیمانێك بۆ سەردانەکەت، یان لە کاتی سەردانەکەتدا پێت ووترا بگەڕێرەوە، ئەوا بگەڕێرەوە، بێ ئەوەی هیچ دڵ گرانیەکت تووش ببێت**، چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴾[٣] .

واتە: ئەگەر پێتان ووترا بگەڕێنەوە، ئەوا بگەڕێنەوە، ئەوە چاکترە بۆتان، خوای پەروەردگاریش بە ئاگایە لە هەموو کردەوەیەکتان .

**٥ / لەبەر ئەوەی ئەنجام دانی ئەم کارەت بۆ ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە هەوڵ بدە لە کاتی دەرچوونەکەت هیچ سەرپێچیەکی نەکەی لە جل و بەرگ و پۆشاکی شەرعیت**، بۆ نموونە با دەرچوونەکەت بە پۆشاکی شەرعی و بالاپۆشەوە بێت، یان بۆن خۆش کراو نەبێت، یان لەگەڵ کەسانی

---

(٣) ( سورة النور: ٢٨ ) .

نامەحرەمدا نەبێت، ئەمە ئەگەر کەسێکت لـە گـەڵ دا بـوو ... خـوای پـەروەردگار فەرمووبەتی:

﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾[٤]،

واتـە: لـەکاتی دەرچـونتاندا خۆتـان ڕووت نەکەنـەوە، هـەروەك چـۆن ئافرەتـان لـە سـەردەمی نەفامیـدا خۆیـان ڕووت دەکردەوە .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أيما امرأة استعطرت، فمرت على قـوم، ليجدوا من ريحها، فهي زانية)[٥] .

واتە: هەر ئافرەتێك خـۆی بۆنخۆش کرد، و پاشان لە ماڵ ڕۆیشتە دەرەوە، و بـەلای کۆمەڵێکدا تێپـەڕ بـوو بـۆ ئـەوەی بۆنی بچێت بە سەریاندا، ئەوە وەکو ئەوە وایە ئەو ئافرەتە داوێن پیسی کرد بێت .

**٦ / کە گەیشتیتە بەر دەرگایان، سێ جار لە دەرگـا بـدە، و لـە لای ڕاستی دەرگاکەوە یان لـە لای چەپی دەرگاکـەوە ڕاوەستە :** جا ئەگەر دەرگات بۆ نەکرایەوە بـڕۆ و دوبـارەی مەکـەوە، ئـەوەش لەبـەر ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کە تێدا فەرموویەتی:

(الاستئذان ثلاث، فـإن أذن لـك، وإلا فارجع)[٦] .

واتە: ڕوخسەت وەرگرتن و لێدانی دەرگا سێ جارە، ئەگەر ڕێگەت پێدرا ئـەوا بـڕۆ ژوورەوە، ئەگەر نە ئەوا بگەڕێرەوە .

وە بەڵگەی ئـەوەش کـە لـە کـاتی لێـدانی دەرگـادا و لـە کـاتی چـاوەڕوان کردنـی هاتنـە دەرەوەی خـاوەن مـاڵ لـە لای ڕاستی دەرگاکەوە، یان لە لای چەپی دەرگاکەوە بووەستی، ئەو فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ کـە تێیـدا فەرموویەتی:

(لا تأتوا البيوت من أبوابها، ولكن ائتوها من جوانبها، و ... )[٧] .

واتە: کە داتـان لـە دەرگـا ڕوو لـە دەرگاکە مەوەستن، بـەڵکو لـە لاکانیـەوە بووەستن .

**٧ / سـەیر نـەکردن لـە کـونی دەگاوە یان لە سەرەوەی ـ لە کاتێکدا کە وەڵام نەبێت ـ:** لەبـەر ئـەم فەرموودەیـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە تێیـدا فەرموویەتی:

( إنما جعل الإستأذان من أجل البصر)[٨].

---

(٤) ( سورة الأحزاب: ٣٣ ) .

(٥) حسنه العلامة الألباني في: ( صحيح سـنن النـسائي: ٥١٢٦ )،و ( صحيح وضـعيف الجـامع: ٢٧٠١ )، و (صحيح الترغيب والترهيب: ٢٠١٩ ) .

(٦) ( متفق عليه ) .

(٧) (حسنه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٢٧٣١ ) .

(٨) ( متفق عليه ) .

واتە: ڕوخسەت وەرگرتن و لێدانی دەرگا بۆ ئەوە دانراوە کە چاو بپارێزرێت لە بینینی شتی قەدەغەکراو .

**٨ / لە کاتی لە دەرگا دانت، ئەگەر خاوەن ماڵ پێی ووتی کێیە ئەوا ناوی خۆت بڵێ، نەك بڵێت منم، منم !!!!**

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتێکدا کە جابر رضي الله عنه لە دەرگای دا و پێی فەرموو کێی ؟ ئەویش ووتی: منم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (أنا، أنا)، واتە: منم، منم، جابر رضي الله عنه دەڵێت: وەکو ئەوەی بڵێت پێی باش نەبوو کە من ووتم: منم منم[٩] .

**٩ / با سەلامی بە یەك گەیشتنتان سەلامی موسڵمانان و ئەهلی بەهەشت بێت کە بریتی یە لە:**

(السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)، لەبەر ئەم فەرموودانەی خوارەوە:

١- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (السلام قبل السؤال، فمن بدأكم بالسؤال قبل السلام فلا تجيبوه)[١٠].

واتە: سەلام کردن پێش پرسیارکردنە، جا ئەگەر کەسێك پرسیاری لێ کردن پێش سەلام کردن، ئەوا وەڵامی مەدەنەوە.

٢- وە فەرموویەتی: (**إذا لقي أحدكم أخاه فليسلم عليه، ...**)[١١] .

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە بە براکەی گەیشت با سەلامی لێ بکات.

٣- وە لەبەر گەورەیی پاداشتی سەلام کردن، هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە: کە جارێکیان پیاوێك بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕ دەبێت، کە لە مەجلیس و کۆڕێکدا دانیشتبوو، و دەڵێت: (السلام عليكم)، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: (دە چاکەی بۆ نووسرا)، پیاوێکی تر تێ دەپەڕێت دەڵێ: (السلام عليكم ورحمة الله ) ئەویش فەرمووی: (بیست چاکەی بۆ نووسرا)، جارێکی تر پیاوێکی تر بە لایدا تێ دەپەڕێت و دەڵێ: (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)، ئەم جارەیان فەرمووی: (سی چاکەی بۆ نووسرا ) ... هتد فەرموودەکە .[١٢]

**١٠ / تەوقەکردن لە کاتی بەیەك گەیشتن و دوورکەوتنەوە لە یەکتر ماچکردن، ئەوەش لەبەر ئەم دوو فەرموودەیەی خوارەوە:**

(٩) (متفق عليه) .

(١٠) (حسنه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة: ٨١٦).

(١١) ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة: ١٨٦) .

(١٢) (صححه العلامة الألباني في صحيح الأدب المفرد: ٩٨٦) .

**یەکـەم:** پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: (ما من مـسلمین یلتقیـان فیتصافحان إلا غفر لهما قبل أن یتفرقا)[١٣].

واتە: هیچ دوو موسڵمانێك نىیە کە بە یەك بگەن و تەوقە لەگەڵ یەکدا بکەن لە کاتی بەیەك گەیشتنیان، ئیللا خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانەکانیان خۆش دەبێت پێش جیا بوونەوەیان .

**دووەم:** ئـەو فەرموودەیـەی کـە (**أنس**) بۆمانی دەگێڕێتـەوە کـە پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەگەر بەیەك گەیشتین فەرموویەتی:

(الرجل منا یلقى أخاه أو صدیقه أینحني له؟ قال: لا، قال: أفیلتزمه ویقبله؟ قال: لا، قال: أفیأخذ بیـده و یـصافحه؟ قال: نعم)[١٤] .

واتـە: یـەکێك لـە ئێمـە بگـات بـە براکەی یان برادەرەکەی ئایا سەری بۆ دا بنەوێنێت؟ فەرمووی: نەخێر، ووتی: ئەی باوەشـی پێـدا بکـات و ماچـی بکـات؟ فەرمووی: نەخێر، ووتی: ئەی دەستی لـە گەڵدا بدات؟ فەرمووی: بەڵێ .

**١١ / هـەوڵ بـدە سـەردانەکەت درێـژە خایـەن نـەبێت:** چـونکە ئەگـەر کاتەکـە زۆر بخایـەنێت دەسـتە خوشـکەکەت هەسـت دەکـات کـە قورسیەکت خستووەتە سەری، و گوێ نادەی بەو بەرپرسیاریە زۆرەی کـە لـە سـەریەتی، وەکـو خێزانێـك بەرامبـەر بـە مێردەکـەی، و دایکێکیش بەرامبـەر بـە منداڵـەکانی، و لێپرسـیاوێتی ماڵـداریێتی کردنـی بەرامبـەر بـە ماڵەکـەی، وە بـەو کارەشت خۆشەویستی بۆت نامێنێ یان بەرامبەرت کەم دەبێتەوە .

**١٢ / ئەگـەر کـاتی سـەردانەکە درێژەی خایاند دەبێت کـاتێکی لێ بـەکار بهێنیـت بـۆ سـوود لێ وەرگـرتن:** ئـەوەش بەوەی کە پاداشت و چاکەی تێدا بێت بۆ خۆت و دەستە خوشکەکەت، وە ئـەوەش بـە خوێندنـەوەی یـەکێك لـە کتێبـە ئاینیەکان یان گوێبیستی کاسێتێکی بە سوود بن، بۆ ئەوەی دەستە خوشکەکەت هەسـت بـە دڵخۆشـی بکـات، چـونکە سـەردانەکەت سـود گەیانـدنێکی زۆری هـەبووە، و کاتەکەشـی بـە فـیڕۆ نەڕۆیشتووە، لە کارێکی بی سوود وەکو زۆر قـسەکردن و لاقرتێکـردن و لـچ هەڵقورچـان و غەیبـەت و هێنـان و بردنـی ووتەی ئەم و ئەو .

---

(١٣) (صححه العلامة الألباني في صحيح سـنن أبي داود: ٤٣٤٣) .

(١٤) (صححه العلامة الألباني في صحيح سنن الترمـذي: ٢١٩٥) .

**١٣ / خۆپـاریزی لـە گوفتـار و کـرداری بـێ سـوود لـە کـات و سـاتی سەردانەکەتدا :** ئەوەش بەوەی کە شتێك دەربڕیت بۆ دەستە خوشکەکەت کـە بـێ کەڵك بێت لـە گوفتـار و کردارتـدا، بـە زۆر لێپرسـین لـە شـتێلێك کـە تایبـەتن بـە خۆیەوە، یان تایبەتمەندی مێردەکەیەتی، وە جاری وا هەیە، شتێکی ئاسایییە بـەڵام حـەزی لێ نـیـیـەو پـێی خـۆش نـیـیـە دەریبخـات و ئاشـکرای بکـات بـۆ تـۆ یـان جگە لە تۆش .

هـەروەکو پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی:

(من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه)[١٥] .

واتە: لە تێر و تەسـەلی و تـەواوی موسڵمانێتی مرۆڤ ئەوەیە واز بێنێـت لـەو شتانەی کە پەیوەندی بەوەوە نییە .

**١٤ / دەربـڕین و دەرخـستنی ڕازی بـوون و پێخۆشـحاڵی، و ڕوو خۆشـی لـە هەموو ئەوەی کە پێش کـەش دەکرێت،** و بۆت دەهێنرێت، لە خواردن و خواردنەوە، وە بە زۆریشی بزانە با هەرچەندە کەمیش بێـت، و ئامۆژگـاری بکـە بـەوەی کـە زیـادەڕەوی و ئیـسراف نـەکات لـەو شـتانەدا، و زۆریـش لـە خـۆی نـەکات و ناڕەحـەتیش نەخاتـە سـەر خـۆی لـە خواردن و خواردنەوە .

**١٥ / قـسە نـەکردن و عـەیب دەرنەکردن لەو خواردنەی کە بۆت ئامادە دەکرێت، و پێشکەشت دەکرێت،** جا ئیتر هەر جۆرە خواردنێك بێت، چونکە:

(ما عاب رسول الله ﷺ طعاما قـط إن اشتهاه أكله وإلا تركه)[١٦] .

واتـە: هـەرگیز پێغەمبـەری خـوا ﷺ عـەیبی دەرنـەدەکرد لـە خـواردن ئەگـەر حەزی لێ ببوایە دەیخوارد، ئەگەر نا وازی لێ دەهێنا .

**١٦ / دوورکەوتنـەوە لـە زۆری گاڵتە کردن :** وە ئەگەر لە سنور و ڕادەی خـۆی دەرچـوو ئـەوا ئەبێتـە ڕق و قـین و سـوکی و بـێ نرخـی بـۆ خاوەنەکـەی، وە دڵەکانیش پڕ دەکات لە ڕق و قین، ئەگـەر گاڵتـە کردنەکـە زۆر مەترسـی دار بـوو بـۆ سـەر ڕێـز و شـکۆمەندی و هەسـتیاری خودی ئەو کەسە .

**١٧ / چـاکردنەوەی هـەموو ئـەو شـتانەی کـە منداڵـەکانت تێکیـان داوە و شکاندوویانە، لە هەموو شتێکی بە سوود و جـل و بـەرگ و ناوماڵـەی دەسـتە خوشکەکەت، لـە مـاوەی سـەردانەکەتدا :**

---

(١٥) ( صححه العلامة الألبـاني في صـحيح الجـامع: ٥٩١١).

(١٦) (صححه العلامة الألباني في: صحيح الكلم الطيب: ١٨٥) .

ئەگەر توانیت و لە تواناتدا هەبوو لەو کاتەدا چاکی بکەرەوە، و پاکی بکەرەوە لەگەڵ لادان و لابردنی ئەو شتانەی کە منداڵەکانت کردوویانە لە بۆ یاسایی یان ئەو پیس و پۆخڵی و گەندەڵییەی کە کردوویانە لە ماڵەکەیدا، تاوەکو دەستە خوشکەکەت هەست نەکات کە تۆ میوانێکی ناڕەحەت، و قورسی لەسەری بە خۆت و منداڵەکانیشتەوە .

**١٨ / سوپاسکردنی دەستە خوشکەکەت لە کۆتایی سەردانەکەتدا :** وە پاڕانەوە بۆی بە ووتنی: خوای گەورە پاداشتی چاکەت بداتەوە، لەسەر پێشوازی کردنی بۆت، و جوان و چاك میوانداریێتی کردنی بۆت، وە داوای گەردن ئازایی و لێخۆش بوونی لێ بکە ئەگەر ئازاردانێك لە خۆتەوە یان لە منداڵەکانتەوە ڕووی دابێت، بەرامبەر بە خۆی یان منداڵەکانی، چونکە ئەو کارەت ئەوەی کە لە دڵەکاندا دروست دەبێت لە لێڵی و ڕق کینە و دژایەتی دەڕەوێنێتەوە، و نایهێڵێت ئەگەر هەبوو .

**١٩ / دووبارە نەکردنەوەی سەردانەکانت لە کاتێلێکی نزیك لە یەکتر:** بۆ ئەوەی بێزاری و بێ تاقەتی دروست نەبێت بە هۆی زۆری ئەو سەردانانە، کە نزیك لە یەك ڕوو دەدەن، پێشینەش ووتوویانە:

(زُرْ غبًّا، تَزْدَدْ حُبًّا ).

واتە: سەردانی کەم وخۆشەویستی زیاتر.

**٢٠ / لە کاتی ڕۆیشتنەوەت سەلام بکە، هەروەکو چۆن لە سەرەتادا سەلامت کردووە**، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(إذا انتهى أحدكم إلى المجلس فليسلم، فإذا أراد أن يقوم فليسلم، فليست الأولى بأحق من الآخرة)[١٧].

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە ڕۆیشتە ناو کۆڕ و مەجلیسێکەوە با سەلام بکات، وە ئەگەر ویستی هەستێت و بڕوات با سەلام بکات، چونکە یەکەمیان پێشتر و ئەولاتر نییە لە دووەمیان .

لە کۆتاییدا داواکارم کە ئەم ئادابانە دوور بن لە هەموو زیادەڕەوی و کەم ڕەوییەکەوە، و نزیکیش بن لە ڕەوایی و ڕاستی و دادپەروەری .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

====================

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

---

(١٧) (صححه العلامة الألباني في الصحيحة: ١٨٣) .

# پێشەوا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب

# ژیاننامەو بانگەوازی

**نوسینی زانای پایە بەرز:**
**شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز**
**وەرگێڕانی: م/ عبدالوالی عبدالرحیم علی**

بسم اله الرحمن الرحیم

الحمد الله رب العالمین، وصلی الله وسلم و بارك علی عبده ورسوله وخیرته من خلقه سیدنا وإمامنا محمد بن عبدالله، وعلی آله و أصحابه ومن والاه، وبعد:

ئەم پێشەوا بەرێزە لەساڵی (١١١٥هـ) لەدایك بووە، وە ئەویش دیار و زانراوە دەربارەی ساڵی لەدایك بوونەکەی (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، وە ووتراوە لەساڵی (١١١١هـ) لەدایك بووە، بەلاّم ئەوەی کە ڕاستە و تەواوە ئەوەیە کەلە ساڵی (١١١٥هـ) لەدایك بووە .

شێخ سەرەتای خوێندنی لای باوکی دەست پێ کردووە لە شارۆچکەی (العیینة)، وە ئەم شارۆچکەیە شوێنی لەدایك بوونێتی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کە گوندێکی دیاری کراو بووە لە (الیمامة) لە شاری (النجد)، لە باکوری ڕۆژئاوای شاری (الریاض)، وە ماوەی نێوان شاری (النجد) و (الریاض) حەفتا کیلۆمەترە .

هەر لەوێ لەدایك بوووە وگەورە بووە لەسەر پەروەردەیەکی چاك گەشەی کردووە، هەر بە منداڵی دەستی کردووە بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، وە بەردەوام لە هەوڵ دان و تێ کۆشاندا بووە لە خوێندن و شارەزا بوون لەسەر دەستی باوکی شێخ عەبدول وەهابی کوڕی سلێمان کەیەکێك بووە لە شارەزا گەورەکان وزانایەکی پایە بەرز بووە و دادپرس(قاضی)بووە لەشارۆچکەی (العیینة) پاش ئەوەی گەیشتۆتە تەمەنی باڵغ بوون (البلوغ)حەجی کردووە و چووە بۆ کەعبەی پیرۆز (بیت الله الحرام)، وە فێری زانستی شەرعی بووە لەسەر دەستی هەندێك لەزانایانی حەرەمی پیرۆز

واتــه: (مەككــە)، پاشــان ڕووی کردۆتــە (مەدینــە)، وەكۆبۆتــەوە لەگــەڵ زانایــانی ئەو شارە وبۆ ماوەیــەك لــەوێ ماوەتــەوە، وە زانــستی وەرگرتــووە لــەدوو زانــای گەورەو بەناوبانگ لە(مەدینە) لەو کاتەدا، کە ئــەوانیش (شیخ عبــدالله بــن ســیف النجدي)کــەباوکی (شیخ ابراهیم بن عبدالله) یە کە خاوەنی کتێبی (العذب الفــائض في علــم الفــرائض)ە، هــەروەها زانــستی وەرگرتوەلە (شیخ محمد حیــاة الــسندی) لەمەدینە، ئەوەی کە زانراوە ئەوەیــە کــە لــە (مەدینــە) لــەم دوو زانایــەوە فێــری زانــستی شــەرعی بــووە، لەوانەیــشە لەغــەیری ئەوانیــشەوە فێــری زانــستی شەرعی بوو بێت بەڵام ئێمە نایزانین.

هــەروەها شــێخ بــۆ فێربــوونی زانــستی شەرعی ڕووی کردۆتــە (عێــراق)، وەچــۆتە شاری (بەصــرە) وە لەگــەڵ زانایــانی ئــەو شــارەدا کۆبۆتــەوە و لێیانــەوە فێــری زانست بــووە ئەوەنــدەی کــەخوای گــەورە ویستی لەسەر بوو بێت .

وەهەستاوە بە ئاشکرا کردن ودەرخستنی بانگەوازەکــەی کــە بریتــی بــووە لــە بــانگ کردنی خەڵکی بۆ یەکخواپەرستی خــوای گــــەورە، وە بانگــــەوازی کــــردوون بــــۆ پەیوەست بوون بەسوننەتەوە، وە بۆ ئەو خەڵکــەی ڕوون کردوەتــەوە کــە ئــەوەی پێویــستە لەســـەر هـــەموو موســـڵمانان ئەوەیــە کــە ئایینەکــەیان وەربگــرن لــە قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

وە لەو پێناوەدا گفتوگۆی کردووە وبیری خەڵکی خستوەتەوە وە هەر لەوێ توشــی ووتــو وێــژ بــووە لەگــەڵ هەنــدێ زانــادا، وەلەوێش لەمامۆستا دیارەکانی کەسێك بــوو بــەناوی (محمــد المجمــوعی)، بــەڵام هەندێك لە زانایانی بەصرە دژیان وەستان و خــەڵکیان لــێ هانــدەدان، کــەبووە هــۆی ئەوەی کــە خــۆی ومامۆستاکەی هەنــدێك ئازار و ناڕەحەتیان چەشت وئەو شــوێنەی بەجێهێشت، لەنیازیدا بــوو کەبــچێت بــۆ (شــام) بــەڵام نــەیتوانی بــچێت بــەهۆی نــەبوونی پــارەو ئازوقــەی پێویــست بــۆ ڕێگاکەی، هەر بۆیە لەشاری (بەصرە) وە بەڕێ کەوت بەرەو (زوبیر) لەوێشەوە بــۆ (الإحـــساء)، لەوێشەوە لەگــەڵ زاناکــانی ئەوێــدا کۆبوەتــەوە وتــاتوێی زانــستی شــەرعی لەگەڵــدا کــردوون و بەتایبــەت دەربارەی بنچینە سەرەکییەکانی ئــایینی ئیــسلام، پاشــان ڕوو دەکاتــە شــاری (حریملاء) چــونکە بــاوکی وەختــی خــۆی دادپــرس بــووە لــە شارۆچکەی (العیینـــة) بـــەڵام لەگـــەڵ فـــەرمان ڕەوای ئـــەوێ دا ناکۆکی دەکەوێتــە نێوانیانــەوە، هەربۆیــە

ئەویٚ بەجیٚ دەهێڵێت بەرەو (حریملاء) لەساڵی (١١٣٩هـ)، شێخ موحەممەدیش نیشتەجیٚ دەبێت لای باوکی دوای ساڵێك واتە ساڵی (١١٤٠هـ) یان دواتر، لەوێش بەردەوام دەبێت لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی و بڵاوبوونەوەی لە نێوان خەڵکداو هەروەها بانگەوازی کردن، هەتا باوکی وەفاتی کرد لەساڵی (١١٥٣هـ)، هەندێك لە کەسانی نەفس نزم هەوڵیان دا کە لە ناوی بەرن و کەوتنە فیتنەو ئاژاوەگێڕان لە دژی، وە ووتراوە: هەندێك لەو ناحەزانەی خەریك بووە دیواریماڵەکەی بەسەردا بڕوخێنن، بەڵام هەندێك خەڵك پێیان زانیوون، ئیتر شێخ لەویٚ ڕای کردوو ئەویٚی بەجێهێشت و چووە شاری (العيينة) (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت).

وە هۆکاری تووڕەیی ئەو کەسانە دەربارەی شێخ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەشێخ فەرمانی بەچاکە دەکردوو خراپەی قەدەغە دەکردوو هانی فەرمانڕەوایانی دەدا بۆ سزادانی تاوانباران و تەمیٚ کردنی ئەو کەسانەی کەدەست درێژی دەکەنە سەر خەڵکی لە ڕیٚی تالانکردنی ماڵ و سامانیان و ئازاردانی جەستەیان.

وە ئەو کەسە خراپانەی پێیان دەووترا (العبيد) وە کاتێك زانیان کەشێخ دژی ئەوانە ڕازی نابێت بەهەڵسوکەوتیان وە بەردەوام هانی فەرمانڕەوایان دەدات بۆ سزا دانیان ونەهێشتنی زیان و تاوانیان، زۆر تووڕە بوون ودەیانویست بیکوژن، بەڵام خوای گەورە پاراستی ورزگاری کرد لە چنگیان.

وە کە ڕووی کردە شاری (العيينة) لەوکاتەدا فەرمانڕەوای ئەویٚ (عثمان بن ناصر بن معمر) بوو.

شێخ لای نیشتەجیٚ بوو لەدوای ئەوەی کەپێشوازی‌یەکی گەرمی لیٚ دەکات و پێی دەڵێت: تۆ هەستە بەبانگەوازی ئەو خەڵکە بۆ بەرنامەی خودا و ئێمەش لەگەڵ تۆداین پشتگیریت دەکەین، خۆشەویستی و ڕێزو چاکەی بۆ شێخ دادەناو وە بۆ ئەو بەرنامەیەش کە شێخ بانگەوازی بۆ دەکرد کە ئیسلامە.

لەوێش شێخ موحەمەد سەرقاڵی فێرکردن ورێنموی کردن و بانگەواز کردن بوو هەروەها ڕێبەرایەتی ئەو خەڵکەی دەکرد بۆ خێرو چاکە و خۆشەویستی یەکتر لەبەر خوا بەپیاوو ژنەوە، وە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەناو بانگ پەیدا بکات لە (العيينة) وە خەڵکی لە گوندەکانی دەورو پشتی‌یەوە دەهاتن بۆ لای، وەڕۆژێك شێخ موحەممەد بە فەرمان ڕەوا (عثمان بن ناصر) دەڵێت:

بۆ هەڵنەسین بە ڕوخاندنی ئەو گومەزەی سەر گۆڕی (زەیدی کوڕی خەتتاب رضي الله عنه)

*شێخ موحەممەد(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خۆی بۆ خۆی هەڵنەسا بەڕوخاندنی ئەوگومەزە بەڵکو داوای لە فەرمان ڕەوا کرد کە هەستێت بەو کارە چونکە ئەو جۆرە کارانە دەبێت فەرمان ڕەوا پێی هەستێت، وە دروست نی‌یە بۆ تاکی موسڵمان هە ستێت بەو کارانە لەبەر ئەوەی فیتنە وئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە .

چونکە دروست کردنی خانوو گومەز بەسەر گۆڕەوە کارێکی حەرامە ودوورە لە سوننەتەوە، وە خوای گەورە ڕازی نی‌یە بەو کارە و پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە دروست کردنی خانوو بینا وگومەز بەسەر گۆڕەوە، یان دروست کردنی مزگەوت بەسەر گۆڕەوە، هەروەها ئەم گومەزانە خەڵکی تووشی گومڕایی و هاوەڵ پەیدا کردن کردووە، وە بیروباوەڕی ئەو خەڵکەی گۆڕیوە، کەواتە پێویستە بڕوخێنرێت فەرمان ڕەواش پێی ووت:

هیچ ڕێگرییەکم نی‌یە لەو کارە .

شێخیش ووتی: من لەوە ئەترسم کە خەڵکی (الجبیلە)لە دژمان هەستن و ڕاپەڕن و(الجبیلە)گوندێکی نزیکە لەو گۆڕەوە. پاشان (عثمان بن ناسر) چووە دەرەوەی شار بەرەوئەو شوێنە بە هاوڕییەتی (٦٠٠) جەنگاوەر بۆ ڕووخاندنی ئەو گومەزە، وە شێخ موحەممەدیش لەگەڵیاندا بوو (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وە کاتێك نزیك بوونەوە لە شوێنی گۆڕەکە، خەڵکی(الجبیلە) بەرەو ڕوویان هاتن وەختێك کە زانیان بۆ ڕووخاندنی هاتوون، بۆ ئەوەی بیپارێزن و نەهێڵن بیڕوخێنن، بەڵام کاتێك کە بینیان فەرمان ڕەوا ئەو هەموو جەنگاوەرەی لەگەڵدایە وازیان هێناو گەڕانەوە.

خێرا شێخ موحەممەد دەستی کرد بە ڕووخاندنی گومەزی سەر گۆڕەکەو لای برد، شێخ (ڕەحمەتی خوای لێبێت)بینای سەر گۆڕکەی لابرد، وە دەست کاری گۆڕەکەی نەکردووە لاشەی مردووەکەی دەرنەهێنا بەڵکو تەنها ئەوەی لابرد کە موخالەفەی سوننەت بوو، ئەمەش پەیوەستی شێخ دەردەخات بەسوننەتەوە، چونکە دەستکاری کردنی(ڕووفاتی) مردو کارێکی شەرعی نی‌یە .

خوای گەورە ئەو کارە پیرۆزەی بەخشی بەشێخ و بەدەستی ئەو ئەو گومەزەی لابرد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) .

کەواتــە پێویـسـت دەکـات باسـێکی شـاری (النجـد) بکــەین پــێش دەسـت پێکردنــی بانگـــــەوازی شــــێخ موحەممـــــەد و هۆکارەکـاری هەسـتانی بـەکاری بانگـەواز کردن بۆ ئیسلام:

خــــەڵکی شــــاری (النجـــد) پـــێش بانگەوازەکەی شێخ لەبارودۆخێکدا بـوون کـە مرۆڤـی بـاوەڕدار پێـی رازی نابێـت چونکە هاوەڵ پەیدا کردنی گەورە سـەری هەڵـدابوو لــە ناویانـدا وبلاّوببــوەوە بــە جۆرێك کـە خـەڵکی کەوتبوونـە پەرستنی گــۆڕو گومـــەز ودارو بـــەردو پەرســـتنی کەسـانێك کـە خۆیـان بـە دۆسـتی خـوا دەزانی بەلاّم لەڕاستیدا کەسانێکی شێت و بێ عەقڵ بوون .

وە خــەڵکانێك دەپەرســتران لــە غــەیری خوای گەورە کە خۆیان بە وەلی ودۆسـتی خوا دەزانی بەلاّم ئەوانە خەڵکانێکی شێت وبێ عەقل بوون

هــەروەها لەشــاری (النجــد)جادووگـــەر وفالّــچی ناوبــانگ ودەســـەلاّتیان پەیـدا کردبوو، هەروەها خـەڵکانێکی زۆر ڕوویـان تــێ دەکـردن بـە مەبەسـتی پرسـیار لـێ کردنیان وە باوەڕهێنان بەقسەکانیان، وە کەسـانێك نــەبوو هەڵــسێت بــە ئینکـاری کردن وقەدەغەکردنی ئـەو کـارە (إلا مـــن شاء الله).

وە زۆربـەی ئـەو خەڵکـە سـەرقاڵی دونیـاو ئارەزووەکانیان بـوون، وە زۆر کـەم بـوون ئەوانەی فەرمانەکانی خوایـان جـێ بـەجێ ئەکرد وگوێڕایەڵ بوون، بـەلاّم ئـەم پـەتاو نەخۆشیانە هەر لە شـاری(النجـد)دا نـەبوو بە تەنها، بەڵکو تەنانەت شاری (مەککـە و مەدینەش) بەهەمان شێوە بـوو، هـەروەها لـە یەمـەن هـاوەڵ پەیـدا کـردن کـارێکی بــەربلاّو بووبــە چــەندەها جــۆر لەوانــە دروسـت کردنـی گومـەز لەسـەر گۆڕسـتان وپاڕانەوە لە دۆستانی خوا و پیـاو چاکان وداوای یارمــەتی و فریاکــەوتن لێیـان، وە لەشـــــار وشارۆچـــــکەکانی (النجـــــد) بەژمارەیـــەکی بـــێ ئەنـــدازە شـــیرك و خورافـــەت هـــەبوو، خـــەڵکی خـــەریکی پەرستنی غەیری خـوا بـوون لـە چەندەها شوێن، وەك لای گۆڕ یـان لـە ئەشـکەوتدا، یـاخود پەرسـتنی دارو بـەرد وخـەڵکانێکی شـێت وبــێ عــەقڵ کــە پاڕانــەوەیان لــێ دەکراو داوای فریاکەوتنیان لێدەکرا،

وە هــەروەها لــەوەی کــە زانــراوە لــەناو شاری (النجد) بریتی بووە لە پاڕانـەوە لـە جنۆکـــەو داوای فریاکـــەوتن لێیـــان وە سەربڕینی حەیوان بۆیـان، وە دانـانی ئـەو گۆشتە لەسوچێکی ماڵەکانیاندا بە هیـوای ئــەوەی ڕزگاریــان بکــەن لەناڕەحــەتی و ترساون لەخراپەو شەڕیان .

کاتێك کە پێشەوا بەچاوی خۆی دەیبینی کە چۆن شیرك و خورافەت لەناو خەڵکیدا بڵاو بوەتەوە و هیچ کەسێك نییە کەخەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە وقەدەغەیان بکات وبانگەوازیان بکات بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە، لەبەر ئەوە شێخ قۆڵی ئازایاتی و هەوڵدانی لێ هەڵماڵی ودەستی کرد بەبانگەواز کردن و ئارام گرتن لەسەری، وە دەیزانی کە پێویستە هەوڵ بدات وئارام بگرێت لەسەر ناڕەحەتییەکان، بۆیە زۆر سەرقاڵ بوو بەفێرکردنی زانستی شەرعی و ئاراستە کردنی خەڵکی بۆ خێرو چاکە وڕێنمونی کردنیان لەکاتێکدا کە لەشاری (العيينـة) بوو، وە بەردەوام نامەی بۆ زانایانی چوار دەوری دەنووسی وبیری دەخستنەوە بەوەی کە هەستن بە ئەرکی سەرشانیان، بەهیوای ئەوەی ئەوانیش لەگەڵیدا بن لەسەرخستنی دینی ئیسلام و بەرەنگار بوونەوەی شیرك و خورافەت، ئەوەبوو هەندێك وەڵامی داواکارییەکەیان دایەوە لەزانایانی (النجد) و (مککە و مەدینەو یەمەن) و غەیری ئەوانیش بەڕازی بوون ویارمەتی دانی .

وە هەندێکیان بەپێچەوانەوە وەڵامیان دایەوە وبانگەوازەکەیان بە شتێکی خراپ لە قەڵەم دا وزەمیان کرد وەخەڵکیان هان ئەدا کەلێی دوور بکەونەوە، ئەوانەی کە دژی بانگەوازەکەی وەستان دوو جۆر بوون:-

یان ڕەتی بانگەوازەکەیان دەکردەوە بە هۆی نەزانین وکەسانێکی خورافی وبێ ئاگا بوون لە دینی ئیسلام چونکە نەیان دەزانی یەکخواپەرستی خوا چییە، بەڵکو تەنها ئەوەیان دەزانی کە باوك وباپیرانیان لەسەری بووە، کە بریتی بووە لە نەزانی وگومڕایی و شیرك و بیدعە وخورافەت .

هەروەها خوای گەورە دەربارەی هاوشێوەی ئەوان دەفەرموێت:

﴿إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٣] .

واتە: ئێمە باوك وباپیرانی خۆمان لەسەر داب ونەریتێك بینیوە کە بریتییە لە بت پەرستی، وە ئێمە شوێنی شوێنەواری ئەوان دەکەوین ولاسایی ئەوان دەکەینەوە.

وە کۆمەڵێکی تریان کەخۆیان پاڵ داوەتە لای زانست وخۆیان بە زانا دەزانی بەر پەرچیان دایەوە بە هۆی سەر کەشی وحەسودییەوە، بۆئەوەی خەڵکی عەوام پێیان نەڵێن چیتانە؟ چەند وەختە ئەو کارانەی کەدەیکەن بۆ قەدەغەتان نەکردین لێی، بۆچی کە موحەممەدی کوڕی عەبدول وەهاب هات ئەوەی کە ئەو

دەیڵێ حەقەو ئێوەش خۆتان بە زانا دەزانن وە پێتان نەوتین ئەو کارانە حەرامە ؟!.

هەر بۆیە ئەم کۆمەڵەیان حەسودییان پێ بردوو ڕوو ڕەشی لای خەڵکی عەوام بوون، وە بەرهەڵستی حەقیان کردووو پارەو پولی دونیایان پێش خست بەسەر دوا ڕۆژدا، هەر وەك شوێن کەوتنی جولەکە، کە دونیایان پێش خست بەسەر دوا ڕۆژدا ودونیایان هەڵبژارد، داوا لە خوای گەورە دەکەین کە بمان پارێزێت وسەلامەتمان بکات لەو نەخۆشییە .

بەڵام شێخ ئارامی گرت وهەر لە هەوڵی بانگەوازدا بوو، وە هەندێك لە زانایان هانیان دەدا و یارمەتیان دەدا، وە هەروەها خەڵکانیش یارمەتیان دەدا لە ناو دوورگەی عەرەب، وە لەدەرەوەیشدا. هەر بۆیە سوور بوو لەسەر بانگەوازەکەی وپشتی بەخوای خۆی دەبەست، وە لە پێش هەمویشیەوە بەردەوام پەیوەست بوو بە قورئانی پیرۆزەوە ودەستێکی باڵای هەبوو لە تەفسیر کردنی قورئان وهەڵێنجانی حوکمە شەرعیەکان تێیدا، هەروەها پەیوەست بوو بە ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ وە ژیانی هاوەڵە بەڕێزەکانیرضي الله عنهم، وە زۆر هەوڵی ئەدا بۆ شارەزا بوون لەژیانیان، هەتا ئەوەندە شارەزا بوو لەو بوارانەدا کە بووە هۆی یارمەتی دانی وجێگیر کردنی لەسەر حەق، وە بەردەوام بوو لەسەر بانگەوازو بڵاو کردنەوەی لەنێوان خەڵکیدا، وە نوسراوی ئەنارد بۆ فەرمان ڕەوایان و زانایان وە گوێی نەئەدا چی ڕووی بدایە، وەخوای گەورەیش زۆرێك لە خۆزگەو هیواکانی بۆ بەجێ هێناو ئەو بانگەوازە حەققەی بەهۆیەوە بڵاو کردەوە وەکردی بە پشت و پەنای حەق و کەسانێکی زۆری بۆ تەرخان کرد کە یارمەتی وپشت و پەنایان دەکرد، هەتا ئەو ئایینەی کە خوای گەورە ناردوویەتی‌یە خوارەوە هەموو شوێنێکی گرتەوە وشێخ بەردەوام ووشەی (لا الەالا اللە) ی بەرز و بڵند ڕادەگرت بەبێ کۆڵدان بە تایبەتی لە شارۆچکەی (العيينة) .

کە هەوڵی فێر کردن و ڕێنیشان دان وپاشان کارکردن و لابردنی شوێنەواری شیرك بەکردەوە بۆئەوەی خراپە نەهێڵێت بە بەکارهێنانی هێزو توانا ئەوەندەی کەدەیتوانی .

بۆ نمونە لەو کاتەی کەشێخ بە فەرمان ڕەوا (عثمان بن ناصر) ی ووت: پێویستە ئەم گومەزە لابەرین کە بەسەر گۆڕەکەی (زەید)ەوەیە، وە (زیدی کوڕی خەتتاب) رضي الله عنه برای (عومەری کوڕی خەتابە)خەلیفەی ئیمانداران رضي الله عنه، (زەید)

یەکێك بوو لەو کۆمەڵەی کە شەهید بوون لە جەنگی دژی (موسەیلەمە) ی درۆزن دا لە ساڵی (١٢) ی هجری، وە لەو شەڕەدا شەهید کرا، وە گومەزێك بەسەر گۆڕەکەیەوە دروست کرا وەك هەر باس کراوە، وە لەوانەیشە گۆڕی یەکێکی تر بێت بەڵام ووتراوە کە گۆڕی ئەو بێت، وە (عثمان بن ناصر) ڕازی بووە هەر وەك چۆن لە پێشدا باسمان کرد، وە گومەزەکە ڕوخێنرا بەیارمەتی خوای گەورەو شوێنەوارەکەی نەما هەتا ئەمڕۆ، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە یارمەتی دا لە لە ناوبردنیدا، چونکە شێخ نیازی پاك بوو لە لابردنی و مەبەستی ڕاست و ڕەوان بوو وە دەیویست حەق سەربخات، وە گۆڕی تریشی لێبووە لەوانە گۆڕێك کە وتراوە گۆڕی (ضرار بن الآزور) بووە کە خانووی بەسەرەوە بووە، پاشان ڕوخێنراوە بەهەمان شێوە چەندەها مەزارگەی تریش هەبووە کە خوای گەورە لای بردوون بە هۆی شێخ موحەمەدەوە، وە دارودرەختی ئەوتۆ هەبوون کە خەڵکی پەرستویانە لەغەیری خوا، وە دوای لابردن ولەناو بردنی خەڵکی لێ ئاگادار کردووەتەوە لەوەی کە تەنها خوای گەورە بپەرستن ودوور بکەونەوە لەپەرستنی غەیری خوا .

مەبەستمان ئەوەیە: کەشێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەردەوام بووە لەسەر بانگەواز بە کردەوە وبە قسە هەروەك باسمان کرد، هەروەها لەکارەکانیدا کەدەنگی دایەوە ئەوەیە کە ژنێك هات بۆ لای و دانی نا بەوەی کە زینای کردووە، وە شێخ پرسیاری دەکرد دەربارەی عەقڵی و پێیان ئەووت: کە عەقڵی تەواوە وهیچی نییە، وە کاتێك کەسور بوو لەسەر دان پێدانانەکەی، وە پەشیمان نەدەبوویەوە لەکاتێکا کە زۆری لێ نەکرا بوو، وە گومانی نەبوو لەوەی کە ئەو کارەی کردووە، پاشان شووی کردووە ومێردی هەیە، شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمانی دا بەوەی کەڕەجم بکرێت، وە ڕجم کرا .

*ڕەجم: سنورێکە (حەدێکە) لە سنورەکانی شەریعەتی ئیسلام کەبریتیە لە بەرد باران کردنی ئەو کەسە پیاو بێت یا ئافرەت کە عاقڵ بێت وئازاد (حر) بێت وبالغ بێت، وە ئەو پیاوەی ژنی هێنا بێت وە ئەو ئافرەتەی شوی کردبێت، وە ئەو حوکمە جێ بەجێ دەبێت بە دان پێدانانی ئەو کەسە خۆی یان هەبوونی چوار شایەت کە شایەتی بدەن لەسەر ئەو کارە، وە دەبێت فەرمان ڕەوا یان جێگیری هەستێت بە جێبەجێ کردنی ئەو

حوکمـه وه بـۆ تـاکی موسـڵمانان نـی‌یـه هه‌ستن به‌و کاره، وه به‌رد باران ده‌کرێت هه‌تا ده‌مرێت .

چــونکه شـێخ لــه‌و کاتــه‌دا داد پــرس (قازی)بوو لـه(العيينة)، ئـیتر لـه دوای ئـه‌م ڕووداوه کاره‌کـانی شـێخ ده‌نگـی دایـه‌وه له‌ناو خه‌ڵکی دا وناوبانگی ده‌رکرد به‌وه‌ی که گومه‌ز وخانوی سـه‌ر گۆڕ لاده‌بـات وه حوکمی ڕه‌جـم کـردن جـێ بـه‌جێ ده‌کـات وه‌بانگـه‌واز ده‌کـات بـۆ ئـه‌وه‌ی خـه‌ڵکی بگه‌ڕێتــه‌وه بـۆلای خـوا، وه خــه‌ڵکی لـه ناوچــه‌کانی چــوار ده‌وره‌وه ده‌هـــاتن وکۆچیان ده‌کرد بۆ لای شێخ، هـه‌م ئـه‌م کارانــه‌ی گه‌یــشته‌وه به‌فـــه‌رمان ڕه‌وای (الإحساء) و ده‌ست وپێوه‌نـده‌کانی (بــني خالد سليمان بن عريعر) به‌وه‌ی که بانگه‌واز ده‌کــات بــۆ ئـایینی ئیـسلام ومه‌زارگــه لاده‌بات و هه‌ڵده‌ستێ به‌جێ به‌جێ کردنی فه‌رمانی خوا له سزادانی که‌سانی خـاوه‌ن تاوانی گه‌وره (إقامة الحدود).

هه‌ر بۆیه ئه‌م کارانه‌ی شـێخ زۆر قـورس بـوو بـه‌لای ئـه‌م کـابرا ده‌شـته‌کی‌یـه‌وه چونکه عاده‌تی خه‌ڵکانی ده‌شـته‌کی وایـه که حـه‌ز به‌سـته‌م کـاری و خـوێن ڕشـتن و تالان کردنی ماڵی خه‌ڵکی و ده‌ست درێژی کردنه سه‌ر ناموسی خه‌ڵکی‌یه، هـه‌ر بۆیـه ترسـا لـه‌وه‌ی کـه شـێخ ده‌سـه‌ڵات په‌یـدا بکـــات و ببێتـــه هـــۆی لـــه‌ناو چـــوونی ده‌سه‌ڵاته‌که‌ی هه‌ر بۆیه خێرا نامه‌ی نـارد بۆلای (عثمان بن ناصر )که فـه‌رمان ڕه‌وای (العيينـــة) بـوو، وه هه‌ڕه‌شـه‌ی لێ کـردوو فـه‌رمانی پـێ کـرد هه‌سـتێت به‌کوشـتنی شێخ.

هه‌ر بۆیـه لـه نامه‌کـه‌ی دا نووسـی بـووی: بیستومانه ئه‌و پیاوه‌ی کـه له‌لاتانـه ئـاواو ئاوای کردووه، یـان ئه‌وه‌یـه کـه بیکوژیت یاخود ئه‌و باجه‌ی که لامانه لێتـی ئـه‌بڕین و ناتده‌ینێ، چونکه بـاجی (عثمـــان بـــن ناصر) لـه‌لای ئـه‌مان هـه‌بوو کـه ده‌بووایـه بیان دایه که بریتی بوو له ئاڵتون.

هــه‌ر بۆیــه فــه‌رمان ڕه‌وا (عثمـــان)ئــه‌م هه‌ڵوێسته‌ی زۆر به‌لاوه گران بوو، وه‌ترسا له‌وه‌ی کـه ئه‌گـه‌ر گوێڕایـه‌ڵی نـه‌کات ئـه‌و باجــه‌ی کــه هه‌یــه نه‌یــداتێ یــاخود دژی بجه‌نگێت.

بۆیه به شـێخی ووت: فـلان فـه‌رمان ڕه‌وا نامه‌یــه‌کی بــۆ نــاردوین، ئــه‌و شــتانه‌ی نووسـیوه، وه ئێمـه‌ش بـه‌کارێکی چـاکی نـازانین کـه تـۆ بکوژین، بـه‌ڵام ئێمـه لـه‌م فه‌رمان ڕه‌وایه ده‌ترسین وتوانامان نـی‌یـه کـــه دژی بوه‌ســـتین، ئه‌گـــه‌ر به‌باشـــی ده‌زانیت ئێره چۆڵ بکـه‌یت و بڕۆیـت ئـه‌وا زۆر باشه.

شێخیش وەڵامی دایەوەو ووتی: باش بزانە ئەوەی کەمن بانگەوازی بۆ دەکەم بریتی‌یە لەو ئایینەی کە خوا پێی ڕازی‌یە و بریتی‌یە لە ئایینی ئیسلام، وە بانگەوازی من بۆ ئەوەیە کە خەڵك لە ووشەی (لا الە الا اللە) تێ بگەن و کردەوەی پێ بکەن، هەروەها لەشایەتی(محمد رسول اللە) ﷺ تێ بگەن و شوێنی بکەون، وە هەر کەسێك پەیوەست بێت بەم ئایینەوە و هەوڵی سەرخستنی بدات بەڕاستی، خوای گەورەش ئەو سەر دەخات وپشتگیری لێ دەکات وزاڵی دەکات بەسەر دوژمنەکانیدا، ئەگەر تۆش ئارام بگریت وبەردەوام بیت لەسەر ئەم ڕێگایە وئەم خێرو چاکەیەت وەرگرت کەئیسلامە، ئەوا مژدەت دەدەمێ کە خوای گەورە سەرت دەخات و ئەتپارێزێت لەم کابرا دەشتەکی‌یە وغەیری ئەویش وە خوای گەورە خۆی و وولات وعەشیرەتەکەشی دەخاتە ژێر دەسەڵاتت.

بەڵام وەڵامی (عثمان بن ناصر) بریتی بوو لەوەی کە بەشێخی ووت: ئێمە ناتوانین دژی بجەنگین، وە ناشتوانین ئارام بگرین لەسەر دژایەتی کردنی.

لەدوای ئەمە شێخ ئەوێی بەجێهێشت و لەشاری (العیینة)وە ڕووی کردە(الدرعیة) وە بەپێ کەوتە ڕێ هەروەك باسیان کردووە، هەتا گەیشتە ئەوێ لەکۆتایی ئەو ڕۆژەدا چونکە کاتێك کە (عیینة) ی بەجێ هێشت لەسەرەتای ڕۆژدا بوو، وە (عثمان بن ناصر) ووڵاخێکی سواری پێ نەدا بوو هەتا پێی بڕوات، کاتێك گەیشتە (درعیة) لەوێ لەماڵی یەکێك لە پیاو باشانی ئە ناوچەیە لایدا ومالّی ئەم کابرایەش کەوتبووە ناوچەیەکی بەرز لە شارەکەدا، کە ناوی ئەو پیاوە(محمد بن سولیم العریني) بووە .

دەڵێن: ئەم پیاوە زۆر ترساوە بەهاتنی شێخ بۆ ماڵەکەی ترسەکەشی لەبەر فەرمانڕەوای (درعیة) بووە کە ناوی (محمد بن سعود) بوو، بەڵام شێخ بۆ کابرای ڕوون کردەوە کە بانگەوازەکەی بریتی‌یە لەبانگ هێشت کردنی خەڵك بۆ دینی خواو بەرنامەکەی، وە لەمەو دوا خوای گەورە ئەم ئایینە بەرزو بڵند دەکات وسەری دەخات بەسەر هەموو دینە درۆینەکاندا، وە ئەوەندەی پێ نەچوو هەواڵی هاتنی شێخ محمد بۆ (درعیة) گەیشتەوە بە فەرمانڕەوای ئەوێ واتە (محمد بن سعود) .

وە دەڵێن: ئەو کەسەی کە هەواڵی پێ داوە ژنەکەی خۆی بووە ئەویش لەڕێی هەندێك کەسانی چاکە خوازەوە کە هاتوون بۆ لای ژنەکەی و پێیان ووتوە:

بە فەرمانڕەوا بڵێ دەربارەی ئەم پیاوە وەهانی بدە با بانگەوازەکەی قەبوڵ بکات و پشت و پەنای بگرێت و یارمەتی بدات، وە بەڕاستی ئەم ئافرەتە کەسێکی عاقڵ و تێگەیشتوو و باش بوو هەر بۆیە کاتێك (محمد بن سعود) ودەستەو پێوەندەکانی ئەم هەواڵەیان بیست، ئەم ئافرەتە هەستا بەئامۆژگاری کردنی و پێی ووت: مژدەت لێ بێت بەو نیعمەتە گەورەو دەست کەوتە چاکەی کە خوای گەورە بۆی ناردووی، پیاوێك کە بانگەواز دەکات لەپێناوی خوداو بۆ بەرنامەکەی خواو قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئای چەند دەست کەوتێکی باشەو بە نرخە، دەی کەواتە تۆش قەبوڵی بکەو هەوڵی سەرخستنی بدەو بۆ ساتێکیش لێی مەوەستە، لەدوای ئەم قسانە (محمد بن سعود) قەناعەتی کردو ڕاوێژەکەی بەدڵ بوو وە ڕەتی نەکردەوە، پاشان کەوتە دوودڵییەوە کە بچێت بۆ لای یاخود بانگی بکات بۆ لای خۆی؟! هەر بۆیە پێیان ووت وە دەڵێین کە گوایە ژنەکەی و کۆمەڵێك لەو کەسە باشانە پێیان ووت کە جوان نییە بانگی بکەیت، بەڵکو باشتر وایە کە تۆ بچێت بۆ لای بۆ ئەو ماڵەی کە تێیدا میوانە، چونکە تۆ کەسێکی کە خاوەن زانست و بانگەوازکار بۆ چاکە بە

چاوی ڕێزو گەورەییەوە تەماشا دەکەیت.

ئەویش بەقسەی کردن (چونکە بەڕاستی خوای گەورە خێرو خۆشی یەکی زۆری بۆ بڕیار دابوو) هەر بۆیە ڕۆیشت بۆ لای شێخ کە لەماڵی (محمد بن سويلم) بوو، لەوێ کە گەیشتە لای سڵاوی لێ کردوو دانیشت و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ شێخ وە پێی ووت: ئەی شێخ محمد مژدەت لێ بێت بەسەرکەوتن، مژدەت لێ بێت تۆ ئیتر سەلامەتیت وئێمە یارمەتیت دەدەین، شێخیش وەڵامی دایەوە و وتی: تۆش مژدەت لێ بێت خوای گەورەسەرکەوتووت دەکات و تواناو دەسەڵاتت زیاد دەکات و دەر ئەنجام هەر بۆ تۆ دەبێت، وە ئەم ئایینی ئیسلامە ئایینی خوایە و هەر کەسێك سەری بخات خواش سەری دەخات، وە هەر کەسێك پشتگیری بکات خوای گەورەش پشتگیری دەکات وە لە داهاتوودا بەرهەمی ئەو سەرکەوتنە دەبینین، پاشان محمد بن سعود ووتی: شێخ ئەوا منیش پەیمانت دەدەمێ لەسەر پەیوەست بوون بەئایینی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ وە لەسەر تێکۆشان لەپێناوی خودا دا، بەڵام ئێمە ترسمان لەوەدایە کە ئەگەر پشتگیریمان کردیت و خوای گەورە سەری خستیت بەسەر

دوژمنــانی ئیــسلامدا بڕۆیــت وبــەجێمان بهێڵــی، ئــەویش فــەرمووی: نــەخێر مــن پــەیمانت نادەمێ لەسەر ئەوەی دەڕۆم، بەڵكو پەیمانت ئەدەمێ كە خوێنم لەگەڵ خوێنتــدا دەبێــت، وە تاكۆتــایی ژیــانم لەگەڵتانــدا دەبم و ئێــرە بــەجێ نــاهێڵم، لەپاشاندا خەڵكی پۆل پۆل دەهاتن لەهەر چوار لای درعیەوە لەشارەكانی (عیینــة، عرقة، منفوحة، ریاض) وە لە شارەكانی كــۆچ كردنــی خــەڵكی بــۆی لــە هــەموو شوێنێكەوە بە شێوەیەكی بەردەوام، وە بەبیستنی هەواڵی شێخ لەلایەن خەڵكانی ئەو ناوچەیەوە لەڕوانگەی ئەو دەرسانەی كە دەیوتەوە لە درعیەوە، وە بانگەواز كردنــی بــۆ ئیــسلام و ڕێنمــونی كردنــی خــەڵكی بۆی، پــۆل پــۆل دەهــاتن بــۆلای شــێخ، وە شــێخ بــووە كەســایەتیەكی خۆشەویــست وســەركەوتوو بــەڕێز لــەناو خــەڵكی دا، دەرسەكانی ڕێك خست بوو لەبوارەكانی بیروباوەڕ و قورئانی پیرۆزو تەفسیر و (فقه) و(حدیث) و(مصطلح) و زانــستەكانی زمــانی عــەرەبی ومێــژوو وە جۆرەهــا زانــستی تــری بەســوود .

وەلەدرعیــە خــەڵكێكی زۆر لــە گــەنجان و چینەكانی تر فێری زانستی شەرعی بوون لەسەر دەستی چونكە بەجۆرێك وانەكانی ڕێك خست بوو كەخەڵكی ئاسایی وقوتابی زانستی شەرعی سوودیان لێ دەبینی، بەم جۆرە هەستا بە بڵاوكردنەوەی زانستە شــەرعیەكان، وە بــەردەوام بــوو لەســەر بانگــەواز وتــێكۆشــان ونامــەناردن بــۆ كەسانیتر هەتا لەو مەیدانە دەوور ببینن، ئەویش بەلابردنی هاوەڵ دانان وخوڕافــەت وبیدعــە لەووڵاتەكەیانــدا، وەســەرەتا بــە شاری نجد دەستی پێكرد هەربۆیە نامــەی نووسی بۆ زانایــان وكاربەدەســتانی نجد، هەروەها بۆ زانایان وكاربەدەستی(ریاض) كەناوی (دهام بــن داوس) بــوو، هــەروەها زانایانی(خرج) وفەرمانڕەوایانی، هەروەها شــارەكانی باشــوور و(قصیم وحائل و وشم و ســـدیر...)، بــەردەوام شــێخ نامــەی دەنــارد بــۆ زانایــان و فــەرمانڕەوایان، هەروەها زانایانی دەرەوەی سعودیە وەك (مصر، شام، عیراق، هند، یمــن) وەبیری دەخستنەوە و ئاگاداری دەكردنەوە لەو هــاوەڵ پەیــدا كــردن و بیدعانــەی كــە زۆربەی خەڵكی تێی كەوتبوون .

وەبە هۆی ئەو نوسراوە زۆر و نامە ناردن و هەوڵ وتێ كۆشانەی كە دەیدا ناوبانگی شێخ بڵاو بووەوەو ناسرا، وە بانگەوازی گەیشت بــەزۆر شوێن، وەكتێب و نامــە و نووســراوەكانی گەیــشت بــەزانایان لــە دەرەوەو ناوەوەی دوورگەی عەرەبی، وە كەســانێكی زۆر كەوتنــە ژێــر كاریگــەری

بانگەوازەکەی لە هیندستان وئەندەنوسیا وئەفغانستان وئەفریقیاو مەغریب ومصر وشام وعێراق، هاوکات لەو وولاتانەدا کەسایەتی بانگ خوازی زۆر هەبوو کە بە بیستنی بانگەوازی شێخ محمد زیاتر کەوتنە چالاکی و هەوڵ دان، بەو جۆرە بانگەوازی شێخ بڵاوبۆیەوە لەناو جیهانی ئیسلامیدا بەجۆرێك کەهەتا ئێستاش و لەم سەردەمەدا کتێب ونووسراوی خۆی و کوڕەکانی وکوڕەزا وپشتیوانانی ویارمەتی دەرانی لەزانایانی موسڵمان لەناوەوەو دەرەوەی دوورگەی عەرەبیدا چاپ دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە .

لەلای هەموانیش ئاشکرایە کە هەرکەسێك خوای گەورە نیعمەتێکی پێ ببەخشێ بێ گومان کەسانێك هەن کە حەسوودی پێ دەبەن و دوژمنایەتی دەکەن، وەشێخ محمدیش لەدوای بڵاو بوونەوەی بانگەوازەکەی ونامە وکتێبە بەنرخەکانی وپەیوەندی کردنی لەگەڵ زانایان خەڵکانێك پەیدا بوون کە حەسوودیان پێ دەبرد و دوژمنایەتیان دەکرد .

بەشێوەیەکی گشتی دوژمنەکانی بوون بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان دوژمنایەتیان دەکرد بەناوی ئاینەوە

- بەشەکەی تردوژمنایەتیان دەکرد بەناوی سیاسەتەوە .

بەڵام لەژێر ناوی زانست خوازی دا واتە: خۆیان بە کەسانی خاوەن زانست دەزانی و لەژێر ناوی دیندا دژایەتیان دەکرد، وە دوژمنایەتی هەندێك لەو زانایانەیان دەقۆستەوە کە بوغزو ڕقیان لەبەرامبەر شێخ محمد دا ئاشکرا کرد بوو، وە دەیان ووت: ئەم پیاوە لەسەر حەق نییە و ئاواو ئاوایە ..... لەگەڵ ئەمانە هەمووی شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەردەوام بوو لەسەر بانگەواز کردن ونەهێشتنی گومانەکان و ڕوونکردنەوەی بەڵگەکان، وەڕێنمایی خەڵکی دەکرد بۆ ڕاستییەکان بەو جۆرەی کە لەقورئان وسوننەتدا هاتووە، بەڵام دوژمنەکانی هەر جارەو پڕوپاگەندەیەکیان بۆ دەکرد، جارێك دەیان ووت: خەواریجە،

جارێکی تر دەیان ووت: کۆڕاو یەکدەنگی زانایان پێشێل دەکات وخۆی بە موجتەهید دەزانێ وگوێ بەووتەی زانایان و شارەزایانی پێش خۆی نادات[1] .

(١) (بەهەمان شێوەش دوژمنانی شێخ محمد ئێستاش هەر بەردەوامن لەسەر بڵاوکردنەوەی بوختان و درۆکردن و پڕوپاگەندە دەربارەی شێخ و شوێن کەوتوانی، تەنها بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی لەو بانگەوازە حەقە و سەرخۆش کردنی خەڵکی بە بیدعەو

کەواتە دەتوانین بڵێین کە دوژمنانی شێخ لە ڕاستیدا سێ کۆمەڵ بوون:

١- خەڵکانێك کەخۆیان بەزانا دەزانی بەڵام کەسانێکی خورافی بوون وەحەق لەلایەن پوچەڵ بوو وەبەتاڵ لەلایان دین بوو، وە باوەڕیان وابوو کە دروست کردنی مەزارگەو بیناو ڕازاندنەوەی گۆڕ ودروست کردنی مزگەوت بەسەریەوە وپاڕانەوە لەو مردووەی ناوی لە جیاتی خواو داوای فریاکەوتن وهاوشێوەی ئەمانە هەمووی لەدیندا هەیەو حەقەو ڕاستە، وە هەر کەسێك ئەم شتانە بەدین نەزانێ ئەوا ڕقی لە پیاو چاکانەو پێویستە ئەو کەسە دژایەتی بکرێت .

٢- کۆمەڵێکی تر خۆیان بەزانا دەزانی وەڕاستی ئەم پیاوە بەڕێزەیان نەدەزانی وئاگایان نەبوو لەو بانگەوازەی کە شێخ بانگەشەی بۆ دەکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کوێرانە لاسایی غەیری خۆیان دەکردەوە وهەموو ئەو شتانەیان بەڕاست دەزانی کە دەوترا دەربارەی شێخ لەلایەن کەسانی گومڕاو سەر لێ شێواوەوە .

٣- کۆمەڵێکی تر بەهۆی ترسیان لەپلەو پایە وکورسییانەوە دژایەتیان دەکرد بۆ ئەوەی خۆری ئەو بانگەوازە نەیان گاتێ وببێتە هۆی نەمانی کورسی و دەسەڵاتیان .

بەڵام شێخ بەدرێژایی هەموو تەمەنی هەر لەڕووبەڕووبوونەوەدا بوو لەگەڵ چوار دەورەکەیدا وبەهەموو شێوازێك وە بەهەمان شێوە لەدوای خۆشی کوڕەکانی و کوڕەزا و خۆشەویستانی هەر بەردەوام بوون لەبەرپەرچ دانەوەی دوژمنانی ئەو بانگەوازە ڕاستە، وە نوسراو نامە و وەڵام دانەوەو فەتواکانیان لەدوای کۆکردنەوەی گەیشتە چەندەها بەرگ وەزۆربەی بەچاپ گەیشتوون، سوپاس بۆ خوا.

ئا بەم شێوەیە شێخ بەردەوام بوو لەسەر بانگەواز وتێکۆشان بە هاوکاری فەرمانڕەوا محمد بن سعود لە درعیە هەر لەساڵانی ١١٥٨ ی کۆچی هەتا وەفاتی لەساڵی ١٢٠٦ ی کۆچی کەدەکاتە زیاتر لە پەنجا ساڵ لەتێ کۆشان و بانگەوازو خەبات وپێ داگری لەسەر حەق و ڕونکردنەوەی فەرموودەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ و بانگ هێشت کردنی خەڵك بۆلای دینی خواو ئامۆژگاری کردنیان بۆ پابەند بوونی بەو شەرعەی کە پێغەمبەری ﷺ لەسەر بوو .

هەتا خەڵکی گوێڕایەڵی خۆیان نیشان داو ئیسلامەتی خۆیان دووپات کردەوەوە

---

خورافەت وشتی پڕوپوچ، وە ناویان دەبەن بەوەهابی). وەرگێڕ .

هەموو ئەو مەزارگەو چوار چێوەی كە بەسەر گۆڕەكانەوە بوو لابراو هەموو ئەو مزگەوتانەی كە دروست كرا بوون بەسەر گۆڕەكانەوە بوون لابران و گەڕانەوە بۆ لای بەرنامەی خواو وازیان لەحوكمی باو باپیران هێنا، هەروەها مزگەوتەكان پڕ بوون بە نوێژ خوێنان .

كۆڕی زانست و خەڵكی زەكاتیماڵیان دەداو بەڕۆژوو دەبوون بەو شێوەی كە خوای گەورە داوای كرد بوو، هەروەها فەرمانیان دەكرد بەچاكەو ڕێگریان دەكرد لەخراپەو ئەمن و ئاسایش و خۆش گوزەرانی ڕووی كردە شاروو لادێ كان .

وە لەدوای كۆچی دوایی شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) كوڕەكانی وكوڕەزاكانی وقوتابییەكانی بەردەوام بوون لەسەر بانگەواز و تێ كۆشانی بێ وچان وە لەسەرو هەموو شیانەوە كوڕەكانی: ئەوانیش پێشەوا شێخ عبدالله، شێخ حسین، شێخ علی، شێخ ابراهیم، وە لە كوڕەزاكانی: شێخ عبدالرحمن بن حسن، شێخ علی بن حسین، شێخ سلیمان بن عبدالله .

لەكۆتایی دا ئەوە ماوەتەوە كە بڵێین: شێخ محمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو كەسایەتییەیە كە هەستا بەسەر خستنی دینی خواو ڕێنمایی كردنی خەڵكان بۆ یەكخواپەرستی خواو دژایەتی كردنی بیدعەو خورافەت وهاندانی خەڵك بۆ پەیوەست بوون بەحەقەوە و دوور خستنەوەی یان لە بەتاڵ و فەرمان كردن پێیان بەچاكەو قەدەغە كردنی خراپە لێیان .

ئەمە پوختەی بانگەوازەكەیەتی كە بەشێوەیەكی گشتی لەڕوانگەی بیرو باوەڕەوە لەسەر هەمان ڕێگاو ڕێبازی پێشینەی چاكەو باوەڕی بەخواو ناوو سیفاتەكانی هەیە، هەروەها باوەڕی بەفریشتەكان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و كتێبە ئاسمانیەكان و ڕۆژی دوایی و قەدەر (خیره وشره) هەیە، وە لە ڕوانگەی باوەڕهێنان بە ناوو سیفاتەكانی خوای گەورە بەو جۆرە كە شایستەیە بەخوا، وەهیچ كام لەسیفەتەكانی خوا (تعطیل) لەكار ناخات، (واتە: باوەڕی بەو بۆچوونە نییە كە دەڵێت خوا هیچ سیفەتێكی نییە )، پەنا بەخوا .

هەروەها سیفەتەكانی خوای گەورە ناچوێنی بەهیچ لەدروست كراوەكانی، وەباوەڕی بەزیندووبوونەوە و پاداشت و لێ پرسینەوە هەیە وهەروەها باوەڕی بەبوونی بەهەشت و جەهەننەم هەیە .

وە دەربارەی ئیمان لەسەر هەمان ووتەی پێشینە: كە باوەڕ (ئیمان) بریتییە لە

ووتەو کردار کە زیاد دەکات بەچاکەو کەم دەکات بەخراپە .

هەموو ئەمانە بیروباوەڕی شێخە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەلەسەر ڕێبازی پێشینەیە لەکارو ووتەدا هەرگیز لەسەر ڕێبازی ئەوان لای نەداوە و مەزهەب و ڕێچکەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دروست نەکردووە، بەڵکو لەسەر ڕێگاو بەنامەی پێشینەی چاکە لەهاوەڵان و شوێن کەوتوانیان بەچاکە رضي الله عنهم .

وە دەتوانین بڵێین کە هۆکارەکانی دوژمنایەتی کردنی شێخ دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دژایەتی کردنی شێخ بۆ هاوەڵ پەیدا کردن و بانگەوازی خەڵکی بۆ تەنها خوا پەرستی .

٢- دژایەتی کردنی بیدعەو خورافات، وەك: دروست کردنی خانوو بەسەر گۆڕەوە وکردنی بەمزگەوت، هەروەها دژایەتی کردنی ئەو تەریقەت و ڕێچکانەی کە صۆفیەکان دایان هێنابوو .

٣- فەرمان کردن بەچاکەو ڕێ گرتن لەخراپە وجێبەجێ کردنی سنورە شەرعیەکان و لابردنی هەموو کارێکی خراپ و نارەوا و ناشەرعی .

وەسوپاس بۆ خوای گەورە کە بانگەوازەکەی شێخ و ڕۆڵەکانی بەردەوام بوو، وە هەموو لایەکی گرتەوە وبەر بڵاووە بەرادەیەك کە درێژەی کێشاوە هەتا ئەم ڕۆژگارەش کە ئێمە تێیدا دەژین.

**والله المستعان وعليه التكلان**
**وصلى الله وسلم على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين .**

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**

# دعائم الدعوة الإسلامية وواقع الجماعات

للشيخ العلامة: صالح الفوزان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين، وبعد:

في خضم ما يمر به العالم الإسلامي من أحداث متعاقبة، عادة ما ترتفع الأصوات في حقل الدعوة الإسلامية بضرورة التماس النجاة في التمسك بجادة الدين، ليتحقق الأمل في تخليص المسلمين من الهوان الذي نزل بهم منذ قرون ولا يزال في ازدياد وتصاعد، ولخروجهم من المضائق التي يعيشونها في مختلف أنحاء العالم .. وبرغم ذلك فإن كثيراً من الجماعات المنتسبة للدعوة ذاتها جهلت أو تجاهلت منهج الأنبياء في الدعوة .. ولا شك أن أولى الخطوات على طريق إصلاح أحوال المسلمين وتخليصهم من أمراضهم المعاصرة تكون في انطلاق الدعوة الإسلامية من منطلقات صحيحة واستنادها على أسس سليمة ودعائم ثابتة ..

قال الشيخ صالح الفوزان في تقديمه لكتاب "منهج الأنبياء في الدعوة إلى الله":

"فإنَّ الدعوة إلى الله هي سبيل الرسول ﷺ وأتباعه، كما قال تعالى:

﴿قل هذه سبيلي أدعوا إلى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني وسبحان الله وما أنا من المشركين﴾ [يوسف: ١٠٨]،

بل الدَّعوة إلى الله هي مهمَّة الرّسل وأتباعهم جميعاً، لإخراج النَّاس من الظلمات إلى النَّور، ومن الكفر إلى الإيمان، ومن الشرك إلى التوحيد، ومن النَّار إلى الجنَّة.

وهي مرتكزة على دعائم وتقوم على أسس لابدَّ منها، متى اختلَّ واحدٌ منها لم تكن دعوة صحيحة ولم تثمر الثمرة المطلوبة، مهما بُذل فيها من جهود وأُضيع فيها من وقت، كما هو المشاهد والواقع في كثير من الدعوات المعاصرة التي لم تؤسَّس على تلك الدعائم ولم تقم على تلك الأسس.

وهذه الدعائم التي تقوم عليها الدَّعوة الصحيحة هي كما دلّ عليه الكتاب والسنَّة تتلخص فيما يلي:

١- العلم بما يدعو إليه، فالجاهل لا يصلح أن يكون داعية، قال الله تعالى لنبيّه ﷺ:

﴿قل هذه سبيلي أدعو إلى الله على بصيرة أنا ومن اتَّبعني﴾ [يوسف: ١٠٨]، والبصيرة هي العلم، ولأنَّ الداعية لابدّ أن يواجه علماء ضلال يوجّهون إليه شبهات ويجادلون بالباطل ليدحضوا به الحقَّ قال الله تعالى:

﴿وجادلهم بالتي هي أحسن﴾ [النحل: ١٢٥]، وقال النبي ﷺ لمعاذ:

(إنَّك تأتي قوماً من أهل الكتاب)[1]؛ فإذا لم يكن الداعية مسلحاً بالعلم الذي يواجه به كل شبهة ويجادل به كل خصم فإنَّه سينهزم في أوَّل لقاء وسيقف في أوَّل الطريق.

٢- العمل بما يدعو إليه، حتى يكون قدوةً حسنة تصدق أفعاله أقواله ولا يكون للمبطلين عليه حجَّة، قال الله تعالى عن نبيَّه شعيب ﷺ أنَّه قال لقومه:

﴿وما أريد أن أخالفكم إلى ما أنهاكم عنه أن أريد إلا الإصلاح ما استطعت﴾ [هود: ٨٨].

وقال تعالى لنبيّه محمد ﷺ:

﴿قل إنّ صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين، لا شريك له وبذلك أمرت وأنا أوَّل المسلمين﴾ [الأنعام: ١٦٢-١٦٣].

وقال تعالى:

﴿ومن أحسن قولاً ممن دعا إلى الله وعمل صالحاً﴾ [فصلت: ٣٣].

٣- الإخلاص بأن تكون الدَّعوة لوجه الله لا يقصد بها رياء ولا سمعة ولا ترفعاً ورئاسةً ولا طمعاً من مطامع الدنيا؛ لأنَّها إذا دخلها شيء من تلك المقاصد لم تكن دعوة لله وإنَّما هي دعوة للنَّفس أو للطمع المقصود، كما أخبر الله عن أنبيائه أنَّهم يقولون لأممهم:

﴿لا أسألكم عليه أجراً﴾ [الأنعام: ٩٠]،

﴿لا أسألكم عليه مالاً﴾ [هود: ٢٩].

٤- البداءة بالأهمّ فالأهمّ بأن يدعو أولاً إلى إصلاح العقيدة بالأمر بإخلاص العبادة لله والنَّهي عن الشرك ثمّ الأمر بإقامة الصلاة وإيتاء الزكاة، وفعل الواجبات وترك المحرمات كما هي طريقة الرسل جميعاً كما قال تعالى:

﴿ولقد بعثنا في كلّ أمّة رسولاً أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت﴾ [النحل: ٣٦].

وقال تعالى:

﴿وما أرسلنا من قبلك من رسول إلاّ نوحي إليه أنَّه لا إله إلا أنا فاعبدون﴾ [الأنبياء: ٢٥]، وغير ذلك من الآيات.

---

(١) (إرواء الغليل: ٧٨٢).

ولما بعث النبيﷺ معاذاًرضي الله عنه إلى اليمن قال له:

(إنَّك تأتي قوماً من أهل الكتاب، فليكن أوَّل ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلا الله، فإن هم أجابوك لذلك فأعلمهم أنَّ الله افترض عليهم خمس صلوات في اليوم واللّيلة ...)[٢] الحديث.

وفي طريقته وسيرتهﷺ في الدعوة خير قدوة وأكمل منهج حيث مكثﷺ في مكّة ثلاث عشرة سنة يدعو النَّاس إلى التوحيد وينهاهم عن الشرك قبل أن يأمرهم بالصلاة والزكاة والصوم والحج، وقبل أن ينهاهم عن الربا والزنا والسرقة وقتل النّفوس بغير حق.

٥- الصبر على ما يلاقي في سبيل الدعوة إلى الله من المشاق، وما يواجه من أذى النَّاس؛ لأنَّ طريق الدَّعوة ليس مفروشاً بالورود، وإنَّما هو محفوف بالمكاره والمخاطر، وخير أسوة في ذلك هم الرسل (صلوات الله وسلامه عليهم) فيما واجهوا من أقوامهم من الأذى والسخرية، كما قال الله تعالى: ﴿ولقد استهزئ برسل من قبلك فحاق بالذين سخروا منهم ما كانوا به يستهزؤون﴾ [الأنعام: ١٠].

وقال: ﴿ولقد كُذِّبت رسل من قبلك فصبروا على ما كذّبوا وأُوذوا حتى أتاهم نصرنا﴾ [الأنعام: ٣٤].

وكذلك ينال أتباع الرسل من الأذى والمشاق بقدر ما يقومون به من الدعوة إلى الله اقتداءً بهؤلاء الرسل الكرام (عليهم من الله أفضل الصلوات وأزكى السلام).

٦- على الداعية أن يكون متحلِّياً بالخلق الحسن، مستعملاً للحكمة في دعوته؛ لأنَّ هذا أدعى لقبول دعوته كما أمر الله نبيّيه الكريمين موسى وهارون (عليهما الصلاة والسلام)، أن يستعملا ذلك في مواجهة أكفر أهل الأرض وهو فرعون الذي ادَّعى الربوبيَّة، حيث قال سبحانه:

﴿فقولا له قولاً لينا لعلَّه يتذكَّر أو يخشى﴾ [طه: ٤].

وقال تعالى لموسىﷺ:

﴿اذهب إلى فرعون إنَّه طغى، فقل هل لك إلى أن تزكَّى، وأهديك إلى ربِّك فتخشى﴾ [النازعات: ١٧-١٩].

وقال تعالى في حقّ نبيّنا محمدﷺ:

﴿فبما رحمة من الله لنت لهم ولو كنت فظاً غليظ القلب لانفضوا من حولك﴾ [آل عمران: ١٥٩].

(٢) (نفس المصدر).

وقال تعالى:

﴿وإنَّك لعلى خلق عظيم﴾ [القلم: ٤].

وقال تعالى:

﴿ادع إلى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن﴾

[النحل: ١٢٥].

٧- على الدَّاعية أن يكون قوي الأمل لا ييأس من تأثير دعوته وهداية قومه، ولا ييأس من نصر الله ومعونته ولو امتدَّ الزمن وطال عليه الأمد، وله في رسل الله خير قدوة في ذلك.

فهذا نبي الله نوحﷺ لبث في قومه ألف سنة إلا خمسين عاماً يدعوهم إلى الله.

وهذا نبيّنا محمدﷺ لّما اشتدَّ عليه أذى الكفّار وجاءه ملك الجبال يستأذنه أن يطبق عليهم الأخشبين، قال:

(لا بل أستأني بهم، لعلّ الله يخرج من أصلابهم من يعبد الله وحده لا يشرك به شيئاً).

ومتى فقد الداعية هذه الصفة، فإنَّه سيقف في أوَّل الطريق ويبوء بالخيبة في عمله."

ثم بين الشيخ حفظه الله واقع غالبية الجماعات المعاصرة التي تنتسب للدعوة إلى الله، قائلاً:

"وإنَّ أيَّة دعوة لا تقوم على هذه الأسس ويكون منهجها قائماً على منهج الرسل فإنَّها ستبوء بالخيبة وتضمحل وتكون تعباً بلا فائدة، وخير دليل على ذلك تلك الجماعات المعاصرة التي اختطت لنفسها منهجاً للدعوة يختلف عن منهج الرسل، فقد أغفلت هذه الجماعات - إلاّ ما قلَّ منها - جانب العقيدة، وصارت تدعوا إلى إصلاح أمور جانبيَّة.

فجماعة تدعو إلى إصلاح الحكم والسياسة وتطالب بإقامة الحدود وتطبيق الشريعة في الحكم بين النَّاس - وهذا جانب مهم لكنَّه ليس الأهم -؛ إذ كيف يطالب بتطبيق حكم الله على السارق والزاني قبل أن يطالب بتطبيق حكم الله على المشرك، كيف يُطالب بتطبيق حكم الله بين المتخاصمين في الشاة والبعير، قبل أن يُطالب بتطبيق حكم الله على عبّاد الأوثان والقبور، وعلى الذين يلحدون في أسماء الله وصفاته فيعطِّلونها عن مدلولاتها ويحرفون كلماتها.

أهؤلاء أشدّ جرماً أم الذين يزنون ويشربون الخمر، ويسرقون؟!! إنَّ هذه الجرائم إساءة في حق العباد، والشرك ونفي الأسماء

والصفات إساءة في حق الخالق سبحانه – وحق الخالق مقدَّم على حقوق المخلوقين –.
يقول شيخ الإسلام ابن تيمية في كتاب (( الاستقامة )) ( ١/٤٦٦ ):
(فهذه الذنوب مع صحّة التوحيد خير من فساد التوحيد مع هذه الذنوب) انتهى.
هذا وجماعة أخرى تنتمي إلى الدعوة – لكنّها تسير على منهج آخر يختلف أيضاً عن منهج الرسل، فلا تعير العقيدة أهميّة، وإنّما تهتم بجانب التعبّد وممارسة بعض الأذكار على نهج الصوفيّة ويركّزون على الخروج والسياحة والذي يهمهم هو استقطاب النَّاس معهم دون نظر إلى عقائدهم، وهذه كلها طرق مبتدعة تبدأُ من حيث انتهت دعوة الرسل، وهي بمثابة من يعالج جسداً مقطوع الرأس؛ لأنَّ العقيدة من الدين بمنزلة الرأس من الجسد، والمطلوب من هذه الجماعات أن تصحح مفاهيمها بمراجعة الكتاب والسنَّة لمعرفة منهج الرسل في الدعوة إلى الله؛ فإنَّ الله سبحانه أخبر أنَّ الحاكميَّة والسلطة التي هي محور دعوة هذه الجماعة التي أشرنا إليها لا تتحقق إلاّ بعد تصحيح العقيدة بعبادة الله وحده وترك عبادة ما سواه.
قال الله تعالى:

﴿وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنَّهم في الأرض كما استخلف الذين من قبلهم وليمكننَّ لهم دينهم الذي ارتضى لهم وليبدلنّهم من بعد خوفهم أمناً يعبدونني لا يشركون بي شيئاً ومن كفر بعد ذلك فأولئك هم الفاسقون﴾ [النور: ٥٥]."
إلى أن قال حفظه الله:
"وإنني أرى أن ما وقع لتلك الجماعات من مخالفة لمنهج الرسل في طريقة الدعوة إلى الله إنما نشأ من جهلهم بهذا المنهج ــ والجاهل لا يصلح أن يكون داعية، لأن من أهم شروط الدعوة العلم كما قال تعالى عن نبيهﷺ:
﴿قل هذه سبيلي أدعوا إلى الله على بصيرة أنا من اتبعني وسبحان الله وما أنا من المشركين﴾ [يوسف: ١٠٨]
فأهم مؤهلات الداعية العلم.
ثم إننا نرى هذه الجماعات المنتسبة إلى الدعوة مختلفة فيما بينها فكل جماعة تختط لنفسها خطة غير خطة الجماعة الأخرى وتنتهج غير منهجها وهذه نتيجة حتمية لمخالفة منهج الرسولﷺ فإن منهج

الرسولﷺ واحد لا انقسام فيه ولا اختلاف عليه كما قال تعالى:

﴿قل هذه سبيلي أدعوا إلى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني﴾ [يوسف: ١٠٨].

فأتباع الرسولﷺ على هذه السبيل الواحدة لا يختلفون.

وإنما يختلف من خالف هذه السبيل، كما قال تعالى:

﴿وأن هذا صراطي مستقيماً فأتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله﴾

[الأنعام: ١٥٣].

ولما كان أمر هذه الجماعات المخالفة والمختلفة يشكل خطراً على الإسلام قد يُصدّ عنه من أراد الدخول فيه كان لا بد من بيانه وبيان أنه ليس من الإسلام في شيء كما قال تعالى:

﴿ إن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعاً لست منهم في شيء﴾ [الأنعام: ١٥٩]،

ولأن الإسلام يدعو إلى الاجتماع على الحق كما قال تعالى:

﴿أن أقيموا الدين ولا تتفرقوا فيه﴾

[الشورى: ١٣]،

وقال تعالى:

﴿واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا﴾" [آل عمران: ١٠٣].

==============

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007